# مێژووی هاوچەرخی

# ئێران

وەرگێڕان و ئامادەکردنی

دکتۆر یاسین سەردەشتیی          بەرزانی مەلا تەها

چاپی دووەم

ناوی کتێب: مێژووی هاوچەرخی ئێران
وەرگێڕان و ئامادەکردنی: دکتۆر یاسین سەردەشتیی و بەرزانی مەلا تەها
تیراژ: ٥٠٠
ژمارەی سپاردن: ( ٢٦٣٦ )ی ساڵی ٢٠٠٩
شوێنی چاپ: چاپخانەی ( سایە )، سلێمانی، چاپی دووەم، ٢٠١٠
دیزاینی بەرگ: کەیوان عبداللە

## نێوەرۆك


گوتەیەکی پێویست ٤

بەشی یەکەم: ئێران لە شۆڕشی دەستوورییەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانیی (١٩٠٦-١٩١٤) ٥

بەشی دووەم : ئێران لەنێوان جەنگی یەکەمی جیهانیی و هاتنە سەرتەختی رەزاشا دا (١٩١٤-١٩٢٥) ٦١

بەشی سێیەم: ئێران لە سایەی دیکتاتۆریی شاهەنشاهیی رەزا پەهلەوییدا (١٩٢٥-١٩٤١) ١١٩

بەشی چوارەم: ئێران لەسەردەمی محەمەد رەزا پەهلەویی (١٩٤١-١٩٧٩) ١٨١

بەشی پێنجەم: هۆکارەکانی رووخاندنی رژێمی پاشایەتیی پەهلەویی‌و هاتنەسەرکاری رژێمی کۆماری ئیسلامیی لە ئێران ٢٥٩




## گوتەیەکی پێویست

خوێنەری ئازیز، هەڵدانەوەی رووداوەکانی رابردووی ئێران لەسەدەی بیستەمدا بایەخێکی گرنگ‌و تایبەت بەخۆی هەیە، ئەم بەرهەمەی بەردەست گوڵبژێرێکە لە مێژووی هاوچەرخی ئێران‌و لە پێنج بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم‌و دووەم لەلایەن "دکتورة آمال السبکي"یەوە نووسراوە‌و لە کتێبی {تاریخ ایران السیاسي بین ثورتین(١٩٠٦-١٩٧٩)، الکویت،١٩٩٩}دا بڵاوکراوەتەوە. بەشی سێیەم‌و چوارەمیش لەلایەن"دکتور ابراهیم خلیل احمد"ەوە نووسراوە‌و لە کتێبی{ایران وترکیا.دراسة في التاریخ الحدیث والمعاصر، الموصل، ١٩٩٢}دا بڵاوکراوەتەوە. بەشی پێنجەمیش لەلایەن"دکتۆر یاسین سەردەشتیی"ەوە نووسراوە‌و لە کتێبی{کوردستانی ئێران. لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد(١٩٣٩-١٩٧٩)، سلێمانی،٢٠٠٣}دا بڵاوکراوەتەوە. ئامانج لەم کتێبە پێشکەشکردنی بابەتێکی ئەکادیمی زانستییە سەبارەت بە مێژووی هاوچەرخی ئێران بە زمانێکی پاراوی کوردیی، بەتایبەت بۆ خوێندکارانی بەشی مێژوو کە دەتوانن وەك کتێبێکی بنەڕەتیی هاریکار سوودی لێوەرگرن. شایەنی باسە بەشەکانی یەکەم‌و دووەم لەلایەن دکتۆر یاسین سەردەشتییەوە وەرگێڕاوە، سێیەم‌و چوارەمیش لەلایەن بەرزانی مەلا تەهاوە، لەکاتی وەرگێڕاندا لە هەر شوێنێکیش پێویستیی بە روونکردنەوەی زێدەتر بووبێت بە پێی توانا ئاماژەی بۆ کراوە، هیوادارین ئەم بەرهەمە شوێنی شیاوی خۆی بگرێت‌و خوێندکاران‌و مێژوودۆستان سوودی لێببینن، لەگەڵ رێزدا.

# بەشی یەکەم

## ئێران لە شۆڕشی دەستوورییەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانیی( ١٩٠٦-١٩١٤ )

**ئاگاداریی.**" ئەعلا حەزرەت بەتەواویی ئەوەی لەبیر کردووە کە...نە تاج و نگینی پاشایەتیی لە سکی دایکی خۆیەوە هێناوەو نە دەسەڵاتی فەرمانڕەوای ڕەهای لە جیهانی ناپەیدای ئەڕواحەوە گرتۆتە دەست. ئەو پێویستە ئەوەی لەیاد بێت کە دەسەڵاتی تەنیا بە پەسەندیی یا ڕەتکردنەوەی خەڵکەوە پەیوەستە، خەڵکانێك کە ئەویان هەڵبژاردووە، ئەو توانایەشیان هەیە کەسێکی دیکە لە شوێنی ئەو دابنێن."
لە بەیاننامەیەکی شۆڕشگێڕەکانەوە لە: ادوارد براون، انقلاب مشروطیت ایران،ل١٦٩•

## هەلومەرجی نێوخۆ پێش شۆڕشی دەستووریی

جووڵانەوەکانی مێژووی مرۆڤایەتیی، هەروەك خولانەوەی چەرخی گەردوون، مل بۆ بزاوتێکی دینامیکی پتەو کەچ دەکات کە پێشینەگەلێکی ئاشکرا پاڵنەرێتیی و دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی کە زۆربەی جار بەشێوەیەکی پلە بە پلەیەو کەمجاریش لەناکاو دەردەکەوێت. لەسۆنگەی ئەوەشەوە مێژووی ئێران لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمو سەرەتای سەدەی بیستەمدا پرشنگی هۆشیارییەکی ئاگایانەی بەخۆوەدی، وێڕای ڕەتکردنەوەیەك لەلایەن هێزە نیشتمانییەکان سەبارەت بە کەموکورتییەکانی دەوڵەتی قاجاریی کە هانی جیاوگە بیانییەکانی دەدا، ئەوەی هەوڵە بەرایییەکانی بۆ دامەزراندنی ئابوورییەکی ئێرانیی نیمچە سەرمایەداریی لەباربرد، ڕەتکردنەوەیەك کە لەلایەن ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەوە ڕێبەرایەتیی کرا کە بەدوای دەوڵەمەندبوونی ئابووریی و خولیای ڕێبەرایەتیی سیاسییان دوور لە دادۆشینی بیانیی.

لەبەر ئەمە هێزە کۆمەڵایەتییەکان، هەر لە کاتی جمانی دەسەڵاتی بیانییەکان بۆ نێو ئابووریی ئێران لەسەردەمی ناسڕەدین شا(١٨٤٨–

---

• بڕوانە : یرواند ابراهامیان: إیران بین دو إنقلاب، ترجمە: کاظم فیروزمند ومحسن مدیرشانە چی،چاپ چهارم،نشر مرکز،١٣٨٠ش،ص٤٦.



١٨٩٦)و موزەفەرەدین شاو تا تەقینەوەی شۆڕشی دەستووریی، کەوتنە دژایەتیی دەوڵەتی قاجاریی. دوژمنایەتیی قاجارەکان ڕێگەی بۆ هاوپەیمانیی نێوان بازرگانان و پیاوانی ئاینیی لەلایەك، هەروەها لەنێوان سەرخێڵەکان و مەزنە موڵکدارەکان لەلایەکی ترەوە خۆش کردبوو، ئەوەش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئابورییەکانیان دژی ئەو جیاوگە زۆرانەی کە لەسەر حیسابی هاوڵاتیان درابووە ڕوس و بەریتانییەکان.

لەوەی باسکرا دەتوانرێت بگوترێت کە هۆکاری ئابووریی پاڵنەرێکی کۆمەڵایەتیی بنەڕەتیی بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی دەستووریی پێکهێنا. هەروەها دەرکەوتنی چینێکی ڕۆشنبیریی ئێرانیی کە زادەی ئەو چاکسازییە سنووردارانە بوو کە ناسڕەدین شاو دوای ئەو موزەفەردەین شا لەماوەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا کردیان، پاڵپشتیی ئەو بزاوتە کۆمەڵایەتییەی دژی قاجارییەکان کرد. هەروەها پیاوانی ڕۆحانیی شیعە، ئەوانەی جمان و تێڕژانی بیانییان وەك هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ بیروبڕوا ئاینییەکان و تەگەرەیەك لەبەردەم ئەو دەسەڵاتە ئابوورییەیاندا دەبینی کە لە ئاکامی هاوپەیمانیی هەمیشەییان لەگەڵ بازرگانانی بازاڕو موڵکدارەکانی زەویدا پەیدابووبوو، چونکە خەرجیی سەرەکیی موچەی پیاوانی ئاینیی و دەزگاکانی ئەوقاف و تەکیەو خوێندنگەکانی شیعە کە لەلایەن دەزگا ئاینییەکانەوە لە سەراسەری وڵاتدا بەڕێوەدەبرا، لە گیرفانی بازرگان و مەزنە موڵکدارە ئێرانییەکان دەردەچوو، ئەمانیش پشتگیریی تێکۆشانی شۆڕشگێڕەکانیان کرد.

زۆر ئەستەمە بەدواداچوون بۆ قۆناغەکانی شۆڕشی دەستووریی بکەی بێئەوەی بەهێواشی بەنێو پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان دەسەڵاتی قاجاریی و دەستەو گروپە ئێرانییەکاندا تێپەڕیی و رامانی لەسەرخۆی لەبارەوە بکەی،

ئەوانەی ریشاڵی کۆمەڵگەیەکی رەنگاورەنگ، فرە رەگەز، فرە زمان و ئاینیان پێکدەهێنا.

کۆمەڵگەی ئێرانیی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە چوار چین پێکدەهات کە بە روونی دەتوانرا دیاریی و تێبینیی بکرێت، بەچەشنێك چینی ئەریستۆکراتیی لەسەرەوەی لوتکەی قوچەکی دانیشتوواندا شوێنی گرتبوو، ئەوەی مولکدارانی زەوییە کشتوکاڵییەکان، بنەماڵەی فەرمانڕەوایەتیی قاجارو شازادەکان، پیاوانی دەربار، خاوەن زەوییە فیوداڵییە بەرفراوانەکان، وەزیرەکانی دەوڵەت، وێڕای فەرمانڕەواو والی هەرێمەکان و کارمەندانی دەوڵەتیی خاوەن نازناوە ناسراوەکانی وەك: ئەعمیدەتولمەلیك، مونتەسیر ئەلمەملەکە، موساعیدی ئەلدەولەو قەوی ئەلمەملەکە..هتد. هەموو ئەو توێژانە نوێنەرایەتیی دەستەبژێری ناوەندیی چینی ئەریستۆکراتیی ئێرانییان دەکرد.

بەدڵنیاییەوە، دەستەبژێری لۆکاڵیی و خۆجێ لە ئەشراف، خانەدانەکانی لادێ و سەرخێڵەکان، مەزنە کارگێڕەکان کە خاوەنی مولکی چەسپاو بوون، هەروەها هەڵگرانی نازناوە میراتییەکان، دادوەرانی دادگاکانی دەوڵەت، دواتر ئیمام جومعەکانی شارە سەرەکییەکان هەبوون، ئەو دەستەبژێرە لۆکاڵییەی باڵی تەواوکەری ئەریستۆکراتیی ئێرانییان پێکدەهێنا.

هەروەها بازرگانانی شارەکان، گچکە مولکدارەکانی زەوی، خاوەن کۆگاکانی بازارو شوێنی پیشەگەرەکان کە لە رووی بایەخی ئابووریی و کومەڵایەتییەوە دوای ئەریستۆکراتەکان دەهاتن، گرنگترین پایەی چینی ناوەڕاستیان پێکدەهێنا. لەو سۆنگەیەوە کە چینی ناوەڕاست سەرچاوەی دارایی سەرەکیی دەزگای ئاینیی شیعییان پێکدەهێنا، چ ئەوەی بەشێوەی موچەی پیاوانی ئاینیی یاخود مزگەوتەکانی بازاڕو خوێندنگە ئاینییەکان، هەروەها تەکیٚ و ئەوقافە تاکو لە چالاکیی فێرکاریی خۆی بەردەوام بێت.



هەربۆیە چینی ناوەڕاست بە پیاوانی ئاینیی و گوتاربێژی مزگەوتەکان و فێرکارانی قورئان و فەقیٚ و قوتابیی پەیمانگە ئاینییەکان و گەورەو بچووکی رۆحانییەکانەوە پەیوەستبوو، بەجۆرێك لە رووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر سەخت بوو بازاڕ لە مزگەوت جیابکرێتەوە، بەتایبەت کە زەکات(پێنجیەك) راستەوخۆ دەدرایە پیاوی ئاینیی(مەلا) بیٚ هیچ دەستوەردانێکی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا.

چینی سێیەم لە پلەبەندیی کۆمەڵگەی ئێرانیی بریتیبوو لە کاسبکارانی ئاسایی شارەکان کە خۆی لە پیشەگەران و کرێگرتەکانی رۆژانەکارو وەستاکانی خانوو کارگەو حەماڵ و دەلاڵ و چەرچییەکان، هەروەها خزمەتکارەکانی نێو ماڵ و دوکانەکان دەبینیەوە. هەموو ئەمانە بەگشتیی خاوەنی سەرچاوەیەکی بژێوی بەردەوام بوون. هەربۆیە داهاتیان لە زۆربەی دانیشتووانی لادێکان و جەماوەری خێڵەکان و هەژاران لە جووتیاران و کۆچەرەکان  بەرزتربوو، ئەوانەی چینی هەرخوارەوەو دواچینی کۆمەڵگەی ئێرانییان پێکدەهێنا.

لەکاتێکدا جیاوازییە چینایەتییەکان لەئاکامی باشبوونی بەردەوامی هەلومەرجی گوزەران لەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای رۆژئاوایی تادەهات تووشی کەمبوونەوەو کاڵبوونەوە هاتبوو، هێزی لەمپەرو جیاکەرەوەی کۆمەڵایەتیی لەنێو چینەکانی کۆمەڵگای ئێرانییدا ریشەیەکی قووڵی هەبوو، وەك کێردێکی تیژ نوکی لە ریشاڵی نەتەوایەتیی ئێرانیی گیر کردبوو، جوگرافیای سەخت نەك تەنیا رۆڵی لە پەرتکردن و هەڵاواردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو چینەکاندا هەبوو، بەڵکو زۆربەی جار دەبووە هۆی بەرتەسکی پەیوەندیی نێوان ئەندانامانی تەنانەت چینێکیش کە خاوەن بەرژەوەندیی تێکەڵاو و هەماهەنگ بوون.

هەروەها فرە ئاینیی و فرە زمانیی ، وێڕای کەلتووری جیاواز یارمەتیی قووڵبوونەوەی دەلاقەی کۆمەڵایەتییدا دەدا، بەشێوەیەك سیستمی خێڵەکیی توندوتیژ یەکجار بەشداریی لە جیاکردنەوەو دوورخستنەوەی هاوکاریی کۆمەڵایەتیی کرد. پاشتر ئەوەی ڕێگریی لەبەردەم پەرەسەندنی ئەو هاوکارییە پێکهێنا بریتیبوو لە سەختی هاتوچۆو بازرگانیی لەنێوان هەرێمەکاندا وەك ئاکامێکی نالەباریی و سەختیی ڕێگاکان و بڵاوبوونەوەی جەردەیی، هەروەها پشتگوێخستنی ئەو ڕێگایانەی هەبوون و تەختنەکردن و باش نەکردنیان لەلایەن حکومەتەکانی قاجارەوە یاخود کردنەوەی ڕێگای نوێ بۆ بەستنەوەی هەرێمەکانی ئێرانیی بە یەکدییەوەو فەراهەمکردنی ئاسانکاریی هاتوچۆی بازرگانیی نێوخۆ کە دەبێتە هۆی تێکەڵیی کۆمەڵایەتیی پێویست بۆ زێدەکردنی کارلێکی کۆمەڵایەتیی و هاریکاریی پێویست بۆ کاڵکردنەوەو لابردنی جیاوازییە بەرچاوە چینایەتییەکان.

هەربۆیە نەبوونی ریشەی بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتیی و هاریکاریی بنیاتنەرو پەرەسەندنی یەك بەدوا یەك لەنێو ڕۆڵەکانی تاکە چینێکدا جێگەی سەرسوڕمان نیە، ئەوەی داخرانی بەسەرخۆدا پتەو کردو هاوبەستەگیی کۆمەڵایەتیی کەمکردەوە بەبێ نێوەندێك کە هەموو لاکان لەیەکتری کۆبکاتەوە، یاخود ئاراستەی ئامانجێك... لێرەوە ڕۆڵی پیاوی ئاینیی وەك نێوەندێکی پێویست و پەسەند لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی شیعەدا سەری هەڵدا.[1]

ئاکامی ئەو دابەشبوونە چینایەتیی و هەمەرەنگییە جوگرافییە وایکردبوو شەست لە سەدی دانیشتووانی لادێ لە باوەشی دەهەزار گوندی لێکدابڕاودا بژین، بیست و پێنج لەسەدی دانیشتووانیش لەنێو دە شاری سەرەکیی و

[1] اروند ابرهميان و مجموعة مؤلفين:"ايران ١٩٠٠–١٩٨٠"، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت لبنان، ١٩٨٠، ص ٢٨.



حەفتا شاری گچکەدا ژیان بگوزەرێنن. کۆچەرەکانیش کە پازدە لەسەدی تێکڕای دانیشتووانەکەیان پێکدەهێنا، لەنێو شازدە یەکێتیی هاوپەیمانیی سەرەکییدا کۆببوونەوە، کە هەر یەکەیان ژمارەیەك خێڵی گەورەو بچووکی لەخۆدەگرت، جگە لە چەند تیرەیەکی بزۆز کە لە چواردەوری جوگرافیی نزیك بە دەوارەکانی خێڵە کۆچەرەکانەوە لە هاتوچۆدابوون.

ئەم دوورییە کۆمەڵایەتییە بووەهۆی ئەوەی کە چالاکیی بازرگانیی تەنیا لە شارەکاندا هەبێت، لەبەرامبەردا زۆربەی گوندەکان لە داکشان و لاوازیی ئابوورییدا دەیان گوزەراند. بەرهەمهێنان تەنیا خۆی لە بەکاربردنی نێوخۆییدا دەبینییەوە. بازرگانییش زۆربەی جار خۆی لە بازارە بیانییەکانی نێو شارە مەزنەکاندا دەبینییەوە کە هەموو پێداویستییەکی تێدا بوو، لەجیاتی ئەوەی کە ئاڵوگۆڕیی بەرهەم و بەروبوومەکان بێت لەنێوان هەرێمە دوور لە یەك و دابڕاوەکانی ئێراندا.

هەروەها فرە زمانی ڕۆڵی لە داخران بەسەر خۆدا هەبوو، تەنانەت لەنێو خاوەنی یەك زمان و یەك ڕەگەزیشدا، ئەوەی یارمەتیی ئەوەشیدا بریتیبوو لە هەڵبژاردنی هەرێمی تایبەت بەخۆیان کە لەنێو دەوڵەتی ئێراندا تێیدا نیشتەجێبن، ئەوەش بە وێنەی چەند دەوڵەتۆکەیەکی لەنێو دەوڵەتێکدا لێکردبوون یان خاوەن تایبەتمەندییەکی جیاوازیی ڕەگەزیی بەهەریەك لەوانە بەخشیبوو کە لە ئێراندا دەژیان.

فارس و خێڵەکانی بەختیاریی و قاشقاییەکان، لەگەڵ کوردو لوڕ لە بانی ناوەندییدا دەژیان. چەندین کۆمەڵیش لە بلوچ و ئەفشارو عەرەب لە بیابانەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتدا دابەش ببوون، لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاواش خێڵەکانی شاهسۆن و کوردەکان دەژیان لەگەڵ ئەو ئەرمەن و ئاشوورییانەی لە گوندە بچووکەکاندا پەرتەوازە ببوون، لە ناوچەکانی

باكووریش، تورکمان‌و کوردو تەیموورییەکان‌و بلوچ‌و تاجیک‌و جەمشیدییەکان بڵاوببوونەوە.

بە هەمان شێوە، زۆربەی شیعەکان بەسەر ڕێبازی حەیدەریی، نوعمانیی، ئیمامیی دوازدەیی، ئیسماعیلیی، کەریم خانیی‌و شەیخییەدا دابەش ببوون. ئینجا کەمینەیەکی سوننیی لە کوردو تورکمان‌و عەرەب‌و بلوچ، لەگەڵ کەمینەیەکی کریستیانیی لە ئەرمەن‌و ئاشوورییەکان، هەروەها کەمینەی دیکە لە جووو زەردەشتییەکان. ئەم تایفە ئایینییانە لەنێو گەڕەکی تایبەت بەخۆیان لە لادێ‌و شارەکاندا داخرابوون کە زیاتر لە "جیتۆ"ی جووەکان دەچوو.

هەروەها سیستمی خێڵەکیی شێوازێکی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی تایبەت بەخۆی ئەفراندبوو، کە سەرەك خێڵەکان لە لوتکەدا شوێنی خۆیان گرتبووو لەلایەن موڵکدارانی زەوی‌و ئەشرافەکانەوە پاڵپشتیی دەکران، جووتیارو کۆچەرو زەحمەتکێشەکانیش لە بنکەدا جێیان گرتبوو. سەرخێڵەکان رۆڵێکی سیاسیی گرنگیان دەبینی. ئەوان نوێنەراتیی خێڵ‌و تایفەکانیان لەبەرامبەر جیهانی دەرەوەو دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە پایەتەخت‌و هەروەها لەگەڵ خێڵەکانی تردا دەکرد، جگە لەوەی کە سەبارەت بە یەکالاکردنەوەی کێشەکان‌و دابەشکردنی باج بەسەر دانیشتوواندا رۆڵی دادوەریان دەبینی.

هەموو ئەو چەشنە فرەجۆرییە رەگەزیی‌و ئایینیی‌و زمانییانەی باسکران چەندین رەنگی زەقی لە دژبەیەکیی‌و بەراوەژویی بەرژەوەندییەکان لێکەوتەوە کە دووریی چینایەتیی‌و سەختیی‌و دڵڕەقیی جوگرافیی ئەو دژبەیەکییانەیان تیژترکرد. ئەوەش ئاسانکاریی بۆ دەسەڵاتی فەرمانرەوای سەفەویی‌و پاشتر قاجاریی کرد کە هەر بەستینەیەکی نێوان ئەو دەستەو تاقمە جۆراوجۆرانە هەڵتەکێنن‌و دەستی بەسەردا بگرن پێش ئەو یەککگرتنە سنووردارەی کە لەکاتی شۆڕشی دەستوورییدا دەرکەوت.



هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی، ئەرکی قاجارەکانی لە توند دەست بەسەرداگرتنی گەلدا ئاسانترکرد، ئەویش بە گرتنەبەری ئەو بنەما سیاسییە کۆنە تازەیەی "پەرتکەو زاڵبە"، هەروەها کینەو کێبڕکێی لەنێو ئەو دەستەو گروپە جیاوازانە ئەفراند بۆئەوەی هانیان بدات لەلای دەسەڵات شوێن بۆخۆیان بکەنەوە لەنێو هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ئێراندا. "ئان لامبتۆن"ی ژنە نووسەر لەکاتی لێکدانەوەی وردی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات‌و گەل راستی گوتووە، کاتێك ئاماژەی بەوەداوە کە " شاکانی قاجار بەشێوەیەکی بەرنامەبۆداڕێژراو (ناتوانایی دەستووریی) موڵکدارەکانی زەوییان سەبارەت بە یەکبوونیان بە قازانجی خۆیان بەکارهێنا. باوەشیان بە ناکۆکیی مێژینەی خێڵەکاندا کردو کردیانە ئامرازێك بۆ سیاسەتی دەوڵەت کە لەسەر بنەمای ستەمکاریی بوو. هەروەها هۆشیارانە ململانێ ئیتنیی‌و خێڵەکییەکانیان لە شارەکاندا بۆ لاوازکردنی ناڕەزایەتیی جەماوەری شارەکان‌و ئەگەری مل بەملەیان لەگەڵ دەوڵەتدا بەقازانجی خۆیان بەکارهێنا.[2]

هەروەها "جۆن مالکوم"ی گەڕیدەی بەریتانیی جەختی لەوە کردۆتەوە کە شارە ئێرانییەکان –بەپێچەوانەی شارەکانی ئەورووپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا– بەشێوەیەکی توند بەسەر چەند گەڕەکێکی ململانێکەردا دابەش ببوو بەچەشنێك نەیاندەتوانی لەبەرامبەر حکومەتی ناوەندییدا بەرگریی بکەن، لەکاتێکدا کە فەرمانڕەوایانی قاجار یارییان بە تایەفە گچکەکان دەکردو وایان پێشاندەدا کە لەبەرامبەر بازرگانە مەزنەکاندا دەیانپارێزن‌و بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانیان دەکەن، تا ئاستێك تایەفە گچکەکان

[2] J. Mlcolm: History of Persia. London. 1993.p.429.

فەرمانڕەواکانی قاجاریان بە سیمبوڵی یەکێتیی و پارێزەری بەرژەوەندییەکانیان لەقەڵەم دەدان.[3]

هەربۆیە جێگەی سەرسوڕمان نیە کە مێژوونووسانی ئێرانیی ڕۆڵی شۆڕشی دەستووریی بەرز بنرخێنن، ئەوەی کە بۆ یەکەمجار لایەنە پەرتەوازەکانی کۆمەڵگای ئێرانیی تێدا کۆبوونەوە لەپێناو بەرەنگاریی دەسەڵاتی ناوەندیی(قاجاریی)دا و داوای دانانی بناغەیەکی پارلەمانی دەکرد بۆ پاراستنی مافەکانی هاوڵاتیان، ئەوەی خۆی لە دامەزراندنی ئەنجومەنی نوێنەراندا بینییەوە، سەرکەوتنیشی بریتیبوو لە سەرکەوتنی هەوڵە چاکسازییە بەراییەکان کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا ئاماژەی بۆ دەکەین.

## جیاوگە بیانییەکان

بێگومان، بوونی حکومەتێکی ستەمکارو فەرمانڕەوایەك کە پێویستییەکی زۆری بە پارە هەبوو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە کەسییەکانی یاخود چاکسازییەکانی، وێڕای کۆمەڵگایەك کە هەرکاتێك بەرژەوەندییەکانی لێك ئاڵۆزان ئەوا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ناکۆك و دژبەیەك دەوەستێتەوە، ئاسانکاریی بۆ ئەو دەوڵەتانە کرد کە چاویان بڕیبووە ئیستیغلالکردنی سەروەت و سامانی ئێران و درزکردنە نێو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و سیستمی سیاسیی بێ ماندووبوونێکی ئەوتۆ. بەتایبەت کە جەنگە سەربازییەکانی قاجار لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا شکستی هێنابوو، شاکانی قاجار ناچاربوون ڕێکەوتننامەی تورکمانچای(١٨٢٨) و پاریس(١٨٥٨) لەگەڵ ڕوسیا و بەریتانیادا مۆربکەن، ئەو دوو ڕێکەوتنەی بووەهۆی دەستهەڵگرتن لە

[3] A-lombton-Persia Society Under the Qajar, Journal of the Royal central Asian Society, 1, 8-Jul-Oct) 1961.p.130.



قەڵەمڕەو هەرێمەکانی ئێران و خۆبەدەستەوەدانێکی ئابووریی بوو کە زیانێکی زۆری بەو توێژە کۆمەڵایەتییە پەرەگرتووانەی ئێران گەیاند بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی ئەو دوو دەوڵەتە کاری دەکرد.

لەنێو ئەو واز لەماف هێنانەدا کەمکردنەوەی بڕی گومرگی سەر کاڵای هەناردەکراوی ئەو دوو دەوڵەتە ناوبراوە هەبوو کە مافی پێدابوون کۆمپانیای بازرگانیی لە تاراندا دابمەزرێنن، بەجۆرێك چاو لە گومرگی کاڵاکانیان بپۆشن، باجی تێپەڕینی ئەو کاڵایانەش بە ڕێگاکانی نێوخۆی ئێرانییدا کەمبکەنەوە. لەئاکامی ئەم هەموو وازهێنانە لە مافەکان، بازاڕی ئێرانیی بە کاڵای هاوردەکراوی بیانیی پڕبوو کە لە ڕووی جۆرەوە زۆر باش بوون، ئەوەی بووەهۆی لاوازی کاری پیشەگەریی دەستی ئێرانیی و وردە وردە بەشێکی بەرچاوی ئەوانە لەنێوچوون و لەبازاڕدا نەمان. لە سەرووی هەموو ئەو شمەکانەی بەرهەمی پیشەگەریی دەستی ئێرانیی بوون و زیانیان پێکەوتبوو بریتیبوو لە پیشەسازیی چنین و ڕستنی ئێرانی بەهەموو شێوەکانییەوە•، لەکاتێکدا هەریەك لەو دوو دەوڵەتە مەزنە لە چوارچێوەی

• ژمێریارێکی دارایی ئەسفەهان لەو کاتەدا بەم چەشنە باسی لە ڕەوشی پیشەگەرانی ئەسفەهان کردووە:" لە ڕابردوودا شمەکی چنراوی بایەخدار لە ئەسفەهان بەرهەم دەهێنرا، چونکە هەمووان لەسەرەوە تاخوارەوە شمەکی نێوخۆیان بەکاردەهێنا، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا خەڵکی ئێران شێتی بەکارهێنانی کاڵای ڕەنگاوڕەنگی ئەوروپیی بوون، جۆڵا خۆماڵییەکان لاسایی ئەو کوتاڵە هاوردانە دەکەنەوە، هەربۆیە جۆری بەرهەمهێنانیان دابەزیوە، ڕوسەکان چیدی شمەکی ئێرانیی ناکڕن و جۆڵاکان خراپ تووشی زیان هاتوون، لانی کەم دەیەکی ئەسنافەکانی ئەم شارە جۆڵا بوون و تەنانەت ئەمڕۆ نۆ لە دەی جۆڵاکان نەماونەتەوە. نزیکەی بیست یەکی بێوەژنانی هەژاری ئەسفەهان بەهۆی منداڵەکانیانەوە کە لای جۆڵاکان خوری ڕێسییان دەکرد ژیان و گوزەرانیان بەڕێوەدەچوو، ئەمێستا ئەمانە سەرچاوەی بژێوی خۆیان لەدەستداوە. بەهەمان شێوە، ئەسنافەکانی دیکەی وەك خومچییەکان، کلیمسازان، خوری شۆران، ئەوانیش زیانیان بینیوە... کارو پیشەکانی دیکەش لە زیان پارێزراو نین: بۆ نموونە چیدی وەرزێران ناتوانن بەرهەمی پەمووەکانیان بە نرخێکی بەرز بفرۆشن"(سەردەشتیی) بڕوانە: یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

ئەڵقەیەك لە ئەڵقەكانی قۆرغكاریی ئابووریی و بەمەبەستی هەناردەكردن، هانی فراوانكردنی بنكەی بەرهەمهێنانی فەرشی دروستكراوی دەستییان دەدا بەو نرخەی كە خۆیان دەیان سەپاند.

لەئاكامی ئەم ئابوورییە ئاراستەكراوەی لەلایەن بیانییەكانەوە سەپێنرابوو، بازاڕی ئێرانیی بۆ بازاڕێكی بەكاربەری بەرهەمنەهێن وەرچەرخا، پاش زێدەبوونی هێدی هێدی داواكاریی لەسەر خۆراك و پۆشاك و كاڵا هاوردەكان، نرخیش لە بازاڕەكاندا بەرزبووەوە. ئێرانییەكان بەچەشنێك لەو چاكسازییە ساكارانەی ناسڕەدین شا(١٨٤٨-١٨٩٦)و موزەفەرەدین شا(١٨٩٦-١٩٠٦) یان دەڕوانی كە لەپێناو هاتنەناوەوەی بەرژەوەندی بیانییدایە نەك بۆ پەرەپێدانی كۆمەڵایەتیی كە گەلی ئێران هیوای بۆ دەخواست.

ئەگەر ئەم هەستەی ئێرانییەكان بڕێك زێدەڕۆیشی تێدابێت، هەروەها نادادپەروەرییەكیش بێت لەهەمبەر ئەو هەوڵە ساكارانەی چاكسازیی كە ناسڕەدین شا و موزەفەرەدین شا لە كارگێڕیی و كاروباری سەربازییدا ئەنجامیانداr•، دەگونجێت پاڵنەرەكان ئەوەبن كە گەلی ئێران وێڕای لاوازیی

• لە دەوڵەتی قاجارییدا چەند رفۆرمیستێكی دەوڵەتیی هەبوون كە هەستیان بە لاوازیی و پەڕپوتیی فەرمانڕەوایەتییەكەیان دەكردو خوازیاربوون لە رێگەی چاكسازییەوە هێز بە بەری دەوڵەتدا بكەنەوە، یەكەمین هەوڵی چاكسازیی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا بە شێوە هاوچەرخەكەی لەلایەن "عەباس میرزا"ی وەلیعەهدو كوڕی فەتح عەلی شاوە بوو كە فەرمانڕەوای ئازەربایجان بوو، ئەو هاوكاتیی سوڵتان سەلیمی عوسمانیی بوو، لاسایی هەمان ئەو سیستمەی كە ئەو ناوی "نیزامی جەدید"ی لێنابوو كردەوە، چونكە لە شەڕی یەكەمی روس و ئێراندا (١٨٠٤-١٨١٣) بۆی دەركەوتبوو كە سوارەی خێڵەكان لەبەرامبەر سوپای نوێ و تۆپخانەی پێشكەوتوو خۆ راناگرن. هەربۆیە كەوتە كارو شەش هەزار سەربازی كردە هەوێنی هێزە نوێیەكەی. ئەوانەی بە چەك و تۆپخانەی نوێ تەیاركران و موچەی مانگانەی چەسپاویان هەبوو، یەك بەرگیشیان دەپۆشیی و لە سەربازخانە دەمانەوەو راهێنانیان دەكرد. جگە لەوە عەباس میرزا (دار الترجمە/خانەی وەرگێڕان)ی بۆ وەرگێڕانی كتێبە سەربازیی و ئەندازیارییەكان لە تەبرێز دامەزراند،



ئاست وتوانای بەرهەمهێنان و خراپی ژیان و گوزەرانی، هێشتا دەبوو خەرجی ئەو چاكسازییانەی لە گیرفانی خۆی بدایە، بێئەوەی هیچ هەستێك بە داهاتێكی راستەوخۆ بكات كە پێویستییە سەرەكییەكانی رۆژانەی تێربكات. لێرەشەوە بازرگانان و مەزنە موڵكدارەكان و ئەوانەی هاوبەرژەوەندییان بوون لە پیاوانی دەزگای ئاینیی، یەكەمینی ئەوانە بوون كە لە ئاكامی ئەو هەوڵە

هەروەها ژمارەیەك خوێندكاری رەوانەی ئەوروپا كرد بۆئەوەی لەوێ زانستەكانی سەربازیی، ئەندازیاریی، پزیشكیی، نەخشەكێشان و چەك دروستكردن و زمانی بیانیی فێربن. هەروەها هەوڵیدا رێگە لە بەفیڕۆچوونی دارایی دەوڵەت بگرێت و تەخشان وپەخشانی سامانی ئێران لەلایەن دەرەبارەوە نەهێڵێت، ئەوەش بووەهۆی ئەوەی دوژمنی زۆری بۆ پەیدا بێت و پڕۆپاگەندەی مەترسییداریی و داهێنانی خراپەكاریی و تەنانەت بێدینییشیان خستەپاڵی و تەگەرەیان خستە بەردەم هەنگاوەكانی. پاش ئەوەی ئەو هێزە نوێیەی پێكیهێنابوو لە شەڕی دووەمی روس و ئێراندا(١٨٢٦-١٨٢٨) شكستیخوارد، ئا لێرەدا شا رایگەیاند " هێشتا باشترین چەك هەر رم و نێزەی باوباپیرانمانە"!!

دووەمین هەوڵ لە لایەن "محەمەد تەقی خانی فراهانی"یەوە بوو كە بە "ئەمیر كەبیر" ناسراوە، ئەو لەبەر دەستی عەباس میرزا پەروەردە ببوو، لەسەردەمی "تەنزیمات"یشدا لە ئیمپراتۆریی عوسمانییدا نێردەی تایبەت بوو. یەكجار بەو تەنزیماتەی سوڵتان مەحموودی دووەم سەرسام بوو، پاش گەڕانەوەی توانی لە "ناسڕەدین" ی وەلیعەهد نزیك بێتەوە، پاش ئەوەی ناوبراو بووە شاهەنشا، ئەمیر كەبیر نازناوی ئەمیر نیزام و دواتر سەدری ئەعزەمی درایەو دەرفەتی چاكسازیی خرایە بەردەم. ئەو بۆ دامەزراندنی سوپایەكی نوێی هەمیشەیی، پازدە كارگەی دامەزراند: تۆپخانە، چەكی سووك، جل و پۆشاك، كاغەز، مس..هتد. یەكەمین رۆژنامەی فەرمیی بە ناوی (وقایع اتفاقیە) بڵاوكردەوە، (دار الفنون)ی بۆ خوێندكارەكانی خۆی كە زۆربەیان كوڕانی ئەشراف و خانەدانەكان بوون كردەوە كە تێیدا زمانەكانی بیانیی، زانستی سیاسیی، ئەندازیاریی، كانزاسازیی، تەندروستیی، ئاژەڵناسیی و مۆزیكی تێدا فێردەبوون. هەوڵیدا سیستمی دارایی و باج بەجۆرێك رێكبخات كە داهاتی زیاتر بۆ دەوڵەت بە دەست بێنێت و خەرجی ئەو چاكسازییانەشی دەستكەوێت. ئەوەش موڵكدارە مەزنەكانی لێ تیژتر كرد. پیاوانی دەرباریش لێی كەوتنە تەقەو لەڕێگەی شابانووەوە لای شاهەنشا بۆیان تێچاند. تا دواتر لە پۆستەكەی لابراو بۆ دەرەوەی پایتەخت دوورخرایەوەو پاش ماوەیەك كوشتیان.(سەردەشتیی). بۆ زیاتر:

ناظم الاسلام كرمانی، تاریخ بیداری ایرانیان، انتشارات امیر كبیر،تهران ، ١٣٧٩.،

حسین مكی ، زیندگانی امیر كبیر، چاپ دوم، تهران، ١٣٦٤.

ساکارانەی نوێکردنەوەو مۆدێرنیتەدا هەستیان بە زیان کرد. هەربۆیە لەپێشەوەی ئەو توێژانەوە بوون کە تارادەی ورووژان بێزاربوون‌و ئامادە نەبوون مل بۆ حکومەت کەچ بکەن بە بەردەوامیی داوای پارەی لێدەکردن. ئەوەش قاجاری ناچار بە قەرزکردنی دەرەکیی‌و پێشکەشکردنی زیاتری جیاوگەکان بە بیانییەکان لەنێو ئێراندا کرد.

هەروەها دەستەبژێری ئابووریی لە بەهێزبوونی لایەنی حکومەتی ناوەندیی دەسڵەمینەوە، گەر بێتو لە پێدان‌و دابینکردنی خەرجییەکانی چاکسازیی بەردەوام بن. هەربۆیە ناسڕەدین شا ناچاربوو کە پلە بە پلە تیپەکانی سەربازی قەوزاق دابمەزرێنێت، لەگەڵ هێزی پۆلیس، هەروەها رێکخستنی کارگێڕی دەربارو پاشتر گۆڕینی بۆ وەزارەت، دامەزراندنی یەك رێگای ئاسنیی لەنێو تارانی پایتەخت‌و خانەیەك بۆ لێدانی پارە، خانەیەك بۆ وەرگێرانی کتێبە ناودارەکان، خانەیەك بۆ رۆژنامەی فەرمیی. پاشتر وردە وردە کەوتە دامەزراندنی فێرگەیەك بۆ خوێندنی پزیشکی مرۆیی‌و یەکێکی دیکە بۆ ئاژەڵیی، فێرگەیەك بۆ ئەندازیاریی‌و هەروەها زانستە سیاسییەکان. دواتر یەکەمین نێردەی خوێندنی لە دەرچووانی هونەرەکان‌و هاوشێوەکانیان رەوانەی دەرەوەی وڵات کرد.

لەبەرئەوەی فەرمانڕەوای قاجاریی بەردەوام پێویستی بە پارە بوو، هەربۆیە لەسەر ئەوە راهاتبوو کە پۆست‌و پلەوپایە مەزنەکانی دەوڵەت بەو خەڵکانە بفرۆشێتەوە کە چاویان تێبڕیبوو، هەروەها پێدانی زەوی بە خەڵکی ساماندارو هەبووی ئێرانیی، زێدەباری بەردەوامیی لە فرۆشتنی جیاوگە ئابوورییەکان بە بیانییەکان. ئەو جیاوگەی لە ساڵی ١٨٧٢دا درا بە "بارون رۆیتەر" بۆ دامەزراندنی رێگای ئاسنیی‌و گەڕان بەدوای کانزاکان‌و سوودوەرگرتن لە دارستانەکان‌و ژیانەوەی زەوییە نەکێڵراوەکان، هەروەها هەڵکەندنی کەناڵی ئاودێریی‌و دروستکردنی ئاش، لەگەڵ راکێشانی هێڵی



تەلەگراف، یەکەمینی ئەو جیاوگانە بوو. هەربۆیە لەپێناو تەواوکردنی ئەو چاکسازییانەی پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا، قەبارەی پێدانی جیاوگ بە ئینگلیزەکان زیادیان کرد، بەوەش کۆمپانیای "لینش برزرز" مافی گواستنەوەی دەریایی بەدەستهێنا، پاشتر بانکی شاهنشاهیی بەریتانیی فارسیی کڕی، مافی لێدانی پارەو کۆکردنەوەی باجی سەر رێگەکانی قۆرغکرد.[٤]

دەگونجێت گرنگترین جیاوگە بەریتانییەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بریتی بێت لە بەدەستهێنانی مافی قۆرغکردنی کڕین‌و وەبەرهێنانی توتن لەتێکڕای هەرێمەکانی ئێران لەلایەن "سێر هکجراف تالبوت" لە ساڵی ١٨٩٧ دا، ئەوەش لە بەرامبەر دانی ساڵانەی بڕی پازدەهەزار ریاڵ، هەروەها دەستکەوتنی چارەکی بەهای قازانجی کۆمپانیا قۆرغکارەکە لەلایەن حکومەتی ئێرانییەوە.

هەروەها حکومەتی قاجاریی لە ساڵی ١٩٠١دا جیاوگی "دارسی"بۆ بەریتانییەکان مۆرکرد، کە تێیدا رێگەی بەر بەریتانییەکان دابوو لە باشووری ئێراندا بەدوای نەوتدا بگەڕێن. جگەلەوەی چاوی لە هەموو ئەو گومرگ‌و داهاتانە پۆشی بوو کە دەبووایە بخرایەتە سەر هاوردەکردنی کەلوپەلە پێویستەکانی کۆمپانیاکە بۆ گەڕان بە دوای کانزاکاندا. چاوپۆشینەکە گەیشتبووە ئاستی وەرنەگرتنی گومرگ لەو مادە هەناردەکراوانەی بەرهەمیی نەوتیی خودی کۆمپانیاکە. لەبەرامبەردا حکومەتی ئێرانیی هەزار ریاڵی ئێرانیی زێڕینیی وەرگرت، جگە لە چەند پشکێك بەهەمان بڕەپارە لە کۆمپانیاکەدا، پاشتر کۆمپانیاکە پەیمانیدا بڕی ٦٪ ی قازانجی نەوتی دەرهێنراو بۆ ماوەی شەست ساڵ بە ئێران بدات.

[4] Ibid. A-lombton.p.40.

روسیاش لەلایەن خۆیەوە داوای هەمەجۆر جیاوگی ئابووریی کرد. کۆمپانیاکانی ڕێگاوبانی روسیی چەند گرێبەستێکی تەختکردنی ڕێگە گشتییەکان لە باکوورو پاکردنەوەی بەندەری "ئەنزلی"یان بەدەستهێنا. کۆمپانیایەکی روسیی دیکەش مافی راوەماسی لە دەریای قەزوین، دابینکردنی ئاسایشی ڕێگاکانی باکووری ئێران، سەرپەرشتییکردنی بەرهەمهێنانی فەرش لە "سوڵتان ئاباد"، دواتر چاندنی پەمو لە خۆراسانو هەروەها چاندنی ئەفیون لە کرمانی کڕی. بەم جۆرە، سەرمایەو کاڵای بیانیی رژایە نێو بازارەکانی نەوپای ئێرانەوەو بەمەرجیگەلێکی نادادپەروەرانە. لەنێو ئەوانەدا دەستبەسەرداگرتنی گومرگەکانی باکووری ئێران لەلایەن حکومەتی روسیاوە وەك بارمتەیەك لەبەرامبەر ئەو قەرزەی کە لەساڵی ١٩٠٠دا بە حکومەتی قاجاریی دابوو، ئەوەی بڕەکەی بیستودوو ملیۆن مننەی روسیی بوو بە بڕی سوودی ٥٪ و بۆماوەی حەفتاوپێنج ساڵ. نیو ملیۆن مننەی روسیی لەو قەرزە لەلایەن حکومەتی ئێرانییەوە وەك قەرەبوویەك لەبەرامبەر ئەو جیاوگەی توتنەی درابووە ئینگلیزەکان، بە روسەکان بەخشرابوو. حکومەتی ئێرانی تەنانەت پاش رەتکردنەوەی جیاوگی توتنیشو سەندنەوەی لە ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٨٩٢دا پاش ئەوەی شێخ میرزا حەسەن شیرازیی لە ساڵی ١٨٩١دا فتوای قەدەغەکردنی بەکارهێنانی توتنی دا[5]، هەر لە پێدانی ئەو قەربوە بە روسەکان بەردەوام بوو.

پاشتر لە ساڵی ١٩٠١دا، حکومەتی ئێرانیی بە مەرجگەلێکی نادادپەروەرانە بڕی دە ملیۆن مننەی روسیی زێڕینیی لە روسەکان قەرزکرد. حکومەتی ئێرانیی ناچارکرا ئەوە پەسەند بکات کە حکومەتی روسیی و ئەو

[5] هویدا عزت محمد جعیتم: تاریخ الحكم النیابي لایران–رسالة دکتوراة غیر منشورة–آداب عین الشمس ١٩٩٦، ص ١٠٠.



بانکەی کە قەرزەکەی داوە هەڵسن بە بنیاتنانی هێڵی ڕێگەی ئاسنیی لە جولفاوە بۆ قەزوین، هەروەها کەمکردنەوەی گومرگ لەسەر ئەو کاڵایانەی لە روسیاوە هاوردە دەکرێن. لەراستییدا حکومەتی قاجاریی قەرزەکەی بۆ چاککردنی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئاراستە نەکرد، بەڵکو پارەکانی لە خەرجی مەزنەپیاوانی دەوڵەتو دەستوپێوەندەکانی شاو پیاوانی دەربارو مەزنە فەرماندەکانی سوپا بەفیڕۆ دەدا•، ئەوەشی لە قەرزەکە مابووەوە لەلایەن شاوە بۆ گەشتەکانی خۆی خەرجکرد کە بۆ ئەوروپا بەمەبەستی چارەسەریی و رابواردن دەیکردن.

قەرزکردن لە بەریتانیا دووبارە بووەوە کاتێك ئێران لەساڵی ١٩٠٢دا بڕی سەد هەزار ریاڵی لە بانکی ئیمپراتۆریی شاهەنشاهیی بە سوودی ٧٪ قەرزکرد، دوای ساڵێك، سەد هەزار ریاڵی دیکەی لەبەرامبەر بەکارهێنانی داهاتی راوەماسی دەریای قەزوینو بە زامنکردنی گومرگی فارسو بەندەرەکانی کەنداوی فارسیی، قەرزکرد.

• جەمالەدینی ئەفغانیی سەبارەت بە ئاکاری ناسرەدین شاو رەوشەکە لە دەمەدا نووسیویە:" شا لاواز بووەو تێگەیشتنو بیرکەوتنەوەی پەکی کەوتووەو خەڵەفاوە، توانای حکومەتو بەڕێوەبەردنی خەڵکی نەماوەو کاروباری مەملەکەتی بە خەڵکانێکی بەدکار سپاردووە... پاش گەڕانەوەی لە ئەوروپا کاری خۆی لە کۆڕی مەیخۆرییو لەگەڵ باڵا بەرزاندا بەسەردەبات...ئەمە شتێکی شەخسیی ئەوە بەڵام بەزیانی موسوڵمانان دەکەوێتەوە، وڵاتی بە دوژمنان فرۆشتووە لەوانە کانزاکان، ڕێگاکان، کاروانسەراکان، توتن، ترێ، سابوونو شەکر...و بانك. دەزانی بانك چییە؟ بانك بریتییە لەوەی یەکسەرە کاروباری میللەت بدەی بە دوژمنانی ئیسلامو موسوڵمانان... شا هەر جارێك لە گەشتی ئەوروپا دەگەڕێتەوە ستەمو توندوتیژی بەسەر خەڵکەکەی خۆیدا دەبارێنێت. ئاکامەکەشی ئەوەیە خەڵکانی ئێران بە بینینی کە شا هەر جارێك لە گەشتو سیاحەتی ئەوروپا دەگەڕێتەوە بێ تەحەموول ترو ستەمکارتر دەبێت ، ئەوان بەشێوەیەکی سروشتییو لە رووی نەزانییەوە، ئازارو نەهامەتیی خۆیان بە کاریگەریی ئەوروپا دەزانن، لێرەوە کینەو نەفرەتی ئەوانە سەبارەت بە ئەوروپییەکان توندتر دەبێت".(سەردەشتیی). بڕوانە:
یرواند ابراهامیان، سەرچاوە پێشوو،ل ٥٩ .

لەئاکامی ئەوەی باسکرا، بەرهەمی ئەوروپیی دەرفەتی گەشەسەندنی لەبەردەم بازاڕی ئێرانییدا فڕاند، هەڕەشەی بیانیی لەسەر کارو دارایی بازرگانانو وابەستەو هاوبەرژەوەندییەکانیان لە دەزگای ئایینیی(تەکیێکان، ئەوقاف، خوێندنی ئاینییو پێنجیەك) بەئاشکرا دەرکەوت. بەوەش ئەو پایە هاوکارییە داراییانە کەمبوونەوە کە دەڕژایە ئاشی دەزگای ئاینییەوە. بەوەش بازرگانانو زانایانی ئاینیی لەماوەی شۆڕشی دەستووریيدا هاوپەیمانییو هەماهەنگییان دژی جمانو هاتنەناوەوەی بیانییو دەسەڵاتی پەرەگرتووی بنەماڵەی فەرمانڕەوای(قاجار)و پیاوانی دەربار کرد.

ئەگەر پاروە نانو سەختی چنگ کەوتنی پێویستییەکانی ژیانی رۆژانە بزوێنەری بنەڕەتیی توڕەیی جەماوەرو هەڵگیرساندنی شۆڕشی دەستووریی بوو، ئەوا ستەمی سیاسییو بەدکارگێڕیی هەرێمەکان بەئاشکرا بڕی ئەو گەندەڵکارییەی دەردەخست، کە لەبواری هەڵبژاردنی فەرمانڕەوایانی هەرێمەکاندا بەڕێوەدەچوو، ئەوانەی راستەوخۆ لەگەڵ تێکڕای توێژەکانی گەل لە لادێو شارەکاندا مامەڵەیان دەکرد. ئەو فەرمانڕەوایانەی هەڵبژاردنیان لە مەزادێکی ئاشکرادا بەڕێوەدەچوو کە لەلایەن شا خۆیەوە لە پایتەختو بە ئامادەبوونی مەزنە دەوڵەمەندانی گەل ئەنجامدەدرا. بەوەش فەرمانڕەوای نوێ لەماوەی شەوو رۆژێکدا دەبووە خاوەنی راستیینەی دانیشتووانو بەرهەمو سامانی ئەو شوێنە. بێگومان چەند هێندەی ئەو پارەیەش کە فەرمانڕەوا بە شای داوە لە رێگەی سەپاندنی باجو موڵکانەی بەدراو بە شمەك بەسەر دانیشتووانەکەدا، بۆ گیرفانی خۆی هەڵدەگرتەوە. هەژارییش رێگرییەکی ئەوتۆی لەبەردەم فەرمانڕەوادا پێکنەدەهێنا تاکو چاوی لە سەپاندنو وەرگرتنی باج لە خەڵکی هەژار بپۆشێیایە. بەڵکو ژنان، بەتایبەت جوانەکانیان، بۆ دابینکردنی بڕی باجی سەپێنراو، ناچار بە فرۆشتن دەکران . هەروەك ئەوەی کە لەساڵی ١٩٠٣دا لە لایەن فەرمانڕەوای



قوچانەوە ئەنجامدرا، ئەوەی سەلماندی کە فەرمانڕەوای هەرێمەکان گەیشتبوونە چ رادەیەکی گەندەڵییو ستەمکاریی.

لەسەردەمی موزەفەرەدین شادا (١٨٩٦-١٩٠٦)، پۆستی فەرمانڕەوای هەرێمەکان تەنیا لەنێو کوڕانی شادا سنووردار کرابوو بۆئەوەی لایەنگریی ئەو ناوچانە بۆ دەسەڵاتی شا مسۆگەر بکەن. ئەو محەمەد عەلی شای کوڕی کە شازادەو جێنشینی خۆی بوو کردە فەرمانڕەوای ئازەربایجان، شوعاع ئەلدەولەی کوڕیشی کردە فەرمانڕەوای شیرازو بەنادر، عیزدئەلدەولەی لە گەیلان دانا، کوردستانیشی دا بە سالارئەلدەولەی کوڕی، بەوەش زنجیرەی دادۆشینی جەماوەر وەك قۆناغەکانی پێشوو بەردەوام بوو، ئەوەی ناڕەزایەتییەکانی هانداو وای لە خەڵك کرد لەدەوری شۆڕشگێڕان کۆببنەوە.

## دەستەبژێری رۆشنبیر

بوونی دەستەبژێرێکی رۆشنبیر کە زادەی چاکسازییەکانی ناسرەدین شاو دوای ئەو موزەفەرەدین شا بوون، گرانی هەستکردنی بە مەترسیی هاتنەناوەوەی بێگانە، زێدەتر کرد. ئەو دەستەبژێرەی کە زادەی فێرگەو پەیمانگاو کتێبخانەکانو نێردەکان بوونو ئینتێلجێنسیای ئێرانییان پێکدەهێناو لەژێر کاریگەریی ئەو نووسراوە رۆژئاواییە پێشکەوتووخوازانەدا بوون کە خانەی وەرگێڕان لە تاران وەریگێڕابوون، هەروەها ئەوانەی لەرێگەی نێردە زانستییەکانەوە چووبوونە دەرەوەو خوێندبوویان و گەڕابوونەوە، پاش ئەوەی حکومەت ئەرکی وانەوتنەوەی لە خوێندنگا باڵاکانو بەرپرسیارێتی نووسینی لە رۆژنامەکاندا خستبووە ئەستۆیان یاخود ئەوانەی وەك کارمەندی نوێی میریی دامەزرێنرابوون...یاخود وەك پیشەکاری هونەریی...یا ئەفسەرانی سوپاو پۆلیسی راهێنراو. ئینتێلجێنسیای نوێ شادەماری چینی ناوەڕاستیان

پێکدەهێنا، کە خاوەن خولیای تایبەت بە خۆیان بوون و چاویان لە دەسەڵات و هێزو پلەوپایە بوو•، بەڵام هەر زوو لەگەڵ دەرباری شاهەنشاهیی و دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا پێکیاندادا.

---

• توێژی ئینتێلجێنسیای ئێرانیی لە ئاکامی پەیوەندیی بەردەوامی ئێران بە جیهانی ئەوروپییەوە لەسەدەی نۆزدەیەمدا پەیدا بوون، ئەوانەی پێ بە پێی فراوانبوونی پەیوەندییە بازرگانییەکان و مامەڵەو پەیوەندی بەستن لەگەڵ بازرگانە بیانییەکاندا زیاتر شارەزای ئەو رووداوانە بوون کە لە دەرەوەی ئێراندا روویاندەدا، ئەمەو جگە لە کردنەوەی کۆنسوڵخانەکانی ئێرانیی لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکان و ناردنی لاوانی ئێرانیی بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات کە بووە هۆی بەهێزبوونی چەندایەتیی ئەم توێژە کە ئەندامەکانی سەر بە بنەچەی کۆمەڵایەتیی جیاواز بوون لەنێو کۆمەڵگەی ئێرانییداو خاوەنی رێزی خۆیان بوون. ئەمانە لە ژێر کاریگەریی هزرو شارستانییەتی ئەوروپیی رۆژئاواییدا بوون، بەتایبەت رۆشنگەریی فەرەنسیی کە ئەوانی فێری ئەوە کردبوو کە مێژوو ئەوە نیە وەك رۆحانییەکان وەك ئیرادەی خواوەند باسی لێوە دەکەن، یاخود مێژوونووسانی دەربار سەبارەت بە دامەزران و رووخانی زنجیرە پاشاییەکان بە درۆ دەیهۆننەوە، بەڵکو مێژوو کاروانی بەردەوامی پێشکەوتنی مرۆڤە. مێژووی رۆژئاوا ئەو وانەیەی فێرکردبوون کە پێشکەوتنی مرۆڤ نەك تەنیا رێی تێدەچێت بەڵکو مەسەلەیەکی حەتمییە، بە مەرجێك : زنجیری ستەمکاریی دەسەڵات، دەمارگیریی ئاینیی، کۆتی ئیمپریالیزمی بیانیی بپسێنرێت. ستەمکاری یەکەمین دوژمنی ئازادیی و یەکسانیی و برایەتییە، ئەوەی دووەم پێچەوانەی سروشتی بیرکردنەوەی زانستیی و ژیرییە، سێیەمیشیان سامانی وڵاتی بچووکی وەك ئێران دەماشێتەوە. ئەوان پێیان وابوو کە زانستی راستیینە بەهۆی عەقڵ و بەدەستهێنانی زانستی نوێ وە دەبێت نەك هۆنینەوەو پیاهەڵدان و وەعزی ئاینیی. ئەوان شێوازی فەرمانڕەوایەتیی دیمۆکراسیی و رژێمی دەستوورییان بە چارەسەری گونجاو پێویستی گۆڕانی ریالیتەی گەندەڵی وڵات دەزانی و بە هۆکاری هێنانەکایەی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و رزگارکردنی خەڵکی ئێران لە ستەم و چەوسانەوەی حکومەتی سەردەمیان دەبینی و چەمکەکانی (مەشروتیەت، دنیەویەت و ناسیونالیزم)یان وەك ئامرازی ژیانیی بۆ ئێران چاولێدەکرد.

جگە لە مالکوم خان، رۆشنبیرانی ئێرانیی دیکە وەك (فەتح عەلی ئاخندوف، محەمەد خان مەجد ئەلمەلك، یوسف مستەشار ئەلدەولە ئەاتەبریزی، عەبدوارەحمان تالبۆف و هەروەها جەمالەدینی ئەفغانی هەبوون، بەشێك لەمانە لە دەرەوەی ئێران لە رێگەی ئەو رۆژنامانەی کە چاپ و بڵاویان دەکردەوە، هزرو بۆچوونەکانیان لەمەڕ ئێران و رەوشەکەی دەخستە بەرچاو، لەو رۆژنامانە مەلا نەسرەدین لە تفلیسی، حیکمەت لە قاهیرە، حەبلولمەتین لە کەلکەتە، دەردەچوون. (سەردەشتیی) .



ئەم پێکدادانە بەرژەوەندیی ئامێزە یەکسەرو بەجارێك دەرنەپەڕی، بەڵکو چەندین نووسراو ئاراستەیان دەکرد کە بەرجەستەی بۆچوونەکانی رۆشنگەریی و دیموکراسییان دەکردو بیری گشتییان لەبارەی ئەو پرسانەوە بەئاگا دەهێنایەوە، ئاوازێك دەرکەوت کە هاوشێوەی چەمکەکانی هەردوو شۆڕشی فەرەنسیی و ئەمەریکیی، بانگەشەی بەشداری رۆشنبیرانی لە هێنانەکایەی پێشکەوتنی نیشتمانەکەیان دەکرد بێئەوەی بیرۆکەی شۆڕش یاخود رووخاندنی دەسەڵاتی قاجاریی رابگەیەنین. بەڵکو زۆر بە هێمنیی و لەسەرخۆیی داوای پێویستیی چاککردنی هەلومەرجەکان و گۆڕینی پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگای دەکرد، وێڕای سنووردارکردنی هاتنەناوەوەی بیانیی و دوورخستنەوەی ئەوروپییەکان لە بەتاڵانبردنی وڵات.

نەوەیەك لە رۆشنبیرانی بەرایی ئەو هزرو بۆچوونانەیان گرتبووەخۆ وەك ئەحمەد کیسرەوەی تەبرێزیی و شێخ محەمەد تەباتەبائیی و چەندی دیکە لە دەستەی پیاوانی ئاینیی رۆشنبیر. لەسەر ئاستی مەدەنییش میرزا مالکوم خان دەرکەوتبوو کە یەکێك بوو لە سیمبوڵەکانی نوێگەرایی و هاوڕێی جەمالەدینی ئەفغانیی بوو، ئەو یەك لە دەرچووەکانی خوێندنگەی (دار الفنون/خانەی هونەرەکان) بوو، پاشتر چووە فەرەنسا بۆ خوێندنی ئەندازیاریی، لەوێش کەوتە ژێر کاریگەریی ماسۆنیی و فەلسەفەی سان سیمۆنیی، پاش ئەوەی گەڕایەوە تاران لە هەمان خوێندنگە بووەوە مامۆستا کە لێی دەرچووبوو(دارالفنون)، پاشان پەیوەندی بە دەرباری شاهەنشاهیی کرد تا لەوێ کاربکات، دوای ئەوەی لە کریستیانییەوە بووە ئیسلام. ئەو لە نەوەتەکانی سەدەی پێشوو(واتە ١٨٩٠ەکان/سەردەشتیی) کۆمەڵەیەکی نهێنیی بەناوی (سلوان) ەوە دامەزراند کە هاوشێوەی کۆمەڵە ماسۆنییەکان بوو. پاشتر هەستا بە نووسینی کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی بەناوی (کتێبی چاکسازیی)کە پێشکەشی ناسرەدین شای کرد تا وەك رێنماییەك لە

بنیاتنانەوەی ئێراندا سوودی لێوەربگرێت. ئەو لەو کتێبەدا جەختی لە بنەمای دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی دانیشتووان کردەوە. کتێبەکە بوو بە بنەمایەکی سەرەکیی کە ڕێبەرایەتیی شۆڕشی دەستووریی پشتی پێبەست، مالکوم خان لەو کتێبەیدا چەند هەنگاوێکی کرداریی بۆ چاکسازیی داناوە کە بە دامەزراندنی ئەنجومەنی یاسادانان دەستپێدەکات، هەروەها ئەنجومەنێکی جێبەجێکردن کە شا ئەندامەکانی دادەمەزرێنێت پاش ڕەزامەندیی رای گشتیی ئێرانیی، هەروەها هانی کۆکردنەوەی یاسا کۆن و نوێیەکانی دەوڵەتی لە دەستورێکدا دا کە بتوانرێت بگەڕێنەوە سەری. هەروەها داوای دامەزراندنی وەزارەتێکی کرد بۆ کۆکردنەوەی باج لەوانەی دەتوانن بیدەن تاکو بکرێتە خەرجی چاکسازییەکان، جەختی لە دامەزراندنی سوپایەکی ئێرانی کارامە کردەوە، لەگەڵ دامەزراندنی بانکێکی دەوڵەتیی، داوای دانانی پلانێکی فێرکاریی بەرفراوانی بۆ گەلی ئێران کرد. هەروەها داوای پێویستیی پێکەوەبەستنی هەرێمەکانی ئێرانیی لەرێگەی بنیاتنانی زنجیرەیەك ڕێگەی تەخت و چاککراو کردەوە تا دانیشتووان پەیوەندیی بەردەوامیان پێکەوە هەبێت و هانی بازرگانیی و هاتوچۆش بکات.

بەدڵنیاییەوە، لەسەرەتادا ئەم بۆچوونانەی مالکوم خان لەنێو پیاوانی ئاینییدا ناڕەزایەتییەکی توندی لێکەوتەوە، هەرچەندە ئەو ببووە ئیسلام، چونکە تۆمەتی ماسۆنییبوونی لەسەر بوو، شا ناچاربوو بۆ دەوڵەتی عوسمانیی دووری بخاتەوە و دەستبەجێش کۆمەڵەی سەلوان دابخات. هەربۆیە ئەو لە دەرەوە کتێبە ڕەخنەییەکەی خۆی بەناوی(چیرۆکی گەشتکەرێك) کە تێیدا باسی لە ژمارەیەکی زۆر لە کەموکورتییەکان و لایەنە نەرێنییەکانی حوکمی قاجاریی کردبوو، جەختی لە خراپەکارییەکانی دەربارو پیاوەکانی کردبووەوە، پاشتر هێرشی کردبووە سەر پیاوانی



ئاینیی و بە نانەوەی ناکۆکیی مەزهەبیی و ئیستیغلالی ماڵی موسوڵمانان تۆمەتباری کردبوون. ڕۆشنبیرانی فارس ئەم کتێبەیان بە یەکەمین کتێبی ئەدەبیی دادەنا کە بە شێوەی پەخشانێکی ئاسانی پاراو و دوور لە سەختی و ئاڵۆزییەکانی شێوازی کلاسیکیی نووسرابێت و هێرش بکاتە بەدکارییەکانی حوکمی قاجاریی.

پاشتر مالکوم خان چاوی بە حسێن خان ی باڵیۆزی ئێرانیی لە ئەستەمبوڵ کەوت کە یەکێك بوو لە سیمبوڵەکانی هزری لیبراڵی لە ئێران، دۆستایەتیی ئەو دووانە بووەهۆی گەڕانەوەی مالکوم لە دوورخراوەییەوە بۆ قاهیرە تاکو وەك کۆنسوڵی شا لە میسر هەڵسوڕێت و بۆ ماوەی ساڵێك، پاشتر شا وەك ڕاوێژکارێکی سیاسیی لە وەزارەتەکەی حسێن خاندا دایمەزراند کە تێیدا حسێن خان وەك سەرەك وەزیر هەڵدەسوڕا. بەڵام ئەو دوو هاوڕێ بەرپرسە ڕەزامەندییان سەبارەت بەو جیاوگە پێشاندا کە لەلایەن شاوە درابووە بارون ڕۆیتەر ئەوەی بۆ دووەمین جار توڕەیی پیاوانی ئاینیی دژی شاو هاوکارەکانی ورووژاند. کە شای ناچار کرد لە کۆتاییدا جیاوگی ناوبراو ڕەتبکاتەوە و حسێن خانی سەرەك وەزیر لاببات و مالکومیشی کردە باڵیۆزی تاران لە لەندەن.

لە ئاکامەکانی سەفەری مالکوم بۆ لەندەن ئەوە بوو کە قۆناغێکی نوێی چالاکیی ئێنتلّجێنسیای ئێرانیی دژ بە دەرباری شاهەنشاهیی دەستپێکرد، لەوێ پەیوەندییەکانی ئەو پیاوە بە جەمالەدینی ئەفغانییەوە دەستپێکرد، هەروەها لەوێوە ژمارەیەکی زۆری کتێب و نووسراوی ڕۆژئاوایی نوێی ناردەوە بۆ ڕۆشنبیرانی ئێران و وەرگێڕانی ڕەوشی ئێرانی لە چاوی ڕۆژئاواییە ئەوروپییەکاندا بۆ ڕەوانە دەکردن. ئەوەش شای لێ توڕە کرد، هەربۆیە دەستبەجێ لە پۆستەکەی لایبرد، ئیدی مالکوم لە لەندەن جێگیر بوو. وێڕای ڕۆشنبیران دەستیکرد بە بنیاتنانی پەیوەندیی نوێ لەگەڵ

پیاوانی ئاینیی ئێرانیی تاکو لە دژی شادا بوونە بەرەیەکی بەهێز. هەروەها سیمینارێکی سەبارەت بە شارستانییەتی فارس پێشکەش کرد تێیدا داواکانی خۆی‌و رۆشنبیرانی وڵاتەکەی لە حکومەتی قاجاریی ئەو دەمە خستەڕوو.

ئەو لەکاتی سیمینارەکەیدا لە لەندەن ئاماژەی بە پێویستیی زۆری گەلی ئێران بۆ بوونی یاسا کرد کە موڵکایەتیی تاك‌و ئازادیی مرۆڤایەتیی بپارێزێت‌و ئاسایش بۆ هاوڵاتییان دابینبکات، ئەو ستەمکاریی سیاسیی ریسوا کرد‌و وەك بەرپرسی یەکەمی دواکەوتوویی ئێران‌و گۆشەگیریی کەلتووریی•. هەروەها ئەو زۆر راشکاوانە رایگەیاند کە ئامانجی سەرەکیی ئەوەیە وابکات فەلسەفەی سیاسیی رۆژئاوایی لەلای رای گشتیی ئێرانیی پەسەند بکرێت پاش ئەوەی لە قورئان‌و فەرموودە‌و گوتەی ئیمامەکانەی شیعەوە پاڵپشتیی‌و بەڵگەی بۆ دەهێنرێتەوە، بۆئەوەی رەزامەندیی پیاوانی ئاینیی لەوبارەیەوە زامنبکات‌و پشتگیرییان بەدەستبێنێت تا لەنێو ئێراندا جێبەجێ بکرێت.[6]

---

• مالکوم خان لە سەرگوتاری ژمارە ٦ی رۆژنامەی "قانون"دا نووسیویە:" ئێران پڕێتی لە نیعمەتەکانی خودا، ئەوەی ئەم نیعمەتانەی بێناوەرۆك هێشتۆتەوە نەبوونی یاسایە، هیچ کەسێك لە ئێران خاوەنی هیچ شتێك نیە چونکە یاسانیە، حاکم دادەنێن بێ یاسا، سەرتیپ لادەبەین بێ یاسا، مافەکانی دەوڵەت دەفرۆشین بێ یاسا، بەندەکانی خودا زیندانیی دەکەین بێ یاسا، خەزێنە دەبەخشین بێ یاسا، سکی خەڵك دەدڕین بێ یاسا، لە هند ، لە پاریس، لە میسر، لە ئیسلامبول تەنانەت لەنێو تورکانیش هەرکەس دەزانێت مافەکان‌و ئەرکەکانی خۆی چین. لە ئێران کەس نیە ماف‌و ئەرکی خۆی بزانێت کامەیە، فڵانە موجتەهیدیان بە کام یاسا دەرکرد، موچەی فڵان سەرتیپیان بە کام یاسا قرتکرد، فڵان وەزیر بە کام یاسا تڕۆکرا، فڵان سەفیر بە کام یاسا لابرا، هیچ میرو شازادەیەك لە ئێران هێندەی خولامی باڵیۆزەکانی بیانیی لە ژیانی خۆیان دڵنیا نین. تەنانەت براکان‌و کوڕانی شاش نازانن سبەی بەیانی لە عێراقی عەرەب خۆ دەشاردنەوە یان بەرەو قەڵەمرەوی روس هەڵدێن"(سەردەشتیی).بروانە: یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو،ل ٦٢–٦٣.

6 Malkum Kh-an, Persian Civilisation, Contemporary Review-54-February 1891-236-244.



مالکوم ئەم سیاسەتەی خۆی بەوە تەواوکرد کە پردێکی بەهێزی پەیوەندیی لەگەڵ رۆشنبیران‌و پیاوانی ئاینیی لە ئێران بنیاتنا کاتێك لەساڵی ١٨٩٠دا رۆژنامەی "قانون"ی دامەزراند، ئەوەی بۆ ماوەی هەشت ساڵی رەبەق بەردەوام بووو لەو ماوەیەدا چل ژمارە لەو رۆژنامەیە رووناکی بینی...ئەوەی دروشمەکەی کردبووە (یەکێتیی، دادپەروەریی، پێشکەوتن) سەرەتاکەی بە قورئانی پیرۆز رازاندبووەوە... ئامانجەکەشی ئامادەکردنیی پیاوانی ئاینیی بوو بۆ بەرەنگاریی ناکۆکییە ئاینیی‌و مەزهەبیی لەپێناو گەیشتن بە یەکێتیی مرۆڤایەتیی‌و ئاراستەکردنی تواناکان بۆ بەرهەمهێنانی خۆماڵیی‌و بانگەشەکردن بۆ رزگاربوون لە دەسەڵاتی بیانیی لەرێگەی پشتگیریی بنیاتنان‌و پەرەپێدان‌و چاکسازیی لە ئێراندا.

ئینجا بە ئاشکرا داوای لە ناسرەدین شاکرد کە "ئەنجومەنێکی راوێژکاریی" دابمەزرێنێت و ئەرکی یاسایزیی بخاتە ئەستۆ کە لانی کەم رێگە لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی بکاتەوە. وێڕای ئەو هەوڵە رۆشنگەرییانەی مالکوم خان، بەڵام ئەو بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە شۆڕشی دەستوورییدا بەشداریی نەکرد، ئەو پاش هەڵگیرساندنی جەنگی نێوخۆیی لە ئێران لە ساڵی ١٩٠٨دا لە لەندەن، کۆچی دوایی کرد. هەرچەندە هزرو بۆچوونەکانی بوونە رێبەرێك بۆ سەرکردەکانی شۆڕشی دەستووریی بەدرێژایی خەبات‌و تێکۆشانیان.

## هەڵوێستی پیاوانی ئاینیی لە دەسەڵاتی قاجاریی پێش شۆڕشی دەستووریی

جیاوگە بیانییەکان مۆرکێکی قووڵ‌و کاریگەری لە رەوشی کۆمەڵایەتیی‌و هەلومەرجی ئابووریی ئێران دابوو، بەشێوەیەك تەگەرەی خستە بەردەم چینی ناوەڕاست کە لەپێناو بنیاتنانی ئابوورییەکەی نیمچە سەرمایەداریی تێدەکۆشا، ئەوەی خولیای ئەو چینەی بۆ بەشداریی لە پایە‌و دەسەڵات‌و

ساماندا مایەپوچ کرد، ئەوەش بێزاریی و کینەی موڵکدارو وەرزێرو خاوەن کۆگاکانی بازاڕو چینی ڕۆشنبیری تازەپێگەیشتووی وروژاند کە بەدوای پایەیەکی کۆمەڵایەتییدا دەگەڕاو خواستی بەشداریی لە دەسەڵاتو مۆدێنیزەکردنی وڵاتی هەبوو.

لەسۆنگەی ئەو پەیوەستەگییە ئۆرگانییەی نێوان دەزگای ئاینیی و خاوەن موڵکەکان، توڕەیی و ناڕەزایەتیی لەنێو پیاوانی ئاینییش بڵاوبووەوە. هەربۆیە بەشدارییان لە قۆناغەکانی شۆڕشی دەستووریدا بەرچاو بوو. بەڵام گەلێك لە کۆڵەران پاڵپشتیی پیاوانی ئاینییان بۆ ژیانی دەستووریی بە حاڵەتێکی ناوازە داناوە کە جەخت لەسەر ئەو بنەمایە دەکاتەوەو ڕەتی ناکاتەوە.

بەوەش ئەوانە بە ئەنقەست یاخود لە نەزانینییەوە چاو لەو بیروبڕوا سەرەکییە لای شیعەی دوازدە ئیمامیی دەنوقێنن کە بەرهەڵستکاریی ملهوڕیی ستەمکارانە، ڕەگەزی بنەڕەتیی تایبەتمەندییەکانی سیاسیی مەزهەبی شیعەدا پێکدەهێنێت...لەبەرئەوەی بەشێکی سەرەکیی لە پێناسەی گشتگیری ئەوان بۆ ئیمامەت پێکدەهێنێت، چونکە شیعەی دوازدە ئیمامیی بە تەواویی بڕوای بەوە هەیە کە تەواوی حوکمی شەرعیی تەنیا بۆ ئیمامە... ئەوەی کە خودا لە کردنی هەڵەو گوناه پارێزگاریی دەکاتو مەعسومە. هەربۆیە بە دیارنەمانی ئیمامی دوازدەیەم (محەمەدی مەهدی)و ونبوونی لەبەرچاو لەساڵی ٨٧٤ زایینییدا، ئەگەری بەڕێوەبردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی ڕەوا لەجیهاندا نەما. بەوەش دەوڵەتی دنیایی شیعیی بووە خاوەن سروشتێکی زۆردارانە کە ناکرێت وەك دەسەڵاتێکی شەرعیی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، هەروەك ئەوەی کە سەفەوییەکان بانگەشەیان بۆ



دەکرد گوایە لە نەوەی ئیمامەکانن،[٧] بۆئەوەی شەرعییەتێکی ساختە بدەنە دەسەڵاتە دنیاییەکەیان.

دەوڵەتی قاجارییش هەمان بانگەشەی سەفەوییەکانی دەکرد، ئەوەی وایکرد پیاوانی ئاینیی لێ دوور بکەوێتەوە...بەتایبەت ئاسەوارە نەرێییەکانی سیاسەتی قەرزوەرگرتنو دانی جیاوگی ئابووریی بە بیانییەکان خراپ بەسەر بەرژەوەندیی سەرمایەداریی ئێرانییدا شکایەوە، ئەوەی بووەهۆی کەمبوونەوەی داهاتەکانی پێنجیەكو تەکێکان، هەروەها ئەوەی ئەوقافەکان کە لەلایەن دەوڵەمەندەکانەوە دابیندەکرا بۆ خەرجیی خوێندنگە ئاینییەکانو "حەوزەی عیلمی" لە قومو شوێنەکانی دیکە. ئەوەی پیاوانی شیعەی ناچار دەکرد کە لە وانە ئاینییەکانیان لە مزگەوتو خوێندنگەکاندا ئەو گوتە بەناوبانگەکەی سەبارەت بە ئیمامی نادیار (محەمەدی مەهدی ) هەیە چەندبارەی بکەنەوە.

پوختەی گوتەکە ئەوەبوو کە ئیمامی دوازدەیەم هەر لە کاتی لەدایکبوونیدا بڕوای خۆی ئاشکراکردووە و ڕووەو قیبلەی موسوڵمانان کڕنۆشی بردووە، ئیمام حەسەنی عەسکەری باوکیشی فەرمانی پێکردووە قسان بکات، ئەویش هاتۆتە گۆو ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆزی گوتووە:"دەمانەوێت چاکەی خۆمان لەگەڵ ئەوانەدا بکەین کە لە زەویدا چەوسێنراونەتەوە بەوەی بیانکەینە ئیمامو جێنشین"(ئایەتی پێنجەم لە سورەتی قیسەس).[٨]

پیاوانی ئاینیی بەدرێژایی چاخەکان لەم ئایەتەوە ئەو بیرۆکەیەیان هەڵهێنجاوە کە پەیوەندی بە گەڕانەوەی ئیمامی چاوەڕوانکراوەوە هەیە بۆ

---

[7] محمد فتحي يوسف الريس،" ايران و علاقاتها الخارجية في العصر الصفوي"، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة ، ١٩٨٩، الفصل الاول كله و مابعدها.

[8] هاشم معروف: عقيدة الشيعة الامامية– بيروت، ١٩٥٦، ص ٢٤٧.

سەرخستنی چەوساوەکان و بەدەستهێنانی لێبوردن بۆ موجاهیدەکان.

هەربۆیە روانین بۆ گەڕانەوەی ئیمامی چاوەڕوانکراو و چاودێرییکردنی هاتنەوەی بەشێکی زیندووە لە ژیانی رۆحیی و ئاینیی شیعەکان، ئەوەی هەروەها لە نێوەخنیدا گەڕانی بەردەوامی بەدوای دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی دژی دەسەڵاتە فەرمانڕەوا ستەمکارەکانی رۆژگار هەڵگرتبوو، ئەویش لەرێگەی بنیاتنانی دادپەروەریی رێژەیی لەکاتێکدا ناتوانرێت دادپەروەرییەکی تەواو لە هەلومەرجی نەبوونی ئیمامی چاوەروانکراودا بهێنرێتە دی. بە گەڕان بەدوای تایبەتمەندیی ویلایەتی ئەو ئیمامە و هێنانەوەبیری یادەوەری شەهیدکردنی حسێن لە کەربەلا، کاتێك دژی یەزیدی کوڕی معاویە و ئەمەوییەکاندا لە ململانێدا بوو، بۆئەوەی لە بیرەوەرییەکی مێژووییەوە ببێتە سەلمێنەری توانا و لێهاتووییان بۆ قوربانییدان و بەردەوامییان لە بەرهەڵستکاریی و بەگژداچوونەوەی ستەمکارییدا.

ئیمامەکانی شیعە لە هەوڵەکانی خۆیان بۆ وەستاندنی ملهوڕیی قاجاریی و دوورخستنەوەی جەماوەری شیعە لە گوێڕایەڵیی و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیان بەهاندانیان دژی رەوایی دەسەڵاتی سیاسییان زۆر لەوە زیاتریان تێپەڕاند، ئەوان ئەو پرۆپاگەندەیان بڵاودەکردەوە کە قاجارەکان لە کەربەلادا بەشێك بوون لە سوپای ئەمەوییەکان و دەگوترا کە ئەو خەنجەرەی بۆ بڕینی سەری ئیمام "حسێن" بەکارهاتووە لەلای حاکمی تاران هەڵگیراوە.

هەروەها موجتەهیدە مەزنەکانی نەجەف کەوتنە ریسواکردنی سیاسەتی ستەمکارانەی دەوڵەت دژی بڕواداران کاتێك گەمارۆی پۆلیسیان لەسەر شاری تەبرێز لەساڵی ١٩٠٩دا –لەکاتی شۆڕشی دەستوورییدا– بە بێبەشکردنی حسێن لە ئاوی فورات چوواند. هەروەها بۆئەوەی لەرووی ئاینییەوە خۆیان بە حسێنەوە ببەستنەوە، باسیان لەوە دەکرد گوایە ئەو



کۆمەڵە شەرعییەی دژی حکومەت پێکیانهێناوە پێشتر لەلایەن ئیمام حسێنەوە دامەزرێنراوە بەڵام لەترسی ستەمی دەسەڵاتداران و پەلاماریان لەچاوی خەڵك بەدوور بووە و نهێنی ماوەتەوە. ئەوان بانگەشەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی ئەو کۆمەڵەیان لەپێناو بەرەنگاریی ستەمکارییدا دەکرد تاکو بە شێوەیەك کە لەگەڵ سەردەمدا بگونجێت، ئەویش لەڕێگەی کۆمەڵەیەکی پارلەمانی دەستووریی.

لەبەرئەوە دەرفەتی پیاوانی ئاینیی شیعە بۆ کۆکردنەوەی هاوڵاتییان مەزن بوو، چونکە ژیانی ئاینیی ئەوان چەندین بۆنەی گەورەی لەخۆگرتبوو. یەك لەوانە "پرسە" بوو کە بۆنەی ساڵانەی یادەوەریی کەربەلا بوو بە هۆنراوەی ئاینیی و نمایشی سۆزهەژێن و گریانەوە حسێنیان دەلاوانەوە، بۆئەوەی هەستی غەمگین و توڕەی خەڵك دژی ئەمەوییەکان و لەپێناو جیهاد دژی چەوسانەوەی سیاسیی و دەوڵەتی ستەمکاری هاوچەرخ ئاراستە بکەن. ئەوەی دەبووە شانۆیەك بۆ هاندانی سیاسیی و ئاراستەکردنی رای گشتیی ئێرانیی بۆ بەدیهێنانی دروشم و ئامانجەکانی پیاوانی ئاینیی، بەشێوەك شۆڕش ئیلهامی هێنانەدی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی پێدەدان. هەروەها دەزگای ئاینیی لەماوەی شۆڕشی دەستوورییدا (١٩٠٦–١٩١١) بەشێوەیەکی کاریگەر "پرسە"یان بەکارهێنا.

لەبەرئەوە بنەمای بیروبڕوای شیعەی دوازدە ئیمامیی لەلای کۆمەڵگای شیعیی –بە گوێرەی تێگەیشتنەکانی ئیمامەکانی ئاین و هەروەها هاندان و وروژاندنەکانیان– جۆرێك لە دوژمنایەتیی کرداریی لەهەمبەر دەوڵەتی دنیایی پێکدەهێنێت، ئەوەی بۆشاییەکی سایکۆلۆجیی لای پابەندبووانی ئەو مەزهەبە دروستدەکات کە پیاوانی ئاینیی پڕی دەکەنەوە. بەتایبەت هەرئەوانن کە سەبارەت بە فەتوادان لەمەڕ پرسە شەرعیی و مەسەلە ئاینییەکان بەرپرسیارن. ئەوەی دەرفەتی ئەوەی پێدەدان فەتواو

بۆچوونەکانیان رابگەیەنن کە لەرووی کردارییەوە لەگەڵ ڕێپێدراوەکانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا نەدەهاتەوە.

شیعەکان هەمیشە خۆیان دەدایە پاڵ ئەو پەندە بۆماوانەی وەك ئەو گوتە باوەی دەڵێت:"خوداوەندی پەروەردگار هیچ کاتێك زەوی لە بەڵگەو پیاوچاکێکی خۆی لەنێو بەندەکاندا چۆڵ ناکات، ئەوەی پەیامبەرێك یاخود جێنشینێکی ئاشکرا یا ونبوویەکی شاراوەن. ئەوان هەمیشە لە مزگەوت و خوێندنگە ئاینییەکاندا ئەو گوتەیەیان چەندبارە دەکردەوە کە خوا فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی (د.خ) کردووە کە عەلی(ر.خ) بکاتە ئیمام و رابەری خەڵك. لەوکاتەشەوە ئیمامەت بە دەق هەتاکو ئیمامی دوازدەیەم کە (مەهدی مونتەزیرە) بەردەوام بووە.

لەسۆنگەی ئەو بەڵگانەی کە بەردەوام رێبەرانی شیعە چەندپاتیان دەکردەوە، هەروەها لە سۆنگەی ئەو دوژمنایەتییە داپۆشراوەی دژی ئەوانەی شەرعییەتیان بۆ خۆیان زەوتکردبوو کە فەرمانڕەوا سەفەوییەکان و دواتریش قاجارییەکان بوون، شیعەکان ناچاربوون پەنا بۆ پیاوانی ئاینیی بەرن، ئەوانەی بەگوێرەی جێگەو پێگەی دیارییکراوی خۆیان لە چوارچێوەی دەزگای ئاینییدا لە هەموو شوێنێکدا بڵاوببوونەوە. ئەوەی پێگەی پیاوانی ئاینیی بەهێزتر کردبوو.-بەجیاوازیی پلەبەندییەکانیان- ئەوەبوو کە هەمیشە زەکات و پێنجیەکیان بێ دەستێوەردانی دەوڵەت کۆدەکردەوە، چونکە ئەوە زۆربەی جار کاری تاکەکان بوو، بەوەش ئاگاداریی رەوشی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی رۆژانەی هاوڵاتییان بوون. هەڵکشان و داکشانی ئەو رەوشە کاری تێدەکردن، هەربۆیە دەیانتوانی بەو ئاراستەیەی کە خوازیارین هەست و سۆزی دانیشتووانەکە ئاراستە بکەن، هەروەك لە شۆڕشی دەستوورییدا روویدا.



ئەوەی هاوکاریی بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە سیاسییە نهێنییەکانی دا لە دەمی خەبات دژی دەسەڵاتی قاجارییدا، بڕوای شیعەکان بوو بە بنەمای (تەقیە/خۆپارێزیی)وەك بەشێکی بنەڕەتیی لە مەزهەبی دوازدە ئیمامیی، بەشێوەیەك کە مرۆ بەپێچەوانەی ئەوەوە خۆ پێشاندەدات کە لەناخەوە باوەڕی پێیەتیی، بۆئەوەی بیروبڕوای خۆیان بەنهێنی بپارێزن و لەسەری تووشی ستەم و چەوسانەوە نەبن. هەرچەندە شیعە مەزهەبی فەرمیی دەوڵەت بوو، بەڵام دەوڵەت لە دیدی رێبەرانی شیعەوە شەرعییەتی زەوتکردبوو، لەبەرئەوەی دادی کۆمەڵایەتیی دابین نەدەکرد و خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی نەدەپاراست، بەوەی داوا و بەرژەوەندییەکانی جێبەجێ نەدەکردن.

لێرەشەوە رۆڵی پیاوانی ئاینیی دەهات کە وەك رێکخەری متمانەپێکراوی پەیوەندیی نێوان شوێنکەوتەکانی مەزهەبی دوازدە ئیمامیی بوون، بەتایبەت (تەقلید) کە شادەماری مەزهەبی شیعەی پێکدەهێنا. کە مەبەست لێی: گرتنەبەری رێچکەی یەکێك لە عولەما شیعە بەناوبانگەکانە، جا مابێت یاخود مردبێت، کە بێ ئەوە کاری تاك بەتاڵ دەبێتەوە. پێویستە ئەو پیاوە ئاینییەی کە ئەرکی تەقلیدی پێ دەسپێردرێت بە پلەبەندیی ئاینییدا سەرکەوتبێت و بووبێتە (مەرجەعی تەقلید). ئەوەی کە خواپەرستیی و شارەزایی ئاین لە بنەما سەرەکییەکانی بەدیهێنانی ئەم نازناوە بایەخدارەدا بوون. شتێکی باویش بوو کە لە شارێکدا زیاتر لە موجتەهیدێك(مەرجەع تەقلید) هەبوو، هەرچەندە هێندێك لە کەسایەتییە مەزنەکان پێگەی تاکە مەرجەعیان لە دەوڵەتدا بەدەستدەهێنا، واتە مەزنە موجتەهید، وەك محەمەد

باقر بەهبەهانی، میرزا حسێن شیرازیی، مورتەزای ئەنساریی و کازمی خۆراسانیی و کەسانی دیکە.[9]

لەگەڵ کۆتاییهاتنی سەدەی نۆزدەیەمدا، روونکاریی تیۆریی پێگەی (مەرجەعی تەقلید) چەسپاو مانا سیاسییەکانی نێو مەزهەبی شیعە وردە وردە دەردەکەوتن. پوختەی ئەو مانایانەش بریتیبوو لەوەی کە شا وەك هەرتاکێکی دیکەی رەعییەت ملکەچی رێنماییەکانی موجتەهید بکات کە مافی رێنماییکردن و ئاراستەکردنی هەیە. بەوەش دەوڵەت بۆئەوە دەگۆڕێت کە ببێتە باڵی جێبەجێکاری دەسەڵاتی عولەما. بەڵام ئەم پێناسەیە تاکو سەرەتای سەدەی بیستەم دووربوو لە جێبەجێکردن. هەروەها پلەیەك لە گرژیی لە پەیوەندییەکانی نێوان عولەماو پاشایەتییدا هەبوو. پاشان بەشداریی عولەما لە شۆڕشی دەستوورییدا خاڵی وەرچەرخان بوو لە بیرۆکەی تیۆریی رووتەوە بۆ بواری جێبەجێکردنی کرداریی بەوەی بەرهەڵستیی هاتنەناوەوەی دەسەڵاتی بیانییان کرد، چونکە دەبووەهۆی بەهێزبوونی دەوڵەت لەسەر حسابی دەسەڵاتی ئەوان. لەبەرئەوەی عولەما دروشمێکی دووانەیان هەڵگرت کە دەسەڵاتی بێگانەو ستەمکاریی سیاسیی نێوخۆیان رەتدەکردەوە، واتە بە یەك ئاست دژی دەوڵەتی دنیایی و نفوزی دەسەڵاتی رۆژئاوایی بوون.

عولەمای ئاینیی هەمان ئەو دروشمانەیان بۆ لایەنگرانی جووڵانەوەی دەستووریی دژەپێکرد، لەسەرووی هەموویانەوە بازرگانەکان، هەریەك لەو تاقمە لە رووی ئابوورییەوە لە دەوڵەت سەربەخۆبوون و تەواوکەری یەکتربوون. رێنمایی ئاینیی و یاساکانی ئاکاری بازرگانیی کە بەشێك لە چالاکیی دادگا بەرپرسەکان سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسا مەدەنییەکان

[9] حامد الغار و مجموعة مؤلفين " دور المعارضة في السياسة الايرانية المعاصرة" جامعة كاليفورنيا، ١٩٧٢(ايران ١٩٠٠–١٩٨٠) ص ٣٤٨.



لەلایەن عولەمای ئاینییەوە دەهۆنرایەوە. هەروەها ئەو بەخشش و پێنجیەکەی بازرگانەکان دەیاندا پاش ئەوقاف دووەمین سەرچاوەی داهاتی عولەمای پێکدەهێنا. هەربۆیە بێگومان بازرگانان و عولەماکان لە بوونی دەوڵەتێکی بەهێز دەسڵەمینەوە کە توانای سەپاندنی باجی هەبێت و هەڕەشە لە بەرژەوەندییە دادوەریی و داراییەکانیان بکات. هەروەها بازرگانان لەوە دەترسان دەوڵەت باجێکی وا گرانیان بەسەردا بسەپێنێت کە هەڕەشە لە دەستکەوتەکانیان بکات و دەرگا بۆ کاڵای بیانیی بکاتەوە بەچەشنێك کێبڕکێی بەرهەمەکانیان بکات. هەربۆیە جێگەی سەرسوڕمان نیە بەرژەوەندییە سیاسییەکانی هەردوو چینەکە ئاوێزانی یەکتربن لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان بەشێوەیەکی کورتخایەن و تاکتیکیی. کاتێك عولەما رایانگەیاند کە دامەزراندنی حکومەتێکی دەستووریی کە رەچاوی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و یەکسانیی بکات لەگەڵ مەرجەکانی ئاین دەگونجێت و کۆکە، واتە بەگوێرەی نوێگەرایی و مەدەنییەت.[10]

پاشتر پیاوانی ئاینیی جیهادیان دژی قاجار راگەیاند، لەوەشدا مەرجەعە تەقلیدەکانی نەجەف لە عێراقدا کە دوور بوو لە تارانی پایتەختەوە، پشتگیرییان کردن، ئەوەی ئازادیی هەڵسوڕانی پیاوانی ئاینیی پتەوتر کرد بەشێوەیەك دوور لەچاوی دەربارو پیاوانی حکومەت، رای گشتیی مۆبیلیزەو ئامادە بکەن. فەتوا ئاینییەکان لەبارەی جیهادەوە داباریی، هەروەك ئەوەی کە ئیمام رەزا لێکیداوەتەوە کاتێك گوتوویەتیی:"لە هەر سەردەمێکدا ستەمکارێکی وەك یەزید هەیە، ترسنۆکێکی وەك عوبەیدوڵڵای کوڕی مەرجانەش هەیە، دەسا دژی ستەمکارو ترسنۆك هەڵسن، هەروەك چۆن حسێن و هاوەڵانی دژی یەزیدو پیاوەکانی رابوون، ئەوان زیندوون و لەلایەن

[10] هەمان سەرچاوە، ل ١٨١.

خواوەندەکەیانەوە رزقیان دەدرێت، تائێستاش شۆڕشەکەیان پەندو وانەیەکە بۆ کەسانێك پەند وەرگرن.

هەروەها پیاوانی ئاینیی چاکسازیی وەك محەمەد تەباتەبائیی، مەلا کازم خۆراسانیی، مەلا عەبدولاّی مازندەرانیی، حاجی میرزا حسێن خەلیلیی تارانیی و فەزلّلاّی نوری خۆیان تێکەڵ بە مەسەلەکە کردو تێکڕایان بانگەشەیان بۆ پێویستیی چاودێریکی یاسایی بەسەر شا و دەربارەوە کرد کە خۆی لە ئەنجومەنی دەستوورییدا بەرجەستە دەکات. بەوەش دەستی پیاوانی ئاینیی و ئەوانەی لە پشتیانەوە بوون دەگەیشتە دەسەلاّتی قاجاریی و دەیخستە ژێر دەسەلاّت و ڕێنماییەکانی خۆی و لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان، ئەوەی سەرەتایەك بوو بۆ بۆ فەرمانڕەوایەتیی پیاوانی ئاینیی وەك پلانیان بۆ داڕشتبوو، هەروەك ئەوەی پاشتر لە حەفتاکاندا روویدا.[11]

**جولاّنەوەی نیشتمانیی** (١٨٩١-١٩٠٦)

یەکەمین جار جولاّنەوەی نیشتمانیی لەکاتێکدا دەرکەوت کە چینی ناوەڕاست و رۆشنبیرانی ئێرانیی ناڕەزایەتییەکانی خۆیان لەماوەی قەیرانی بەناوبانگی توتندا(١٨٩١) راگەیاند. ئەوەی وایکرد ناسرەدین شا پاش فەتوای حەرامکردنی توتن لەلایەن پیاوانی ئاینییەوە، رەتیبکاتەوە. بەلاّم زۆری نەخایاند کە گۆڕا بە جیاوگی (مەیجۆر تالبۆت) لەبەرامبەر ئەوەی خودی شا خۆی دیارییەك بە بڕی بیست وپێنج هەزار جونەیهی ئیستەرلینی و دەوڵەتی ئێرانیش کرێیەکی ساڵانەی بە بڕی پازدەهەزار

[11] احمد عنايت: "الفكر السياسي المعاصر" ترجمه عن الفارسية و راجعه عن الاصل الانجليزي :د. ابرهيم شتا. القاهرة، ١٩٨٨، ص ٣٤٨.



جونەیهی ئیستەرلینی پێ ببڕێت. وێڕای چارەکی قازانجی ساڵانەی کۆمپانیا ئینگلیزییەکە بە مەرجێك جیاوگەکە بۆماوەی نیو سەدە بەردەوام بێت.

بەهاتنی پیاوانی کۆمپانیای ناوبراو بۆ شیراز، چەند سەردێڕیکی رۆژنامە ئێرانییەکان لە دەرەوە دەرکەوت کە بابەتی سەرەکییان خۆی لە رەخنەی توندوتیژ لە خراپەکانی ئەو جیاوگەو رۆڵی لە فڕاندنی دەرفەتی کار لەبەردەم ئێرانییەکان دەبینییەوەو هانی مانگرتن و خۆپیشاندانیان دژی ئەو جیاوگە کرد. بەوەش رێپێوانی خەڵکی تووڕە لە شارەکانی تاران، ئەسفەهان، تەبرێز، مەشهەد، قەزوین، یەزدو کرماشان هاتنە سەر شەقامەکان داوایان لە شا دەکرد کە ئەو بڕیارە بوەستێنێت. لەوانەیە ئەوە یەکەمین ئەزموون بێت لە مێژووی ئێرانی نوێ کە تێیدا هاوپەیمانی ئنتێلیجێنسیا و چینی ناوەڕاست بەشێوەیەکی کاریگەر دەرکەوت. ئەوەی توانی کە ناڕەزایەتییەکان بکاتە یاخیبوونێکی میللی و ئەزموونێکی سەرکەوتوو بوو لە شۆڕشی دەستوورییدا دووبارە بووەوە.[12]

شا وەلاّمی سەرکەوتنی جولاّنەوەی نیشتمانیی بە سەرکوتی سیاسیی زێدەتر دایەوەو هەوڵەکانی بۆ نوێگەرایی و چاکسازیی وەستاند. ئەو ڕێگەی لە فراوانکردن و پەرەپێدانی (دارالفنون)ی گرت و بنیاتنانی خوێندنگای نوێی پشتگوێ خست، ئەو رۆژنامانەشی قەدەغەکرد کە لە دەرەوە دەهاتنە ئێرانەوە، بەتایبەت بیانییەکان. زیاتر لە بواری سیاسەتی ئاژاوەنانەوەو دووبەرەکیی نێوان خێڵەکان ملی پێوەنا. ناردنە دەرەوەی نێردە زانستییەکانی بۆ دەرەوە قەدەغە کرد. ئەو شایەی کە لە ساڵی ١٨٩٦ بە دەستی یەکێك لە شوێنکەوتەکانی جەمالەدینی ئەفغانییەوە غافڵکوژ کرا.

موزەفەرەدین شای وەلیعەهد(١٨٩٦-١٩٠٧) بەتوندیی پەندی لەو وانەیە وەرگرت و هەوڵیدا ئۆپۆزسیۆن رازیی بکات، هەربۆیە سیاسەتەکەی باوکی بە

[12] Browne: Press and Potery of Modern Persia . Cambirdge, 1914-p.66.

تەواویی سەرنگون کرد، بەوەی سانسۆری لەسەر رۆژنامەی ئێرانیی و بیانییەکان پێکەوە کەمکردەوە، هانی نێردراوە زانستییەکانی بۆ دەرەوە دا، مالکومی کردە باڵیۆزی ئێران لە رۆما، کردنەوەی کۆلێژە نوێیەکانی وەك کشتوکاڵ و زانستە سیاسییەکان فراوانترکرد، ئەوەی دەرفەتێکی زێڕینی خستەبەردەم لێکترکۆبوونەوەی بەرژەوەندییەکانی هەر توێژێکی کۆمەڵایەتیی، ئەندامانی کۆمەڵەو ئەسنافەکانیش بۆ باشکردنی ژیان و گوزەرانیان پێکەوە هاوکارییان کرد.

لەنێو ئەو کۆمەڵە بازرگانیانەی کە دەستبەجێ پێکهات"کۆمپانیای ئیسلامیی" بازرگانیی بوو کە مەزنە بازرگانەکانی گرتبووەخۆو ئامانجی پاراستنی ئابووریی ئێران بوو، واتە پیشە سونەتییەکان لە هەر داگیرکارییەکی بازرگانیی بیانیی. هەروەها چینی رۆشنبیر لە تەبرێز رۆژنامەی "گەنجینەی هونەر" یان دامەزراند کە خۆی بۆ وەرگێڕانی کتێبە نوێیەکان تەرخان کردبوو، هەروەها جەختی لەو دانراوو نووسراوانە دەکردەوە کە باسیان لە چاکسازیی کارگێڕیی و ئابووریی و سیاسیی نوێ دەکرد، هەروەها رۆشنبیرانی تاران "کۆمەڵەی فێرکردن"یان لە ساڵی ۱۹۰۰ پێکهێنا، کە بریتیبوو لە کتێبخانەیەکی میللیی چەندین کتێب و دانراوی جۆراوجۆری دەگرتەخۆ، کە بە پارەی دەوڵەت و شاو پیتاکی رۆشنبیران ئامادەکرابوو. ئەو کۆمەڵە دەوڵەمەندە توانی پەنجاو یەك خوێندنگای ناوەندیی نوێ لە شارە سەرەکییەکانی ئێراندا بنیات بنێت ، دەرچووانی ئەو خوێندنگایانە لە پشتگیرییکردن و سەرخستنی شۆڕشی دەستوورییدا بەشدار بوون.[13] هەربۆیە جێگەی سەرسوڕمان نیە کە هەوڵەکانی موزەفەرەدین شا بۆ کەمکردنەوەی تووڕەیی ئۆپۆزسیۆن و سڕینەوەی ئاسەواری سیاسەتەکانی باوکی ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی خوێندەواریی

[13] OP.Cit, Ervand Abrahaman-p.40.



بانگەشە بۆ چاکسازیی و بڵاوبوونەوەی پرنسیپەکانی لیبرالیزم و کرانەوەی فەرهەنگی بەڕووی فەرهەنگەکانی دیکەی رۆژئاوایی و بیانیی. تەنیا لەماوەی دوو ساڵدا(۱۹۰٤-۱۹۰٦) پێنج کۆمەڵەی نهێنی دامەزران کە تێکڕایان رۆڵی سەرەکییان لە شۆڕشی دەستوورییدا هەبوو، ئەوانەش (کۆمەڵەی نهێنیی، ناوەندی نهێنیی، پارتی سۆشیال دیموکراتیی، کۆمەڵەی مرۆڤایەتیی، لێژنەی شۆڕشگێڕانە. ئەو پێنج کۆمەڵە ناوبراوە پاشتر ناوکی پارتە سیاسییەکانیان پێکدەهێنا، جگە لەوەی ئەوانە سەرکردایەتییەکی چالاك بوون لە شۆڕشی دەستوورییدا.

جولانەوەی دامەزراندنی کۆمەڵە نهێنییەکان بە دامەزراندنی پارتی سۆشیال دیموکرات لە باکۆ لە ساڵی ۱۹۰٤دا دەستیپێکرد بەسەرکردایەتیی یازدە پەنابەری ئازەربایجانی ئێرانیی لە باکۆی روسیا، لەو شوێنە کە کارگەکانی نەوتی لێبوو. ئەو ئەندامانە لە باکۆ کرێکار بوون پێش ئەوەی پارتە ئێرانییەکە دابمەزرێنن ئەندامی پارتی سۆشیال دیموکراتی روسیا بوون. چالاکی ئەندامەکانی ئەو پارتە بۆ بەدیهێنانی داوا چینایەتییەکان تەرخان کرابوو، لەوانە دیارییکردنی ساتەکانی کار، دابینکردنی موچەی کرێکارە خانەنشینەکان، بەدیهێنانی دادپەروەریی لە باجی سەرکەوتەیی، زامنکردنی شوێنی ژیان بۆ هەژاران، ئازادیی رۆژنامەگەریی و کاری پارتەکان، چاوپۆشیی و لێبوردەیی ئاینیی لەنێو ئێرانییەکاندا. ئەو پارتە رۆڵێکی چالاکانەی بینی لەنێو کرێکارە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات بینی کە ژمارەیان هەشتا هەزار کەس بوو.

لەهەمان ساڵدا،"لێژنەی شۆڕشگێڕانە" لە تاران بەسەرۆکایەتیی میرزا مەلیك ئەلموتەکەلمین و ئەندامەتیی پەنجاو حەوت کەس لە ئەندامانی کتێبخانەی میللیی لە تاران دامەزرا. ئەوەی توانی یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی لە تاران لە مایۆی ۱۹۰٤ بکات. "مەلیك زادە"ی کوڕی مەلیك

ئەلمەتەکەلمین گوتوویەتی کە ئەو دەمە کۆمەڵەکە پلانی بۆ لەناوبردنی ستەمکاریی و بنیاتنانی دەوڵەتی یاسا و دادپەروەریی داڕشتووە لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە ناکۆکیی و رکابەریی کەسێتیی نێوان وەزیرو پیاوەکانی دەربارو پیاوانی ئاینییەوە، هەروەها لە ڕێگەی پشتگیریی ڕەگەزە میانڕەوەکان دژی ڕەگەزە کۆنەپەرستەکان بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی ناوەندیی لە دەوڵەتی قاجارییداو کردنەوەی دەرگای بەشداریی ڕەگەزە ڕۆشنبیرەکان لە دروستکردنی بڕیاردا.[14]

هەروەها پلانەکە پێویستی بە دامەزراندنی چەند پەیوەستێکی تێگەیشتن لەنێوان جەماوەرو پیاوە ئاینییە ڕۆشنبیرەکاندا هەبوو، دوورکەوتنەوە لەو چالاکییانەی دژی ئیسلامە بۆ ڕاکێشانی ئەندامانێك لە دەزگای ئاینیی و لەپێناو بەرهەمهێنانی تۆلێرانسی ئاینیی. بەوە مینەبەری مزگەوتەکان و هۆڵی سیمینارو گوتاری ڕۆژنامە ئێرانییەکان بەکارهێنران، هەروەها وەرگێڕان لە فەرهەنگی ئەورووپییەوە بۆ بڵاوکردنەوەی هزری دیموکراتیی و دەستووریی لەنێو هاوڵاتیاندا. هەروەها هانی وردە پیاوانی ئاینییان دا کەدوور لە دەسەڵات، جەماوەر بۆ خۆیان کێش بکەن تا دژی دەسەڵاتی قاجاریی بیانخەنە پاڵ خۆیان.

نیزام ئەلئیسلام کرمانیی لە ساڵی ١٩٠٥دا لە تاران "کۆمەڵەی نهێنیی" دامەزراند کە لە دەستەیەك لە عولەما و بازرگان و پێکهاتبوو کە پەیوەندییان بە ئەسنافە بازرگانیی و پیشەییەکانەوە هەبوو، بۆئەوەی دەست بەسەر سیمبوڵە ئابوورییەکانی ئێراندا بگرن و دژی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا ئاراستەی بکەن، بەرنامەی ئەو کۆمەڵە نهێنییەی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناونیشانی "مێژووی ڕابوونی ئێرانیی" بڵاوکردەوە. ئەو بەرنامەیەی کە جەختی لە نهێنگەرایی تەواو و بەرهەڵستکاریی ستەمکاریی، ڕێزگرتنی عولەما،

[14] Ibid. p.46.



نوێژکردن پاش کۆتایی هەر کۆبوونەوەیەك کردبووەوە، هەروەها چەسپاندنی ئەو بڕوایەی کە (مەهدی) چاوەڕوانکراو تەنیا پارێزەری ڕاستیینەی کۆمەڵگەی ئێرانییە.

گرنگترین خواستی کۆمەڵەکە دابینکردنی یاسایەکی نووسراو، ئەنجومەنێك بۆ دادپەروەریی، تۆمارکردنێکی گشتگیری زەوییە کشتوکاڵییەکان، بنیاتنانی سیستمێکی باجی دادپەروەرانەو سوپایەکی میللی بەهێز بوو.بەرنامەکە جەختی لەوە کردبووەوە کە چاکسازیی پێویستی بە گرتنەبەرو دانانی ڕێ‌وشوێنی گونجاوە بۆ دەستنیشانکردن و لابردنی فەرمانڕەوای هەرێمەکان، هەروەها کارکردن لەپێناو هاندانی بازرگانیی نێوخۆ، ڕێکخستنی گومرگ و جێبەجێکردنی شەریعەت.

دیدو تێڕوانینی نیزام ئەلئیسلام کرمانیی بۆ کاری سیاسیی واقیعیی بوو، هەربۆیە پاڵپشتی شێوەکانی هاوکاریی لەنێوان کۆمەڵەو هێزە کاریگەرەکانی ئێران کرد. ئەو جەختی لە پیاوانی ئاینیی و ڕۆشنبیرە تێگەیشتووەکان و بازرگانە ناسراوەکان و عولەما ئاینییەکانی دەرەوەی ئێران چ لە کەربەلا یاخود نەجەف کردەوە، بەتایبەت عەبدوڵا یەهبەهانیی و سەید محەمەد تەباتەبائیی و فەزلوڵای نوری.

دواتر شێخ عەلی کەربەلایی ناوەندی نهێنیی لە تەبریز دامەزراند. سەرۆکی ئەو ناوەندە ڕۆشنبیرێکی لیبراڵ بوو بەوە ناسرابوو کە وێڕای خوێندن و زانستە ئاینییەکان حەز بە هزرە سیاسییەکانی فەرەنسیی و ئەدەب بە شێوەیەکی گشتیی دەکات. ئەو توانی دوازدە ڕۆشنبیر لە نووسەرانی ڕۆژنامەی "گەنجینەی زانیاریی" بێنێتە ناوەندەکەیەوە. ئەو ناوەندەی کە چالاکییەکەی بۆ دامەزراندنی" کتێبخانەی پەروەردە" تەرخانکرد بۆئەوەی ببێتە شوێنی کۆبوونەوەو دیدەنیی خوێندەوارەکانی تەبریزو بایەخدارانی

زمانە ئەوروپییەکان و کەلتووری رۆژئاوا و زانستی نوێ بەشێوەیەکی گشتیی.

ئەگەرچی ئەو کۆمەڵە نهێنییانەی پێشتر باسکران کەوتبوونە ژێر کاریگەریی بنەماکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕانە، بەڵام ئەوانە لە مەیدانەکەدا تەنیا نەبوون. میرزا عەلی خانی خوئی قەزوینیی کە بە "ئادەمیەت/مرۆڤایەتیی" ناوبانگی دەرکردبوو، "کۆمەڵەی مرۆڤایەتیی" دامەزراند کە لەژێر کاریگەریی پرنسیپە مرۆڤایەتییەکانی "ئۆگۆست کۆنت"دا بوو. میرزا عەباس فێرخوازێکی نەجیبی مالکوم خان بوو، لە وەزارەتی داد خەبیر بوو، هەربۆیە زۆربەی چالاکیی خۆی بۆ چاکسازییە یاساییەکان تەرخانکردبوو.

فەرەیدون ئادەمیەتی کوڕی، کە کەسێکی بەناوبانگە و مێژوونووسی شۆڕشی دەستوورییە، دەریخستووە کە گرنگترین ئامانجی کۆمەڵەکە یەکسانی یاسایی هاوڵاتیان و پەرەپێدانی کۆمەڵگا بووە لە رووی کەلتوورییەوە، هەروەها بەهێزکردنی هۆشیاریی بە ئازادییەکانی تاک بەدەر لە بنەچە و ئاین، هەروەها هەوڵدان لەپێناو سەپاندنی نەتەوایەتیی ئێرانیی بەسەر تەواوی رەگەز و ئاینەکان لە ئێراندا. لە سۆنگەی سەرنجڕاکێی و شێلگیریی ئەو کۆمەڵەیەوە، دەرچووانی خوێندنگەی هونەرەکان و مەزنە کارمەندانی دەوڵەتیی، زۆربەی ئەو پیشەگەرانەی پەرۆشی سەربەخۆیی وڵاتەکەیان بوون دژی جیاوگە بیانییەکان، پێیەوە پەیوەست بوون. کۆمەڵە هانی پیاوەکانیدا هەوڵ و کۆششێکی زۆر بکەن بۆئەوەی بگەنە بەرزترین پۆستەکانی دەوڵەت، هەروەها رێگەی ئەندامبوونی لە میرو شازادە و ئەریستۆکراتەکانی ئێرانیی گرت. بەڵام ئەو نهێنگەرایی و شێوازەی کارەکانی پێ ئەنجامدەدرا، وێڕای سێرمۆنیا و شێوەی کۆبوونەوەکان، تێکڕای لە



کۆمەڵە ماسۆنییەکانی ئەوروپییەوە راگوێزرابوو بە بیانوی پاراستنی ئەندامەکانی لە راونانی دەسەڵاتی قاجاریی.

لە ئاکامی چالاکی ئاشکرا و نهێنیی لەنێو ئەو پێکهاتە سیاسییانەدا بەجیاوازی بیروڕایانەوە، دەسەڵاتی قاجاریی بەشێوەیەکی واقیعیی لە چینی ناوەڕاست و پیاوە ئاینییە رۆشنبیرەکان دابڕان، ئەوانەی وردە وردە بۆیان دەرکەوت کە قاجارەکان لە رووی مادییەوە لات و لە رووی کارگێڕییەوە لاواز و لە رووی سەربازیشەوە بەزیون. بەشێوەیەك کە دەوڵەت ناتوانێت ئاسایشی ناوخۆ و پاراستنی وڵات لە هێزەکانی دەرەوە دابین بکات، بەوەش شۆڕشکردن بەسەریدا لە روو ی کردارییەوە بۆتە کارێکی گونجاو،

## قۆناغەکانی شۆڕشی دەستووریی

قۆناغەکانی شۆڕشەکە بە بڵاوبوونەوەی کۆلێرا لەساڵی ١٩٠٥دا دەستیپێکرد، ئەو ساڵەی تێیدا بەرهەمی کشتوکاڵی لە ئاکامی بەفربارینی زۆرەوە دابەزی، هەروەها بازرگانیی لەگەڵ روسیادا پاش هەڵگیرساندنی شۆڕش لەو وڵاتەدا وەستا. هەربۆیە نرخی شمەکە پێویستییەکان لە بەرگ و نان بەرزبووەوە، داهاتەکانی گومرگ لەکاتێکدا کەمبووەوە کە قەرزبەخشەکان داوای گێڕانەوەی قەرزەکانیان دەکرد، ئەوەی حکومەتی ناچار کرد ،پاش ئەوەی هەوڵەکانی بۆ قەرزوەرگرتن لە دەرەوە شکستیهێنا، باجی نوێ بەسەر بازرگان و پیشەگەرەکاندا بسەپێنێت.

جەماوەر لە ماوەی ساڵێکدا سێ جار خۆپێشاندانی کرد(کۆتایی ١٩٠٥-١٩٠٦)، یەکەمینی ئەو خۆپێشاندانانە ئەوە بوو کە داوای دەرکردنی "ناوس"ی بەلجیکییان دەکرد، ئەوەی بەڕێوەبەری گومرگی ئێرانیی بووو لە ئاهەنگێکی مەیخۆرییدا بەجلی مەلاوە خواردبوویەوە. کاتێك موزەفەرەدین

شا داواکەی هاوڵاتیانی پەسەند کردبوو، روسیا هەڕەشەی گرتنەبەری هەنگاوی توندی کردبوو، گەر بێتو گومرگو بەڕێوەبەرایەتییەکەی لە "دەستێکی پاك" بێتەدەر-بەگوێرەی دەربڕینی ئەوان- شا بە ملکەچییەوە پاشەکشەی کرد.

بەڵام دوو هەزار بازرگان دەرکەی دوکانەکانیان داخست، بە ڕێبەرایەتیی پیاوانی ئاینییو بە پاڵپشتیی فەقێکانو پیشەگەرەکان، سەرلەنوێ لە مزگەوتی شا عەبدولعەزیم لە رەی لە باشووری تاران خۆپێشاندانیان کردەوە. داواکارییەکەی خۆیان سەبارەت بە دەرکردنی ناوس سەرلەنوێ خستەوە بەرچاو، لەگەڵ جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامیی، شا ناچاربوو ناوس دەربکات بەڵام داواکارییەکانی دیکەی وەڵامنەدایەوە.

لەناوەڕاستی ساڵی ۱۹۰٦ دا، سەرلەنوێ خۆپێشاندانەکان لە تارانی پایتەخت دەستیپێکردەوە، موزەفەرەدین شا هێزی قەوزاقی بۆ رەوانەکردن تا پەرتوبڵاوەیان بکات. هەردوو بەرە بە دارو تفەنگ بەربوونە یەکتری. بیست ودوو خۆپێشاندەر کوژرانو سەد کەسیش بریندار بوون. هەربۆیە پیاوانی ئاینیی فەتوای ئەوەیاندا کە قاجارەکان بەم کارەیان بوونە هاوتای یەزیدی کوڕی معاویە، ئەوەی حسێنی کوڕی عەلی کوشت. پیاوانی ئاینیی بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیاندا مانیان گرتو دەستیان لە کاری دادوەرییو رێنمایی رۆحیی هەڵگرت. هەروەها زۆرێك لە پیاوانی ئاینیی بە خێزانو شوێنکەوتەکانیانەوە بەرەو حەوزەی زانستیی بەناوبانگ لە قوم رۆیشتن، لەوێوە تەباتەبائییو بەهبەهانییو ئەوانەی دیکە لە رابەرانی شیعە رایانگەیاند کە وڵات لە بۆشایی مامەڵە شەرعییەکاندا جێدەهێڵدرێت، تا ئەو کاتەی شا وەڵامی داواکارییەکانی گەل دەداتەوە، لە سەروویانەوە دامەزراندنی عەدالەتخانە.



لەئاکامی ئەو هەڵوێستە توندەی پیاوانی ئاینیی، حکومەتی قاجاریی قەوزاقی نارد تا بازاڕو دوکانەکان بەزۆر بکەنەوە. پەنجا بازرگان پەنایان بردە بەر باڵیۆزخانەی بەریتانیی لە تاران، لەوێ سەرۆکی نێردراوی بەریتانیی"گرانت دەف" دڵنیای کردنەوە کە داوای هیچ هاوکارییەکی سەربازیی لە حکومەت ناکات بۆ دەرکردنیان. ئینجا رێبەرانی مانگرتنەکە سیستمێکی تەواویان بۆ چوونە ناوەوەو دەرەوەی ئێرانییەکان سسەپاندو رێزی تەواوی خۆیان بۆ کەلوپەلەکانی سەفارەتی بەریتانیی راگەیاند.

لەنێوخۆی سەفارەتەکەدا لێژنەیەك لە رێبەرە ئێرانییەکان پێکهات کە پەیمانی نووسینەوەی داواکاریی بەستنشینەکانیو گواستنەوەی بۆ لای شا دا، ئەو داواکارییانەی کە دامەزراندنی ئەنجومەنێکی میللیی گرتبووەخۆ کە ئەرکەکەی سنوورداربێت لە دانانی دەستوورێکی نووسراو بۆ ئێران بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا. مانگرتن لە باڵیۆزخانەی بەریتانیی ماوەی مانگێکی خایاند هەتا موزەفەرەدین شا لە ٥ی ئوتی ۱۹۰٦دا وەڵامی داواکارییەکانی دایەوە پاش ئەوەی لەوە دڵنیا بوو کە هێزەکانی قەوزاق لایەنگریی لێ ناکەنو تەمایانە لە ئەنجامی دواکەوتنی موچەکانیان هەوساری گوێڕایەڵی بچڕێنن، هەربۆیە شا ناچاربوو بەڵگەنامەی دامەزراندنی ئەنجومەنی میللیی بۆ دانانی دەستوور مۆر بکات، هەرچەندە ململانێ لەپێناو دەرکردنی ئەو دەستوورە زیاتر لە ساڵێکی خایاند•، لە ئوتی ۱۹۰٦- ئۆکتۆبەری ۱۹۰۷.[۱٥]

• پەرەسەندنی رەوشی شۆرشگێریی لەئێران لەسەرەتای ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا بەخێرایی لەسەر رووداوەکانی کوردستان رەنگی دایەوە، ناهەمواری بارودۆخی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردەواریی لەسایەی ستەمی هەمەلایەنەی مەزهەبییو نەتەوەییو چینایەتییەوە هاندەرێکی سەرەکیی بوو کەگەلی کورد لەئێران ئامادەی بەشداریی هەر بزاڤێکی نوێخوازو شۆرشگێڕانە بێت شەقڵی رژێمی دواکەوتوویی قاجاری ئۆتۆکرات بگۆڕێتو فشاری حکومەتی ناوەندی لەسەر کەمکاتەوەو هیچ نەبێ سەربەخۆیی نێوخۆیی دەستکەوێتەوە. هەر بۆیە گەلی کورد لەئێران بەشداری بزاڤی مەشرووتەخوازییان (۱۹۰٥-۱۹۱۱ز) کردو قوربانیان بۆ سەرکەوتنیدا، ئەو بزاڤەی ئامانجی سنووردارکردنی دەسەڵاتی رەهای شاهەکانی قاجارو

کۆتایهێنـانی بـەزوڵمو زۆری بـێ لێپرسـینەوەی کاربەدەسـتتان بـوو، ئەمـەو جگـە لـەپێکهێنانی حکومـەتێکی نیـشتمانیی کـەریفۆرمی بـوارە جیاکـانی کۆمـەڵگا بگرێتـە ئەسـتۆو دژی ووروژمو دەستێوەردانی وڵاتە بیانییە سەرمایەدارەکان لەکاروباری ناوەخۆو دەرەوەی ئێران بووەستێت.

هەر لەهاوینی ساڵی ١٩٠٥دا بارودۆخی کوردستان شڵەقا لەئەنجامی تیرۆرکردنی جافەر ئاغای سەرۆك عەشیرەتی شکاك لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتەوە لەشاری تەورێز، جافەر ئاغا سونبولی قارەمانیی و بەرگریی کوردەکانی ئێران بووەو بەرابەری هەژاران و جوتیاران دەناسرا. هەر بۆیە ئەم رووداوە شکاکەکان و زۆربەی عەشیرەتەکانی باکووری کوردستانی لەدەوڵەت راپەراند، لەناوچەکانی خۆی و ماکۆ نزیکەی ٣٠ هەزارجەنگاوەری کورد لەژێر سەرکردایەتیی (عیزەتوڵلا خان) چوونە ریـزی مەشرووتەخوازانەوە، شارەکانی ورمـێ، سابلاغو سەلماس هاوکارییەکی زۆر مەشرووتە خوازانیان کرد، لەزۆربەی شارەکانی تری کوردستانیش هێزەکانی حکومەت رامالران و دەستگا سەرکوتکەرەکان پێچرانەوەو لەوشوێنانە کۆمیتەی شۆرشگێر (انجمن) پێکهاتن. ئەرکی ئەو کۆمیتانە پاراستنی دەستکەوتەکانی مەشرووتەو وەستان دژی گەرانەوەی دەستگا سەرکوتکەرەکان و بەرێوەبردنی کاروباری شارەکان بوو، ئەو کۆمیتانەی بوونە فێرگەی سیاسەت و یەکەم نموونەی راستەقینەی بەشداریکردنی جەماوەری شارەکانی کوردستانن لەبەرێوەبردنی شارەکانیاندا.

گرنگترین کۆمیتەکانی کوردستان بریتی بوون لەکۆمیتەکانی شارەکانی سەقز، کرماشان، سنە،بۆکان و کۆمیتەی سابلاغ کەلەلایەن یەکێك لەکەسایەتیە ناودارەکانی شارەکەوە کە (قازی فەتاح)ە، رابەرایەتی دەکرا، شایەنی باسە کۆمیتەی شاری سەقز کەپەیوەندییەکی پتەوی بەکۆمیتەی شاری تەورێزەوە هەبوو لەرووی داواکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردەوە لەکۆمیتەکانی دی چالاك تر بوو.

بەپێی ووتەی (لازاریف)، هەر دوای سەرهەڵدانی بزاڤی مەشرووتەخوازی کۆمەڵێك لەسەرۆك و گەورە پیاوانی کورد مەزبەتەیەکیان بەناوی (دەستووری کوردیی) پێشکەشی شای ئێران کرد، بەلام بێ هیچ وەلامێك تێپەری.

شایەنی باسە هەندێك لەعەشیرەتە کوردەکان رۆلی بەرچاویان لەبزاڤەکەدا بینی، بەتایبەت عەشیرەتەکانی بەگزادە، کەلهور، بەختیاریی و عەشیرەتەکانی گەروس و ناوچەکانی نێوان زنجان و هەمەدان، هەروەها لەریزەکانیدا کەسایەتی کوردی وا هەڵکەوتوون کەپێشرەوی چارەنووسسازی هێزەکانی مەشرووتەخوازیی بوون، بۆ نموونە (یار موحەمەد خانی کرماشانیی و حوسێن خانی کوردیی) ئەو دوو رابەرە مەشرووتە خوازە کاتێك ئالای مەشرووتە خوازییان لەکرماشان بەرز کردەوە (کۆتایی ساڵی ١٩١١ز) بزاڤەکە لەناوچەکانی دی ئێران تێکشکابوو.(سەردەشتیی). بۆ زیاتر:

یاسین سەردەشتی،گەلی کوردو بزاڤی مەشرووتەخوازی لەئێران(١٩٠٥-١٩١١) ز، سلێمانی، ٢٠٠١.

[15] هویدا عزت محمد جعیتم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢و دواتر.



لەبەرئەوەی ژیانی نوێنەرایەتیی یەکەم جار بوو لە ئێراندا روویدات، هەربۆیە پێویستی بەوەکرد بەرنامەیەك دابنرێت کە کاری ئەنجومەن و ئەرکەکانی دیاریی بکات، لەگەڵ جۆری ئەو تایەفانەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداردەبن، هەروەها ژمارەی هەرێمەکانی ئێرانیی بێ هەلاواردن، بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکە، پاش رەزامەندیی شا لە ئوتی ١٩٠٦دا، کۆبوونەوەیەکی فراوان لەنێو فێرگەی جەنگیی لە تاران بۆ ئامادەکردنی لائیحەی هەڵبژاردنی نوێنەرە نوێیەکان پێکهات...ئەو کۆبوونەوەیەی کە پیاوانی ئاینیی، رۆشنبیران، وەزیرەکان، پیاوانی دەربارو ئەوانەی لە دەرەوە دەیانخوێند گرتبووەخۆ، بۆئەوەی بیروڕای خۆ یان لەبارەی دانانی ئەو لائیحە پێویستە دەربڕن، ئەوان لە سێپتەمبەری ١٩٠٧دا، لە ئامادەکردنی لائیحەی بنەڕەتیی بۆ هەڵبژاردنەکان بوونەوە.

لائیحەکە بە ئاشکرا ماڤی هەمووانی لە بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا تێدا هاتبوو، هەروەها ژمارەیەك لە میرەکان، خانەدانەکان، عولەما، فەقێکان، بازرگانان، موڵکدارەکانی زەوی و جووتیارانی گرتبووەخۆ. هەروەها هەماهەنگیی لەنێوان ژمارەی دانیشتووانی هەرێمەکان و ژمارەی نوێنەرەکانیان بێ جیاوازیی کرابوو، هەربۆیە لە هەر هەرێمێك ئەنجومەنێك پێکهات تا راستەوخۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان بکات.

هەڵبژاردنەکانی تاران بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی دەستیپێکرد، نوێنەرانی نوێ لە تاران ئەرکی سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنی هەرێمەکان و کردنەوەی ئەنجومەنیان پێ سپێردرا. لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٠٧ پلانێك بۆ ئامادەکردنی دەستووری خوازراو راگەیەندرا، بەوەش ئەندامەکان کەوتنە کار بۆ دانانی بەندەکانی دەستوور بەشێوەیەك کە کاریگەرییەکی زۆری هەردوو دەستووری فەرەنسیی و بەلچیکییان بەسەرەوە بوو، بەندەکان گەیشتنە پەنجا و یەك دانە.

کۆتاییهێنان بە ئامادەکردن و تەواوکردنی بەندەکانی دەستوور چوار مانگی خایاندو پەسەندکردنی موزەفەرەدین شاشی پێوە پەیوەست کرا چەند رۆژێك پێش ئەوەی لە یەنایەری ساڵی ١٩٠٧دا کۆچی دوایی بکات.

میرزا محەمەد عەلی کوڕی شا فەرمانڕەوایەتیی گرتە دەست، ئەوەی بە هاوکاریی نزیکی لەگەڵ روسەکان و ملکەچی بۆ فەرمانەکانیان ناوبانگی دەرکردبوو، ئەوەش بووەهۆی دووری جەماوەر لێی و تاوانبارکردنی بە بەکرێگیراویی. بەتایبەت پاش ئەوەی شای نوێ سوکسەیرکردنی لەهەمبەر دەسەڵاتی نوێنەرایەتیی پێشاندا، ئەو هەڵوێستەشی بە ئاشکرا دەرکەوت کاتێك ئاهەنگێکی بە بۆنەی چوونە سەرتەختی پاشایەتیی سازداو مەزنە پیاوانی دەوڵەت و باڵیۆزەکان و کۆنسوڵەکانی بیانیی و پیاوانی ئاینیی هاوکاری خۆی میوانداریی کردبوو، بەڵام پێشوازیی لە هیچ یەك لە پیاوانی ئەنجومەنی نوێنەران نەکرد. پاش ئەوەی شای نوێ لە ٧ی مارتی ١٩٠٧دا بۆ دووەم جار مۆری بەڕێکردنی خۆی لە دەستووردا، نوێنەران پێویستیی دەستووریان بە زێدەکردنی چەند بەندێکی یاسایی دیکە سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان سێ دەسەڵاتەکەی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەریی کردەوە. لەبەرئەوە چەند ئەندامێك لە ئەنجومەنی نوێنەران لە شێوەی لێژنەیەکی بچووکدا دەستنیشانکرا کە ئەرکەکەی لە چوارچێوەی خستنەسەری زێدەکارییە خوازراوە یاساییەکاندا سنووردارکرا، ئەوەی بەدەق ئاماژەی بۆ بەرپرسیارێتیی دەوڵەت لەبەردەم ئەنجومەن و هەروەها مافی ئەنجومەن لە لابردنی وەزیرەکان و متمانەدان بە ئەندامانی حکومەتی نوێ، وێڕای بەندە دیارییکراوەکان سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ئەنجومەنی نوێنەران و دەسەڵاتی دادوەریی لە دەوڵەتدا. ئەنجومەن ئەو لێژنە بچووکەی بەستەوە بەوەی کە دەبێت لەماوەی کەمتر لە سێ مانگدا کۆتایی بە زێدەکردنی ئەو بەندە نوێیانە بێنێت. ئەو بەندە دەستوورییانە ئاماژەیان



بەوەدا کە ئیسلامی مەزهەبی جەعفەریی دوازدە ئیمامیی، ئاینی فەرمیی دەوڵەتە، هەرچەندە ئاماژەی بە ئازادیی ئاینیی ناموسوڵمانەکان و یەکسانیی لە مافە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و دادوەرییەکان دابوو، مافی ئەنجومەنیشی لەمەڕ تاج لەسەرنانی شا دیاریی کردبوو، پاش ئەوەی سوێند دەخوات کە سەربەخۆیی وڵات و مافەکانی گەل و دەستوور بپارێزێت، هەروەها جەختی لە بەرپرسیارێتیی کابینە لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا کردەوە.

بەڵام رێکەوتنی ئەنگلۆ–روسیی ساڵی ١٩٠٧، ئەوەی کە حکومەتی ئێرانی تا ساڵی ١٩١٢ دانی پێدا نەنا، ئاسەوارێکی نەرێیی بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان شا و گەلی ئێران لەلایەك و هەروەها بەسەر سەربەخۆیی سیاسیی ئێرانەوە لەلایەکەی دیکەوە هەبوو. هەربۆیە پەتی هەر پەیوەندییەکی دۆستانەی نێوان شای نوێ و ئەنجومەنی نوێنەران پچڕا، پاش ئەوەی رێکەوتنەکەی روسیای لە دەستبەسەرداگرتنی باکووری ئێراندا سەرپشك کرد. بەوەش شا لە ئەنجومەنی نوێنەران هەڵگەرایەوەو بڕیاریدا ئەندامەکانی پەرتەوازە بکات بە بیانووی ئەوەی کە ئەنجومەن لە دابەزاندن و هەرزانکردنی نرخی خۆراك شکستی هێناوە، ئەوەی لەکاتی دامەزراندنیدا بەڵێنی پێدابوو. بەڵام هۆکاری راستیینە بۆئەوە جگە لە کینەی شای نوێ بەرامبەر ئەنجومەن، بریتیبوو لە رەتکردنەوەی فراوانکردنی دەسەڵاتی شا لەسەر حیسابی ئەنجومەن لەلایەن ئەندامەکانییەوە. ئەو دەسەڵاتەی کە دەستووری لەبنەڕەتەوە بە تەواویی تێکدەدا. میرزا محەمەد عەلی شا داوایکرد کە ژمارەی پاسەوانە تایبەتییەکانی بۆ دەهەزار سەرباز زیاد بکەن، مافی سەرپەرشتییکردنی رەهای بەسەر سوپادا پێبدەن، مافی دانا و لابردنی وەزیرەکانیش تەنیا بەو بسپێردرێت. ئەو داواکارییانەش لەبەر هەمان هۆ بە زۆرینەی دەنگ لەلایەن ئەنجومەنەوە رەتکرایەوە.

هەرچەندە میرزا محەمەد عەلی شا پێشتر دەیزانی کە هێنانەدی داواکارییەکانی مەحاڵن، بەڵام ڕەتکردنەوەی لەلایەن ئەنجومەنەوە ئەو پوازە بوو کە کوڵەکەی ئەنجومەنی داقڵیشان. شا بەخێرایی کەوتە بڕینی تێلی تەلگراف لەنێوان تاران‌و شارەکانی دیکە، بەیانێکیان بڵاوکردەوە بەناونیشانی"ڕێگای ڕزگاریی" کە لە ٩ی ژونی ١٩٠٨دا بەسەر دانیشتووانی تاراندا دابەشکرا، ئەوەی چەندین تۆمەتی خستبووە ئەستۆی ئەنجومەنی نوێنەران‌و ئەندامەکانی بە تەگەرەخستنە بەردەم کاری حکومەت‌و پشتگوێخستنی پێویستییەکانی گەل‌و کارکردن بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان. هەروەها بەیانەکە داوای لە دانیشتووان کردبوو کە لە ماڵەکانی خۆیاندا بمێننەوە.

ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران ڕێکەوتن کە قەیرانەکە چارەسەر بکەن‌و لەڕێگەی جەماوەرەوە بەرەنگاری ببنەوە. هەربۆیە چەند تەلەگرافێکی ناڕەزایەتییان ئاراستەی شا کرد. بەسەر مزگەوت‌و شوێنەکانی کۆبوونەوەی خەڵکدا دابەشبوون‌و لەڕێگەی وتاردانەوە هەڵوێستی خۆیان ڕوون دەکردەوە. بەوەش ململانێیەکەی نێوان هەردوولا بە کردار سێبەری خۆی بەسەر شەقامی ئێرانییدا پەخشکرد. هێزەکانی قەوزاق ئەو دەرفەتەیان قۆستەوەو بەبیانوی ئەوەی موچەیان وەرنەگرتووە کەوتنە تالانکردنی بازاڕەکان‌و ماڵ‌وموڵکی هاوڵاتیان، ئەوەی ڕەوشەکەی ئاڵۆزترکرد ئەو ڕێکەوتنەی میرزا محەمەد عەلی شا بوو لەگەڵ "لیاخۆف"ی سەرکردەی ڕوسیی هێزی قەوزاق بۆ بۆمبارانکردنی تەلاری ئەنجومەن لە ژوئیەی ١٩٠٨و کوشتنی هەرکەسێك ڕێگریی لەو کارە بکات.

شا لە گشت لایەکەوە سەری لێ شێوا بووو دوژمنایەتیی خۆی بۆ تێکڕای توێژەکانی ئێرانیی بە یەکجار دەربڕیی، کاتێك فەرمانیدا کە سەید بەهبەهانیی قۆڵبەست بکەن‌و سەرەتا بۆ کرماشان‌و پاشتر بۆ کەربەلای



دووربخەنەوە، هەروەها تەباتەبائیی لە ماڵەکەی خۆیدا زیندانیی کردو ڕێگەی هاتنەدەرەوەی لێگرت.[١٦]

پێکدادانی خوێناویی نێوان شاو ئەنجومەنی نوێنەران دەرفەتێکی باشی بۆ جیاکردنەوەی هێزە نیشتیمانییەکان‌و ئەو ڕەگەزانە هێنایەئارا کە لەگەڵ حکومەتدا ژێربەژێر تێوەگلابوون، هەروەها ئەزموونێك بوو بۆ ئەنجامدانی بەشداریی لە دەسەڵات‌و دروستکردنی بڕیار لەنێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن‌و ڕێبەرایەتییە جەماوەرییەکاندا، هەرچەندە دوو دەستەی دوور لەیەکی پێشاندا: دەستەیەکیان سواری شەپۆلەکە بوون‌و هاوکارییان لەگەڵ شادا پێ باشتربوو-لەو دیدەوە گرتنی دارەکە لەناوەڕاستەوە- ئەوانە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنیان پەسەند بوو، بەوەی لەسەر داروپەردوی ئەو ئەنجومەنە ئەوە دابمەزرێت کە بە ئەنجومەنی ئیسلامیی دەناسرێت، ئەوانە ژمارەیەك لە خەڵکی ئاینیی‌و مەدەنیی بوون کە بە پارە خۆیان بە دەربار فرۆشتبوو.

بەڵام دەستە نیشتیمانییەکان کە لە پێناو ئەنجومەنی نوێنەرایەتیی‌و دەستوور تێدەکۆشا، هەڵوێستی شاو لایەنگرانیان ڕەتکردەوە. کاروانی نیشتیمانیی لەلایەن پیاوانی ئاینییەوە لە نەجەف ڕێبەرایەتیی کراو بەرەیەکیان بۆ لایەنگرانی ئەنجومەنی نوێنەران‌و دەستووری نوێ پێکهێنا، دژی بیرۆکەی ئەنجومەنی ئیسلامیی وەستانەوە، ناکۆکییەکەشیان بە دەرکردنی فەتوایەك لە یەنایەری ١٩٠٩دا لەلایەن مەزنە ڕۆحانییەکانی وەك تارانیی، مازندەرانیی‌و کازمیی خۆراسانییەوە یەکالاکردەوە بەوەی جیهادیان لەپێناوی دەستوورو ئەنجومەندا ڕاگەیاندو داوای پاراستنی ناموس‌و ماڵی موسوڵمانیانیان کرد، پێدانی باجیان بە باجگرەکانی حکومەت حەرامکرد، ئەوانەشیان تۆمەتبارکرد کە بە دەقی فەتواکە کارناکەن

---

[16] هەمان سەرچاوە، ل ١٧١.

بەوەی شەڕ لەگەڵ پەیامبەری خوداو گەورەی تێکڕای ئافەریدەگان (د.خ) دەکەن.[17]

ئەم فەتوایەی مەزنە پیاوانی ئاینیی بووەهۆی هەڵگیرساندنی شۆڕش لە چەندین شارەکانی ئێرانی وەك تەبریز، گەیلان، ئەسفەهانو تەنانەت تارانیش. بەشێوەیەك روسەکانو بەریتانییەکانیش سەبارەت بە پاراستنی ژیانی هاولاتییەکانیان لەو ولاتەدا ترسیان لێنیشت، ناچاربوون فشار بخەنە سەر شا بۆئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران بگێڕێتەوەو رقو تورەیی ئۆپۆزسیۆن بنیشێتەوە.

وێڕای ئەوەی شا لە ئەپرڵی ١٩٠٩دا گەڕانەوەی ژیانی نوێنەرایەتیی راگەیاند، بەلام جەماوەر لە هەڵچوونی خۆی بەردەوام بوو، لەئاکامی هاتنە ناوەوەی هێزەکانی روسیاو بەریتانیا بۆ نێو ولات، بڕوایان بەو راگەیاندنە نەدەکرد. ئنجا هێزی خۆبەختکەری شۆڕشگێڕ روویان لە تاران کردو لەگەڵ هێزەکانی شادا لە شەڕێکی خوێناوییدا پێکیانددادا کە بە تێکشکاندنی هێزەکانی پاشایەتیی لە ١٦ی ژونی ١٩٠٩دا کۆتاییهات. میرزا محەمەد عەلی شا ناچاربوو پەنا بۆ باڵیۆزخانەی روسیا لە تاران بەرێت، بەوەش خیانەتی میرزا محەمەد عەلی شا لەبەردەم گەلدا چەسپا.

هێزە نیشتیمانییەکان کۆبوونەوەو بڕیاریاندا شا لابەرنو کوڕە بچووکەکەی "ئەحمەد میرزا" لە شوێنی دابنێن، هەروەها داوا لە عیزدئەلدەولەی سەرۆك وەزیریش کرا کەوەك بریکاری شای بچووك کە دوازدەسالان بوو، کاروباری فەرمانڕەوایەتیی بەڕێوەبەرێت.

ئنجا وتووێژ لەنێوان رێبەرە نیشتمانییەکانو هەردوو باڵیۆزخانەی روسیاو بەریتانیا دەستپێکرد بۆئەوەی بگەنە چارەسەرێك جێی پەسەندیی

[17] د. ابراهيم شتا: الثورة الايرانية– الجذور–الايدولوجية، الزهراء الاعلام العربي– القاهرة، ١٩٨٨،ص ٨٨.



هەموولایەك بێت. ئەوەی بەڕێکەوتنی سێپتەمبەری ١٩٠٩ کۆتاییهات کە موچەی سالانەی شای لابراوی لە "ئۆدیسا"شوێنی دوورخراوەییەکەی دیارییکردبوو، بەوەش پابەندیان کردبوو کە بەشێوەی سەربازیی پەلاماری ئێران نەداتو هەوڵی گێڕانەوەی فەرمانڕەوایەتیی نەدات، هەروەها توندوتیژیی نیشتمانیی دژی پیاوانی دەربار بەردەوام بوو.

## ئاکامی شۆڕشو هەڵوێستی هەریەك لە بەریتانیاو روسیا

هەڵوێستی بەریتانیا بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی لەماوەی شۆڕشی دەستوورییدا ناکۆك بوو، ئەو لەسەرەتادا هانی شای دا بۆئەوەی دامەزراندنی ئەنجومەنی نوێنەران پەسەندبکات کاتێك نیشتمانییەکان لەساڵی ١٩٠٦دا پەنایان بۆ برد. ئەوەش بۆ ئەوە بوو لەلایەکەوە خۆی وەك پاڵپشتی خواستە چاکسازییەکانی ئێرانیی پێشانبداتو لەلایەکی دیکەشەوە شای نوێ"میرزا محەمەد عەلی شا" بۆخۆی کێش بکاتو لەگەڵ روسیای رکابەریدا هاوکاریی نەکات. وێڕای ئارەزووی بەریتانیا بۆ رزگاربوون لە قاجارە لاوازەکانو هاوکارییکردنی رووخسارە نوێیەکان، ئەوانەی بە سەرکەوتنیان خۆیان بە قەرزارباری بەریتانیا دەزانن، بەوەش بەریتانیا دەبێتە تاکەهێزی دەسەلاتدار لە ئێراندا.

بەریتانیا هەر زوو پاش ئەوەی دژایەتیی بۆرجوای ئێرانیی، چ بازرگانانو پیشەگەران یاخود وەرزێرانی لە هەمبەر بیانییەکان بۆ دەرکەوت، کەڵبەی بەهێزی خۆی پێشاندا، وێڕای ئەوەی کە بەریتانیا لەوە دەترسا سەرکەوتنی شۆڕش ببێتە هۆی کشانی بەرەو ناوچەکانی نفوزی بەریتانیی لە ئەفغانستانو بەشەکانی دیکەی ئاسیا، ئەوەی هانیدا لە ساڵی ١٩٠٧دا رێکەوتننامەیەکی دۆستانە لەگەڵ روسیا دژی ئەڵمانیا ببەستێتو ئەوەش بۆ تێکشاندنی شۆڕشی ئێران بەکاربێنێت. بەپێی ئەو رێکەوتنە بەریتانیا

کەشتییەکی جەنگی خۆی رەوانەی رووباری کارون کرد(١٩٠٧)، ئنجا هێرشی کردە سەرکەنارەکانی مەکران، هەروەها بەمەبەستی گێرانەوەی ئێران بۆ باوەشی بەریتانیا، هێزێکی لە ساڵی ١٩٠٩دا رەوانەی بوشەهر کرد تا راوی شۆڕشگێڕەکان بنێت.

بەڵام روسەکان هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی دژایەتیی شۆڕشەکەیان کرد، ئەوان بەهۆی یەکەکانی قەوزاق لە ژونی ١٩٠٨دا پشتگیریی میرزا محەمەد عەلی شایان کرد سەبارەت بە بۆمبارانکردنی ئەنجومەنی نوێنەران، روسیا لەبری شا راوی شۆڕشگێڕانی نا. بەجۆرێك ئەوانەی کەوتنەدەستی لەنێوی بردن و ئەوانەشی مابوون بۆ دەرەوەی ئێران دووری خستنەوە. ئەگەرچی روسیا لەبەردەم هاوکاریی و پشتگیریی پیاوانی ئاینیی عێراقیی بۆ شۆڕشگێڕە ئێرانییەکان و پاراستنیان و هێزی فشاری جەماوەری ئێرانییدا ناچاربوو لە کۆتاییدا خواستی شۆڕشگێڕەکان پەسەند بکات، بەڵام ئەو میرزا محەمەد عەلی لەلای خۆی گلدایەوە تا لەکاتی پێویستدا فشار بخاتە سەر ئێرانییەکان، هەروەها ئەوی لە کوشتن بەدەستی شۆڕشگێڕەکان پاراست. بەوەش روسیا سەری بۆ واقیعی رەوشەکە دانەواند. بۆئەوەی بتوانێت پەتەکەی معاویە لەنێوان خۆی و ئێرانییەکاندا نەپچڕێت و لە دادۆشینی سامانی ئێرانییەکان بەردەوام بێت و دەسەڵاتی خۆی لەباکووری ئێراندا لەهەمبەر دوژمنەکانی دوێنێیدا واتە بەریتانییەکان بپارێزێت.

لەسەر ئاستی نێوخۆش، سەرکەوتنی شۆڕشگێڕەکان و دواجار توانایان لە سەپاندنی ئەنجومەنی نوێنەراندا بووەهۆی بەهێزبوونی ورەی تێکۆشانیان دژی قاجارەکان. هەرچەندە ئەو تێکۆشانە لەکاتی جێبەجێکردنی کردارییدا لەنێو ئەنجومەنی نوێنەران لەو ماوەیەی کاری تێداکرا واتە لە ١٥ی نۆڤەمبەری ١٩٠٩ بۆ دیسەمبەری ١٩١١ بەرەو دوو ئاراستەی جیاواز رۆیشت. ئەوەش پارتێکی شۆڕشگێڕ کە بە "پارتی



دیموکرات" ناسرا کە چالاکییەکانی لەلایەن حەسەن تەقی زادە، حسێن قولی زادە، سلێمان میرزاو سەید رەزای مساواتەوە رێبەرایەتیی دەکراو بیست و هەشت کورسی لە پارلەماندا هەبوو. هەروەها پارتێکی میانڕەو بەناوی "پارتی کۆمەڵایەتیی" لە سەرکردەکانی عەبدوڵڵا بەهبەهانیی، سەید تەباتەبائیی، میرزا عەلی ئەکبەر خان، سەید محەمەد سادق تەباتەبائیی، ئەوەی سی و شەش ئەندامی لە پارلەماندا هەبوو، هەروەها چەند پارتێکی بە ژمارە زۆرو کەم کاریگەر هەبوون.

یەك لە گرنگترین دەستکەوتەکانی ئەنجومەنی نوێنەران، رێکەوتن بوو لەبارەی هێنانی پسپۆڕانی ئەمەریکیی بەسەرۆکایەتیی "مۆرگان سۆشتەر" ئەوەی وەك ئەمینداری گشتیی گەنجینە (١٩١١) دانرا، ئەوەی وردە وردە دەرکەی لەبەردەم هاتنەناوەوەی راستەوخۆی ئەمەریکیی بۆ نێو ژیانی ئێرانیی کردەوە. ئەگەرچی ئەو پسپۆڕە ئەمەریکییە توانی داهاتەکان دیاریی بکات و ژمێریاری دەزگای حکومەتیی و بەڕێوەبەرایەتیی لێدانی پارە رێکبخات، بەڵام لەگەڵ ناڕەزایەتیی مەزنە پیاوانی دەوڵەتدا، هەروەها لەگەڵ کارمەندانی باڵیۆزخانە بیانییەکان و پیاوەکانیان لە تاران رووبەڕوو بووەوە، بەڕادەیەك ئەو داوای پێکهێنانی هێزێکی سەربازیی کرد بۆ ئەوەی بیپارێزن و لەکۆکردنەوەی باج و جێبەجێکردنی چاکسازیی چاوەڕوانکراودا یارمەتیی بدەن.

ئەگەر بەریتانیا ناچاربوو لە ئاکامی ئەو هاوکارییە ناسراوەی کە لەگەڵ ئەمەریکادا هەیبوو، هاتنی ئەو پسپۆڕە ئەمریکییانە پەسەند بکات، بەڵام روسیا ناڕەزایەتیی پێشانداو هەڕەشەی دابەزاندنی هێزە سەربازییەکانی خۆی لە باکووری ئێران کرد، گەر بێتو ئەو راوێژکارە ئەمەریکییە لە ئێران لە تاران و هاوشێوەکەی لە ئازەربایجان لانەبرێت. هەروەها بە فەرمیی داوای لە حکومەتی ئێران کرد کە راوێژکاری بیانیی دانەمەزرێنن بێئەوەی پێشتر لەو

بارەیـەوە ڕەزامەنـدیی روسـیا بەدەسـتبێنێت. داوای قـەرەبووی دارایـشیی و هێنـدەی ئـەوەی لەهێنانـە نـاوەوەی هێزەکانیـدا بـۆ بـاکووری ئێـران خـەرجی کـردووە بۆئـەوەی جـەخت لەسـەر سـووربوونی داواکارییـەکانی بکاتـەوە، حکومەتی ئێرانیی ناچاربوو کارەکانی مـەجلیس بوەستێنێت و بەفـەرمیی لـە ٢٤ی دیسەمبەری ١٩١١ دەرگای ئەنجومەن داخرا.[18]

ئەنجومـەنی نوێنـەران مـاوەی سێ‌سـاڵ داخـرا ، تـاوەکو شـای نـوێ "ئەحمەدشـا" کردییـەوە، ئـەو دەمـەی تەمـەنی هـاتبووە قۆنـاغی پێگەیـشتوویی و دەیویـست تـاجی پاشـایەتیی بنێتەسـەر. بـەڵام لـەکاتی گوتـاری تـاج لەسـەرنان و پاشـتریش، بێلایـەنیی ئێرانـی ڕاگەیانـد، ئـەو بێلایەنییـەی هـەرگیز لەلایـەن زلهێزەکانـەوە لـەماوەی جـەنگی یەکـەمی جیهانییدا، ڕێزی لێنەگیرا، لەسەر ئاستی نێوخۆش تەنیا یازدە مانگ نـەبێت ئەنجومـەن بەشـێوەیەکی کرداریـی کـاری خـۆی نـەکرد، لەسـاڵی ١٩١٥دا ئەنجومەن بۆ جاری سێیەم داخرا، ئـەوەش لـەئاکامی تۆمـەتبارکردنی ئێران لەلایەن روسەکانەوە بەوەی گوایە لەگـەڵ ئەڵمانـەکان و عوسمانییەکانـدا دژی روسیا هاوکاریی دەکـەن، ئـەوەش لەگـەڵ بەرژەوەندییـەکانیان لـە ناوچـەکەدا ناکۆکە.

بەوەش لاپەڕەی شۆڕشی دەستووریی لە ڕووی کردارییـەوە بەشێوەیەکی تراژیدیی کۆتاییهات، بەڵام ئەزموونەکە لە مێژووی ئێراندا سەرلەنوێ لەکاتی شۆڕشی ئیسلامیی لە حەفتاکانی ئەم سەدەیەدا خوێندرایەوە، پاش ئەوەی لـە ئـەزموونی پێـشوو کـەڵکیان وەرگـرت و خۆیـان لـە هەڵـەکانی شۆڕشـی دەسـتووریی بـەدوورگرت. راسـتییەکەی خوازیـارانی ژیـانی نوێنەرایـەتیی، ئـەوەیان بـەبیردا نـەهات کـە ئـەوان وەرچـەرخانێکی نـوێ لـە پەیوەندییـەکانی

[18] هویدا عزت محمد جعیتم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١-١٩٤و هـەروەها ابراهیم شتا، سەرچاوەی پێشوو.



نێوان گەل و دەسەڵاتدا دەکەن، بەڵکو ئەوان ئەوەیان لەبەرچاو بوو کە ورەی ڕژێمـی قاجـاری بـەو ئاراسـتەیەدا نـوێ بکەنـەوە کـە بەشـێوەیەکی کـەمتر ستەمکارانەتر لە فەرمانڕەوایەتییدا بەردەوام بن، لەبەرئەوە لـە هەوڵەکانیانـدا بـۆ سـەپاندنی دادپـەروەریی کۆمەڵایـەتیی و پتـەوکردنی مـافی بەشـداریی لـە مێژووی ئێراندا بۆ بەرگرتن لـە هاتنـەناوەوەی دەسـەڵاتی بێگانـە، پشتیان بـە ئیمام و ڕێبەرەکانی شیعە بەست. ئەو دەسەڵاتەی کە لە واقیعدا تەگـەرە بوو، هەروەها لە ژیانی ڕۆژانەی زۆربەی دانیشتوواندا کاریگەر بوو.

# بەشی دووەم

## ئێران لەنێوان جەنگی یەکەمی جیهانیی و هاتنە سەرتەختی رەزاشا دا

## (١٩١٤-١٩٢٥)

## تێکچوونی هەلومەرجی نێوخۆ لەرووی سیاسیی و ئابوورییەوە

هەرچەندە سەرکەوتنی شۆڕشی دەستووریی سنووردداربوو، بەڵام پەردەی لە رووی لاوازیی دەوڵەتی قاجاریی لە رووی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە هەڵماڵی، ئەوەی لەبەرچاوی خەڵك سوکی کرد، پاش ئەوەی لەوە دڵنیابوون کە بڕیارە مەزنەکان لە باڵیۆزخانەکانی روسیا و بەریتانیاوە دەردەچن، ئەوەش بووەهۆی سەرهەڵدانی جووڵانەوە یاخییەکان لەلایەن خێڵ و عەشیرەتەکانەوە دژی دەسەڵاتی ناوەندیی لە تاران.

پاش ئەوەی دەسەڵاتی بەهێزی دەوڵەت لەنێودا نەمابوو، دوا قسە بۆ چەکبەشانەکان و سەرەك خێڵ و عەشیرەتەکان بوو، ئەوەی یەکێتیی هەرێمەکانی پارچەپارچە کرد، بەچەشنێك هێندێك لە خێڵەکان وا راهاتبوون کە پیاوەکانیان بەسەر بڕیارسازەکانی پایتەختدا بسەپێنن، هەروەها هێندێك لە خێڵەکان کەوتبوونە ئەوەی دەسەڵاتیان بسەپێنن پاش ئەوەی لەکاتی گواستنەوەی یەکەکانی سەربازیی حکومەت لە نێوان هەرێمەکانی نێوخۆی دەوڵەتدا ئەرکی پاراستنی ئەو یەکانەیان گرتبووە ئەستۆ.[1]

هەمان کات، گەلی ئێران لەوە دڵنیابوو کە سەربەخۆیی وڵاتەکەی لەرووی کردارییەوە بێ نێوەرۆکە، چونکە ئەحمەد شای قاجار لەساڵی ١٩١٤دا دانی بەرێکەوتنە دۆستانەکەی نێوان بەریتانیا و روسیا نا، ئەوەی بۆماوەی پێنج ساڵ لە شا شاراوەبوو. ئەو رێکەوتنە ئابڕووبەرانەیەی کە ئێرانی لەنێوان ئەو دوو هێزە هاوپەیمانەدا دابەش کردبوو، بەشێوەیەك کە روسیا دەست بەسەر ناوچەی دەوڵەمەندی باکووردا بگرێت و بەریتانیاش دەست بەسەر باشووریدا  بگرێت کە بڕە نەوتێکی مەزنی لەخۆگرتبوو. رێکەوتنەکە بۆ چەواشەکاری ناوچەکانی ناوەندی ئێرانی وەك ناوچەی بێلایەن ناساندبوو،

[1] F.O 371/169 49- The Future of Persia,October 18.1913- p.18.



چونکە کاتێك هەردوو هاوپەیمانەکە رێکەوتنەکەیان دواتر لەساڵی ١٩١٥دا نوێ کردەوە(ئەگەر هەڵگیرساندنی شۆڕشی بەلشەڤی لەساڵی ١٩١٧ نەبووایە، کە روسیا ببێتە یەکێتی شورەویی، ئێرانییەکان بە نوێکردنەوەی ئەو رێکەوتننامەیە گوایە دۆستانەیەیان نەدەزانی) ئەو نوێبوونەوەیە، لە پشتی دەوڵەتی قاجارییەوە، ناوچە بێلایەنەکانیشی لەنێوان ناوچەی نفوزی هەردوو هاوپەیمانەکەدا لەقەڵەمدابوو.[2]هاوکاریی نێوان هەردوو دوژمنەکە ئاکامێکی سروشتیی بوو لەدوای بەزینی روسیا لەبەرامبەر ژاپۆن لەساڵی ١٩٠٥دا، هەربۆیە ناچاربوو لەگەڵ بەریتانیادا هاوکاریی بکات. هەروەها دەرکەوتنی باڵادەستیی کەشتیگەلی ئەڵمانیا بووەهۆی هاوپەیمانیی بەریتانیا بەناچاریی لەگەڵ روسیا بۆ رێگرتن لە مەترسیی ئەڵمان و ژاپۆنییەکان لە یەك کاتدا.

بەریتانیا بە مۆرکردنی ئەو رێکەوتنە متمانەی خۆی لەلای رۆشنبیرەکانی ئێرانیی لەدەستدا، ئەوانەی چاوەڕێی هاوکاریی بەریتانیایان بۆ خۆیان دژی دەوڵەتی قاجاریی دەکرد، کە لەلایەن روسیاوە پاڵپشتیی دەکرا، ئەوەی لەکاتی شۆڕشی دەستوورییدا دەرکەوت کاتێك شۆڕشگێڕەکان پەنایان بردە بەر باڵیۆزخانەی بەریتانیا، راگەیاندنی بەندە نهێنییەکانی رێکەوتنە دۆستانەکە، بەدحاڵیبوونی ئێرانییەکانی لەهەمبەر بەریتانیادا پیشاندا، ئەوەی بەرژەوەندیی و خولیاکانی لەگەڵ خەون و ئومێدی رۆشنبیرەکانی ئێرانیی ناکۆك و دژبەیەك بوو.

لەبەرئەوە بەهاتنی ساڵی ١٩١٤ رەوتێکی ئێرانیی دەرکەوت کە داوای پێویستیی هاوسەنگیی لەنێوان زلهێزەکاندا لە پێشبڕکێی رکابەریی هێزەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییدا دەکرد، بەهیوای ئەوەی نەختێك لە سەربەخۆیی

[2] د. کمال مظهر،"العراق و ایران بین سازانوف و جراي"، آفاق عربیة/العدد الثاني–تشرین الاول ١٩٨٢، ص٧.

نێوخۆیی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئێران بەدیبێت. لەم وەرچەرخانەدا، ئێرانییە لیبراڵەکان چاویان بڕیبووە ئەڵمانیای نەوپا، پاش ئەوەی هێزی سەربازیی و ئابووریی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی دەرکەوتبوو...وێڕای زێدەبوونی دەسەڵاتی لەنێو ئیمپراتۆریی عوسمانییدا، بەتایبەت پاش ئەوەی هەستا بە جێبەجێکردنی پرۆژەی هێڵی ئاسنیی بەغدا، هەروەها ئەڵمانیا سیاسەتێکی فراوانخوازییانەی بەئاراستەی رۆژهەڵات گرتبووەبەر، بۆئەوەی ئەویش بەشی خۆی لە کۆلۆنییەکان بەرێت، لەبەرئەوە کەوتە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا کە پێشوازیی لە نزیکبوونەوەیەکی بەوشێوەیە کرد.[3]

وێڕای ئەوەی ئێران لە ٢ی ئۆکتۆبەری ١٩١٤دا بێلایەنیی خۆی راگەیاند، بەڵام وەك تەختی شەترەنجێکی لێهات کە هەریەك لە لایەنە شەڕکەرەکان خوازیاربوون دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەملاولاکانیدا بسەپێنن، ئەوەی ئەو راستییە دەچەسپێنێت کە یەکەمین فیشەکەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیی لە رۆژهەڵاتی نزیك و لەئێرانەوە تەقیون نەك لە دەریای رەش. هێزەکانی روسیی و ئینگلیزیی و هەروەها ئەڵمانەکانیش خەریکبوون پیاوەکانی دەزگای هەواڵگریی خۆیان دەناردە هەموو جێگەو ناوچەکانی ئێران و بەناو خێڵە مەزنەکانی وەك بەختیاریی لە هاتوچۆدا بوون، دژی دوژمنەکانیان چەکداریان دەکردن، هەروەها ئاکاری سەرەك خێڵەکانی دیکەش لە یاخیبوون دژی حکومەتی ناوەندیی بەردەوام بوو، بۆئەوەی حکومەت نەپەرژێتە سەر بەرەنگاربونەوەی چاوتێبڕینی هێزە بیانییەکان.[4]

[3] نوري عبدالبخيت، "روسيا و مشروع سكة حيديد بغداد"، مجلة المؤرخ العربي– بغداد/العدد الخامس عشر ، ١٩٨٠، ص ٤٠–٦٣.

[4] F.O. Confidential, from F.O. to T.O ., March 25, 1915,p. 11.



هەروەها پیاوە هەواڵگرەکانی ئەڵمانیی و عوسمانیی چالاکبوون و ئیسلامیان کردبووە ئامرازێك بۆ هاندان و رووژاندنی گەل دژی بەریتانیا، ئەوان پرۆپاگەندەی ئەوەیان بڵاوکردبووەوە گوایە "ولیەمی دووەم" ی ئیمپراتۆری ئەڵمانیی بووەبە ئیسلام و ناوی خۆی ناوە "حاجی ولیەم"، هەروەها رۆژنامەوانی ئەڵمانیی بابەتەکانی سەبارەت بە رەچەڵەکی هاوبەشی هەردوو گەلی ئەڵمانیی و ئێرانیی چڕ دەکردەوە، ناوی "ڤاسمۆس"ی کۆنسوڵی ئەڵمانیی لە بوشەهر دەرکەوتبوو، ئەوەی مەترسییەکی مەزنی سەبارەت بە دەسەڵاتی بەریتانیی لە باشووری ئێران پێکدەهێنا، بە ئەندازەیەك کە دۆکیومێنتێکی بەریتانیی باسی لەوە کردووە کە تێکڕای ژاندارمەکانی فارس لایەنگری ئەڵمانن و دژی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیی هاوکاریی ڤاسمۆس دەکەن.[5]

لەئاکامی ئەو چالاکییە زێدەیەی ئەڵمانیا لەهەمبەر ئێرانییەکان و بەهاوکاریی تورکان، هەستا بە دامەزراندنی دوو حکومەتی کاتیی لە کرماشان و قوم، ئەو دوو شارەی ببووە ناوەندێکی کۆبوونەوەی هەڵاتووان و دژبەرەکانی نفوزی بەریتانیی و روسیی وەك یەك، لەسۆنگەی ئەوەوە دەوڵەتی عوسمانیی، بە ئەنقەست بێلایەنیی ئێرانی بەزاند و هێزەکانی شاری تەبرێزیان داگیرکرد و تا کرماشان گەیشت. بێگومان هێزەکانی روسیا لەهەمبەر ئەم کارانەی دەوڵەتی عوسمانیی و ئەڵمان دەستەپاچە نەوەستا و توانی دەست بەسەر تەبرێز و کرماشاندا بگرێتەوە، هێزەکانی روسیی بۆ

[5] سەبارەت بە چالاکییەکانی (ڤاسمۆس) لە ئێران بڕوانە:
I.O.R., L/P+S/10/432: From P. Cox to F.O., March 13, 1915, p.84,F.O Confidential E 44543, Maiden- i- Naphtun to I.O., February 26, 1915,p.93.

جەختكردنەوە لە پاراستنی ئەو دوو شارە تاكو شاری ڕەواندزی عێراقیی كشانو لەوێ پێشڕەویی خۆیان وەستاند.[6]

هەروەها بەریتانییەكان بەرەنگاریی چالاكی زێدەی ئەڵمانەكان لەنێو خێڵەكانی ئێراندا بوونەوە، لەوانە قاشقائییەكان. بەریتانیا هێزێكی تفەنگداری لە باشووری فارس بە فەرماندەیی "بروس ئوكس" پێكهێناو لەساڵی ١٩١٧دا هەمان ناوی لێنا(South Persin rifles/تفەنگدارانی باشووری فارس).

ململانێی هاوپەیمانەكانو هێزەكانی ناوەند لەنێو ئێراندا ئاسەواری نەرێنییو ڕاستەوخۆی سەبارەت بە ڕەوشی ئابووریی دەوڵەت پێكهێنا، هەناردەكردنی میوەی وشككراو لە نێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩١٨ لە ٧٠ملیۆن قڕانەوە بۆ ٤٨ ملیۆن قڕان دابەزی. بەرهەمهێنانو هەناردەكردنی پێستە بەپلەیەكی بێوێنە تووشی بێبازاڕیی بوو بەجۆرێك لەو ماوەیەدا لە ٧٠ ملیۆن قرانەوە بۆ تەنیا ٣ ملیۆن دابەزی. هەروەها بەرهەمهێنانو نرخی لۆكەش لە بازاڕی خۆماڵییو جیهانییدا دابەزینی بەخۆوەبینیو لە ٨٣ ملیۆن قڕانەوە بووە ٢٤ ملیۆن قڕان، هەروەها نرخەكەشی بۆ نزیكەی چارەك دابەزی، وێڕای ئەوەی پرۆژەكانی ئاودێریی وێران بوون، بەوەش هێندێك لە گوندەكان بوونە وێرانەو بیابانی چۆڵ.[7]

ئاساییە لە هەلومەرجێكی وەهادا-ململانێیەك لە پایەتەختو یەكێكی دیكەش لە هەرێمەكاندا لەنێوان خێڵەكاندا هەبێت- جووتیاران ، چ بەهۆی جەنگی نێوخۆی هەڵگیرساو، یاخود وەك ناچارییەك لەبەردەم سەختی باجو

[6] محمد امين العمري ،"تاريخ حرب العراق خلال الحرب العظمى ١٩١٤-١٩١٨، ج٢، بغداد، ١٩٣٥، ص ١٦٢-٢٧٨، و شكري محمود نديم، الجيش الروسي في حرب العراق ١٩١٤-١٩١٨، ط٣، بغداد، ١٩٧٤ ص ١٤،١٦،٣٠،٣١.

[7] المس بيل، فصول من تأريخ العراق القريب، ترجمة : د.جعفرالخياط،بيروت، ١٩٤٩،ص ٦٥-٦٦.



سەرانەدا، زەوییەكانیان جێبهێڵنو بەرهەمهێنانی دانەوێڵەی پێویست كەمبێتەوەو خواردن بچێتە قاتیی. ئێران لە ساڵی ١٩١٧دا برسێتییەكی ڕاستیینەی بەخۆوەبینی كە شارو لادێی گرتەوە، گۆشتی سەگ بووە یەك لە سەرچاوەكانی خۆراكو لە ساڵی ١٩١٨دا، تەنیا لە ولایەتی تاراندا چارەكی دانیشتووانی لادێ بەهیلاك چوون، ڕۆژانەی دەوروبەری سەد بۆ سەدوپەنجا كەسێك دەمردن، نرخی نان دوازدە بۆ پازدەجار بەرزبووەوە، لەنێو تێكڕای هەرێمەكاندا تەنیا هەرێمی گەیلانو مازندەرانی دەوڵەمەند بە دانەوێڵەو سەوزە لە برسێتیی ڕزگاریان بوو.[8]

ڕەوشی دارایی لە ڕەوشی ئابووریی باشتر نەبوو، چونكە داهاتی باجو گومرك كەمیكردو ئەوەش هەڕەشەی مایەپوچی لە خەزێنەی دەوڵەت كرد، تەنانەت حكومەت نەیتوانی كرێومووچەی مانگانە بدات، هەروەها ڕێژەی هاوردە لەدەرەوە نزیكەی بۆ سێیەك لە ساڵی ١٩١٥ دابەزی. حكومەتی قاجاریی ناچاربوو سەرلەنوێ قەرز لە بەریتانیا بكات، تا قەرزەكانی لەماوەی جەنگی یەكەمی جیهانییدا گەیشتە حەفتا ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی، وێڕای ملیۆنێك جونەی سوودی سەر قەرزەكان، ئەوەی حكومەت پەیمانیدا كە چارەكی داهاتەكانی وەك قیستی قەرزەكان تەنیا بە لەندەن بدات.[9]

لە ئاكامی داڕمانی دەسەڵاتی حكومەتی ناوەندییدا، لایەنگریی خێڵەكان بەگوێرەی بەرژەوەندییەكانیانو ڕەوشی شەڕەكان لەنێوان لایەنە شەڕكەرەكاندا ئەمبەروئەوبەریان دەكرد، هەربۆیە جێگەی سەرسوڕمان نەبوو گەر گوێڕایەڵی فەرمانەكانی دەسەڵاتی قاجارییان نەكردایە كە لە شادا بەرجەستە دەبوو، بەرادەیەك كە خودی حكومەت داوای لە "فەرمان فەرما"ی

[8] العرب (جريدة) بغداد، ٧ مايو سنة ١٩١٨.

[9] فوزية صابر محمد،ايرلن بين الحربين العالميتين (١٩١٨-١٩٣٩) . تطور السياسة الداخلية، رسالة ماجستير غير منشورة،كلية الاداب ،جامعة البصرة ، ١٩٨٦، ص ٧٩.

میری هەرێمی فارس کرد کە لەو ماڵو داراییەی کە لە ساڵی ١٩١٦دا دزیویەتی کاتێك والی بووە لە هەرێمی فارس ، چوار ملیۆن تمەنی وەك قەرەبوو بە حکومەت بدات.[10]

بەریتانیا هەمان شێوازی بەرتیلی بەکارهێنا بۆئەوەی وەزارەت بڕووخێنێتو وەزارەتێکی نوێ شوێنی بگرێتەوە کە هاوکاریی بەڕێوەچوونی بەرژەوەندییەکانی بکات، دۆکیومێنتەکانیان پڕێتی لەو جۆرە فێڵو تەڵەکانە، تێڕوانینیان بۆ وەزیرە ئێرانییەکان لەو وێنەیەدا قەتیس مابوو کە یەکێك لەو دۆکیومێنتانە کێشاویەتیی کە دەڵێت:"وەزارەتەکان لەلایەن وەزیرانێکەوە دادەمەزران کە لەسەر شانۆکە زۆریان نەدەبرد گیرفانەکانیان پڕ لە پارە دەکردو لەجیهانی بیرچوونەوەنەوە دیارنەدەمان."[11]

هەروەها ڕەوشی دەزگای سەربازیی لە دەزگاکانی دیکەی داراییو جێبەجێکردن باشتر نەبوو، گەندەڵیی وەك شێرپەنجە لە یەك کاتو لە گشت لایەکەوە ئێسکی دەوڵەتی ڕزاندبوو. هەربۆیە داڕمان سوپاشی گرتبووەوە، ئەو سوپایەی ڕێکخراو نەبووو توانای پاراستنی دەوڵەتو تەنانەت دەرباری قاجاریشی نەبوو. تەنانەت یەکەکانی قەوزاق کە هەڵبژاردەی سوپای ئێرانیی بوون لایەنگرییان ببووە جێگەی گومانی دەوڵەتی ناوەندیی لە تاران، پاش ئەوەی دەوڵەت نەیدەتوانی بە ڕێکوپێکی موچەکانیان بدات، هەڵاتن لە سوپا ببووە دیاردەیەك کە لەلایەن دەزگای سەربازییەوە حیسابێکی شیاوی بۆ نەدەکراو لە ئاکامیشدا ڕاهێنانی هێزەکانی سوپاو یەکەکانی قەوزاقو پیاوەکانی ژاندارمەریی پشتگوێ خران.

سەبارەت بە شای قاجار، پاش ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر هیچ کاروبارێکی وڵاتەکەیدا نەدەڕۆیشت لەنێو خۆشییو ڕابواردنەکانی خۆیدا مەست بوو،

[10] Percy Sykes – A History of Persia-Vol.11.London 1969.P. 599.
[11] F.O. 371/1025, E/626, The Political Situation in Persia- December 7. 1923. P. 136.



هەمیشە ئەوەی دەگوتەوە کە ئەو لە ڕەوشەی لەنێو دەوڵەتدا دەگوزەرێت بەرپرسیار نیە، ئەو وەك بوکەشوشەیەك لەلایەن باڵیۆزخانەی بەریتانیاوە هەڵدەسوڕێنرا، بەڵکو لەلایەن دۆکیومێنتێکی بەریتانییەوە وا ناسێنراوە"کە ترسنۆکترین تێکڕای پیاوی ئێرانە"[12]پاش ئەوەی لە هەموو وردو درشتێکی بڕیارو کاروباری ڕۆژانەی گشتییو تایبەتیی خۆیدا ڕاوێژی بە باڵیۆزی بەریتانیی دەکرد.

## دەرکەوتنی ئەستێرەی بەریتانیی

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییو لەدەمی جەنگی یەکەمی جیهانییدا، شۆڕشی کۆمۆنیستیی لە روسیا هەڵگیرسا، بەوەش لە مەیدانی کێشمەکێشی نێودەوڵەتیی هاتەدەرو ڕەتکردنەوەی ڕێکەوتننامەی ١٩٠٧ی تایبەت بە ئێرانو وابەستەکانی لە ساڵی ١٩١٥دا ڕاگەیاند. بەریتانیا چاوی لەوەبوو تاکە نفوزی خۆی لە ئێراندا بەهێزبکات بەوەی ئەو وڵاتە بکاتە لەمپەرێك کە ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی بەلشەفیی• لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا بگرێت، جا چ لە ئێران یاخود ئەفغانستان یا عێراقو گشت ناوچەکانی جێگەی دەسەڵاتی بەریتانییو لەسەرو هەموویانەوە هیند.

[12] Documents of British Forieing Policy, 1919-1939- First Series, Vol.XIII-London, 1963,P. 703.

• بەلشەفیزم (Bolshevisim) بەلایەنەکانی تیۆرییو پراکتیکیی کۆمۆنیزمی شورەویی دەگوترێت کەلەئەنجامی زاڵبوونی بیروڕای زۆرینەی پارتی کاری سۆشیال دیموکراتی رووسیی بە ڕابەرایەتیی فلادیمیر ئیلتش لینین بەسەر کەمینەدا سەبارەت بەمەسەلەکانی گەشەکردنی سەرمایەداریی شۆڕش لەروسیاو گەیاندنی پارتی پرۆلیتاریا بۆ دەسەڵات بەهاوکاری توێژەکانی تری وەك جووتیاران لەنزیکترین دەرفەتدا سەقامگیربوو. ئەم زاراوەیە زۆر جاریش بەپارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی شورەویی دەگوترا.(سەردەشتیی) بڕوانە:

روبرت جیوفرء ادوار، الیستر، القاموس الحدیث للتحلیل السیاسي، ترجمة: سمیر عبدالرحیم الچلبی، الطبعة الاولی ، لبنان، بیروت، الدار العربیه للموسوعات، ١٩٩٩،ص٤٧-٤٨.

گرنگترین ئەو شتانەی سەرنجی بەریتانیایان راکێشابوو بریتیبوو لەو نەوتە زۆرەی لەئێراندا هەڵدەقوڵا، بەتایبەت لە باکۆی نزیك لە روسیای شورەویی، بەرهەمی پاڵاوتگەی عەبادان لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانییدا گەیشتبووە نۆسەد هەزار تۆن لە ساڵی ١٩١٨دا، پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩١٤دا دووسەدو حەفتاهەزار تۆن بوو، ئەوەش بووەهۆی ئەوەی بەریتانیا لە کۆنگرەی پاریسدا رێگربێت لەوەی دەنگی وەفدی ئێرانی بەشوێنی خۆی بگات. بەو بیانووەی کە ئێران بەشداریی جەنگی نەکردووە، هەربۆیە هیچ مافێکی ئەوەی نیە کە سوود لە خێروبێری کۆنگرەی ئاشتیی بەرێت. بەڵام وەفدی ئێرانی داوای گێڕانەوەی سنووری وڵاتەکەی بۆ پێش رێکەوتننامەی تورکمانچای دەکرد، بەشێوەیەك ئازەربایجانی باکوور لەگەڵ شاری باکۆو ئەرمینیای رۆژئاوا لەگەڵ شاری یەریڤان، هەروەها قەرەباغو بەشێك لە داغستان بگرێتەوە.[13] بەڵام بەریتانیا توانی وا لە کۆنگرەی ئاشتیی بکات کە تەنیا ئەو لەهەمبەر ئێران بە بەرپرسیار بزانن‌و تەواوی داواکارییەکانی پشتگوێ بخەن.•

[13] خیرات البیضاوي، ایران ترقص علي کیف عفریت، بیروت، ١٩٥٤، ص ٣٠، ٣١.

• هەروەها یەك لەو ناوچانەی ئێرانییەکان لە کۆنگرەی ئاشتیی داوای گەڕانەوەیان دەکرد بریتیبوو لە کوردستانی عوسمانیی. بەڵگەنامەکانی بەریتانیی ئاماژەیان بەم داوایە داوە. یەك لەو بەڵگەنامانە بەڵگەنامەی ژمارە(٨٢٥)ە ، کە نامەیەکی وەزیری دەرەوەی بەریتانیایە ( ئیرل کیرزن) لە لەندەنەوە بۆ دپیلۆماسی ئینگلیزیی لە پاریس (ئیرڵ دەربی) لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٩ ، لەم نامەیەدا کیرزن باسی ئەو سەردانە دەکات کە وەزیری دەرەوەی ئێرانیی (نەصرەت ئەلدەولە فەیروز)ی سەر بە کابینەی (وسوق ئەلدەولە) بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەدا ئەنجامیداوە.کیرزن درێژە بە باسی سەردانەکە دەدات و دەڵێت:" وەزیری دەرەوەی ئێرانی رایگەیاند کە هاتنەوەی لەگەڵ (شاهەنشا)دا بۆ لەندەن بەمەبەستی گفتوگۆ بووە لە گەڵمان تا دید و هەڵوێستی حکومەتی پایەبەرزی بەریتانیی لەمەڕ دوو مەسەلەی گرنگ و پڕبایەخ بزانێت ، ئەوانیش:

أ–مەسەلەی تورکستان



ب–مەسەلەی کوردستان

سەبارەت بە کوردستان وەزیری ئێرانیی رایگەیاند کە بە بڕوای ئەو هەڵەیە باسی کوردستانی تورکیی و کوردستانی ئێران بەجیا بکرێن، چونکە لە راستییدا تەنها یەك کوردستان هەیە، ئەو سنورەشی کردوێتییە دووپارچە سنورێکی دەستکرد و خەیاڵییە"

هەروەها بەڵگەنامەی ژمارە (٨٤٥) نامەیەکی کیرزنی لەخۆ گرتووە کە لە لەندەنەوە لە تشرینی دووەمی ١٩١٩دابۆ( سێر پێرسی کۆکس ) باڵیۆزی بەریتانیای لە تاران ناردووە.کیرزن لەم نامەیەدا ئاماژە بۆ دووبارە سەردانی وەزیری ئێرانی (نەصرەت ئەلدەولە) دەکات و دەڵێت:"جەنابی پایەبەرز وەزیری دەرەوەی ئێرانی خۆشحاڵ بوو لە کاتێکدا نەخشەیەك خرایە بەردەمی تا ئەو سنورەی تێدا دیاریبکرێت کە حکومەتی ئێرانی دەیەوێت و خوازیاری سەپاندنێتی لە کۆنگرەی ئاشتییدا... ئەو دەیویست بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی بەریتانیا پاڵپشتی بکات ، لەم بارەیەوە بە لایەنی کەمەوە دوو حاڵەت هەبووە لەو دەستکاریکردنی سنورەدا کە فراوانخوازییەکی مەزن بوو ، لەگەڵ واقعیشدا نەدەگونجا ، چونکە دەبوو فراوانکردنی قەڵمڕەوی ئێران لەسەر حسابی دراوسێکانی ...پێشنیازی یەکەم داوای ئەوەی دەکرد کە ناوچە کوردییەکان تا سنوری تورکی– ئێرانی درێژ دەبێتەوە ، بەرەو رۆژئاوا لە دەریاچەی ورمێ و لەوێشەوە تا ناوجەرگەی وڵاتی کوردەواری درێژ ئەبێتەوە" .هەروەها کیرزن دەڵێت:"من بۆ وەزیری ئێرانیم روونکردەوە کە ئەم ناوچانە لە ژێر سەروەریی تورکیان ، کەچی ئەو بیانووی ئەوەی دەهێنایەوە کە زۆربەی دانیشتووانی ئەو ناوچە ناوبراوانە کوردن. "

هەروەها بەڵگەنامەی ژمارە (٨٥٤) نامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٩ دا باسی ئاخاوتنی وەزیری دەرەوەی ئێرانی (نەسرەت ئەلدەولە) لە گەڵ (ئیرڵ کیرزن) دا دەکات دەربارەی مەسەلەی دەستکاریکردنی سنوری رۆژئاوای ئێران ، کیرزن لەم نامەیەدا دەڵێت:"چووینە سەر باسی درێژکردنەوەی سنوور بەو شێوەیەی کە ئەمیر (نەسرەت ئەلدەولە) بەرەو رۆژئاوا پێشنیاری کردبوو، من هیچ گوێم بەو هێڵە تایبەتییە نەدا کە جەنابی وەزیر لەسەر نەخشەکە دەستنیشانی کردبوو ...هەروەها گوتم وادیارە ئەو چیایانەی ئەڕوانن بەسەر ئەو هێڵەدا بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی یاخیگەری کورد (سمکۆ)دایە، کە هیچ کاتێك خۆی لە پەلاماردانی ناوچەکانی ئێران ناپارێزێت و چۆنی بخوازێت و هەر کاتێکیش بیەوێت دەیکات ، ئەم واقیعە بڕوا ناکەم لە بەرژەوەندی فراوانکردنی قەڵمڕەوی ئێران بێت بەو شێوەیەی جەنابتان خوازیاریین، هەروەها بڕواش ناکەم مەسەلەی بەدیهێنانی یەکێتی چاوەڕوانکراوی خێڵەکان وا لە کوردەکانی تورکیابکەن کە لەگەڵ کوردەکانی ئێراندا کۆمەڵێکی یەکگرتوو لە ژێر سایەی حکومەتی ئێراندا پێکبهێنن و بەم مەسەلەیە قایل بن"(سەردەشتیی) . بۆ زیاتر:

د.یاسین سەردەشتی، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەرگی یەکەم، سلێمانی ، ٢٠٠٧، ل ٢٦–٤٢.

هەروەها بنەماکانی سەرۆك ویلسنی ئەمەریکیی لە ئێراندا هەروەك شوێنەکانی دیکەی ناوچە کۆلۆنییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاری ئەفسوناویی خۆی کرد، لێرەشەوە بوو کە ئێرانییەکان بەرووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کرانەوە، ئەوەی کە بەرژەوەندییەکی دیارییکراوی لە وڵاتەکەیاندا نەبوو، پاش ئەوەی ئاکامەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیی و کۆنگرەی ئاشتیی راگەیاندنی بەزینی ئەڵمانیا داڕمانی ئیمپراتۆریی عوسمانیی و سەرقاڵی روسیایان بە شۆڕشی بەلشەفییەوە لێکەوتەوە. دەستی وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا بۆ دەستبەسەرداگرتنی کۆتایی بەسەر ئێراندا تێکەڵ بوو، هەربۆیە بەریتانییەکان لەرێگەی رێکەوتننامەیەکەوە کە لەساڵی ١٩١٩دا مۆرکرا، پەیوەندییەکانی خۆی بە ئێرانەوە دیارییکرد، ئەوەی ناوی "رێکەوتننامەی پڕچاکەوخێری نێوان هەردوو دەوڵەتی بەریتانیا و ئێران"ی لێنرا.

هەرچەندە ئەو رێکەوتننامە دەستکراوەیە رێکخستنی دارایی و سوپا و تەواوی گومرگەکانی ئێرانی گرتبووەخۆ، بەمەبەستی پەرەپێدان و نوێکردنەوە تا لەگەڵ سەردەمدا گونجاوبێت، بەپێی گوتەی هێندێك لە سیاسەتکارە بەریتانییەکان، وێڕای ماف بنیاتنانی رێگەی ئاسنیی و زەمینیی لەنێوان شارەکانی ئێراندا. بەریتانیا وەك زێدەپیاوەتییەك قەرزێکی یەك ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بە سوودێکی فرە دڵفراوان کە ٧٪ بوو پێشکەش بە ئێران کرد، بۆئەوەی بەریتانیا بەشێوەیەکی سەرەکیی دەست بەسەر دارایی ئێراندا بگرێت.[١٥]

رێکەوتننامەی بەریتانیی–ئێرانیی هاوکێشە سەختەکەی هێنایەدی، بەوەی بوونی بەریتانیای بە هەموو هێزو لەژێر پەردەیەکی یاساییەوە سەپاند. لە هەمان کاتدا چ خەرجییەکی نوێی نەخستە سەرشانی گەنجینەی

[١٥] Percy Sykes, op. cit. P.46.



بەریتانیی، بەتایبەت پاش ئەوەی هاواری سیاسەتکارانی بەریتانیا داوای کەمکردنەوەی خەرجیی سەربازییان لەدەرەوەی بەریتانیا دەکرد لەگەڵ پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییە باڵاکانی بەریتانیا، ئەوەی هانی "لۆرد کیرزن"ی دا کە ئەندازیاری رێکەوتننامەکە بوو بە شانازییەکی زۆرەوە بڵێت "ئەوە دەستکەوتێکی مەزنە و بەتەنیا خۆم بەدەستم هێناوە."[١٦]

لەسەر ئاستی نێوخۆ، هاواری توڕەیی (لە رۆژنامە ئێرانییەکاندا) دژی حکومەتی بەریتانیی و دەوڵەتی قاجاریی وەك یەك بەرزبووەوە. جەماوەر هەستیان کرد کە ئەم رێکەوتننامەیە ماندێتییەکی نوێی بەریتانییەکانە تا پلەی پارێزراویی دەڕوات لەجیاتی ئەو سەربەخۆییەی کە ئێرانییەکان وەك نرخێکی ئەو وێرانکارییەی کە لەکاتی جەنگدا دابوویان، چاوەڕێیان دەکرد. خۆپێشاندان لە زۆربەی شارەکانی ئێران تەقییەوە، ئەوانەی رایانگەیاند کە رێکەوتننامەکە ئێرانی بە بیانییەکان فرۆشتووە و هەروەك فەلەستین کردوویەتیی بە کۆڵۆنیی خەڵکانی بیانیی. هەروەها پیاوانی ئاینیی و مستەشار ئەلدەولەی وەزیری دەرەوە، نارەزایەتییان پێشاندا، بەڵام حکومەت سەبارەت بەو هەڵوێستە بوێرییەی ئەوەکەی دواییان کە دژی رێکەوتننامەکە پێشانیدابوو، هەستا بە دوورخستنەوەی بۆ شاری کاشان.

هەروەها دوکان و بازاڕەکانی هێندێك لە شارەکان داخران، بەشێك لە رۆژنامەکان وسوق ئەلدەولەی سەرەك وەزیرو هەروەها وەزیری دارایی و نێوخۆیان بە وەرگرتنی بەرتیل لەبەرامبەر مۆرکردنی رێکەوتننامەکە تۆمەتبارکرد. هێندێك بڕی بەرتیلەکەیان بە چوارسەد هەزار تمەن مەزەندە دەکرد، لەکاتێکدا دۆکیومێنتێکی نهێنیی بەریتانیی کە لە ساڵی ١٩٢٣ بڵاوکرایەوە، راستیی ئەو تۆمەتبارکردنەی پچڕاند، وسوق ئەلدەولەو دووان

[١٦] Documents of British Forieing Policy, 1919-1939- First Series, Vol.XIII- London, 1963,PP. 1120-1121.

لە سیاسەتکارە ئێرانییەکان بڕی سەدو دە هەزار دۆلاریان وەك بەرتیل وەرگرتووەو لەنێوخۆیاندا دابەشیان کردووە.[١٧]

کاردانەوەی ئێرانیی لە داخستنی بەشێك لە بازارەکانو خۆپێشاندانەکانی ناڕەزایەتییو ئەو تۆمەتانەی ڕۆژنامە ئێرانییەکان ئاراستەی سیاسەتکارە بەرپرسەکانیان دەکرد نەوەستا، زۆربەی ئەو ڕەخنانەی دەگیران لەلایەن یەکێك لە سیاسەتکارە نیشتمانپەروەرە ئێرانییەکانەوە بوو لە ڕۆژنامەی "رعد/بروسکە" بە قەڵەمی "زیائەدین تەباتەبائیی" کە سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیە بوو، ئەو گوتوویەتی:"چوار دەوڵەتە مەزنەکە لە پاریس بڕیاریانداوە کە فارس لە سایەی پارێزراوییدا بێتو ببێتە بەشی بەریتانیا". هەروەها ڕایگەیاند کە ئەمەریکا ئێرانی بێهیوا کردو پشتی تێکرد، لە ڕۆژی مۆرکردنی ڕێکەوتننامەکەوە غەمو پەژارە سەراسەری وڵاتی گرتۆتەوە. وێڕای ئەوەی کە هەمان نووسەر ماوەیەك دواتر لایەنگریی لەو ڕێکەوتننامەیە کردو بووە یەکێك لەوانەی پشتگیرییان لێدەکرد وەك پاشتر دەبینین.[١٨]

لە ئاکامی بێزاریيو ناڕەزایەتیی خەڵك، حکومەتی ئێرانیی باری نائاسایی ڕاگەیاند هەڕەشەی زینداینیکردنو دوورخستنەوەی لە ئۆپۆزسیۆن کرد. هەروەها سانسۆری توندی خستە سەر ڕۆژنامەکان، لەو بوارەشدا پشتی بە بوونی هێزەکانی بەریتانیا لە تاران ئەستوور بوو. وێڕای هەڵبژاردنی ئەندام پارلەمانی نوێی ئێرانیی، بەریتانیا لە بەدیهێنانی پەسەندکردنی ڕێکەوتننامەی ناوبراو لەلایەن پارلەمانی هەڵبژێردراوەوە شکستی هێنا، هەروەها کۆمەڵەیەکی نهێنیی ئێرانیی بەناوی

---

[17] جريدة بغداد، ٢٥ يوليو ١٩٢٦، الاهالي(جريدة)، بغداد، ٦ تشرين الثاني ١٩٥٢. و كذلك: همايون كاتوزيان، الاتجاهات الوطنية في ايران(١٩٢١-١٩٢٦) ، تعريب: هاشم قاطع، مجلة الخليج العربي، البصرة، العدد الاول، ١٩٨٤، ص ٥٨.

[18] فوزية صابر محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.



"موجازات/تۆڵە" دامەزرێنرا کە چالاکییەکانی لە غافڵکوژکردنی ئەو کەسایەتییە ئێرانییانە چڕکردبووەوە کە لایەنگری ڕێکەوتننامەکەو بەریتانیا بوون.[١٩]

ئەوەی گیانی ناڕەزایەتیی دژی ئەو ڕێکەوتننامەیە هاندا بریتیبوو لەوەی کە ناڕەزایەتیی نێودەوڵەتیی لە هەمبەر ڕێکەوتننامەی بەریتانیی-ئێرانیی ساڵی ١٩١٩ لەلایەن گرنگترین هاوپەیمانەکانی دوێنێ وە بوو، واتە فەرەنسا، ڕۆژنامەی "لاتان"ی نیمچە فەرمیی فەرەنسیی لە ژمارە ٧ی ئوتی ١٩١٩دا بڵاویکردەوە کە کاتێك حکومەتی ئێرانیی سوپای خۆی ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتیی ئەفسەرانی بەریتانیی دەکات، دارایی خۆی دەخاتە بندەستی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی بەریتانیی، ئەو کاتە حکومەت واز لە هەموو شێوازێکی دەربڕینی سەروەریی سیاسییو شەرعییەتی بوونی خۆی دەهێنێت.[٢٠] هەروەها یەکێتیی شورەویی(مەبەستی ڕوسیایە/سەردەشتیی) کە پێشتر لە سەردەمی جەنگدا هاوپەیمانی بەریتانیا بوو، ئەویش ناڕەزایەتیی خۆی بۆ ڕێکەوتننامەکەی بەریتانیی-ئێرانیی ١٩١٩ڕاگەیاندو بانگەوازێکی ئاراستەی کرێکارانو جووتیاران کرد کە تێیدا دانپێدانەنانی خۆی بۆ ئەو ڕێکەوتننامەیە ڕاگەیاند کە گەلی ئێران دیلو یەخسیر دەکاتو بەزۆر دەست بەسەر سەروەتو سامانیدا دەگرێت.

هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا توندترینی ئەو دەوڵەتانە بوو لە ڕووی ناڕەزایەتییەوە دژی ڕێکەوتننامەکە لەلایەنی ڕووخسارەوە نەك نێوەڕۆك، چونکە ئەو جیاوگی نەوتی باکووری ئێرانی دەستکەوتبوو.ئەوەی وایکرد ناڕازیی بێت تەنیا شێوازی نهێنی بەستنی ڕێکەوتننامەکە بوو، چونکە لەگەڵ ئەو شێوازە ئاشکرایانەدا ناکۆك بوو کە لەنێوان ئەو دوو

---

[19] هەمان سەرچاوە، ل ٩١.

[20] American Documents. Vol. 11- The Minester in Persia to the Secretory of State, Tel. No. 741, 91/23- August 18, 1919, P. 699.

دەوڵەتەدا بەرقەراربوو، هەروەها دژایەتیی ڕێکەوتننامەیەکی کرد کە گەلی ئێران پێی رازیی نەبێت، چونکە سەپاندنی، بەردەوامبوونی کوێخایەتییە بەسەر ئێرانەوە، لەو سۆنگەیەوە کە ئیمپراتۆرییەکە ڕێڕەوی نوێی بۆ مەبەستەکانی دۆزیوەتەوە.[21]

ئەو کاتەی بگرەوبەردەی توند سەبارەت بەو ڕێکەوتننامەیە لە دەرەوەو ناوەوەی ئێران لە ئارادا بوو، ئەحمەدشای قاجار لەگەشتەکەی خۆی بۆ ئەورووپا بەردەوام بوو کە شەش مانگی خایاند، دوای ئەوە گەڕایەوە بۆئەوەی رایبەگەیەنێت کە لایەنگریی لە سیاسەتیی وسوق ئەلدەولەی سەرەك وەزیرو ڕێکەوتننامە بەریتانییەکە دەکات، ئەوەی ناڕەزایەتیی جەماوەری دژی شا ورووژاند، بەتایبەت لەو ناوچانەی لەگەڵ یەکێتیی شورەوییدا هاوسنوور بوو، لەوانەش گەیلان و ئازەربایجان. ئەوانەی جەماوەری دانیشتووانیان پێویستیی رووخاندنی حکومەتی وسوق ئەلدەولەیان راگەیاند، یەکێتیی شورەویی ئەو رەوشەی ناڕەزایەتیی دژی بوونی بەریتانییەکانی لە ئێران بۆ خۆی قۆستەوەو هێزەکانی بەمەبەستی داگیرکردنی بەندەر ئەنزلی ئێرانیی دابەزاند، هەروەها دوای کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیی لە باکووری ئێران کرد. بە ئاشکراش پاڵپشتی رەهای خۆی بۆ جووڵانەوەی شۆڕشگێڕییەکانی گەیلان و ئازەربایجان دژی بەریتانیا راگەیاند.[22]

لەئاکامی توڕەیی جەماوەریی و رەتکردنەوەی نێودەوڵەتیی ئەو ڕێکەوتننامەیەی بەریتانیی–ئێرانیی، وسوق ئەلدەولە لە ٢٣ی ژونی ١٩٢٠ دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بە شا کردو دواتر وەزارەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتیی موشیر ئەلدەولەو بوونی کەسانێکی ئەوتۆ پێکهات کە زیاتر

[21] خیرات البیضاوي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٥.

[22] Documents on B.F.P. 1919-1939- First Series, Vol.XIII, PP.492-793.



لەگەڵ بەریتانیا هاوسۆزییان هەبوو. یەکەمین کاری وەزارەتە نوێیەکە ئەوەبوو کە هەوڵبدات توڕەیی جەماوەر لەرێگەی ئەنجامدانی دانوسان لەگەڵ بەریتانیا سەبارەت بە وەستاندنی کارکردن بە ڕێکەوتننامەی ناوبراو، هێور بکاتەوە. هەروەها بۆ پێشاندانی نیازپاکیی وەزارەتە نوێیەکە تاکو بتوانێت دانوسانی بەرایی لەگەڵ یەکێتیی شورەوییدا بکات بۆئەوەی هێزەکانی خۆی لە بەندەری ئەنزلی(ئەوەی دواتر ناوەکەی بوو بە پەهلەویی، پاشتریش دوای شۆڕش ناوەکەی وەك خۆی لێهاتەوە)بکێشێتەوە. بەریتانیا هەردوو هەنگاوەکەی پەسەندکرد.

هەروەها وەزارەتە نوێیەکە بەسەرۆکایەتیی موشیر ئەلدەولە بێهوودە هەوڵی سەرکەوتکردنی جووڵانەوەی نیشتمانیی دا، خۆپێشاندانەکان و گوتارە ناڕەزییەکانی رۆژنامەکان بەردەوام بوو، لەوکاتەدا شای ئێران لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە خۆی و وەلیعەهدەکەی ئێران بەرەو ئەورووپا جێبهێڵن، ئەوە باڵیۆزی بەریتانیا بوو کە رێگەی رۆیشتنی لێگرتن یاخود ئەوەی کە واز لە تاج و تەختی پاشایەتیی نەهێنن پێش ئەوەی بەریتانیا پەسەندکردنی ڕێکەوتننامە لە پارلەمان بەدەستبێنێت. بەڵام وەزارەتە نوێیەکەش نەیتوانی پەسەندکردنی پارلەمان بەدەستبێنێت، هەربۆیە ناچار بوو دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بە شا بکات، ئەویش پەسەندی کرد، هەرچەندە جگە لە چەند مانگێك نەبێت ئەوەندەی نەمابوو لە دەسەڵات بمێنێتەوە، ئەوەش بەهۆی پێداگریی بەریتانیاوە بوو تا ڕێکەوتننامە لەرووی کردارییەوە بسەپێنێت، بەوەی پارلەمان ناچاربکات پەسەندی بکات، ئەوەش ناکام بوو.[23]

ئنجا سپادار ئەعزەم وەزارەتێکی پێکهێنا کە "تۆرمان"ی باڵیۆزی بەریتانیی لەتاران بەشداری لە دانانی وەزیرەکانیدا کرد، بەڵام ئەویش وەك

[23] Ibid. Documents on B.F.P.P. 703.

ئەوانی دیکە لەوەدا شکستیان هێنا کە پارلمان بهێننە سەر ئەو باوەڕەی ڕێکەوتننامەی بەریتانیی فارسیی پەسەند بکات، نەسرەت ئەلدەولەی وەزیری دەرەوە پێشنیازی ئەوەی دایە باڵیۆزی بەریتانیی کە یان ڕێکەوتننامەکە بە دانەیەکی دیکەی بەسوودتر بۆ وڵاتەکەی بگۆڕن یاخود لیژنەیەکی فارسیی بەریتانیی پێکبێت بۆ نووسینی لێکدانەوەیەك بۆ ئەو هەلومەرجەی لەئارادایە، بەڵام باڵیۆزی بەریتانیا چاوی خۆی لە دوو پێشنیازە خەوان تا بێهوودە هەوڵی راکێشانی ئێرانییەکان بدات. لەکۆتاییدا باڵیۆزی بەریتانیی لە سەرەتای ۱۹۲۱دا حکومەتەکەی خۆی لەوە ئاگادارکردەوە کە لەماوەی نۆ مانگدا شەش وەزارەت دامەزراوە کە هیچیان نەیانتوانیوە پەسەندکردنی پارلەمان بۆ ڕێکەوتننامەکە بەدەستبێنن، هەربۆیە ئەو پێویستی بە کەسێکی نوێیە ئەو توانایەی تێدابێت تورەیی گەل هێوربکاتەوەو بەرژەوەندییەکانی بەریتانیاش لە ئێراندا بپارێزێت کە بۆتە خاوەن شوێنێکی نوێو سامانێکی دەوڵەمەند. پاش قسەوباسێکی زۆر بەریتانییەکان لە "ڕەزاخان"ی ئەفسەری قەوزاقدا ئومێدی خۆیان بینییەوە بۆئەوەی سەرکردایەتیی یەکەمین کودەتای سەربازیی لەمێژووی ئێراندا بکات.[24]

## دەرکەوتنی ڕەزاخانو سەرکەوتنی بە پلەبەندی وەزارەتدا( ۱۹۲۱-۱۹۲۵ )

لەسۆنگەی شکستی سیاسەتکارانی ئێرانییەوە کە لەماوەی دوو ساڵدا نەیانتوانی گەل وا لێبکەن ڕێکەوتننامە بەریتانییەکەی ۱۹۱۹ی پەسەندبکات، هەروەها پاش ئەوەی پارلەمان چەندین جار پەسەندکردنی

[24] کمال مظهر احمد، رضا المازندراني و العرش الايراني: من تاريخ تأسيس الاسرة البهلوية والخيوط الاولي لسياسة الاستعمار الجديد في الشرق الاوسط، مجلة آفاق عربية- بغداد، تشرين ثاني ۱۹۸۲، ص ٤٣.



ئەو ڕێکەوتننامەیەی ڕەتکردەوە، ئێرانییەکان لە لاوازیی دەوڵەتی قاجاریی دڵنیابوونو ئومێدی ڕێبەرایەتییەکی سیاسیی ئەوتۆیان دەکرد کە لەهزری ئەواندا خاوەن ڕێزبێتو هەستیشبکەن لایەنگرییان بۆی هەیە. بەریتانییەکانیش بەتەواویی درکیان بەوە کردبوو کە پێویستە تەختی قاجار بە ڕێبەرایەتییەکی بەهێزی ئەوتۆ بگۆڕێت کە بتوانێت ڕێزی گەلەکەی خۆی بەدەستبێنێت، هەروەها ئەوەندەش کاریگەربێت کە بتوانێت بە بایەخی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی بەریتانیی-فارسیی باوەڕ بە هاوڵاتییەکانی خۆی بێنێت. ڕووی پاڵێوراوی سەرشانۆکەش بۆ ئەوە بریتیبوو لە ڕەزاخانی سەرکردەی هێزەکانی قەوزاقی فارسیی.

ڕەزاخان توانی لە ۲۱ی فێبرایەری ۱۹۲۱ بە هاوکاریی هێندێك هێزی نێوخۆو دەرەکیی، ڕێبەرایەتیی کودەتایەکی سەربازیی سەرکەوتوو دژی تەختی قاجاریی بکات، ئەگەرچی ئەو هێزانەی هاوکاریی کودەتاکەی ڕەزاخانیان کرد لە رووی مەبەستو ئامانجەوە جیاوازبوو لەوەی پشتگیریی ناوبراو بکەن بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، بەڵام تێکڕایان لەسەر لابردنی تەختی قاجاریی لە ئێران ڕێکەوتبوونو بێ گەڕانەوە.

ڕەزاخان لەساڵی ۱۸۷۸دا لە گوندی ڕەشت ی سەربە مازندەران لەدایك بووە، باوكو باپیری لە سوپای فارسییدا ئەفسەر بوون، باوکی لە هەڵمەتی هرات لەسەردەمی ناسرەدین شادا کوژراوە، ڕەزا تا ساڵێکی تەمەنی تەواوکردبوو، دایکی ڕەزا لە بنەچەدا قەفقاسیی بوو، پاش ئەوەی روسەکان ئەو هەرێمەیان خستەسەر وڵاتەکەی خۆیان، ئەو لەگەڵ بنەماڵەکەیدا زێدی خۆیان جێهێڵاو roوویان لە مازندەران کرد، ڕەزاخان لەلایەن خاڵییەوە پەروەردە کراو لەتەمەنی پازدەساڵیدا چووە نێو سوپاوە، لەیەکێك لەو یەکانەی کە روسیا لەسەر شێوەی قەوزاقەکانی روس پێکیهێنابوو. ئەم

هێزی قەوزاقە بەهێزترین یەکەکانی سوپایان پێکدەهێنا و هێزەکانی نوێنەرایەتیی بژاردەی سوپای فارسییان دەکرد.[25]

رەزاخان خاوەن شارەزاییەکی زۆرو لێهاتووییەکی بەرزو خولیایەکی بەهێز بوو بەشێوەیەك فرە خێرا پلە سەربازییەکانی دەبڕی، چونکە وا ناسرابوو کە جەنگاوەرێکی وریایەو کەسێکی لێزانە لە هونەرەکانی جەنگدا، بەتایبەت لەکاتی ئەو جوولانەوە یاخیبووانەی دژی دەسەڵاتی ناوەندیی لە تاران روویاندا، ئەو توانایای خۆی بە باشیی پێشاندا، ئەو لە ساڵی ١٩١٥دا پلەی عەقیدی هەبوو، پاشتر لە ساڵی ١٩١٩دا بووە عەمید لە هێزی قەوزاقدا. ئەو بە فێڵو وریاییەکی زۆرەوە، بەهاوکاریی "ئارمیتاج سمیس"ی مەزنە ئەفسەری بەریتانیی، توانی گرفت لەنێو ئەفسەرە بەلشەفییەکاندا بنێتەوەو پشتگیریی روسە سپییەکان بەدەستبێنێت بۆ دەرکردنی باقی ئەفسەرە روسەکانی دیکە لە تیپی قەوزاقیی و لەشوێنی ئەوان ئەفسەری بەریتانیی بە سەرۆکایەتیی سمیس دابنێت، ئەوەی لە دەرکردنی ئەفسەرە بەلشەفییەکان لە ساڵانی ١٩٢٠و ١٩٢١ پشتگیریی لێکرد.

پێش کودەتاکەی رەزاخان بە هەفتەیەكو لە ١٤ی فێبرایەری ١٩٢١دا، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا پێشنیازێکی لە ئەفسەرێکی بەریتانیی لە لیوای قەوزاقەوە "سمیس" پێگەیشت، تێیدا داوای پێشکەشکردنی قەرزێکی لە حکومەتەکەی بۆ هاوکاریی دارایی حکومەتی فارس کردبوو، هەروەها بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی بەریتانیی-ئێرانیی لەو داواکارییەدا هاوکاریی سمیسی کردبووو داواکەی لەرووی سیاسییەوە بۆ داڕشتبووەوە. ئەو پشتگیریشی لە داواکە کردبوو، هەروەها پێشنیازێکیشی خستبووە سەر ئەویش ئەوەبوو کە قەرزی ناوبراو بۆ دەستپێداهێنانەوەی یەکە پیادەکانی فارس لە باشووری ئێران ئاراستە بکرێت، پێشنیازەکانی ناوبراو لەئاکامی

25 Donald Wilber- Contemporry Iran, London, 1963K, p. 68,69.



هەوڵێکی زۆر بوو بۆئەوەی سەرنجی سەرمایەدارە بەریتانییەکانی بایەخدار بە فارس رابکێشێتو هەمووان دڵنیا بکاتەوە کە بە بوونی راوێژکاری بەریتانیی وەك چاودێر بەسەر دارایی فارسەوە دەگونجێت بە ئاسانیی زامنی گێڕانەوەی بەهای قەرزەکە بکات.[26]

دەگونجێت گرنگترین هۆکار کە سەرنجی بەریتانییەکانی بۆ کەسایەتیی رەزاخان راکێشابێت، توانا و زیرەکییەکەی نەبێت، هێندەی ئەوە بێت کە ناوبراو رقی لە شورەوییەکان بووە، وێڕای بەرەنگاریی ناوبراو بۆ سەرجەم جوولانەوە یاخییەکانی دژی دەسەڵاتی ناوەندیی تاران بوون، هەروەها دەسەڵاتخوازیی ناوبراوو توانای سەپاندنی فەرمانەکانی بەسەر ئەفسەرانی دەوروبەری و خولیای بۆ پەرەپێدانی سوپا و چەکدارکردنی بە نوێترین پێویستییەکانی جەنگ تا ببێتە قامچییەکی بەریتانیی-وەك خۆشخەیاڵییەك کە پێیان وابوو-دژی یاخییەکانو لایەنگرانی نوێی بەلشەفییەکان.

هەروەها بۆ رەزاخانیش شاراوەنەبوو کە پێشاندانی رقوکینەی لەهەمبەر شورەوییەکانو خۆنزیککردنەوەی لە بەریتانییەکانو ناوزەدکردنیان بە هاوسەنگەران، هەمووی وەك شێوازی دەرخستنی لایەنگریی بوو بۆ بەریتانییەکان، ئەوانەی تاکە هێزی وڵاتەکەیان پێکدەهێنا. لەبەرئەوە کاتێك بەریتانییەکان لەباکووری ئێران پاشەکشەیان کرد، ژێنراڵ "ئیرۆنساید"ی پیاوی موخابەراتو یەك لە مەزنە ئەفسەرانی بەریتانیی لە ئێران، رەزاخانی لە پۆستێکی رێبەرایەتیی لە هێزی قەوزاق دامەزراند، هەروەها "سێر پێرسی سایکس" بە تاکە کەسێکی لەباری لەقەڵەم دەدا کە بتوانێت لەو کاتەدا گۆڕانی خوازراو لەئێراندا بکات.[27]

26 Documents on B.F.P. 1919-1939- First Series, Vol.XIII, P.721.

27 محمد صبیح ، شاه ایران، القاهرة، ١٩٤٠، ص ٦٩، ٧٠.

یەك لە رەگەزە رۆشنبیرەكانی ئێران كە زۆر پشتگیریی رەزاخانی كرد لە ئەنجامدانی كودەتا سەربازییەكەیدا بریتیبوو لە سەید زیائەدین تەباتەبائیبی كە یەك لە پیاوە ئاینییە رۆشنبیرەكانی شاری یەزدو یەك لە لایەنگرانی شۆڕشی دەستووریی بوو، كە یەك لەوانە بوو لەبەر پەرۆشی بۆ كەلتووری رۆژئاوا بایەخی بە كۆڵینەوەی فەرەنسا دەدا، هەروەها دامەزرێنەری رۆژنامەی "رەعد"ی لیبراڵیی لە تاران بوو. گرنگترین تایبەتمەندیشی رێزگرتنی بەریتانییەكانو رقلێبوونەوەی شورەوییەكانی دوژمنانی ئاین بوو، بەجۆرێك كە نۆرمان ی باڵیۆزی بەریتانیا لەتاران لە یەكێك لە نامە نهێنییەكانی خۆیدا بە لۆرد كیرزن ی گوتووە كە تەباتەبائیی بە باشیی لەلایەن خودی چێرچڵەوە ناسراوەو لایەنگرێكی بەپەرۆشی رێكەوتننامەكەی ١٩١٩ی بەریتانیی–فارسیی بووە. هەروەها یەكێك بوو لە ئەندامە بەرچاوەكانی ئەو لیژنەیەی كە بەریتانییەكان لە كەسایەتییە فارسییە ناسراوەكان بۆ پشتگیرییكردنی رێكەوتننامەی ناوبراو دایانمەزراند، هەرچەندە ئەولیژنەیە سەرەڕای هەوڵی بێوچانی هەروەها لە بەدەستهێنانی لایەنگریی گەل یاخود پارلەمان بۆ رێكەوتننامەكە شكستیخوارد.[٢٨]

یەك لە خولیاكانی سەید زیائەدین تەباتەبائیی بریتیبوو لە لابردنی بنەماڵەی قاجاریی و گۆڕینی ئەو رژێمەی كە لە رۆژنامەی "رەعد"دا فرە رەخنەی لێدەگرت، بەڵام ئەو بەتەنیا خۆی گۆڕانی پێنەدەكرا، هەربۆیە لە زۆربەی مەزنە ئەفسەرەكانی قەوزاق نزیك بووەوە، لەسەرو هەموویانەوە رەزاخان كە لە دەربڕینی بێزارییدا بەشداری بوو سەبارەت بە لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندیی و نەتوانایی لە جڵەوی سەرەڕۆیی شۆڕشگێڕەكانی

[28] Saiyid Athar Abbas Rizvi, Iran: Royality Religion and Revolutional,Canberra (Australia). 1980, P. 217.



هەرێمەكانو لەیاسادەرچوونی خێڵەكان لە دەروبەری شارەكاندا، هەریەك لەو دووە ئومێدی لەوی دیكەدا پەیداكرد. پەیوەندییەكانی تەباتەبائیی بە ئینگلیزەكانو متمانەیان بە ئاراستەو بۆچوونەكانی بەس بوو بۆ ئەوەی بەپەرۆشەوە پارێزگاریی لە جووڵانەوە كودەتا سەربازییە چاوەڕوانكراوەكە بكەن وەك پشتگیرییەك بۆ هاوكارییەكانی لەگەڵ بەریتانییەكان دژی شورەویی ركابەریان.

ئنجا هەلومەرجەكە بەجۆرێك بوو كە رەوشەكەی بەرەو تەقینەوە برد كاتێك ئاڵۆزیی لەنێو ریزەكانی گچكە ئەفسەرانی قەوزاقدا بەهۆی درەنگكەوتنی موچەیانەوە روویدا، رەزاخان لە ١٣ی فێبرایەری ١٩٢١دا دیمانەیەكی خێرای لەگەڵ تەباتەبائییدا لە قەزوین پێكهێنا، لەوێدا ئەركەكانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشكرد، بەجۆرێك رەزاخان سەركردایەتیی قەوزاق بكاتو تەباتەبائییش بچێت بۆ گەمارۆدانی باقی هێزە سەربازییەكانی دیكە بە پەیوەندیی كردنی بە هێزەكانی ژاندەرمەی فارسیی وەك رێگە خۆشكەرییەك بۆ كودەتاكە.

كاتێك دەمی دیارییكراو هات، رەزاخان بەخۆیو سێهەزار لە هێزەكانی قەوزاق لە قەزوینەوە بەرەو تاران كشا، ئەو بە هەشت تۆپو سیازدە رەشاش چەكداربوو، وێڕای سەد كەس لە مەزنە پیاوانی ژاندەرمە بۆ بەهێزكردنی هێزەكەی قەوزاق. هەروەها رەزاخان سەد كەسی لە قەوزاقەكان رەوانەی باشووری تاران كرد لەترسی ئەوەی نەوەك لە كۆشكەكەی ئەحمەدشای قاجارەوە یان حكومەتەكەی هیچ جووڵەیەكی سەبازیی ئەنجامبدرێت. هەروەها دووسەد قەوزاقی نارد بۆئەوەی دەست بەسەر پۆلیسی پایتەختدا بگرنو پارێزگاری باڵیۆزخانەكانی بیانیی بكەنو لە وێرانكاریی و تالآنیی لەلایەن هێزەكانی كودەتا یاخود لەلایەن خەڵكەوە بیانپارێزنو زامنیان بن.

پێش ئەوەی هێزەکانی ڕەزاخان بچێتە تارانەوە، چەند وەفدێك کە نوێنەرایەتیی شاو ئەنجومەنی وەزیرانیان دەکرد، هەروەها بۆ خۆڵکردنەچاو وەفدێکیش لە باڵیۆزخانەی بەریتانییەکانەوە بەرەو پیری ڕەزاخان چوون، هەموو ئەمانە داوایان ئەوە بوو کە ڕەزاخان بەو هێزانەوە خۆی بە تاراندا نەکات، بەلام ڕەزاخان داواکارییەکەیانی ڕەتکردەوە، ئەو جەختی لە دامەزراندنی حکومەتێك کردەوە کە بتوانێت بەلشەفیی ڕاگرێت، ئەو ڕێزی خۆی بۆ نیشتیمان‌و دڵسۆزیی خۆی بۆ ئەحمەدشا ڕاگەیاند، لەبەرئەوە ڕەزاخان سەردارێتی قەوزاقەکانی پێدراو فەرمانده‌کەی پێشووی کە "همایۆن" بوو لەو پۆستە لابرا، پاش ئەوەی هێزەکانی کودەتا بە شەو گەیشتن، لە بەرەبەیاندا توانیان دەست بەسەر ناوەندەکانی پۆست‌و بنکەکانی پۆلیسدا بگرن، ڕەزاخان داگیرکردنی پایتەختی ڕاگەیاند، داوای لە دانیشتووانەکەی کرد کە هێمنی‌و ئارامیی بپارێزن، هەمان کات، باڵیۆزی بەریتانیی سەردانی ئەحمەدشای کردو ئامۆژگاریی کرد کە کودەتاکە پەسەندبکات‌و لەگەڵ سەکردایەتییەکەیدا هاوکاریی بکات، بە پێی گوتەی نورمان، چونکە ئەوان نایانەوێت لەسەر تەخت لایبەرن.[٢٩]

ئەحمەدشا ناچاربوو کە پشتگیریی خۆی بۆی سەرکردایەتیی کودەتاکە و بەهەقیی داواکارییەکانیان ڕابگەیەنێت، دواتر دەستلەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی سوپادار ئەعزەمی ڕاگەیاندو دامەزراندنی وەزارەتی تەباتەبائیی‌و ڕەزاخانی ڕاگەیاند، هەروەها باری نائاسایی‌و قەدەغەبوونی کۆبوونەوەکان‌و هاتووچۆی ڕاگەیاند. تەباتەبائییش هەڵسا بە داخستنی ڕۆژنامەی ڕەعد بەو بیانووەی کە ئەرکەکەی خۆی بەدیهێناوە. دواتر ڕۆژنامە نەتەوەییەکانی بەهەڕەمەکیی داخست تاکو بتوانێت لە هەلومەرجە نوێیەکەو

[29] Documents of British Forieing Policy, 1919-1939- First Series, Vol.XIII, P. 564(Memorendam of Persian Situation by Mr. Churchill),688-691,692.



ئاراستەی سیاسیی ئەو ڕۆژنامانە بکۆڵێتەوە، هەروەها سەرکردایەتیی کودەتا، هێندێك لە فەرمانگە حکومییەکانی داخست لەسەرو هەموویانەوە پۆست‌و تەلەگراف، بۆئەوەی هەرێمەکان پەیوەندیی بەیەکترەوە نەکەن...کودەتاچییەکان بەتوندیی دەستیان بەسەر دەوڵەتی قاجارییدا گرت پاش ئەوەی "وستدهال"ی سویدی سەرکردەی ژاندەرمەریی پشتگیریی کودەتاچییەکانی کرد، ئەوەی وای لە ڕەزاخان‌و تەباتەبائیی کرد کە زیندانییانی سیاسیی ئازاد بکەن‌و ڕێگە بە ڕۆشنبیرە ئێرانییەکان بدەن کە لە دەرەوە بگەڕێنەوە بۆئەوەی لە وڵاتەکەیاندا بژین.[٣٠]

وەزارەتی نوێ لە کەسایەتییەکانی کودەتاکە پێکهات، تەباتەبائیی سەرۆکایەتیی وەزارەتەکەی وەرگرت، ڕەزاخانیش سوپا، کازم خانی سەیاح بوو بە فەرماندەی سەربازیی تاران. ئەو دەستیکرد بە هەڵمەتێکی پاکسازیی کە مەزنە پیاوەکانی دەوڵەتی گرتەوە بە تۆمەتی گەندەڵیی، کە ژمارەیان گەیشتە سێسەد کەسایەتیی. هەروەها بەهەمان هۆکار دەست بەسەر بەشێك لە ماڵ‌وموڵکی ئەریستۆکراتیی فارسیی لایەنگریی شاهەنشاهییدا گیرا. بەڵام ئامانجی کودەتاچییەکان بەدەستهێنانی سەرچاوەی دارایی نوێ بوو، لەو کاتەدا کە ڕەزاخان یەکەمین بەیانی بە واژۆی خۆیەوە دەرکرد، جەختی لەوەکردبووەوە کە ئەو کارانە بۆ پاراستنی شای قاجاری و بەهێزکردنی سوپاو دانانی فارس لە شوێنی بیانییەکان لە ریزەکانی سوپادا بۆ پاراستنی دەوڵەت‌و گەل لە بڵاوبوونەوەی بەلشەفییزم کراون.[٣١]

هەموو بەڵگەکان جەختیان لەوە دەکردەوە کە باڵیۆزخانەی بەریتانیی پێشتر ئاگاداریی کودەتاکە بوون‌و پاڵپشتییان کردووە، بەڵکو لەگەڵ

[30] كارل بروكلمان، تأريخ الشعوب الاسلامية، تعريب: نبيه امين فارس و امين البعلبكي،ج١، الطبعة السادسة، بيروت، ١٩٧١، ص ٧٩٢.

[31] عبد العزيز نوار، تاريخ الشعوب الاسلامية، بيروت، ١٩٧١، ط١، ص ٤٩٩.

رەزاخانیشدا بەشدارییان بۆ ئامادەکاریی ئەنجامدانی کردووە، ئیرۆنساید لە بیرەوەرییەکانیدا گوتوویەتی کە ئەو :" بڕوای بەوە هەبووە کە دیکتاتۆرییەتێکی سەربازیی بەهێز دەتوانێت ئێران لە ئەگەری قەومانی شۆڕشێکی بەلشەفیی رزگاربکات". لەبەرئەوە لە ٣١ی یەنایەری ١٩٢١دا چاوی بە رەزاخان کەوتووەو زانیویەتی مەبەستی کودەتای هەیە. دواتر لە ١٢ی فێبرایەری هەمان ساڵدا جارێکی دیکە بینیویەتی و پشتگیریی خۆی بۆ کودەتاکە راگەیاندووە بە مەرجێك تەختی ئەحمەدشا پارێزراوبێت، رەزاخانیش بەڵێنی ئەوەی پێداوە بەڵێنەکەی جێبەجێ بکات. هەربۆیە ئیرۆنساید لەگەڵ شادا چاوپێکەوتنی کردو داوای لێکرد لەگەڵ رەزاخاندا هاوکاریی بکات، بەڵام شا ئامۆژگاریی ئەفسەرە بەریتانییەکەی پشتگوێخست، ئەوەی بڕیاریدا سەفەری بەغدا بکات بۆئەوەی گومانی هاوکاریی لەگەڵ کودەتاچییەکان دووربخاتەوە.

هەروەها دۆکیومێنتە بیانییەکان جەخت لە بەشداریی باڵیۆزخانەی بەریتانیی لە کودەتاکەدا دەکەنەوە بەوەی کە پێویستییە داراییەکانی رەزاخانیان دابینکردووەو هەڵساوە بە پێدانی چل هەزار تمەن بۆ کڕینی پۆشاك بۆ پیاوانی کودەتا، هەروەها شەست هەزار تمەنی دیکە بۆئەوەی لەرێگەی قەزوینەوە بەرەو تاران خەرجی بکەن، هەروەها پاش چەندین ساڵ، سمیس جەختی لەوە کردۆتەوە کە ئامۆژگاریی داوەتە رەزاخان. دەگونجێت دەربڕینەکەی چێرچڵ سەبارەت بە رەزاخان لە رۆژی لابردنەکەیدا لەدەسەڵات و تەختی پاشایەتیی لە ساڵی ١٩٤١دا، کە گوتی:"ئێمە خۆمان لەسەر تەختی ئێرانیی دامانناو هەر خۆشمان لامانبرد"[٣٢]، ئەوە دەسەلمێنێت کە بەریتانیا هەر لەسەرەتاوە تا سەرکەوتنی، پاڵپشتیی کودەتاکەی کردووە.

32 William, H. Fobis: Fall of the Pecook Throne, New York, 1980,P. 43.



سیاسەتی حکومەتی کودەتای یەکەم چەندین دروشمی بریقەداری بەمەبەستی راکێشانی لایەنگریی جەماوەر گرتبووەخۆ، تەباتەبائیی خواستی حکومەت لە لابردن و نەهێشتنی نەهامەتییەکانی خەڵك و دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران و چاکسازیی گەندەڵیی حکومیی و پەرەپێدانی سوپا راگەیاند، هەروەها لەسەر ئاستی دەرەوە، هەڵوەشاندنەوەی دادگای کۆنسوڵییەکان و دانانی دادگای نیشتمانیی لەشوێنی بە یەك لە گرنگترین ئەرکەکانی پاراستنی مافەکانی بیانیی و هاوڵاتییانی وەك یەك راگەیاند، هەروەها رێکەوتننامەی بەریتانیی–فارسیی ساڵی ١٩١٩ی رەتکردەوە بۆئەوەی لەمپەرە دەرونییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت لابەرێت و بواری نوێ بۆ هاوکاریی بکاتەوە لەنێوان دۆستەکاندا نەك وابەستە.

لەراستییدا رەتکردنەوەی رێکەوتننامەکە بێ رەزامەندیی بەریتانیا نەبوو، بەڵکو دەگونجێت دەرفەتێکی زیاتری بۆ دەستێوەردانی بەریتانییەکان لە کاروباری ئێران بەشێوەیەکی ئاشکرا نەکراو پێشکەشکردبێت، ئەوەش لە ترسی بەلشەفییەکان. لەبەرئەوە رێکەوتننامەی نوێ لەساڵی ١٩٢١دا لەگەڵ روسیای شورەوییدا مۆرکرا، کە کودەتاچییەکان زیاتر سوودیان لێبینی، روسیای شورەویی دەستی لە هەموو ئەو جیاوگانە هەڵگرت کە حکومەتی تزاریی لە ئێران بەدەستیهێنابوو، روسەکان بڕیاریاندا دەست لە کاروباری نێوخۆی ئێران وەرنەدەن، پشتگیریی خۆیان بۆ کۆمارەکانی گەیلان و ئازەربایجان کێشایەوە، ئەوەی زەمینەی بۆ رووخاندنیان خۆشکردو دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی لە تاران بۆ ئەو ناوچانە گێڕایەوە، هەروەها ئێرانییەکان پەیمانیاندا کە جیاوگ بەهیچ لایەنێکی سێیەم نەدەن وا بکات زیان بە بەرژەوەندییەکانی شورەویی بگەیەنێت، دەگونجێت ئەم بەندەی کۆتایی لەلایەن روسیاوە وەك بیانوویەك لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیی

بەکارهێنرابێت وەك دواتر باسی لێوەدەکرێت، بەڵام قۆناغێکی ئاشتیی لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا فەراهەم کرد.[33]

لە ئاکامی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتننامەی بەریتانیی-فارسیی، هێزەکانی بەریتانیا لە فارس پاشەکشەیان کردو هێزێکی بچووکی خۆیان لە قەزوینی باکووری ئێران هێشتەوە، وێڕای پاڕانەوەکانی ئەحمەدشا بۆ مانەوەی ئەو هێزانە بۆئەوەی تەختی لەرزۆکی بپارێزن. هەرچەندە پاشەکشەی هێزە فەرمییەکانی بەریتانیی ڕێگەی لەوە نەگرت کە تەباتەبائیی سەرۆك وەزیری نوێ داوای راوێژکاری دارایی و بیست ئەفسەری بەریتانیی بۆ ڕێکخستنی کاروباری دارایی و سوپای ئێرانیی بکات، وێڕای ژمارەیەك لە ئەفسەرانی سودیدیی بۆ پەرەپێدانی ژاندارمەریی لە باکووری ئێران.

بۆ رازییکردنی دەوڵەتانی بیانیی دیکە، سەرۆك وەزیر داوای راوێژکارو چوار یاریدەدەری فەرەنسیی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وەزارەتی داد کرد، هەروەها راوێژکارو دە یاریدەدەریش بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵی ئێران، بە هەمان شێوەش بۆ بەرزرکردنەوەی ئاستی دەزگاکانی پۆستو تەلەگراف . بەوەش سەرۆك وەزیر گەلەکۆمەی دەوڵەتانی بیانیی دژی خۆی زامنکرد. یاخود ئەوەی کە بە لایەنگریی بەریتانییەکان تۆمەتباری بکەن کە پشتگیریی کودەتاکەو هەروەها سەرۆك وەزیرییەکەیان کرد.

ڕەوشە کۆمەڵایەتییەکە، وێڕای هەوڵە چاکەکانی وەزارەتی نوێو دروشمەکانی پەرەپێدانو نەهێشتنی نەهامەتییەکانی جەماوەر، گۆڕانی بەسەردا نەهات، ئەوەی بووەهۆی توڕەیی خێڵەکانی ئێرانو سەرەتای شەپۆلێکی ئاڵۆزیی لە باکوور دروستکرد، پاش ئەوەی وەزارەتەکە هەوڵیدا گەنجینەی خۆی بە سەپاندنی باجی نوێی شارەوانیی پڕبکات، هەروەها بە

[33] احمد باسل البياتي: اهمية موقع ايران الجغرافي لأمن الاتحاد السوفيتي و اثر ذلك عليى علاقات البلدين ١٩١٨-١٩٤١، الموصل، العراق، ١٩٨٣، ص ١٥-١٦.



دەرکردنی پارە کاغەزیی نوێ لەڕێگەی زامنکردنی داهاتی زەوییەکانی میرییەوە. دواتر ئازادکردنی زیندانە سیاسییەکان لەبەرامبەر قەرەبوویەك کە بڕە پارەیەکی یەکجار زۆر بوو، ئەوەی گیانی بێزاریی لە شارو لادێدا بڵاوکردبووەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی نرخی خۆراكو کەلوپەلە پێویستییەکانی هاوڵاتیان بەرزببووەوە، هەرچەندە رەزاخان ئۆباڵی نالەباریی رەوشەکەی خستە ملی زیائەدین تەباتەبائیی، ئەوەی وای لەوەی دواییان کردبوو نەتوانێت کاروهەڵسوڕانی خۆی ئەنجام بدات. ئەوەش بووە هۆی نەمانی متمانەی بەریتانییەکان بە توانای ناوبراو سەبارەت بە لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی فەرمانڕەوایەتییو بەڕێوەبەردنی کاروبارەکانی دەوڵەت لە کاتێکدا کە ئێران تێیدا پێویستی بە جێگیریی هەبوو. هەروەها هێزەکانی بەریتانیی پێویستیان بە پشتگیریی هەبوو تا لەو وڵاتەدا بێ ناڕەزایەتییەکی جەماوەریی بمێننەوە.[34]

وێڕای جیاوازیی بیروبۆچوونیان، ڕێگا لەبەردەم رەزاخاندا بۆ خۆرزگارکردن لە تەباتەبائیی تەخت نەبوو، بەڵام ئەو سەرکردە خاوەن خولیایەی سوپا ماوەی ناڕەزایەتیی جەماوەریی لەهەمبەر رکابەرەکەی لە دەسەڵاتدا قۆستەوە، وێڕای سوپا، دەستی بەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەتدا گرت، چونکە رەزاخان جەختی لەوە دەکردەوە کە لە کۆبوونەوە گرنگەکاندا ئامادەبێتو خۆی لە کاروبارە بایەخدارەکان هەڵقورتێنێتو پلان بۆ جووڵانەوەی دابڕێژێت. رکابەریی لەنێوان ئەو دووانەدا ئەو کاتە زەقبووەوە کاتێك رەزاخان هەوڵیدا یەکەکانی ژاندارم کە سەر بە وەزارەتی نێوخۆ بوو، بخاتە سەر وەزارەتی جەنگ، کاتێك پێی لەوبارەیەوە داگرت، تەباتەبائیی ناچار بوو وێڕای سەرکردایەتیی هێزەی قەوزاق، بیکاتە وەزیری جەنگ، بەو هیوایەی لە ئامانجەکەی دووری بخاتەوە، ئەو بەم کارەی بێئەوەی بزانێت

[34] کمال مظهر احمد، رضا المازندراني و العرش الايراني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

وایکرد ڕێگە لەبەردەم ڕەزاخاندا بکرێتەوە بۆئەوەی سیاسەتەکانی بێنێتەدی‌و دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئامرازەکانی سەرکوتی نێوخۆیی‌و دەرەکیی وەك یەك بسەپێنێت.

ئنجا پێکهەڵپرژانی هەدوو ڕکابەرەکە سەبارەت بە بەکارهێنانی ڕاوێژکاری بیانیی بە گشتیی‌و بەرتانیی بە تایبەتیی لە سوپاو قەوزاقدا ڕوویدا. لەوکاتەدا کە تەباتەبائیی پێی لەسەر ئەوە دادەگرت ڕاوێژکار بۆ ڕاهێنانی سوپا بهێنرێت، ڕەزاخان بە قۆستنەوەی بێزاریی جەماوەر لەهەمبەر بیانییەکان بەرهەڵستی ئەو کارەی دەکردو نەتەوەیی سوپای ڕاگەیاندو خۆی لە ئەحمەدشا لاو نزیك کردەوەو دژی تەباتەبائیی دنەی دەدا، تا گەیشتە ئەوەی شا فەرمانی لێخستنی وەزارەتەکەی دەربکات، بەوەش تەباتەبائیی ناچاربوو لە سایەی پاراستنی ئینگلیزەکاندا ڕێگەی بەغدا بگرێتەبەرو مەیدانەکە بۆ ڕەزاخان چۆڵ بکات. ڕەزاخان وەك پاساوهێنانەوە بۆ کارەکەی پلانێکی ڕاگەیاندنی مەزنی پرۆپاگەندەیی ئامادەکردبوو بۆئەوەی کەموکورتیی قۆناغەکەی پێشووو پۆخڵەواتی سەرەك وەزیری دەستلەکارکێشاوە ئاشکرا بکات، تەنانەت ئێرانییەکان ئەمەیان بە کودەتای دووەم بەسەر دەسەڵاتدا لە قەڵەم دەدا، وا دەردەکەوت کە ئەو ڕزگارکەری دەوڵەت بێت‌و نەیەڵێت لەناوبچێت، ئەو بەرەنگاریی نفوزی بیانیی لە وڵاتدا دەبێتەوە، ئەوەش جەماوەریی ئەوی لە وڵاتدا زێدەتر کرد.[٣٥]

ئەحمەدشا، وێڕای چاوەڕوانیی زۆربەی چاودێرە سیاسییەکان، بەدانانی ڕەزاخان لە پۆستی سەرەك وەزیر ڕازیی نەبوو، چونکە لە دەسەڵاتخوازیی بەهێزی ناوبراو دەسڵەمییەوە، ئەو قەوام ئەلسەڵتەنەی برای وسوق ئەلدەولەی سەرەك وەزیری پێشووی کردە سەرۆکی وەزارەتە نوێیەکە.

[35] هەمان سەرچاوە، ل ٤٩.



ڕەزاخان هیچ ناڕەزایەتییەکی پێشان نەدا، بەڵکو ئەو ماوەیەی قۆستەوە بۆئەوەی پەیوەندیی خۆی بە پارتی ئیسلاحەوە پتەو بکات، ئەو پارتەی ئەندامە ئەریستۆکراتەکانی ئێرانیی گرتبووەخۆو توانیبووی لەو ماوەیەدا زۆر لەوانە بگێڕێتەوە نێو ڕیزەکانی، بەتایبەت کە ڕەزاخان زۆر لەوانەی لە زیندان دەرهێنا بوو، لەنێو ئەوانەدا خودی قەوام ئەلسەڵتەنەی سەرەك وەزیر کە بەوە ناسرابوو دۆستایەتیی بەریتانییەکانی پێ خۆش یوو، هەروەها خۆی بە قەرزارباری ڕەزاخان دەزانی کە لە زیندان دەریهێنابوو.

وێڕای لایەنگریی قەوام ئەلسەڵتەنە بۆ بەریتانییەکان، هەروەها ڕەزاخان خۆی وا پێشاندەدا کە پاڵپشتیی دەکات، بەڵام گوتاری ڕۆژنامەکان هیچ کات لە هێرشکردنە سەر نفوزی بەریتانییەکان لە ئێراندا نەوەستان، کۆمپانیا بازرگانییە بەریتانییەکانیان بە دەستبەسەرداگرتنی بژێوی گەلی ئێران تۆمەتبار دەکرد. بەریتانیاش لەلایەن خۆیەوە هێزە نیشتمانییەکانی بەوە تۆمەتباردەکرد کە هەر لەکاتی بەستنی ڕێکەوتننامەی ١٩٢١ەوە ملکەچی سیاسەتی شورەویین دژی بەریتانییەکان.

لەبەرامبەر ئەم تۆمەتبارکردنەی ئەو دوو لایەنە بۆ یەکتری کە لە گوتاری ڕۆژنامەکانی هەر دوو وڵاتدا دەردەکەوت، لۆرد کیرزن ناچاربوو "هیرمان نۆرمان"ی باڵیۆزی وڵاتەکەی لە تاران بگۆڕێت‌و لە شوێنی ئەو سێر "پێرسی لورین" ی دانا‌و ڕایگەیاند کە تێکچوونی پەیوەندییەکان‌و لەدەستدانی متمانە لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا، لەئاکامی بەدهەڵسوڕانی باڵیۆزی ناوبراوەوە بوو، هەربۆیە زنجیرەیەك کارو کردەوەی نوێ لەگەڵ حکومەتی ئێرانییدا گیرایەبەر.[٣٦]

[36] Goedon Water Field, Professional Diplomte Sir Percy Loraine of Kirk, harlebt 1880-1961, London, 1973, P.55.

حکومەتی بەریتانیی رایگەیاند کە ئارەزوودەکات تەواوی قەرزەکانی خۆی بێ کەمکورتیی لە ئێران وەرگرێتەوە، هەوڵیشیدا هێندێك لە خێڵەکان بەهێز بکات، لەنێویاندا بەختیارییەکان، هەروەها پرۆپاگەندەی ئەوتۆی بڵاوکردەوە کە خوازیاری پێکهێنانی(یەکێتییەکی هاوپەیمانییە) لەنێوان خێڵەکانی باشووری ئێراندا، باکووریش بۆ شورەوییەکان جێدەهێڵێت بە ویستی خۆیان یاری تێدا بکەن. رەزاخان ئەم هەڵوێستەی بەریتانییەکانی سەبارەت بە جێهێڵانی باکوور قۆستەوە بۆ داواکردنی دووهێندەکردنی بودجەی سوپا بەمەبەستی بەهێزکردنی. هەروەها لەسەر ناردنی ئەفسەران بۆ بەریتانیا بەمەبەستی راهێنان پێی داگرت، هەروەها داوای یەکخستنی سیستمی سوپا و هەڵوەشاندنەوەی هێزی پیادەی باشووری فارسی کرد، ئەوەی پێشتر بەریتانییەکان لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانییدا دایانمەزراند، هەروەها ئیدعای ئەوەیکرد کە سوپا توانای پاراستنی باکووری وڵاتی هەیەو دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی نەوتیی بەریتانیا زامنبکات گەربێتو داواکانی سەبارەت بە کاریگەریی سوپا وەڵامی ئەرێیی بدرێتەوە، بۆ پاراستنی ئەو ناوچانەی کە هێزەکانی بەریتانیی بە چۆڵی جێیانهێشتووە بێئەوەی هێزێك مابێتەوە ئەو ناوچانە بپارێزێت.

گرفتو ماندووبوونەکانەی وەزارەتەکەی قەوام ئەلسەڵتەنە لەبەردەم چالاکیی پارتە سۆشیالیستەکانی باکوور زێدەبوو، هەروەها بەدبەڕێوەبەرایەتیی دارایی لەو کورتهێنانەی بودجەدا دەرکەوت کە نەیدەتوانی موچەو خەرجیی سوپا دابینبکات. قەوام ئەلسەڵتەنە ناچاربوو بۆ پێدانی موچە بە سوپاو کارمەندی حکومەتەکەی، داوای قەرز لە بەریتانیا بکات، بەڵام بەریتانیا هەڵوێستەکەی قۆستەوەو هەوڵیدا بوارەکە لە قەوام ئەلسەڵتەنە بەرتەسك بکاتەوە، بەوەی پێی دادەگرت کە بەرلەدانی قەرزی نوێ دەبێت ئێران قەرزە کۆنەکانی بداتەوە. لێرەوە بیرۆکەی هاوکاریی لەگەڵ



وڵاتە یەکگرتووەکان دەرکەوت کە زۆری نەبرد کەوتە سەر ئەو خەیاڵەی بەناوی دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی خاڵیی دەوڵەتو کردنەوەی بازاڕی نوێ بۆ نەوتی خاو، ئارەزووی دەرهێنانی نەوتی ئێران بکات.

لەبەرئەوە قەوام ئەلسەڵتەنە پێشنیازی ئەوەی خستە بەردەم ئەمەریکییەکان کە قەرزێکی پێنج ملیۆن دۆلاری بدەنێ لەبەرامبەر سوود وەرگرتنی ئەمەریکییەکان لە نەوتی ناوچەکانی باکووری ئێران بۆ ماوەی پەنجا ساڵ، رێکەوتننامەیەکیش لە یەنایەری ١٩٢٢ بۆ ئەو مەبەستە مۆرکرا. کۆمپانیای"ئیستاندەرد ئۆیڵ" ئەو دەرفەتەی لەدەست نەداو دەستبەجێ کەوتە هەڵکەندن. پارلەمان بە ئاسانیی ئەو رێکەوتننامەیەی پەسەند نەکرد، چونکە بەریتانییەکانو روسەکان، وێڕای مێژووی درێژیان لە ئێران، لە بەدیهێنانی جیاوگێکی بەو مەزنییە شکستیانخواردبوو، هەربۆیە جیاوگەکە هەڵپەسێردراو پارلەمان کاری بۆ پەسەندکردنی نەکرد.

سەرکەوتنی قەوام ئەلسەڵتەنە لە دەرچوونی لەو قەیرانە داراییە کینەی رەزاخانی لێ ورووژاندو هەوڵی دەدا بوارەکەی لێ تەسك بکاتەوە، بە بیانووی کردنەوەی دەرکەی وڵات بە رووی بیانییدا، ئەوەی قەوامی ناچارکرد دەست لەکار بکێشێتەوە، دواتر موشیر ئەلدەولە وەزارەتێکی نوێی دامەزراندا، پۆستی وەزیری جەنگی بۆ رەزاخان دانایەوە بەو هیوایەی لەجیاتی دوژمنایەتیی بەلای خۆیدا رایبکێشێت.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش، ئەو هەنگاوە مەزنەی کە نابووی بۆ دەستبەسەرداگرتنی نەوتی باکووری ئێران وایکرد پشتگیریی سیاسەتەکانی بکات کە لەسەر بنەمای "دەرکەی کراوە"بنیاتنرابوو.[37]، بەتایبەت ئەو

[37] مەبەست لە سیاسەتی دەرکەی کراوە ئەو چەمکەیە سیاسییەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەر لە ساڵی ١٨٩٩وە بانگەشەی بۆ دەکرد، کاتێك چین دەرکەی لەبەردەم بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکادا کردەوە بە هەمان شێوەی دەوڵەتەکانی دیکە، هەروەها کۆمپانیاکانی

رێکەوتننامەیەی ڕێگەی ئەوەی بۆ تەخت کردبوو کە هێدی هێدی دەست بەسەر نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرێت، زەمینەی ئەوەشی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خۆشدەکرد کە جێ بە بەریتانیای هاوپەیمانی لێژ بکات و لە ڕووی بوون و دەسەڵاتی ئابووریی و دواتر سیاسییدا لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەند شوێنی بگرێتەوە.

ڕەزاخان هەمان شێوازە سونەتییەکانی خۆی بەکارهێنا بۆ ئاراستەکردنی هێندێك ڕۆژنامە دژی سیاسەتەکانی وەزارەت و ڕەخنەگرتن لە سەرەك وەزیری نوێ و پێشاندانی بەدکارگێڕیی دەوڵەتەکەی، بەوەش موشیر ئەلدەولە بڕێکی باش سەرزەنشی ڕۆژنامەنووسانی بەرکەوت. بەڵام هێندێك ڕۆژنامە لەوانە"طوفان"و "ستارەء ایران" هێرشی توندیان کردەسەر ڕەزاخان، بەجۆرێك ڕۆژنامەی یەکەم ئەوی بە چەوساندنەوەی ئۆپۆزسیۆن تۆمەتبارکرد، ئەوەکەی دووەمیشیان ڕایگەیاند کە ڕەزاخان داڕێژەری کودەتاکە نەبووە بەڵکو تەباتەبائیی سەرکردەی ڕاستیینەی کودەتاکە بووە، ئەوەی ڕەزاخانی ناچارکرد بە ئاشکرا بەرپرسیارێتیی خۆی سەبارەت بە کودەتاکە لەڕووی سیاسیی و سەربازییەوە ڕایبگەیەنێت. هەروەها هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی دژی ئەو قەڵەمانە کرد کە ڕاستەوخۆ قسە لە کەسێتیی ئەو دەکەن یاخود بە ڕەخنە و نووسینی زبر لە بەهای هێزەکانی قەوزاق کەمدەکەنەوە.

لەئاکامی بەردەوامبوونی ڕۆژنامەکان لە ئاراستەکردنی ڕەخنە بۆ وەزارەتی جەنگ و هەروەها ڕەزاخان، بەوەی ئەوەی لەسەر کرابووە ڕەخنە کە زۆرترین بەشی بودجەی دەوڵەت بەمەبەستی خەرجکردنی بۆ سوپا و ژاندارم دەبات، لەکاتێکدا خەرجکردنی بودجە بۆ پەروەردە یاخود بەرزکردنەوەی

---

ئەمەریکی هەمان چەمکی چەندبارە دەکردەوە کاتێك هەوڵیدەدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جیاوگی نەوت بەدەستبێنێت.



ئاستی کۆمەڵایەتیی دانیشتووان پشتگوێخراوە، و هاوڵاتیان هیچ هەستێك بە خۆشگوزەرانی ئابووریی و تەنانەت دابینکردنی بژێوی ڕۆژانەیان ناکەن، لە ئاکامی هەموو ئەمەدا ڕەزاخان-بێ ئاگاداریی سەرەك وەزیر- چوار ڕۆژنامەی ڕۆژانەی داخست کە (ستارەء ایران، طوفان، ستارەء سرخ و حقیقت) بوو. کاتێك موشیر ئەلدەولە سەبارەت بەو کارەی ڕەزاخان ناڕەزایەتیی دەربڕی، هەڕەشەی ئەوەی لێکرد کە لە چوونەژوورەوەی بۆ نێو ئەنجومەنی وەزیران ڕێگریی لێدەکات و نایەڵێت چالاکییە جێبەجێکردنەکانی ئەنجام بدات، بەوەش موشیر ئەلدەولە ناچاربوو دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بکات، لەو کاتەدا ئەحمەدشا بۆ چارەسەریی تەندروستیی لە دەرەوە بوو، کاتێك هەواڵی قەیرانەکەی لە دەرەوە پێگەیشت، داوای لە ڕەزاخان کرد کە لەماوەی قەیرانەکەدا نەزم و ئاسایش بپارێزێت، ئەوەش پێگەی ناوبراوی لەنێو جەماوەردا پتەوتر کرد، بەتایبەت لەکاتێکدا توانی لەماوەی توندبوونی قەیرانی دانەوێڵە و کەمبوونی ئارد لای بازرگانەکان لە پایتەخت و هەرێمەکاندا دانەوێڵە دابین بکات و وابکات خەڵك بە ئاسانی و ڕێکوپێکی دەستیان بکەوێت.[38]

پارلەمان لەئاکامی دەستلەکارکێشانەوەی قەوام ئەلسەڵتەنە کۆبوونەوەو پاش مانگێك لە وازهێنانەکەی، بەزۆرینەی دەنگ پێشنیازی دووبارە گەڕانەوەیان کرد. لە ئاکامی ناڕەزایەتیی بەریتانیا لەبەرامبەر بەدەستهێنانی جیاوگی نەوتی باکوورەوە لەلایەن کۆمپانیای ئەمەریکی "ئیستاندەر ئۆیل"، داوای لە حکومەتی قەوام ئەلسەڵتەنە کرد کە کۆمپانیای "ئەنگلۆ -ئێرانیی" لە دابەشکردنی نەوتی باکووردا لەگەڵ کۆمپانیا ئەمەریکییەکەدا بەشداریی بکات، بەڵام کاتێك پرۆژەکە خرایە بەردەم پارلەمان، بەشداریی بەریتانیی بەشێوەیەکی ڕەها ڕەتکرایەوە و ڕۆژنامەکان کەوتنە هێرشکردنە سەر ئەو

---

[38] فوزیة صابر محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧.

هەولە بەریتانییە. هەروەها روسیای شورەویی بە رفەرمیی ناڕەزایەتیی لەدژی دەربڕی، قەوام ئەلسەلتەنە ناچاربوو کە رۆژنامە ئۆپۆزسیۆنەکان دابخات، بەلام دەستی لە رێکەوتننامە ئەمەریکییەکە نەداو پەسەنکردنەکەشی بە هەلپەسێردراوی هێشتەوە.

کریکارانی ئەو رۆژنامانە پاش داخستنی رۆژنامەکانیان هەستیان بە پەککەوتن کرد، هەربۆیە کرێکارانی چاپخانە خۆپیێشاندانێکیان دژی داخستن‌و بێکارکردنی کرێکاران رێبەرایەتیی کرد، ئەو خۆپیێشاندانەی لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام پارلەمانەکانەوە پشتگیریی لێکرا، یەکێتیی شورەویش هاوسۆزیی لەهەمبەر پێشاندا، هەروەها زۆربەی رێبەرانی ئۆپۆزسیۆن‌و لایەنگرانیان لە دەولەتدا. لەهەمان کاتدا، رەزاخان توندبوونی ئەو ناڕەزایەتیی‌و بێزارییەی دژی قەوام سەلتەنە هەبوو بۆ قوولکردنەوەی دەسەلاتەکانی قۆستەوە بەو سیفەتەی وەزیری جەنگە، هەروەها بۆ دەستێوەردان لە کاروباری وەزارەتەکانی دیکە، وێڕای ناڕەزایەتیی‌و رەتکردنەوەی بەردەوامی سەرۆك وەزیر، هەروەها بالیۆزی بەریتانیاش لە تاران، ئەوەی بەردەوام ئامۆژگاریی رەزاخانی دەکرد خۆی لەو شتانەوە هەلنەقورتێنێت کە پەیوەندیی بەوەوە نیە بەلام بێسوود بوو، وەزیری جەنگ هیچ گوێی بەو ئامۆژگارییانە نەداو دەستی لە هەموو کاروبارەکانی دەولەت وەردەدا، ئەو توانی لە پارلەماندا هاوپەیمانییەك بە ئامانجی لابردنی کابینەی دووەمی قەوام ئەلسەلتەنە پێکبهێنێت.[39]

بەوەش قەوام ئەلسەلتەنە ناچار بوو لە ٢٥ی یەنایەری ١٩٢٣دا دەست لەکار بکێشێتەوە. رەزاخان دوای سەرۆك وەزیرانی بۆخۆی نەکرد، بەلکو "مستەوفی ئەلمەمالیك"ی پالاوت، ئەوەی لەلایەن کەسایەتییە چەپ‌و زۆربەی

[39] I.O.R.L/Pts/10/1017- Confidentil, British Government Archives, No.1,E-1110/77/34, from p. Loraine to Cirzon. December, 11, 1922,p.1.



رێبەرانی ئۆپۆزسیۆنەوە لایەنگریی دەکرا، پارلەمان لە هەلبژاردنی ئەو پالیوراوەدا سەرکەوت، مستەوفی ئەلمەمالیك رایگەیاند کە کار بۆ پتەوکردنی گەنجینەی دەولەت دەکات لەرێگەی سەپاندنی باجی ناڕاستەوخۆوە، باجی دیکەش بەسەر زەوییەکانی میریی، هەروەها بەلێنی چاککردنی ئاستی گوزەران‌و باشکردنی ئاستی سوپا کرد، ئەوەی رۆلی هەبووە لە پالاوتن‌و هەلبژاردنی بە سەرەك وەزیر، هەروەها هەولیدا کۆتەکانی بازرگانیی ئێرانیی بکاتەوە، هەروەها لای شورەوییەکان هەولیدا کە هێندێك قەرزی بازرگانیی لەسەر ئێران لابەرن. بۆئەوەی لەو هەولەی سەرکەوتن بەدەستبێنێت، هەستا بە کردنەوەی بانکی روسیی لە تاران، هەروەها متمانەی پارلەمانی دەستکەوت بەوەی مافی سەرلەنوێ دانوسانی لەگەڵ کۆمپانیای ئەمەریکی سەبارەت بە جیاوگی نەوتی باکوور پێبەخشی.

وێڕای دەستکەوتەکانی وەزارەتەکەی مستەوفی ئەلمەمالیك، بەلام سیاسەتی رەزاخانی وەزیری جەنگەکەی[40] ناڕەزایەتییەکی توندی لە ئەنجومەندا لێکەوتەوە کە "مودەریس"[41]سەرکردایەتیی دەکرد. پاش ئەوەی مەسەلەی سەپاندنی راژەی سەربازیی لەلایەن لاوانی ئێرانیی تەمەن سەرو هەژدە سالەوە خستە بەردەم پارلەمان، هەروەها دەستکارییکردنی مولکی تایبەتی دەولەت لەپێناو بەدەستهێنانی پارە بۆ بەهێزکردنی سوپا، وێڕای ئەو باجە ناڕاستەوخۆیانەی کە وەزارەتی جەنگ بۆ بەرژەوەندیی سوپا سەپاندبووی.

[40] صحیفة الاستقلال العراقیة، ٢٠ یولیو، ١ اغسطس، ١٠ سیبتمبر ١٩٢٣، بغداد.

[41] مودەریس یەك لە جەمسەرەکانی ناڕەزایەتیی بوو دژ بە رێکەوتننامەی ئەنگلۆ-فارسیی ١٩١٩، هەروەها لە حکومەتە کاتییەکەی کرمانشادا وەزیری داد بوو، لەلایەن سەید زیائەدین تەباتەبائییەوە گیراو دواتر لە زیندان ئازادکرا، بەلام لەگەڵ بلۆکی نیشتمانیی دژی رەزاخان بوو، هەربۆیە لەماوەی سالانی ١٩٢٧ تا مردنی لە سالی ١٩٣٥دا ناچار کرا لەنێو مالەکەی خۆیدا بمێنێتەوەو نەیەتە دەرەوە هەتا مردنی لە هەلومەرجێکی ئالۆزدا کە پەنجەی تۆمەتبارکردن بۆ خودی رەزاخان درێژکرا.

دواتر سەید حەسەن"مودەریس" کە یەك لە جەمسەرە ناسراوەکانی بلۆکی نیشتیمانیی و ئەندام پارلەمانی خولی چوارەم بوو، سەرکردایەتیی هەڵمەتێکی دژ بە سەرەك وەزیر کرد، تاکو توانی بڕیاری لێسەندنەوەی متمانەی لە وەزارەتەکەی بەدەستهێنا. ئەوەی مستەوفی ئەلمەمالیك ی ناچارکرد دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بکات. ئەو لە ١٦ی ژونی ١٩٢٣دا کابینەی نوێی دامەزراند. ڕەزاخان هەر لەو پۆستەی خۆیدا لە وەزارەتی جەنگ هەڵدەسوڕا تا پاشتر بەفەرمیی پۆستەکەی پێدرایەوە، هەڵوێستی بەریتانیاش لە وەزارەتەکە سڵەمیینەوەی پێوە دیاربوو چونکە ئەو وەزارەتە کاری بۆ ڕێگرتن لە نفوزی شورەویی نەدەکرد، دواتر بە فەرمیی ناڕەزایەتیی خۆی بەرامبەر وەزارەتەکە دەربڕی چونکە لە چارەسەرکردنی گرفتە داراییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە شکستیخوارد بوو. وێڕای ناتوانایی زامنکردنی ڕێگای بازرگانیی و کێڵگەکانی نەوتی ئێرانیی. بەوەش وەزارەتەکە ناچاربوو لە ٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣ دەست لە کار بکێشێتەوە.

لەبەرامبەر توندبوونی ناڕەزایەتیی راستڕەویی ئاینیی و هەروەها لیبراڵیی دژی شا، بەتایبەت پاش ئەوەی ئەحمەدشا ئەنجومەنی چوارەمی دوای کۆتاییهاتنی ماوەی کاری خۆی هەڵوەشاندەوە، شا ناچاربوو داوا لە بەهێزترین کەسایەتییەکانی سەر گۆڕەپانەکە بکات کە ڕەزاخان بوو، بۆئەوەی کابینەی وەزارەتی نوێ بەدەستەوە بگرێت، پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت کە ئەو لە ماوەی سێ ساڵی پاش کودەتا سەربازییەکەی ١٩٢١ەوە بەسەرکردایەتیی خۆی، لە پشتی پەردەوە تەواوی کاروبارەکانی وڵات بەڕێوەدەبات.وێڕای توانای بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئۆپۆزسیۆن بێ دوودڵیی، هەروەها پشتگیریی کردنی لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە بازرگانان، ئەوانەی پێش ساڵێك لەوەی سەرۆکایەتی وەزارەت بگرێتەدەست، هەڵوێستێکی هاوسەنگیان لەمەڕ قەیرانی دانەوێڵە لێ بینیبوو، هەروەها پشتگیریی



باڵیۆزی بەریتانیی لە پێگەی ڕەزاخان لە لای شا و دڵسۆزیی بۆ دەرباری قاجاریی، هەرچەندە پشتگیرییەکەی ڕەزاخان بۆ ئەو توانایە بوو کە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەوان لە ئێراندا بێنێتەدی.[٤٢]

کاتێك ڕەزاخان لە ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣دا وەزارەتی بەدەستەوەگرت، کەوتە راوەدونانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی دژ بەخۆی و هێندێکی لێ گرتن و ژمارەیەکیشی لێ دوورخستنەوە، هەروەها ئەوانەشی گومانی لێیان هەبوو بەزۆر دانیشاندن و هاتنەدەرەوەی لێ قەدەغەکردن، ئەوەی وای لە باقی دیکەی ئۆپۆزسۆن کرد کە لە گۆڕەپانەکە بکشێنەوە، پاش ئەوەی بڕیاریدا سەرەك وەزیرەکانی پێش خۆی بۆ دەرەوەی ئێران دوور بخاتەوە. هەروەها کەوتە راوەدونانی سەرەك خێڵەکان و شکستی بەهێزەکانیان هێنا و پەرتەوازەی کردن، دواتر دەسەڵاتی خانە دەرەبەگەکانی کۆتایی پێهێنا، بەشێوەیەك کە دوژمنەکانی دانیان بە دەستکەوتەکانیدا نا، ئەوەی دوای ماوەیەك لە بڵاوبوونەوەی ئاڵۆزیی، جێگیریی بۆ هاوڵاتیان و شکۆی بۆ دەوڵەت هێنابوو، لە کاتێکدا ئینگلیزەکان بە شکۆو پێزانینەوە سەیری ئەو دەستکەوتانەیان دەکرد.

چێرچڵ لە تەلەگرافێکی بۆ لورین ی باڵیۆزی لە تاران جەختی لەوە کردەوە کە " بەهیوایە ڕەزاخان لە جووڵانەوەکەیدا سەرکەوێت، چونکە ئەو زۆرجار سۆزی خۆی لەهەمبەر بەریتانیا پێشانداوە، هەربۆیە لەلایەن ئەوانەوە شایەنی هەموو هاوکارییەکە". هەروەها چێرچڵ چاوەڕێی ئەوە بوو کە ڕەزاخان دیکتاتۆرییەتێکی سەربازیی بەدەستی فارسیی یارمەتیدەری بەریتانیا دابمەزرێنێت، پاش ئەوەی ڕۆژنامەکانی دەمکوت کرد و کاری

[42] F.O.371/9025. Confidential, Tel. No.350. 349.E 15570. From P. Loraiane to F.O. October 29, 1923,P.03.

ئەنجومەنی میللیشی(پارلەمان) هەڵپەسارد، بەڵام توانی نەزم و یاسا بسەپێنێت و هێمنیی و ئاسایش بۆ دەوڵەت بەرقەرار بکات.[43]

رەزاخان بە زیرەکیی و وریاییەکی زۆرەوە یەکەمین وەزارەتی خۆی پێکهێنا کە کەسایەتییە لیبراڵیی و سۆشیالیستیی و نەتەوەییەکانی گرتبووەخۆ، چونکە ئارەزووی دەکرد کە سەرکردە نیشتمانییەکان بگرێتەخۆ تا لایەنگریی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی پارتەکانیان بۆخۆی رابکێشێت، هەربۆیە وەزارەتەکەی میرزا سلێمان ئەسکەندەریی سەرۆکی پارتی سۆشیالیست، زەکائولمولك فەروغی، موسەدەق ئەلسەڵتەنە(پاشتر رابەر محەمەد موسەدەق) و هەروەها صور ئیسرافیل و چەندانی دیکە لە کەسایەتییە دەرکەوتەکانی ئێراندا گرتەخۆ. هەروەها بەرنامەیەکی چاکسازیی مەزنی راگەیاند کە لەسەر بنەمای پشت بەخۆ بەستن دارێژرابوو، بێ پشتبەستن بە بیانیی، بۆئەوەی دەسەڵات و نفوزیان لە وڵاتدا کەمبێتەوە.

رەزاخان توانی بڕیاری راژەی سەربازیی لاوانی سەرو هەژدەساڵ لە پارلەمان بەڕێ بکات. هەروەها پارلەمان ئەو داوایەی سەبارەت بە کەمکردنەوەی بودجەی دەربارو رەتکردنەوەی نازناوە ئەریستۆکراتەکان کە لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتیی دانرابوون، پەسەند کرد. دواتر زۆری نەخایاند ئەحمەدشا بۆ چارەسەریی سەفەری ئەوروپای کرد و براکەی لەبری خۆی لە دەربار دانا. بەڵام رەزاخان براکەی شای ناچارکرد بە نووسین پەیمانی ئەوە بدات کە دەست لە کاروباری دەوڵەت وەرنەدات، بەم شێوەیە هەموو کاروبارەکانی دەوڵەت یەکسەرە کەوتە بندەستی سەرەك وەزیر بێئەوەی رکابەرێکی هەبێت، هەروەها باڵیۆزخانەی بەریتانیی پێشوازیی لە کۆکردنەوەی دەسەڵاتی لە دەستی رەزاخاندا کرد.[44]

[43] فوزية صابر محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧.

[44] F.O.371/9025. E 10586, Tel. No.350. 349. From P. Loraiane to F.O. October 29, 1923,P.28.



ئنجا هەنگاوێکی دیکە نرا بۆ پشتگیرییکردنی دەسەڵاتی رەزاخان ئەویش بە پاڵاوتنی کەسایەتییە لایەنگرەکانی بۆ هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی نوێ و دوورخستنەوە و هەڕەشەلێکردن و رێگرتن لەو کەسایەتییانەی کە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی خولی پێنجەمدا لە سیاسەتەکانی رەزاخان ناڕازیی بوون، کاتێك سوپا بەکارهێنرا بۆ تۆقاندنی دەنگدەرانی لەنێو عەشیرەت و خێڵەکاندا، بەڵکو رێگە لە دەنگدانی خێڵە کۆچەرەکان گیرا، بەوەی رێگەیان نەدرا لەکاتی هەڵبژاردندا بگەڕێنەوە ئەو جێگایانەی کە دەنگدانی تێدا ئەنجام دەدرا. لەکاتێکدا قەڵەمەکانی هێندێك رۆژنامە بە بەرتیل بەکرێ گیران. سەرەتا رەزاخان چاوی خستە سەر ئەو رۆژنامانەی کە دژایەتیی دەکەن، بەشێوەیەك زۆری نەخایاند قەڵەمەکان و سەرگوتاری رۆژنامەکان بە پیاوی ساتەوەخت و کوڕی رۆژی تەنگانە و ئەرکە سەختەکان دەیان ناساند، دواتر هەڵمەتێکی دەستپێکرد و بە مەبەستی لابردنی دەوڵەتی قاجاریی، بانگەشەی بۆ سیستمی کۆماریی کرد، ئەو دەوڵەتەی بیانیی هێنا و تەگەرەی خستە بەردەم پەرەپێدان و پێشخستنی وڵات، خۆپێشاندانەکانی لایەنگری کۆماریی دەستیانپێکرد و روویان لە تاران کرد.[45]

هاوکات هەڵمەتەکانی رەخنەگرتن لە کەسایەتیی شا و خەرجییەکانی و خولیا شەخسییەکانی لە ئەوروپا دەستیانپێکرد. ئەو ئاوازەی لە رۆژنامەکانەوە بەرەو ئەنجومەنی میلیی گواسترایەوە، پارتەکەی رەزاخان"پارتی تەجەدود" پرۆژە یاسایەکی پێشکەش کرد کە ئامانجی لابردنی بنەماڵەی قاجارییە لە دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتیی، ئەندامانی پارتی سۆشیالیست لایەنگری ئەم پرۆژەیەی پارتی تەجەدودیان کرد. بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی رەزاخان بناغەی بۆ داڕشتبوو پاش ئەوەی سەرۆکی

[45] العالم العربي، ٢٧ ابريل ١٩٢٤.

پارتی سۆشیالیستی لە وەزارەتەکەی یەکەمیدا گرتبووەخۆ، جگە لەوەی پارتی تەجەدود لە پارلەمان چل کورسیان هەبوو، لەکاتێکدا پارتی سۆشیالیست شازدە کورسیان هەبوو، لەکاتێکدا ژمارەی کورسیەکانی ئۆپۆزسیۆن لە چواردە تێپەڕی نەدەکرد، لەبەرئەوە رەزاخان هەر لە سەرەتاوە دڵنیا بوو کە لایەنگرانی لە ئەنجومەن زۆرینە پێکدەهێنن و پرۆژە یاساکەشی دژی پاشایەتیی ئەگەری تێپەڕکردنی مسۆگەرە.[٤٦]

بۆ زیاتر دڵنیایی، لایەنگرانی پارتی تەجەدود بە نهێنیی راوێژیان لەگەڵ باڵیۆزخانەی بەریتانیا کردو رەزامەندیی ئەوانیان سەبارەت بە لابردنی بنەماڵەی قاجاریی و راگەیاندنی کۆماریی بەدەستهێنا لەبەرامبەر پێدانی جیاوگی نەوتی زیاترو پەیماندان بە گێڕانەوەی قەرزەکانی بەریتانیی، بەڵام پیاوانی ئاینیی لە ترسی پێگەو دەسەڵاتی خۆیان دژی ئەو رەوتە راوەستان، پاش ئەوەی لە تورکیای هاوچەرخ (ئەتاتورکیی) شکۆی دەزگای ئاینیی لە ئاکامی راگەیاندنی کۆماریی و گرتنەبەری سێکیولاریزم وەك ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیی فەرمانڕەواکانی، بە تەواویی لەنێوچوو.

کێشمەکێش لە ئەنجومەندا پەرەیگرت و جەماوەریش وەك ناڕەزایەتییەك دژی کۆماریی بە هاندانی پیاوانی ئاینیی خۆپێشاندانیان کرد. رەزاخان ناچاربوو حەرەمی پارلەمان ببەزێنێت و بەیارمەتی پۆلیسەکانی ئەنجومەن و پاسەوانەکانی بە زۆر بچێتە ئەنجومەنەوە، ئەوەی تووڕەیی سەرۆکی ئەنجومەن و ئۆپۆزسیۆنی ورووژاند، رەزاخان و پیاوەکانی بەتووڕەییەوە چوونە دەرەوە، بەڵام بەوردیی بیریکردەوەو گەیشتە کاری گونجاو پاش ئەوەی لەوە دڵنیابووەوە کە هەمووان کۆماریی رەتدەکەنەوە، هەربۆیە بەدوای سازشدا لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بەسەرۆکایەتیی مودەریس لەنێو ئەنجومەندا

[46] F.O.371/10145, E 233,Parlmentary Question-March 21/1924,P.36.
Ervand Abrahamian. The Crowed in Irnian Politics (1905-1953) Past and Present-Number 41, December, 1968.P 200.



دەگەڕا، نێوەرۆکەکەشی بریتیبوو لە کێشانەوەی پرۆژە یاسای کۆماریی لەبەرامبەر بەردانی ئەوانەی لە خۆپێشاندانەکاندا گیرابوون، مودەریس و پیاوەکانی بڕیاریاندا لایەنگریی تەواو لە رەزاخان بکەن و متمانە لە ئەحمەدشاو بنەماڵەی قاجاریی بستێننەوە.[٤٧]

پاشەکشەی رەزاخان لە لێخستنی شاهەنشاهیی قاجاریی و راگەیاندنی کۆماریی بەهۆی هەستکردن بە لاوازیی و وازهێنان لە ئامانجەکانییەوە نەبوو، بەڵکو پاشەکشەیەکی تەکتیکی و واقیعیی بوو، ئەو سەبارەت بە دژایەتیی پیاوانی ژاندارم بۆ سیستمی کۆماریی ئاگاداربوو، هەروەها ئەفسەرانی قەوزاقیش گومانیان لە بایەخی ئەو سیستمە هەبوو، لەکاتێکدا وڵات پێویستیی بە هاوکاریی هەبوو لە پێناو چاکسازیی دەوڵەت، ترسی پیاوانی ئاینییش بۆ گەل ئاشکرابوو. لەبەرئەوە رەزاخان دوای ئەوەی پرۆژەی  کۆماریی لە پارلەمان کێشایەوە یەکسەر رووی کردە شاری "قوم" کە بنکەی شیعەو حەوزەی عیلمیی بوو، لەوێ رایگەیاند کە تەمای ئەنجامدانی چاکسازیی مەزن بە قازانجی پیاوانی ئاینیی و دەوڵەت دەکات، ئەوانیش لێی رازییبوون و چل لە مەزنە پیاوانی ئاینیی لە بەیاننامەیەکی فەرمییدا لایەنگریی خۆیان بۆ سیاسەتەکانی رەزاخان دەربڕی و متمانەی خۆیان بە بۆچوونەکانی بەخشی. ئەوەش جەماوەریی رەزاخانی بەرزکردەوە کە زۆری نەمابوو لە گەرمەی ئەو رووداوانەدا ون بێت.

رەزاخان وەك تاکتیکێکی حیساب بۆکراو لە ٧ی ئەپرڵی ١٩٢٤دا مەبەستی خۆی بۆ وازهێنان راگەیاندو تارانی بەرەو رودهان بەجێهێشت کە ٢٨ مایل لە تارانەوە دوور بوو، ئەوەشی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ژمارەیەك لە وەزیرەکانی نزیك بەخۆی درکاند، دواتر نامەیەکی بۆ سەرۆکی

[47] ارفند ابراهميان، الحشود الجماهيرية في الحياة السياسية الايرانية المعاصرة(١٩٠٠–١٩٨٠)، الترجمة العربية، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت، ١٩٨٠، ص ٢٤٨.

ئەنجومەن‌و سەركردەكانی سوپا ناردو لە ویستی خۆی بۆ وازهێنان لە دەسەلات‌و بەجێهێشتنی بۆ ئەوان ئاگاداری كردنەوە، كاتێك شا بەمەی زانی تەلەگرافێكی رەوانەی ئەنجومەن كرد داوا دەكات متمانە لە سەرەك وەزیر بسێننەوە، ئەندامانی ئەنجومەن هەستان بە ناردنی نامەیەك بۆ شا كە واژۆی شەست‌و هەشت ئەندامی لەگەڵدا هاوپێچ بوو، تێیدا جەخت لە متمانەی خۆیان سەبارەت بە رەزاخان دەكەنەوەو داوای لێدەكەن بگەڕێتەوە تاران بۆئەوەی ئەركەكەی خۆی بەڕێوەبەرێت، هەروەها "ئەمیر ئیقتیدار"ی فەرماندەی هێزەكانی رۆژئاوا هەڕەشەی ئەوەیكرد گەر ئەنجومەن لە گێڕانەوەی رەزاخان بۆ دەسەلات لە ماوەی چل‌و هەشت ساتدا شكستبخوات، ئەوا بەخۆی‌و هێزەكانییەوە بەرەو تاران دەكشێت.[48]

لەئاكامی پەرەگرتنی قەیرانەكە بە قازانجی سەرەك وەزیر، وەفدێك كە لە سیاسەتكاران پێكهاتبوو بەمەبەستی راوێژكاریی سەردانی رەزاخانیان لە رودهان كرد، ئەو بەمەرجێك رازیی بوو بگەڕێتەوە كە گەل پشتگیریی هەنگاوە چاكسازییەكانی بكەن كە ئامانجی لابردنی نەهامەتییەكانی هاولاتیانە، بەوەش گەڕانەوەی بە ئیرادەیەكی جەماوەریی دەبێت، دژی ئیرادەی فەرمانڕەوای قاجاریی‌و تێگەیاندنی دوژمنەكانی كە ئەو ئیرادەیەكی بەهێزتر لە ئیرادەی شای لە پشتە.

رەزاخان پاش چەند رۆژێك توانی وەزارەتێكی نوێ بەسەرۆكایەتیی خۆی پێكبهێنێت كە كەسایەتییە سیاسییە مەزنە بەرچاوەكان‌و ئەو سیمبولانەی لەخۆگرتبوو كە لە بەریتانیاوە نزیك بوون، وێڕای سەرەك خێڵی بەختیاریی. ئەو بەرنامەیەكی دەوڵەمەندی راگەیاند كە یەكخستنی سەنگ‌و كێشانەكان، تۆماركردنی نووسینە فەرمییەكان، دواتر دامەزراندنی كۆمپانیای

---

48 سلیم واكیم، العلاقات العربیة الایرانیة عبر التاریخ، بیروت، ١٩٦٧، ص ١٦٦.



فرۆكەوانیی، هەوڵی پەرەپێدانی پەروەردەو فێركردنی گرتبووەخۆ، هەروەها بەگژداچوونەوەی تەواوی یاخیبوونی خێڵەكانی راگەیاند.[49]

لەراستییدا دامەزراندنی دیكتاتۆرییەكی سەربازیی كە حكومەتێكی ناوەندیی بەهێز پشتگیریی بكات كارێك بوو هەرگیز بێ یەكخستنی بەزۆری دەوڵەتی ئێرانیی كە بە پلەی یەكەم فرە نەتەوەبوو، مەحاڵ بوو. هەروەها بەستنەوەی هەرێمەكان بە یەكترییەوە وەك هەوڵێك بۆ ئەو یەكخستنە خوازراوە پێویستییەكی زۆری بە مل پێكەچكردنی خێڵ‌و عەشیرەتەكان هەبوو، ئەوانەی بەهۆی چەكداربوونیانەوە وەك دەوڵەتێكی یاخیی وابوون لەنێو دەوڵەتی ئێرانییدا، بەئەنجامگەیاندنی ئەم ئەركە سەختەش بە پلەی یەكەم پشتی بە سوپای ئێرانیی دەبەست، بەتایبەت رەزاخان لە پاش كودەتای ١٩٢١و بەدەستەوەگرتنی وەزارەتی جەنگەوە، خۆی بۆ چەكداركردنی سوپای نوێ بە چەك تەرخانكردو راهێنەری بۆ راهێنانی ئەو سوپایە لە دەرەوە بۆ هێنا، هەروەها ناردنی نێردە بۆ هەمان مەبەست، ئەوەی وەفاداریی سوپای بۆ سەركردایەتییەكەی سەپاند، لێرەشەوە پاڵپشتی ئەركی تەمێكردنی عەشیرەتەكان‌و سەرپێدانەواندنیان بۆ دەسەلاتی ناوەندیی بە یەك لە ئەركە سەرەكییەكانی سوپا دادەنرا بۆ پتەوكردنی پێگەی سەركردە بەتواناكەی.[50]

نۆبەرەی هەوڵەكانی رەزاخان سەبارەت بە قرتاندنی نینۆكی خێڵەكان بریتیبوو لە ماندووكردنیان لە رووی داراییەوە لەرێگەی باج لێ سەندنیان‌و بۆ دەوڵەمەندكردنی گەنجینەی دەوڵەت، وێڕای هەڵدان بە چەكداماڵینیان لە چەند رێگەیەكەوە، لە هەمووی گرنگتر شەڕكردن بوو لەگەڵ ئەو عەشیرەتانەو پاش بەدیهێنانی سەركەوتن بە تەواوی داماڵینیان بوو لە چەك.

---

49 العالم العربي، ١٤ نوفمبر ١٩٢٤.

50 Richard Tapper, The Conflict of Tribe and State in Irn and Afghanistan, London, 1983, PP. 160:290.

عەشیرەتەکانی باشوور بۆ پاراستن‌و پشتگیریی پەنای بۆ کۆمپانیای نەوتی بەریتانیی–ئێرانیی دەبرد لە سۆنگەی ئەو هاوکارییەی لەنێوانیاندا هەبوو، چونکە کۆمپانیاکە پشتی بە عەشیرەتەکان دەبەست بۆ پاراستنی بنکەو شوێنی کاری کارمەندەکانی لەبەرامبەر پێدانی یارمەتیی دارایی بەریتانیی بەو عەشیرەتانە، کۆمپانیای بەریتانیی بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی‌و لەنێوان هەردوو لای ململانێیەکەدا رۆڵی جیاوازو دژبەیەك‌و دووڕووانەی دەبینی.

پوختەی باس، کۆمپانیای بەریتانیی ئێرانیی دواجار دایە پاڵ ئەسپی براوە، خۆی وا دەرخست کە بڕوای بە بیانووەکانی رەزاخانە ئەوەی–هەمیشە چەندبارەی دەکردەوە– دەسەڵاتی ناوەندیی بەهێز دەکات‌و هێمنیی‌و ئاسایش بۆ هاوڵاتیان بەرقەرار دەکات، ئەوەی لە کۆتاییدا پشتگیریی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا دەکات کە حکومەتێکی بە نەزمی ناوەندیی دەیپارێزێت، ئەو حکومەتەی بێ دەستتێوەردانی خێڵەکانی کارگێڕیی خۆی بەڕێوەدەبات. باڵیۆزی بەریتانیی لە تاران چەندین جار جەختی لە هەمان ئەو ئامانج‌و مانا هاوبەشانە کردووە، کاتێك گوتی:" رەزاخان تاکە رەگەزی جێگیرە لە رەوشە گشتییەکەدا، نەمانیشی دەبێتە سەرەتای بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی دژەکانی بەریتانیا"، لێرەشەوە پشتگیرییکردنی بۆ هەردوولا لە نیازپاکییەوە بوو.[51]

هەروەها توێژێکی بەهێز لە بۆرجوای کشتوکاڵیی پشتگیریی هەوڵەکانی رەزاخانیان کرد بۆ قرتاندنی چنگاڵی خێڵەکان، چونکە ئەوان هەڕەشەیان لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان‌و جیاوگە فیوداڵییەکانیان دەکردن، بەتایبەت لە باکوور، پاش ئەوەی بەریتانیا لە باشوور لە پاڵنەرەکانی بەریتانیا

[51] I.O.R.L/Pts/10/933 - Confidentil, From P. Loraine to F.O., January 10, 1923, P. 173.



تێگەیشت‌و لە بەدیهێنانیشیدا پاڵپشتیی کرد، هەربۆیە یەکەمین هەوڵەکانی رەزاخان لەساڵی ١٩٢٢دا، لێدانی عەشیرەتەکان بوو، پاش ئەوەی سەرکردەی ژاندارم لە باکوور"ئەبو قاسم لاهوتی" دژی وەزیری جەنگ راپەڕی، بە بیانووی درەنگکەوتنی موچەی سەربازان‌و جێبەجێنەکردنی دیموکراتیی، ئەو توانی دەست بەسەر شاری تەبرێزدا بگرێت‌و فەرماندە سەربازییەکەی شارەکە قۆڵبەست بکات. دواتر قەوزاقەکان توانیان لاهوتی ببەزێنن، ئەوەی ناچاری کرد بەرەو یەکێتیی شورەویی هەڵبێت، دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی لە ئاکامی هەوڵی وەزیری جەنگی ئازاوە گەڕایەوە شارەکە.

جووڵانەوە یاخییەکان دژی دەسەڵات پێش بەدەستەوەگرتنی پۆستی سەرۆکایەتیی وەزیران لە لایەن رەزاخان‌و دوای بەدەستەوە گرتنی وەزارەتی جەنگیش لە ساڵی ١٩٢٢دا بەردەوام بوون، کاتێك لە گەیلان "جەلال جمنی" شۆڕشێکی دژی دەسەڵاتی ناوەندیی لە تاران هەڵگیرساند، ئەو یەکێك بوو لە شوێنکەوتەکانی کوچك خان‌و لە زیندانی تارانی پایتەخت گیرابوو، بەڵام توانی هەڵبێت‌و جووڵانەوەیەکی یاخیبوونی رێبەرایەتیی کرد کە تێیدا لە هەردوولا ژمارەیەك لە هێزەکانیان لە دەستدا، بەڵام دواجار سەرکەوتن بۆ رەزاخانی وەزیری جەنگ بوو، ئەم جووڵانەوەیە هاوکات بوو لەگەڵ شۆڕشی عەشیرەتەکانی شاهسیڤان‌و لوڕەکان، ئەوەی رێگەی نێوان تەبرێزو ئەردەبێل‌و ئەستارایان بڕی. حکومەت توانی ژمارەیەکیان لێ زیندانیی بکات‌و دەست بە سەر ماڵ‌و موڵکی شۆڕشگێڕەکاندا بگرێت‌و وەك پاداشتێك بەسەر رەزاخان‌و مەزنە سەرکردەکانی سوپادا دابەش بکرێت. وێڕای سەرکەوتنیان لە سەرکوتکردنی عەشیرەتەکانی بلوجستان‌و ناچارکردنیان

کە هەموو ئەو باجانە بە گەنجینەی دەوڵەتی ناوەندیی بدەن کە لەسەریان کەڵەکە بووە.[٥٢]

هەوڵەکانی یاخییبوون لە دەسەڵات لە ماوەی سێساڵدا هەر لە ١٩٢٣–١٩٢٥ نەوەستا، دیسانەوە خێڵەکانی لوڕ راپەڕینی خۆیان دەستپێکردەوە، رەزاخان یەکەمین جار لە مێژووی ئێراندا لە رێگەی فڕۆکەی سەربازییەوە گوندەکانی بۆمباران کردو توانی خورەم ئابادی ناوەندی لوڕستان لە ٧ی مارتی ١٩٢٤ داگیر بکات، مەزنە پیاوانی لوڕی گرتو بەدیلی رەوانەی خۆراسانی کردنو چەکەکانی داماڵین، بەڵام دانیشتوانی تورکمانی خۆراسان پێشوازیی ئەو کۆچپێنراوانەیان نەکردو لە ساڵی ١٩٢٥دا دژی دەوڵەت شۆڕشیان کرد، بەڵام شەڕەکەیان بە تەواویی دۆڕاندو دامرکانەوە.[٥٣]

سەبارەت بە خێڵە بەهێزەکانی بەختیاریی، رەزاخان سەرەتا هەوڵیدا لە رێگەی دپلۆماسییەوە رایانکێشێت، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی دوورودرێژیان بە کۆمپانیای نەوتی بەریتانیاوە هەبوو، بەڵام لە کۆتاییدا ناچاربوو لە زنجیرەیەك شەڕی درێژخایەندا بە هێزی سەربازیی لێیانبدات. دوا هەوڵەکانیشی دامەزراندنی هێندێکیان بوو لە کارگێڕیی دەوڵەتیی لە تاران، هەروەها پاڵاوتنی سەردار ئەسەدی یەك لە رێبەرەکانیان بوو لە پۆستی وەزیر لە یەکەمین وەزارەتەکەیدا، رەزاخان بەم شێوازە مامەڵە جۆراوجۆرانە توانی دواجار بە قازانجی خۆی ملیان پێ کەچ بکات.

[52]Ibid. I.O.R, February 20 -1922.

[53] العالم العربي، ٢٧ ابريل ١٩٢٤.



**عەرەبستان**

وێڕای سەرکەوتنەکانی رەزاخان لە باکوورو لە باشوور، بەڵام میرنشینی عەرەبستان بە سەرۆکایەتیی شێخ خەزعەل وەك سەرچاوەیەکی بەردەوامی دڵەڕاوکێ بۆ تاران مایەوە، خەزعەل بەوە ناسرابوو کە کەسێکی زیرەكو زۆر وریاو تواناى گەمەی سیاسیی لەنێوان بەهێزەکاندا هەبوو، بەشێوەیەك توانیبووی کۆنسوڵەکانی بەریتانیا بەلای خۆیدا رابکێشێت، تا ئەو رادەیەی حکومەتی بەریتانیی لە ساڵی ١٩١٣دا رێکەوتننامەیەکی لە گەڵدا بەستبوو، بەپێی ئەو رێکەوتننامەیە، خەزعەل بێ ئاگاداری حکومەتی تاران، بەشێك لە خاکی عەبادانی بەکرێ دابوو بەر بەریتانییەکان بۆ دامەزراندنی پاڵاوگەی نەوت، بەریتانیاش دانی بە خەزعەلدا نابوو وەك فەرمانڕەوایەکی میرنشینەکەیو سەربەخۆ لە تاران، بەشێوەیەك پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانو رێگرتن لە چوونە ناوەوەی هێزە دوژمنەکانی لە ئەڵمانیاو تورکەکان بۆ پاڵاوگە نەوتییەکان لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیی خستبووە ئەستۆ، لەبەرامبەردا پێرسی کۆکس لەجیاتی حکومەتەکەی، پەیمانی دابوو کە پارێزگاریی لە هەر پەلامارێکی دوژمنکارانە یان بەزاندنی سەروەریی میرنشینەکەیو ماڵو موڵکی شێخ خەزعەل بکات کە لە لایەن حکومەتی ئێرانییەوە یان هەر هێزێکی دیکەوە ئەنجامبدرێت.

سەرەتای ناکۆکییەکان لەگەڵ شێخ خەزعەلدا لە ساڵی ١٩٢٢دا بوو کاتێك قەوام ئەلسەڵتەنەی سەرەك وەزیری ئێران، داوای لە شێخ کرد دەستبەجێ ئەو باجەی هەر لە ساڵی ١٩١٣ەوە تا ساڵی ١٩٢٢ بە پێی مەزەندەی حکومەتی تاران لەسەری کەڵەکە بووە بداتو رادەستی نوێنەری دارایی ئێرانیی بکات. خەزعەل ئەمەی رەتکردەوە، وای راگەیاند کە هیچ قەرزاری تاران نیە، ئەم ئاکارەی حکومەتی ئێرانیش لەگەڵیدا دەستتێوەردانە لە

کاروباری سەربەخۆی میرنشینەکەی و پێچەوانەی ئەو فەرمانە شاهەنشاهییەیە کە ساڵی ١٨٥٧ بە باوکی دراوە.[٥٤]

بۆنەی دووەم لەو کاتەدا بوو کە چەند سەربازێکی ئێرانیی لە دەربەندی "شلیل" لە لورستان کوژران کە لە ژێر سایەی خێڵەکانی بەختیاریی هاوپەیمانی خەزعەلدا بوون، ئەوەی وای لە ڕەزاخان کرد بەرپرسیارێتییەکە بخاتە ئەستۆی میری عەرەبستان، هێزەکانی ئێرانیی بە بیانووی پاراستنی هێمنیی و ئاسایشی ئەو ناوچەیە دژی دوژمنکاری خێڵەکان بەرەو عەرەبستان جمان، ئەوەی وای لە شێخ کرد نامەیەك بۆ تاران بنووسێت و هاتنی هێزەکان بۆ عەرەبستان وەك هەڵوێستێکی دوژمنانە لێکبداتەوە، هەروەها تەلەگرافێکی بۆ کۆنسوڵی بەریتانیی لە ئەهواز نووسی تێیدا نیگەرانی خۆی لە مەبەستە شاراوەکانی ئێرانییەکان پێشانداو داوای پشتگیریی لێکردن بۆ وەستاندنی جووڵانەوەکانی ئێرانیی، بەریتانییەکان لەسەر بنەمای هەڵسوڕاندنی بەریتانیی بە قازانجی شێخ خەزعەل، هەڵسوڕاوی کاروباری ئێرانییان لە محەمەرە(ئێستا خورەمشەهر) گۆڕا بە یەکێکی دیکە کە زیاتر جەخت لە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بکاتەوە، هەروەها ڕەزاخانیش ڕێزی خۆی بۆ شێخ ڕاگەیاندو بەشێوەیەکی کاتیی لە هێرشکردنە سەری بەدوور گرت.[٥٥]

ڕاستیی ڕەوشەکە ئەوەبوو کە ڕەزاخان بۆ ڕزگاربوون لە نەیارەکانی سیاسەتێکی دەگرتەبەر کە لەسەر بنەمای تاکتیکیی پلە بە پلە داڕێژرابوو، بۆ بەدیهێنانی ئەمەش دەستیکرد بە تێکشکاندنی ئەو هاوکارییەی نێوان خێڵە ئێرانییەکان و شێخی عەرەبستان. بۆئەوەی بتوانێت لە کۆتاییدا بە

[54] مصطفى عبدالقادر النجار، التاريخ السياسي لامارة عربستان العربية ١٨٩٧-١٩٢٥، القاهرة، ١٩٧١، ص ٣٠٢ و مابعدها.

[55] هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٥و دواتر .



تەنیا بیهێڵێتەوەو ئاسان پەلاماری بدات، هەربۆیە کەوتە داواکردنی قەرەبوویەکی زۆر لە خێڵەکانی لوڕو بەختیاریی سەبارەت بەو سەربازانەی کە لە شلیل کوژرابوون. بەختیارییەکان جۆرە هاوکارییەکیان لەگەڵ ڕەزاخان پێشانداو پەیمانیاندا بە شێوەیەکی سەربازیی دژی لوڕەکان هاوکاریی بکەن لەبەرامبەر کەمکردنەوەی ئەو قەرەبووەی لەسەری دانابوون، هەربۆیە ڕەزاخان بەم گەمەیەی لە دوژمنایەتیی بەختیارییەکان ڕزگاری بوو.

سەرکەوتنی هەوڵەکەی ڕەزاخان بۆ ڕێگرتن لە هاوکاریی نێوان بەختیاریی و لوڕەکان، هانیدا هێزێکی سەربازیی کە لە دووسەد یەکە پێکهاتبوو، بنێرێتە سەر عەرەبستان پاش ئەوەی ڕەزامەندیی حکومەتی بەریتانیی بۆ ئەوە وەرگرتبوو، چونکە دەرکەوتنی حکومەتێکی ناوەندیی بەهێز کە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بپارێزێت وایدەکرد چیدی بەدوای هاوکاریی دەستەیەك لە فەرمانڕەوا خۆجێیەکاندا وێڵ نەبێت، ئەوانەی بە پێی گوتەی باڵیۆزی بەریتانیی لە تاران، بەردەوام دوای پارەو یارمەتیی بەریتانییان دەکرد. ڕەزاخان پاش ئەوەی تیشکی سەوزی بۆ هەڵکرا دەستی بە جووڵانەوە کرد، هەروەها لورینی باڵیۆزی بەریتانیی تەلەگرافێکی بۆ حکومەتەکەی ناردو دڵنیای کردەوە کە گومانی نیە لەوەی ڕەزاخان ئەو توانایەی هەیە تاکە دەسەڵاتی خۆی لە ماوەی ساڵێك بۆ ساڵ و نیوێك بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، ئەوەی بە سەرکەوتنێکی بەرژەوەندییەکانی نەوتی و بازرگانیی بەرتانیی لە ئێران دادەنرێت و پاساوی بۆ پشتگیرییکردنی باڵیۆزی بەریتانیی لە ڕەزاخان دەهێنایەوە.[٥٦]

شێخ خەزعەل لە ترسی ئەو جووڵانەوە ئێرانییانە داوای فریاکەوتنی لە باڵیۆزی بەریتانیی کرد، باڵیۆز سەردانی محەمەرەی کردو لەبری

[56] F.O.R.L/Pts/101/933 - Confidentil, Tel. No. 116- From P. Loraine to F.O., June 5, 1923,P.49.

رەتکردنـەوەی داواکارییـەکانی ئێرانیـی، داوای لـە شـێخ کـرد مەسـەلەکە دۆستانە چارەسەرکەن‌و بۆ نەکەوتنەوەی ئاگری جەنگ واباشە قەرزەکانی بە حکومەتی ئێرانیی بداتەوە، شێخ بەوە رازیی بوو، هەربۆیە بە ئامادەبوونی "مـاك کورمـاك"ی بەڕێوەبـەری مولّکـەکانی میریـی لـە وەزارەتـی دارایـی بەریتانیی ڕێکەوتن کرا سەبارەت بەوەی شێخ پێنج سەد هەزار تمەن باجی کەڵەکەبوو بدات، وێڕای سەد هەزار تمەن باجی پێشەکیش، دانەوەی باقی قەرزەکانی دیکەش بەسەر بیست ساڵدا دابەش بکرێت، لەبەرامبەردا ێخ بەتەواوی دەست بەسەر داهاتی میرنشینەکەیدا بگرێت. هەروەها تێکڕای لایەنەکان لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە پشتپێبەستراوێکی دارایی بەریتانیی بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە محەمەرە بمێنێتەوە بۆ چاودێرییکردنی دانەوەی قەرزەکان بە تاران. لە ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٤ ڕێکەوتنەکە مۆرکرا. هەروەها شێخ دوو ئۆتۆمبێلی زرێپۆش‌و چەند دانەیەکی تری گەشتیاریی بە حکومەتی ئێران بەخشی، لەگەڵ چەند دیاریی‌و بەخششێکی دارایی بۆ نەخۆشخانەکانی ئێران.[57]

وێڕای ئەو ڕێکەوتنەی نێوان هەردوولادا، رەزاخان شێخ خەزعەلی سەبارەت بە دامەزراندنی نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئێرانیی بۆ کارکردن وەك جێگری گشتیی لە عەبادان ئاگادار کردەوە، هەروەها ئەوەی کە مافی قۆرغکردنی خۆیی داوەتە یەك لە عێراقییەکان، جگە لەوەی کە بەتەمای سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی بەروبومی میرنشینەکەیە بۆ سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی ئەو باجانەی کە دەبێت میرنشینەکە بیدات.

شێخ خەزعەل لەو نامەیەی پێشووو ئەو بڕیارانەی لەخۆی گرتبوو دڵنیابوو کە رەزاخان نیەتی گێڕانەوەی عەرەبستانی هەیە، بەتایبەت کە

[57] F.O.371/10137- Confidentil, British Government Archives, No.1,E-9752/263/34, from Ovey to Macdonald. October, 25, 1924 , p.17.



خەزعەل لە ژوئیەی ١٩٢٤ دا نامەیەکی پێ گەیشتبوو تێیدا پێ لەسەر ئەوە داگیرا بوو کە خاکی عەرەبستان هیچ کاتێك مولّکی ئەو نەبووە چونکە موزەفەر شا لەساڵی ١٩٠٣دا بە فەرمانێك ئەو جیاوگەی پێشووی هەڵوەشاندۆتەوە، بەوەش مولّکایەتیی تێکڕای ئەو زەویانەی لەبەردەستیدان، بۆ ئێران دەگەڕێتەوە. هەروەها هەڵمەتێکی شێواندنی کەسایەتیی شێخ لە ڕۆژنامە ئێرانییەکانەوە دەستپێکردو بەوە تۆمەتبار دەکرا کە لە پارلەمان پشتگیریی ئۆپۆزسیۆن دەکات‌و پارەیان دەداتێ، هەروەها چەك بە خێڵەکانی لوڕ دەدات‌و دژی حکومەت هانیان دەدات بۆئەوەی ئاسایش تێکبدات‌و ترس‌و تۆقاندن لە دەوڵەتی ئێراندا بخاتەوە.[58]

پاش ئەوەی بەریتانییەکان پشتیان لە خەزعەل کرد، تەنیا ڕێگایەك لەبەردەمیدا مابووەوە بریتیبوو لە هاوپەیمانیی کردن لەگەڵ عەشیرەتە عەرەبییەکان لە عەرەبستان، هەربۆیە "هاوپەیمانی خێڵەکانی باشوور" لەگەڵ شێخ خەزعەل‌و یوسف خانی سەرۆکی بەختیاریی، موجاهدخان میری لوڕستان، غولام رەزاخانی والی پشتکۆ پێکهات. هەروەها ئەحمەدشا لە پاریسەوە لایەنگریی خۆی بۆ ئەو هاوپەیمانییە دژی دەسەڵاتی پەرەگرتووی رەزاخان لە ئێراندا کرد، هەروەها هەواڵی ئەو تۆ سەبارەت بە هاتنی ئەحمەدشا لە شوێنی دووخراوەییەکەیەوە لە دەرەوەی ئێران بۆ ئەهواز بەمەبەستی پشتگیریی خەزعەل بڵاوبووەوە. هەروەها شێخ تەلەگرافێکی رەوانەی ئەنجومەن لە تاران کرد رەزاخانی بەوە تۆمەتبار کردبوو کە دەسەڵاتی شای پێشێل کردووەو دەیەوێت دەسەڵاتی وڵات لە فەرمانڕەوای شەرعیی زەوت بکات.

[58] انعام علي مهدي سليمان، حكم الشيخ خزعل في الاهواز ١٨٩٧-١٩٢٥)-رسالة ماجستير غير منشورة، بغداد، ١٩٨٣، ص ١٦٣.

ڕەزاخان لەبەرامبەر ئەم جووڵانەوە گومانلێکراوانەی خەزعەلدا، بڕیاریدا بە ڕێگەی سەربازیی کۆتایی پێبهێنێت، هەربۆیە هێزەکانی خۆی لە ئەسفەهانەوە ناردە شیرازو بەنێو خاکی بەختیارییدا تێپەڕین تاگەیشتنە بەهبەهان و لەوێ بۆ حەوانەوە سەربازگەی خست، لەوێ دوو تەلەگرافی لە حکومەتی بەریتانییەوە پێگەیشت کە باس لە ناوبژییوانیی دەکات لەپێناو چارەسەری ئاشتییانەو خوێن نەڕژان، هەروەها پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان لەو زیان و وێرانکارییانەی دەگونجێت لەئاکامی شەڕدا پێی بگات، بەڵام ڕەزاخان ئەو پێشنیازەی ئێرانی ڕەتکردەوە بە بیانووی ئەوەی دەستوەردانە لە کاروباری نێوخۆی ئێران.[59]

ڕەزاخان جووڵانەوەی هێزەکانی لە بەهبەهانەوە لە باشووری عەرەبستان دەستپێکردو ئەو هێزانەشی پێوە پەیوەست بوون کە لە خورەم ئابادی باکووری عەرەبستانەوە بۆ گەمارۆدانی میرنشینەکە هاتبوون، شێخ خەزعەل ناچاربوو سەربەخۆیی میرنشینەکەی ڕابگەیەنێت، داوای لە هەرکەس کرد کە دەتوانێت بۆ بەرگریی لە میرنشینەکە چەك هەڵبگرێت، بەوەش بیست و پێنج هەزار چەکدار لەدەوری کۆبوونەوە، ئەو تیپێکی سەربازیی لەوانە بە ناوی"لاوانی پارتی سەعادەت" پێکهێنا، هەروەها داوای لە عولەما ئاینییەکانی عێراق کرد لە بەرگرییکردن لەو میرنشینە عەرەبییە هاوکاریی بکەن، ئنجا شکایەتی گەیاندە کۆمەڵەی گەلان و سەرەك وەزیر بە هێرشکردنە سەر وڵاتەکەی تۆمەتبار دەکات، هەروەها داوای لە بەریتانیا کرد وەك وەفایەك بەو پابەندییانەی پێشتر کاری پێکراوە یارمەتی بدەن دەسەڵاتەکەی بپارێزێت.[60]

59 مصطفى عبدالقادر النجار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٨و دواتر

60 مصطفى عبدالقادر النجار، (امارة محمرة) دراسة لتاريخها العربي (١٨١٣-١٩٢٥)، بغداد، ١٩٨١، ص ٣٣.



سیاسەتکارە بەریتانییەکان دوای دان بە خۆداگرتنیان لە شێخ کردو ئەو بەڵێنانەیان نەهێنایەدی کە پێیان دابوو، دواتر ڕەزاخان هەوڵی هێوکردنەوەی ڕەوشەکەی دا، داوای دیدەنی لەگەڵ شێخدا کرد لە باکووری عەرەبستان بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە، هەربۆیە سەرەك وەزیر ناچار بۆخۆی هاتە ئەهواز کە پایتەختی دووەمی میرنشینەکە بوو، لەوێ نیازپاکیی خۆی لەئاست شێخدا ڕاگەیاند. پاشتر جارێکی دیکە لە محەمەڕە چاوی پێکەوت، ئەو دەمەی دەچووە عێراق بۆ سەردانی شوێنە پیرۆزەکان، هەر لەوێ دەستبەجێ دادگایەکی سەربازیی سەرپێی"سەحرایی" ڕاگەیاند بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی عەرەب و "فەزلوڵا زاهیدی" کردە فەرماندەی سەربازخانەی ناوشاری محەمەڕە.

ئەو کاروکردەوە توندوتیژانەی ڕەزاخان گرتیەبەر، ئاسەواری ڕاستەوخۆی لەسەر عەشیرەتە عەرەبییەکان هەبوو، ئەوانەی یەك بەدوای یەك خۆیان لە هاوکاریی شێخ دوورخستەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی ئەو پارانەی کە لە داهاتەکانی دەستی دەکەوت، کەمبووەوە. فەرماندەی سەربازخانەی محەمەڕە دەستبەجێ ئەو پلانەی جێبەجێکرد کە سەرەك وەزیر بۆی دانابوو پێش ئەوەی میرنشینەکە جێبهێڵێت، وای ڕاگەیاند کە ئاهەنگێکی خواحافیزی گێڕاوە پێش ئەوەی لە تاران پاشەکشە بکات، داوای لە شێخ خەزعەل کرد لەگەڵ کوڕەکانیدا ئامادەبن، لەوێ شێخ و عەبدولحەمیدی کوڕی قۆڵبەستکردو لەگەڵ زاهیدی دا ڕەوانەی تاران کران، دواتر لە ساڵی ١٩٢٥دا بە تەواوی گرێدانی میرنشینەکەی -بە ناوی خوزستانەوە- بە دەوڵەتی ئێرانەوە ڕاگەیاند.[61]

پاش گلدانەوەی شێخ خەزعەل لە تاران وەك ئەندام پارلەمانی خولی پێنجەم هەڵبژێردرا وەك دڵدانەوەیەکی بەشێوەیەکی رووخساریی، ئەو تا

61 هەمان سەرچاوە، ل ٥٠.

مردنی لە تاران لە هەلومەرجێکی نادیاردا لەساڵی ١٩٣٦ مایەوە. گێڕانەوەی عەرەبستانی بە نەوت دەوڵەمەند، بە گرنگترین دەستکەوتەکانی سیاسیی و ئابووریی ڕەزاخان دادەنرا، ئەوەی وایکرد لە چاوی هاوڕێکاندا شکۆمەندتر دەرکەوێت و ڕێزی گەلەکەی بەدەستبێنێت، بۆئەوەی پاش بەتەواویی کۆتاییپێهێنانی بنەماڵەی قاجاریی، سەرۆکایەتیی بنەماڵەی پەهلەویی بگرێتە دەست.[62]

جێگیریی کاروباری نێوخۆ پاش بەزاندنی خێڵەکان، هەروەها گێڕانەوەی عەرەبستان کاریگەریی زۆری لە بۆچوونەکانی ڕەزاخان لە ئاست هێزە نێودەوڵەتییەکان هەبوو، ئەو بەتوندیی هەوڵیدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەلای خۆیدا رابکێشێت بۆئەوەی هاوکاریی بکات وردە وردە خۆی لە دەسەڵاتی بەریتانییەکان بە تایبەت رزگار بکات، پاش ئەوەی یەکێتیی شورەویی لەنێوخۆ سەرقاڵی مەسەلەکانی بنیاتنانی دەوڵەتی کۆمۆنیستیی بوو، پاش مۆرکردنی ڕێکەوتننامەکەی ساڵی ١٩٢١ کە پێشتر باسی لێوەکراوە، قورسایی دەستتێوەردانی لە کاروباری نێوخۆی ئێران کەمکردەوە. بەهۆی هەموو ئەوانەی پێشووەوە، هاندانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەن سەرەك وەزیرو گەلی ئێرانەوە وەك یەك کارێکی شیاو بوو، هەربۆیە هانی کۆمپانیای"سنكلير"ی ئەمەریکی دا کە هەمان ئەو جیاوگە بەدەستبێنێت کە پێشتر درابووە کۆمپانیای ئیستاندەر ئۆیڵ و نەیتوانی پەسەندکردنی پارلەمان بۆ بەدەستبێنێت، ڕێکەوتننامەیەك بۆ سوودوەرگرتن لە نەوتی باکوور لەلایەن کۆمپانیا ئەمەریکییەکەو حکومەتی ئێرانییەوە مۆرکرا، ئەنجومەنیش لە مارتی ١٩٢٤دا، وێڕای نارەزایەتیی بەریتانیا کە هەروەك راهاتبوو لەهەمبەر رکابەریی ئەمەریکیی پەرەسەندوو لە ئێران پێشانیدەدا، ڕێکەوتننامەکەی مۆرکرد.

[62] فوزية صابر محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠.



ڕەزاخان ئەو جیاوگەی بە پێدانی جیاوگێکی دیکە کە بریتیبوو لە بنیاتنانی هێڵی ئاسنیی و دەرهێنانی کانزا لە وڵات پشتگیریی کرد، بەڵام رووداوی غافڵکوژیی "رۆبەرت ئیمری" بریکاری کۆنسوڵی ئەمریکیی، بۆماوەیەك هاوکاریی لەگەڵ ئەمریکادا وەستاند، پاش ئەوەی پەنجەی تۆمەت بۆ بەریتانییەکان رادەکێشرا، حکومەتی ئێرانیی باری نائاسایی راگەیاند، بەریتانیا ناچاربوو هێندێك هاوکاریی پێشکەش بکات و کۆت و بەندەکان لەبەردەم حکومەت کەمبکاتەوە، وەك کەمکردنەوەی ژمارەی هێزە پارێزگارەکەی لە کەنداو، رادەستکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیی پۆست لە باشوور بە حکومەت. لەبەرئەوە سەرەك وەزیر کەوتە ئاسانکاریی بۆ کۆمپانیای ئیمپراتۆریی هێڵی ئاسمانیی تا ئاسمانی ئێران بۆ گەشتەکانی خۆی لە لەندەنەوە بۆ قاهیرەو دواتر کراتچی لە جەنگ و ئاشتییدا بەکاربێنێت، هەروەها جیاوگی بانکی شاهەنشاهیی ئێرانی بۆ ماوەیەکی دیکە نوێکردەوە وەك قەرەبوویەك سەبارەت بەو زیانەی بەریتانیا لە ئاکامی دانی جیاوگی نەوت بە کۆمپانیا ئەمەریکییەکە لە ئێران پێی کەوتبوو.

سەرەك وەزیر پاراستنی پەیوەندیی لاوازی لەگەڵ شورەوییدا لەبیر نەکرد، هەربۆیە هەڵمەتێکی کردە سەریان و بە پاڵپشتییکردنی بنەماڵەی قاجاریی تۆمەتباری کردن، ئەوەی حکومەتی شورەویی ناچارکرد بە فەرمیی رایبگەیەنێت کە پابەندی سیاسەتی دەستوەرنەدانە لە کاروباری نێوخۆی ئێران، هەروەها پابەندە بە پەیوەندیی دۆستانەو هاوڕێیەتیی لەگەڵ ڕەزاخانی سەرەك وەزیر، هەربۆیە شتێکی وا نەبوو ببێتە هۆی خاوەخاوکردن لە دامەزراندنی بنەماڵەی پەهلەویی بە فەرمیی و راگەیاندنی لابردنی کۆتایی بنەماڵەی قاجاریی لە ٨ی فێبرایەری ١٩٢٥دا.

# بەشی سێیەم

# ئێران لە سایەی دیکتاتۆریی شاهەنشاهیی رەزا پەهلەوییدا

# ( ١٩٢٥-١٩٤١ )

"ڕەزا شا پەهلەویی، ئەو سەربازە نیشتیمانپەروەرەیە کە میللەتەکەی لە خەونی شانازیکردن بە ڕابردووەوە وەئاگا هێنایەوەو بەرەو دنیای سەدەی بیستەمی هاژوو..." **دۆناڵد ویلبەر**

"ئەو بەگشتی ئێرانییەکانی پاك دۆشیی، لادێییەکان، خێڵەکانو زەحمەتکێشانی داماوو بەدبەخت کرد، باجێکی فرەی لە جووتیاران سەند، کارەکانی بوونە هۆی دەوڵەمەندبوونی "سەرمایەداران – بازرگانان – قۆرخکاران – قۆنتەراتچیی – دەستوپێوەندی سیاسیی – هەلاّوسان – باجی گرانو هۆکارەکانی تر"، ئاستی ژیانو گوزەرانی خەڵکی هێنایە خوار." **میلیسپو**

## ئێران لە سایەی دیکتاتۆریی شاهەنشاهیی ڕەزا پەهلەوییدا

## (١٩٢٥-١٩٤١)

لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا سەردەمی پەهلەویی پتر لە نیو سەدەیەکی خایاند، هەر لە ساڵی ١٩٢٦وە بەردەوام بوو تا سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٩، لەو ماوەیەدا دەرباری ئێرانیی بەدەست ڕەزا شای پەهلەوییو (١٩٢٦-١٩٤١) کوڕەکەی محەمەد ڕەزا شاوە (١٩٤١-١٩٧٩) بوو، گرنگی ئەو قۆناغە دەگەڕێتەوە بۆ حەقیقەتی ئەو گۆڕانکارییە سیاسیو ئابووریو جڤاتیانەی کە ئێرانی کردە دەوڵەتێکی هاوچەرخ، وێڕای ئەوەی لە سەردەمی قاجاریی پێشوودا ئێران لە دەوڵەتێکی چاخەکانی نێوەڕاستەوە گۆڕدرا بۆ سێستەمی فەرمانڕەوایەتی شاهەنشاهیی دەستووریی لە ڕێگەی دەستووری ساڵی ١٩٠٦ وە، بەڵام بونیادی کلاسیکیانەی کۆمەڵگەی ئێرانیی بە بێ هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ وەك خۆی مایەوە، ڕەزا شا هەوڵیدا ئەم بونیادە کلاسیکییە بگۆڕێتو سێستەمێکی تازە بنافرێنێت بە



جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی دوور مەودا ئەویش لە ڕێگەی بەمۆدێرنکردنو "Modernization" بەرۆژاواییکردنو "Westernization" سەنترالیزەکردنی ئێرانەوە،[63] ڕەزا شا لەم کارەیدا تا ڕادەیەك کەوتە ژێر کاریگەری بەرنامەی بە مۆدێرنکردنو ڕۆژاواگەریی کە دامەزرێنەری تورکیای هاوچەرخ مستەفا کەمال ئەتاتورك دەستی دابوویە.

### سیاسەتی نێوخۆ:

ڕەزا شا لە سیاسەتی نێوخۆییدا دەیویست سێ ئامانجی سەرەکی بپێکێت ئەوانیش:

بەرقەرارکردنی دەسەلاّتییو، جێگیرکردنی پایەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ کە هیوای بۆ دەخواستو، بەهێزکردنی چنگۆڵەی دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگەدا.[64]

سروشتییە سووپا لە کارە بەراییەکانی سیاسەتی ڕەزا شا بێت، لە بنەڕەتدا خودی ڕەزا شا سەربازێکی پڕۆفێشناڵ بوو، ئەو قەرزارباری سووپا بوو لە گەیشتنی بە دەسەلاّتدا، هەروەها هومێدەوار بوو سووپا کۆڵەکەیەکی پتەو بێت لە کۆڵەکەکانی دەسەلاّتەکەی، لەمڕووەوە ئەم گرنگی پێدانەی شا دەگەڕایەوە بۆ ئەو کاتەی کە وەزیری جەنگ بووە لە ساڵی ١٩٢١و، سەرۆك وەزیران بووە لە ساڵی ١٩٢٥، ئەو گرنگیدەدا بە دووبارە ڕێکخستنەوەی سووپاو بەهێزکردنیو، بەسەربازگرتنیشی لە ساڵی ١٩٢٥دا فەرزکرد، ئیدی بەشێوەیەکی گشتی لەدوای تاج لەسەرنانی لە ساڵی ١٩٢٥ بەردەوام بوو لەسەر گرنگیدان بە سووپا، لە ئاکامی ئەم گرنگی پێدانەدا ژمارەی هێزە چەکدارەکانی ئێران لە ساڵی ١٩٢٥ لە ٤٠,٠٠٠ سەربازەوە بوو بە ٨٠,٠٠٠

[63] The Encyclopedia of Islam: New Edition, Art."Iran" Vol. Iv, p.40.

[64] فوزية صابر محمد،ايران بين الحربين العالميتين (١٩١٨-١٩٣٩) . تطور السياسة الداخلية، رسالة ماجستير غير منشورة،كلية الاداب ،جامعة البصرة ، ١٩٨٦، ص٢٣٠.

سەرباز، بە هێزی دەرەکیشەوە "ژەندرمە" لە ساڵی ١٩٣٠ لە ١٢,٠٠٠ سەرباز پێکهاتبوو، ئیدی لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٩٤١دا بووە خاوەن سووپایەکی نیزامیی کە ١٢٥,٠٠٠ سەربازی لەخۆدەگرت، لەگەڵیشیدا هێزی دەرەك کە لە ساڵی ١٩٣٩وە لەگەڵ سووپای نیزامیدا تێهەڵکێشکرا، هەروەها بووە خاوەن هێزی دەریایی‌و ئاسمانیی هەریەکەشیان لە ١٠٠٠ سەرباز پێکهاتبوو،[١] لە پڕچەککردنی سووپاو ئامادەکردنی بە تڕوتفاقی سەربازیی پشتی بەستبوو بە ئیتاڵیا، ئەڵەمانیا، چیکۆسلۆڤاکیا، بەریتانیاو ئیسپانیا، لەهەمان کاتیشدا گرنگیدا بە بەرهەمهێنانی چەك‌و تەقەمەنی سووك ئەویش بە دامەزراندنی کارگەیەك لە تاران بە پشتیوانی ئەڵەمانیا، هەروەتر چەندین دامەزراوەی تایبەتیی پێکهێنا بە ئامانجی چاککردنەوەو وەگەڕخستنی فڕۆکەکان لە تاران‌و، دامەزراندنی بنکەیەکی دەریایی لە دەڤەری مەحمەڕە بۆ چاککردنەوەی بەشەکانی گەشتیگەلی ئێرانی،[٢] کە شا هەر لە بیستەکانەوە گرنگیدا بە دامەزراندنی لە کەنداوی عەرەبیدا، [٣] چەندین

---

[1] J.C Hurewitz. Middle Esat Politics. The Military dimension (Lomdon-1969) p.272.

[2] George Lenczowski (ed). Iran under the Pahlavi (Standford-1978) p.393.S.chubin ., " Iran s security in the 1980 s in, interntionl security, Winter 1978.Vol 2. part 3. p.67.

[3] ڕەزا شا هەر لەسەرەتای هاتنە سەر تەختی پاشایەتییەوە بایەخی بە کەنداوی عەرەبیی دا (کەنداوی فارسیی راسترە/وەرگێڕ) بە مەبەستی بازرگانیی‌و سەربازیی، وەزارەتی جەنگی ئێرانیی دوو ئەفسەری دەریایی ئیتاڵیی بە سیفەتی راوێژکار بەکارهێنا. لە ساڵی ١٩٢٧ وەزارەتی ناوبراو داوای دوو تیپی بۆ هێزە دەریاییە نوێیەکانی داواکرد کە بەو زووانە بەناوی (سەرکردایەتیی باشوور) دایمەزراندبوو. لە هەمانساڵدا یەکەمین دەستە لە فێرخوازە ئێرانییەکان بۆ ئیتاڵیا نێردران، ئەوانە لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٢دا گەڕانەوە لەگەڵ دوو وێرانکەرو چوار کەشتیی چەکداری ئیتاڵیی کە پێشتر ئێران گرێبەستی کڕینی لەگەڵ ئیتاڵیادا بەستبوون. لەچەند ساڵی داهاتوودا کەشتی دیکەشی بە دواداهات. بڕوانە: خليل علي مراد، الاطماع الايرانية في الخليج العربي، في : مصطفى النجار و آخرون، تاريخ الخليج العربي الحديث و المعاصر(البصرة–١٩٨٤)، ص ٢٠٤.



نێردەی سەربازیشی ڕەوانەی فەرەنساو ئیتاڵیاو ئەڵەمانیا کرد وێڕای گرنگیدان بە راهێنان‌و مەشقپێکردنی سووپا لە نێوخۆدا ئەویش لە رێگەی دوو قوتابخانەی سەربازییەوە لە تاران کە لە سییەکاندا ئەفسەرانی فەڕەنساو ئەفسەرانی ئێران کە ئەکادیمیا سەربازییەکانی ئۆروپایان تەواو کردبوو بەڕێوە دەبران،[١] سەرباری ئەمەش ئەکادیمیایەکی پێشکەوتووی سەربازیی دامەزراند،[٢] ئیدی هەموو ئەو دەسپێشخەرییانەی بووە مایەی زیادبوونی تێچوونی سەربازیی کە بووە هۆی بارگرانییەکی گەورە بۆ سەر بودجەی دەوڵەت بە درێژایی سەردەمی ڕەزا شا.[٣]

لە پێناو رامکردنی دڵسۆزیی سەرکردەکانی سووپاو پێوەست کردنیان بە دەسەڵاتەکەیەوە ڕەزا شا لە ڕێوڕەسم‌و بۆنە گشتییەکاندا جلکی سەربازیی دەپۆشی، ئاستی بژێوی ئەفسەرانیشی بەرزکردەوەو، زەوی‌و زارانی بە نرخی کەم پێدەفرۆشتن، یانەیەکی گەورەشی لە تاران بۆ کردنەوەو، هاوریێ کۆنەکانیشی لە لیوای قۆزاق لە یاد نەکردو پلەوپایەی پێشکەوتووی لە سووپا تازەکەدا پێبەخشین، بەتوندی بەرپەرچی هەر بێوەفاییەکی دەدایەوەو، زنجیرەیەك سەرکردەی بەوەفاو کارای لە نووسینگە سەربازییەکەیدا دامەزراند لە دەرباری شاهەنشاهیی بە ڕەتکردنی سەرۆك

---

[1] Hurewitz, op.cit, p.272.

[2] عبدالاسلام عبد العزيز فهمي، تاريخ ايران السياسي في القرن العشرين، (القاهرة–١٩٧٣)، ص ٨٣.

[3] هێندێك جیاوازیی سەبارەت بە خەرجیی سەربازیی لە سەردەمی ڕەزا شادا هەیە. هێندێك گوتوویانە کە ڕێژەی خەرجی سەربازیی لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٨–١٩٣٣ ٤١,٨٪ بووە. لەکاتێکدا هێندێك دەڵێن کە ئەو ڕێژەیە لە سەرەتای سەردەمی ڕەزاشادا ٤٠٪ بووەو دوای بۆ ٢٥٪ ی بودجەی دەوڵەت دابەزیوە، بەڵام لەنێوان ٣٠٪ و ٣٥٪ی لە بودجەیەکی تایبەتی خراوەتە سەر کە سەرچاوەکەی لە داهاتی نەوت‌و باجی شەکرو چا بووە. بڕوانەو بەراورد کە لە :
Hossein Amirsadeghi (ed) Twentieth Century Iran (New York-1977).p.33 .,H. Katouzian, The political economy of modern Iran, despotism and pseudo- modernism (New York – 1981) p. 114.

ئەرکان‌و فەرمانداری شوێن‌و سەرکردایەتییەکەی،[4] کوڕەکانیشی دامەزراندو کردنیە پشتیوان‌و هاوکاری خۆی بە تایبەت محەمەد ڕەزا، دواتریش لە ساڵی ١٩٤٠ کردی بە سەرپەرشتیاری تایبەتی هێزە چەکدارەکان .[5]

کۆڵەکەی دووەمی دەسەڵاتەکەی شا بریتی بوو لە بیرۆکراتیەتی هاوچەرخ کە هەوڵی دامەزراندنی دەدا لەمڕووەوە ئەزموونی کەمالیزمی لە تورکیا لەبەرچاوگرت،[6] لە ڕاستیدا شا هەوڵیدا دەزگای ئیداریی کە لە قاجارییەکانەوە بۆی مابۆوە، کە بە گەندەڵی‌و لێنەهاتوویی وەسپدار کرابوو، بیکاتە دەزگایەکی بیرۆکراتیی هاوچەرخ کە ٩٠,٠٠٠ فەرمانبەری حکومیی لە دە وەزارەتی مەدەنیدا دابمەزرێنێت ئەوانیش وەزارەتەکانی دەرەوەو ناوخۆو دادو دارایی‌و پەروەردەو بازرگانی‌و گواستنەوەو تەلەگراف‌و کشتوکاڵ‌و ڕێگەوبان‌و پیشەسازیی،[7] بۆ چەند جارێکیش چاوی خشاندەوە بە ئیدارەی هەرێمەکاندا وەك هەوڵێك بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی ناوەندیی‌و، سەرجەم سنووری هەرێمەکانیشی لابردو دە هەرێمی تازەی پێکهێنا جیا لە سنووری هەرێمە کۆنەکان تاکو وا پێشانی بدات کە یەکەگەلێکی تازەن نەوەك هەرێمە کۆنەکان بە ناوی تازەوە، ئامانجی ئەمکارەی بریتی بوو لە بێخهێنانی سەرلەبەری هەستە هەرێمایەتی‌و خێڵەکی‌و تایفییەکان،[8] هاوکات

---

[4] - وێڕای ئەوە ڕەزاشا عادەتی وابوو بەردەوام بەرەبەیانیان کتوپڕ یەکە سەربازییەکانی بەسەر دەکردەوە ،. بڕوانە: Amir sadeghi, op.cit, p.33.

[5] اروند ابراهيميان، ايران بين ثورتين (بغداد–١٩٨٣–ترجمة مركز البحوث والمعلومات) ج١، ص ١٩٠.

[6] د.طاهر خلف البكاء: التطورات الداخلية في إيران(١٩٤١–١٩٥٣)، (رسالة دكتوراه غير منشورة–كلية الاداب، بغداد، ١٩٩٠) ص ١٤.

[7] ابراهيميان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٠–١٩١.

[8] Richard W. Gottam: Nationalism in Iran (Pittrsburgh- 1979) p. 43.



ڕەزا شا دەسەڵاتی فەرمانڕەوای هەرێمەکانیشی کەمکردەوەو، دەست‌و پێوەندەکانی خۆی کردە فەرمانڕەوا نەوەك سەرۆك خێڵەکان "خانەکان".[9]

لەمڕووەوە وا پێویست دەکات ئاماژە بکەین بۆ بەردەوامبوونی ڕەزا شا لەسەر ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیی دژ بە هۆزە دژکارو بەرهەڵستکارەکانی‌و، دوای لە بێخهێنانیان دەیویست بە یەکجاریی دڵسۆزییان بە لای خۆیدا ڕامبکات لە ڕێگەی دامەزراندنی یەکەگەلی سەربازیی لەو دەڤەرانەداو، چەککردنی خێڵ‌و هۆزەکان‌و بە سەربازگرتنی گەنجە جاحێڵەکانیان‌و زیادکردنی دژیەکی‌و ململانێ نێوخۆییەکانیان‌و دەستگرتن بەسەر زەوی‌وزارەکانیانداو سنووردانان بۆ کۆچڕەویی ساڵانەو جار جارەش ملکەچکردنیان بۆ نیشتەجێبوون لەو شوێنانەی کە بە "گوندی هاوچەرخ" نێو نرابوون،[10] بەمشێوەیە لە ساڵی ١٩٣٥ چەندین هۆزی کوردیی بەرەو سوڵتان ئاباد‌و شیراز کۆچڕەویان پێکرا، گواستنەوەشیان لە خراوترین ڕەوشدا ئەنجام دەدرا، زۆرێك ژن‌و پیاوو زارۆکان لە ڕێگەدا بەرەو شوێنە تازەکان گیانیان لەدەستدا،[11] هەمان پرۆسەش بەسەر چەندین هۆزی عەرەبییدا جێبەجێکراو لە عەرەبستانەوە کۆچڕەویان پێکرا بەرەو دەڤەرەکانی باکووری ئێران، هانی فارسەکانیش درا لەبری ئەوان لەو شوێنانەدا نیشتەجێ ببن،[12] لێرەدا سیاسەتی ڕەزا شا لەهەمبەر هۆزو کەمەنەتەوەکانی ئێران مۆرکی شۆڤێنیانەی پێوەدیار بوو، بە تەمابوو دەوڵەتێکی ئێرانی دابمەزرێنێت کە یەك گەل‌و یەك زمان‌و یەك کەلتورو یەك دەسەڵاتی سیاسیی تێدا هەبێت، ئیدی لە پاڵ ئەو سیاسەتەدا قوتابخانەو چاپخانە نافارسییەکان داخران‌و، ناوی گەلێك شارو گوندی وڵاتیش گۆڕدرا

---

[9] البكاء ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

[10] ابراهیمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٦.

[11] كمال مظهر: دراسات في تأريخ ايران الحديث و المعاصر (بغداد – ١٩٨٥) ص ٢٥٥.

[12] البكاء ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

بۆ نمونە خوزستان "ولاّتی قەلاّ" بۆ عەرەبستان و پەهلەوی بۆ ئەنزەلی و رەزاییە بۆ ورمیّ و خورەمشەهر بۆ مەحمەرە،[١٣] لە ساڵی ١٩٣٥ ناوی ولاّتیش لە ولاّتی فارسەوە گۆڕدرا بۆ ئێران واتە زێدی ئارییەکان.

لە نێو رێوشوێنە بەردەوامەکانیدا بە ئامانجی چەسپاندنی سێستەمی تازە رەزا شا کاریکرد لەسەر لاوازکردنی چینی ئەریستۆکراتی کۆن لە گەورە فیۆدالاّن، بەلاّم لەبری ئەوەی چینێکی ئەریستۆکراتی تازە فەراهەم بهێنێت کە سەر بە خودی شاو سێستەمەکەی بێت، چینێکی تازە دروست بوو لە دەستەو دایەرەو کەسە نێزیکەکانی کە زەوی و زارانێکی گەورەو گرانیان وەدەستهێنا، ئەوانەشی دەسەلاّتی ئەویان قەبوڵنەدەکرد لە چینە بۆرژاوازە کۆنەکە یان دووریان دەخستنەوە یان دەنگیان خەفە دەکردن، بەهەرحاڵ چینی ئەریستۆکراتی تازە کە رەزا شا ئەفراندبووی پێشی چینە کۆنەکەیان دایەوە لە چەواشەکردنی ئێرانییەکان و دزینی سەروەت و سامانیان،[١٤] خودی رەزا شا باشترین نمونە بوو کە کورسییەکەی قۆستەوە بۆ دەستگرتن بەسەر زەوی و زاری بەرفراوانی کشتوکاڵیی پڕحاسلاّت لە ئێراندا، بە تایبەت لە زێدی خۆی مازندەران لەرێگەی دەست بەرسەراگرتن یاخود بەزۆر کڕین کە زۆر جیاوازە لە ریتمی دەست بەرسەراگرتن،[١٥] کاتێك لەساڵی ١٩٢١ لە سووپادا عەقید بوو بە مووچەیەکی کەم دەژیا ئیدی لەماوەی دەسەلاّتیدا سەروەت و سامانێکی گەورەی گرد کردەوە بە شێوەیەك بووە دەوڵەمەندترین پیاوی ئێران، وەختێکیش لە ساڵی ١٩٤١ کورسییەکەی بۆ محەمەد رەزا شای کوڕی بەجێهێشت ئەو چەکەی لە بانکدا کردبوویەوە بە نێزیکەی سێ

---

[١٣] ابراهیمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٨-١٩٩.

[14] Ervand Abrahamian, "Factionalism in Iran, Political groups in the 14 Parliament 1944-1946" Middle Eastern studies, vol.14, No. January 1978, p.26.

[15] Reader Bullard (ed), The Middle East, A political and economic Survy (London-1958) p. 377.



ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی قەبڵێنرا لەگەڵ زەوی زارانێکی پڕحاسلاّت لە بە پیتترین زەوییەکانی ئەو ولاّتە کە رووبەرەکەی بە نێزیکەی سێ ملیۆن دۆنم قەبڵێنرا .[١٦]

بەگشتی ئەو رێوشوێنانەی پێشوو پێگەی رەزا شای لە ئێراندا بەهێزکردو ئیدی جڵەوی گشت کاروبارەکانی گرتە دەست، لە راستیدا دەسەلاّتی بە شێوەیەکی زۆر دیکتاتۆرانە بەڕێوە دەبرد، ئازادییەکانی سنووردار کردو هەموو جموجووڵێکی سیاسی و جڤاتیی لە ولاّتدا قەدەغەکرد، ئازادیی هەڵبژاردن نەما و جگە لەوانەی کەخۆی بە راوێژ لەگەڵ دەزگای پۆلیسی نهێنیی هەڵیدەبژارد هیچ کەسێك نەدەگەیشتە ئەنجومەنی نوێنەران،[١٧] بەشی هەرە زۆری ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەردەمی ئەودا لە چینی ئەریستۆکرات بوون کە رێژەی ٥٨٪یان لە کورسییەکانی ئەنجومەنەکە پێکدەهێنا،[١٨] لەو هەلومەرجەدا ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێران رۆحی سەربەخۆیی و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی لەدەستداو هەرچی حکومەت پێشنیاری بکردایە جێبەجێی دەکرد،[١٩] وێڕای ئەمانەش رەزا شا سووربوو لەسەر بەردەوامبوونی ئەنجومەنی نوێنەران تاکو بێتە دێمەنێك بۆ رازاندنەوەو شاردنەوەی دەسەلاّتە دیکتاتۆرییەکەی.[٢٠]

لەو وەختەوەی جڵەوی دەرباری ئێرانیی بەدەستەوە گرت رەزا شا دەستیکرد بە جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی بەرفراوان بە ئامانجی بەرپاکردنی

---

[16] ابراهیمیــان، سەرچــاوەی پێــشوو، ل١٩١.ئەیکــەر یەکەیەکــەی رووپێــوە کــە ٤٨٤٠ یــاردەی چوارگۆشەیە یاخود نزیکەی ٤٠٠٠مەتر دووجایە.

[17] Abrahamian, op.cit, p.25 . Clarmont Skrine; World war in Iran (London – 1962) p. 179.

[18] Abrahamian, op.cit, p.26.

[19] دونالد ولبر، ایران ، ماضیها و حاضرها(القاهرة-١٩٥٨-ترجمة عبدالنعیم محمد حسنین) ص ٩٠.

[20] Abrahamian, op. cit, p. 91.

گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی لە ئێراندا، ئیدی پەروەردە یەکێك بوو لەو بوارانەی کە گرنگی تایبەتی پێدراو، هەنگاوی گرنگیش نرا لەم بوارەدا، لە ماوەی دەسەڵاتیدا تەیارکردنی قوتابخانەو قوتابیان لەگەڵ بەهێزکردنی سەرپەرشتیی دەوڵەت بەسەر قوتابخانەو دامەزراوە پەروەردەییەکاندا بەرفراوانیی گەورەی بەخۆوەی دی، لە ساڵی ١٩٢٥ بە تەنیا ٥٥,٩٦٠ زارۆکە لە ٦٤٨ قوتابخانەی سەرەتایی تازەدا ناویان تۆمارکرابوو کە لە لایەن فەرمانبەرانی دەوڵەتو ئەنجومەنەکانی بەرێوەبردنی تایبەتو دامەزراوە ئایینییە مژدەبەرەکانەوە بەڕێوە دەبرا، لە ساڵی ١٩٤١دا نێزیکەی پتر لە ٢٨٧,٢٤٥ زارۆکە لە ٢٣٣٠ قوتابخانەی سەرەتایی هاوچەرخدا کە زۆربەیان لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە بەڕێوە دەبران، هەرچی تایبەت بوو بە خوێندنی ناوەندیی ژمارەی قوتابیان لە ساڵی ١٩٢٥ ١٤,٤٨٨ قوتابی بوو کە لە ٧٤ قوتابخانەی ناوەندیی هاوچەرخدا دەیانخوێند، ١٦یان قوتابخانەی مژدەبەر بوون، ئەم ژمارەیە لە ساڵی ١٩٤١دا بەرزبۆوە بۆ ٢٨,١٩٤ قوتابی کە لە ١١٠ قوتابخانەی تایبەتی و ٢٤١ قوتابخانەی ناوەندیی حکومیدا دەیانخوێند،[21] شانبەشانی ئەم بەرفراوان بوونە لە ئامادەکردنی قوتابیانو قوتابخانەکاندا لە بواری پەروەردەدا رێوشوێنی گرنگی تر هاتە گۆڕێ، ئیدی پرۆگرامەکانی خوێندن گۆڕانکاریی تێدا ئەنجامدراو پرۆگرامو یاساکانی پەروەردەی فەڕەنسیی کرا بە نمونە بە ئامانجی جێبەجێکردنی لە قوتابخانەکانی ئێراندا، هەر لە ساڵی ١٩٢٧وە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێران بڕیاریدا لەسەر یاسای خوێندنی بەزۆر بۆ سەرجەم زارۆکان لە تەمەنی خوێندندا، بەڵام بە شێوەیەکی راستو دروست نەبوونی بنەڕەتەکانی خوێندنی تەواوو کەمی پێگەیاندنی مامۆستایان جێبەجێکردنی یاساکەی قورس کرد، ئیدی لە ساڵی ١٩٢٨دا حکومەتی ئێران بە مەبەستی خوێندن

[21] ابراهیمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٠-٢٠١.



بڕیاریدا ١٠٠ قوتابی سەرکەوتوو لە رێگەی ناردنو زەمالەوە رەوانەی ئۆروپا کرد، لە ساڵی ١٩٣٠ ئەو ژمارەیە زیادی کرد بۆ ١٥٠ قوتابی، لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٩٤٠ ٥٠٠ لەو قوتابیانەی کە پێشتر بە مەبەستی خوێندن رەوانەی دەرەوە کرابوون خوێندنیان تەواو کردوو گەڕانەوە بۆ ئێرانو لە دامودەزگا جیاوازەکانی حکومەتدا دەستیان بە کارکردن کرد، هەنگاوێکی گرنگی تر کە رەزا شا پێی هەستا بریتی بوو لە ملکەچکردنی قوتابخانە بیانییەکانی وڵات بۆ سەرپەرشتیی حکومەت، کە زۆربەیان قوتابخانەی تەبشیری بوون، لە ساڵی ١٩٢٧ وەزارەتی پەروەردە خوێندنی بە زمانی فارسی لە گشت قوتابخانە بیانییەکاندا فەرز کردو، لە ساڵی ١٩٣٣ وەزارەتی پەروەردە رێگەی گرت لە دامەزراندنی قوتابخانەی تایبەت لە لایەن بیانییانەوە نەوەك بە نووچەیەکی تایبەتی وەزارەتو بە تەنیا بۆ قۆناغی خوێندنی ناوەندیی بە پێویستیزانی پرۆگرامێك بخوێندرێت کە وەزارەت دیاری بکات، دواتریش گشت نێوی قوتابخانە بیانییەکان گۆڕدران بۆ ناوی ئێرانی، وەختێکیش قوتابخانە بیانییەکان لەهەمبەر ئەو رێوشێنانەدا هاواریان لێ هەستا حکومەتی ئێرانی هێندێکیانی داخست، قوتابخانەکانی تریش بە ناچاری پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردەیان خستە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە.[22]

به نیسبەت خوێندنی باڵاوە لە سەردەمی رەزا شادا گەشەی سەندو زانکۆی تاران لە ساڵی ١٩٣٤ هاتە دامەزراندن کە شەش کۆلێژی لەخۆدەگرت، دواتریش پێنج کۆلێژی تری خرایەسەر،[23] لە نێو ئەو کۆلێژە

[22] هەمان سەرچاوە، ل ٢٠١ ، محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩١٠٢٩٤، جورج لنشوفسكي، الشرق الاوسط في الشؤون العالمية (بغداد-١٩٦٤- ترجمة جعفر الخياط)ج١،ص ص٢٢٨-٢٢٩ ، Lenczowski; op. cit, p. 91.

[23] Lenczowski; Russia and the West in Iran 1818 – 1948 (Ithaca – 1949) p. 91.

تازانەشدا: کۆلێژی زمان کە لە ساڵی ١٩٣٥ هاتە دامەزراندن بە فەرمانی شا ئەرکێك خرایە سەر شانی کە نێودەبرا بە "چاکسازیی لە زمانی فارسیو ڕەتکردنەوەی زاراوە عەرەبییەکانو ڕێوشێنی تریش"،[24] ئەو فەرمانەی کۆتایی لە چوارچێوەی هەستی هەڵکشاوی نەتەوەییدا بڕیاری لێدرا کە ئێرانی گرتبۆوە، لێرەو لەوێش داواکرا پیتە عەرەبییەکان کە بە فارسی دەنووسران لابرێنو پیتی لاتینی لە جێگەیان دابنرێت،[25] ئیدی داواکارییەکان بەهۆی ئەو بەرهەڵستییانەی ڕووبەرووی بۆوە سەرکەوتنی وەدەستنەهێنا، ئیدی وەخۆکەوتنو گرنگییان دەدا بە رابردووی ئێرانو شوێنەوارەکانی لە ژێر درۆشمی بووژاندنەوەی شکۆدارانی ئێرانی کۆن، ئەم گرنگی پێدانە چەندین شێوەی لێکەوتەوە، بۆ ئەم مەبەستە مانگی عەرەبی گۆڕدرا بۆ مانگی فارسی کۆن، بۆنە نەتەوەییەکانی پێشوو کەڕنەڤاڵی بۆ سازدەدرا، تۆژینەوەی پاشماوە کۆنەکانو سۆراخکردنیان گرنگی پێدرا، ئیدی لەو حاڵوبارەدا بانگەشەی رادیکالانە وەدیار کەوتن بە ئامانجی گێڕانەوەی دەوڵەتی ساسانی کۆنو ئایینی زەردەشتی بە بیانووی ئەوەی ئایینی ئیسلام فەرزکراوەو بۆتە مایەی پاشکەوتنی ئێران !!.[26]

لە بواری دادوەریدا هێندێك هەنگاوی گرنگ ئەنجامدرا، بە فەرمانی شا وەزارەتی داد بەخشرا بە عەلی ئەکبەر داڤار، کە سەر بە چینی نێوەڕاست بوو، ئەو یاسای لە جنێف خوێندبوو، یەکێکیش بوو لە ڕۆشنبیرە پێشکەوتووخوازەکانی نێزیکی ڕەزا شا لە بیستەکاندا،[27] داڤار وەخۆکەوت بە ئامانجی ڕێکخستنەوەی وەزارەت لەسەر بنەما هاوچەرخەکان، لە ساڵی

---

[24] لنشوفسكي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٩.

[25] تورکیا لە ساڵی ١٩٢٩وە دەستیکرد بە گۆڕینی پیتە عەرەبییەکان – کە زمانی تورکی پێدەنووسرا– بۆ پیتە لاتینییەکان.

[26] محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٠-٢٩١ .

[27] Amir sadeghi, op.cit, pp. 49 – 50.



١٩٢٦ یاسای سزادان هەموارکراو، لە ساڵی ١٩٢٨ یاسای شارستانی هەموارکرا کە زۆربەی ماددەکانی لە یاسای مەدەنی فەڕەنسییەوە وەرگیرا بوو،[28] لە ساڵی ١٩٢٨ جیاوگە یاساییەکان ڕەتکرانەوە کە بیانییان لە ئێراندا پێیان بەخشرابوو ئەویش بە ڕەتکردنەوەی جیاوگی بیانیان لەو ساڵەدا، لە سییەکانیشدا چەندین یاسا دانرانو ڕەوانەی دادگا شارستانییە تازەکان کران کە توانایان هەبوو لە شتگەلەکان بڕواننەوە کە پێشتر بە شێك بوون لە دەسەڵاتی دادگای شەرع کە پیاوانی ئایینی سەرپەرشتییان دەکرد، وەك تۆمارکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکانو ماف گواستنەوەی خاوەندارێتیو پرسی کەسێتی.[29]

لە بواری کۆمەڵایەتیشدا بە شێوەیەکی تایبەت پتر گرنگی درا بە ڕەوشی مێینە لە ئێراندا، بالاپۆشی (الحجاب) ڕەتکرایەوەو[30] خێزانی ڕەزا شا یەکەم کەس بوو کە بڕیارەکەی جێبەجێکرد، دواتریش بەسەر فەرمانبەراندا فەرزکرا کە نابێت خێزانەکانیان بالاپۆش بنو، گۆڕانکاریش لە یاسا کەسێتییەکاندا بۆ دیاریکردنی ساڵی ژنهێنان ئەنجامدرا، فرەژنیش قەدەخەکراو، ماف تەڵاق لە هەلومەرجی دیارکراودا بە ژن بەخشرا، لەگەڵ گرنگیدان بە لایەنی پەروەردەیی ژنان،[31] لە لایەکی ترەوە ئەنجومەنی نوێنەران لە ساڵی ١٩٢٨ بڕیاریدا بە قەدەخەکردنی پۆشینی جلکی کلاسیکیو، پێویست بوو لەسەر ئێرانیان جلكو شەپقەی ئۆرووپی بپۆشن، هەروەها لە سەردەمی ڕەزا شادا گرنگی درا بە بواری تەندروستی، چەندین نەخۆشخانە لە بیستەکانو سییەکاندا هاتنە دامەزراندن، لە ساڵی ١٩٤٠

---

[28] لنشوفسكي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٧.

[29] محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٤-٢٨٥.

[30] مەبەست لە حیجاب لێردەدا ئەو عەبایە کە ژنانی ئێرانیی خۆیانی پێدادەپۆشن یاخود "چادر" یا "چارشێوە".

[31] محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٢.

یەكەم ئێسگەی حكومیی ئێرانیی كرایەوەو بەرنامەكانی بە پلەی یەكەم پەروەردەیی بوون .[32]

سیاسەتەكانی رەزا شای پەهلەوی بە شێوەیەكی تایبەت لە بواری پەروەردەو دادگاكاندا كاریگەری خۆی هەبوو لەسەر پێگەو دەسەڵاتیی پیاوانی ئایینی لە كۆمەڵگەی ئێرانیدا، دەتوانین بێژین كەڵكەڵەیەك بوو لە مێشكی شادا لە كاتی دیاریكردنی سیاسەتەكانیو جێبەجێكردنی لەو بوارانەدا، بە تایبەت ئەو هەستی بە مەترسی هێزو جموجووڵەكانیان دەكرد وەختێك دژانە لە ساڵی ١٩٢٤ رووبەرووی بیرۆكەی دامەزراندنی سێستەمی كۆماریی لە ئێراندا بوونەوەو ئەوكات ملكەچیانكرد كە بە دەم بەرهەڵستییەكانیاوە بچێت، ئیدی نامۆ نییە كە شا رێگە خۆش بكات بۆ لاوازكردنی دەسەڵاتیان، بە فەرمانی ئەو رۆژنامەكانی دەوڵەت پیاوانی ئایینییان وەك كۆنخوازی سیاسییو كۆمەڵایەتیی پێشاندەدا دژ بەو ریفۆرمانەی كە ئامانج لێی چاككردنی باروگوزەرانی میللەتەو رۆژنامەكان داوایان لە پیاوانی ئایینی كرد كە دانبێن بەوەی ئەو ریفۆرمانە لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا دێتەوە، سەرباری ئەمەش ئەو یاسایەی كە لە ساڵی ١٩٢٨دا لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دەرچوو مەرجگەلێكی لەخۆدەگرت لەمەڕ پۆشینی عەباو مێزەری ئایینی بەمشێوەیە زۆرێك لە مەلا كان بێبەشكران لە پۆشینی جلكی پیاوانی ئایینی، هەروەها شا لە ساڵی ١٩٢٩ فەرمانیدا بە بەرگرتن لە كاروانی پرسەو لەخۆدانی رۆژی عاشورا ،[33] هەروەتر مافی پەنابەرێتیو مانگرتن "بست" رەتكرایەوەو، مزگەوتە گەورەكانی ئەسفەهان بە رووی گەشتیاراندا كرانەوە، لە هەنگاوێكی تردا پیاوانی ئایینی سەروەتو سامانو دەسەڵاتو سەربەخۆییان لەدەستداو

[32] لنشوفسكي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٩-٢٣٠

[33] Gottam, op.cit, p. 149.



دەوڵەت لە ساڵی ١٩٣٩ دەستی گرت بەسەر ئەوقافداو مەلاكان كە پێشتر سەرپەرشتییان دەكرد كران بە فەرمانبەری دەوڵەت .[34]

بێگومان بەرنامەكانی شا لەمەڕ دامەزراندنی سێستەمی هاوچەرخ لە ئێراندا پێویستی بە داهاتی دارایی تەواوو بنچینەیەكی ئابووری پتەو هەبوو، لێرەدا ئەو گرنگییە گەورەیەی كە لە سەردەمی شادا دەدرا بە كاروباری داراییو ئابووریی ئەوەی پێوەندی پێیانەوە هەبوو، بە تایبەت كە ئێران لە جەنگی جیهانی یەكەمدا لەم لایەنانەوە داڕماو بوو، ئیدی لە لایەن رەزا شاوە چەندین رێوشوێن گیرایەبەر بەڵام بە شێوەیەكی گشتی سەركەوتن لەم بوارەدا لەبەر چەندین فاكتەر فرە سنووردار بوو كە هەندێكیان پێوەست بوو بە سروشتی ئەو رێوشوێنانەو هەندێكی تریش بە هەلومەرجی ئێران لەو سەروبەندەدا.

بەگوێرەی پێویستیی ئێران بە كادێری دارایی شارەزا، ئیدی واپێویستی دەكرد پشت ببەستێت بە شارەزایانی دارایی بیانی، وەك لەمەوبەر ئاماژەمان پێدا ئێران داوای شارەزایەكی دارایی لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی كرد، ئارسەر ملیسپۆ هەڵبژێردراو بووە بەرپرسی دارایی ئێران بۆ ماوەی پێنج ساڵان ١٩٢٢-١٩٢٧، ملیسپۆ گۆڕانكاریی گرنگی ئەنجامدا لە گردكردنەوەی باجی خانووبەرەو گواستنەوەی دەسەڵاتی دارایی لە وەزارەتە جیاوازەكانەوە بۆ وەزارەتی دارایی، هەروەها سنووری دانا بۆ گەلێك لە باجگەلەكانی رێگەوبان "ئەتاوات" كە لەمپەرێك بوو لەبەردەم ئاڵوویری بازرگانیی لە نێوخۆدا، وەك باجەكانی رێگەوبانو مەرزەكان، هەموو ئەمانەش گۆڕدران بۆ باجی رێگەی گشتیی، هەروەتر گردكردنەوەی باجگەلەكانی ترو بەڕێوەبردنی موڵكەكانی دەوڵەت لە زەویو زارانو دارستانەكان، لە ئاكامیشدا داهاتی دەوڵەت بە شێوەیەكی بەرچاو

[34] ابراهیمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦

هەڵکشانی بەخۆوە دی، بەڵام نێردەی ملیسپۆ دووچاری چەندین ئاستەنگ بۆوە، لەوانە گەورە فیۆداڵان کە دەستی دەستییان لە باجداندا دەکرد، وێڕای جیاوازیی لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکانو فەرمانگە ئیدارییەکان، لە کۆتاییدا جیاوازی کەوتە نێوان ملیسپۆو ڕەزا شا لەمەڕ پرسی زیادکردنی تێچوونی سەربازییو ئەو بارگرانییەی کە ئەم زیادکردنە دەیخستە سەر بودجەی دەوڵەت، وێڕای دەسەڵاتو توانا بەرفراوانەکانی ملیسپۆ شای نیگەران کردو بە گوتەیەك گوزارشتی لێکردو گوتی "نابێت لەم وڵاتەدا دوو شا بوونیان هەبێت من شای تاقانەم"، لە ئاکامدا گرێبەستەکەی نێوان حکومەتی ئێرانو ملیسپۆ لە ساڵی ١٩٢٧ کۆتایی پێهات.[٣٥]

دوابەدوای کۆتایی هاتنی گرێبەستی نێردراوانی ملیسپۆ لەگەڵ پسپۆڕانی بەلژیکادا گرێبەت ئەنجامدرا سەبارەت بە بەڕێوەبردنو ڕێکخستنی گومرکەکانی ئێران،[٣٦] هەروەها شارەزایانی ئەڵەمانی بانگهێشت کرانو لە لە سەریێیانەوە لندنبلانت Lindenblatt بەڵێنی بە شا دا کە ئەرکی ڕێکخستنی بانکی نیشتیمانیی ئێرانی "بانکی میللی" لە ئەستۆ بگرێت کە لە ساڵی ١٩٢٨ هاتە دامەزراندن، لەو سەروبەندەدا دراوی کاغەزیی لە بانکی شاهەنشاهی فارسی کە بەریتانییەکان بە ڕێوەیان دەبرد مافی دەرکردنی وەستێنرا، ئەو مافە لە ساڵی ١٩٣٠ بەخشرا بە بانکی نیشتیمانیی،[٣٧] لە هەمان ساڵدا بانکی نیشتیمانیی لقی کشتوکاڵی لێبۆوە زۆری نەبرد لە دوای یەك ساڵ گۆڕدرا بۆ بانکی کشتوکاڵیی بۆ پێدانی قەرز بە جووتیارانو خاوەن پرۆژە پیشەسازییەکان، لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٩٣٢

[٣٥] ابراهیمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٩ .، هرشلاغ . ز . ی ، مدخل الی التأریخ الأقتصادي للشرق الأوسط ، ترجمة : مصطفی الحسیني ، بیروت ، ١٩٧٣، ص ٢٥٧-٢٥٨.

[٣٦] محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٨.

[٣٧] لنشوفسكي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٠ .، هرشلاغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٨-٢٥٩.



بانکی نیشتیمانیی بووە خاوەنی ١٤٧ لق یاخود بریکار لە سەرجەم ئێراندا وێڕای ناردنی نوێنەرەکانی بۆ نێزیکەی بیست دەوڵەتی ئۆروپی،[٣٨] ئیدی لە ئاکامی نێردەی ملیسپۆو نێردەکانی تر کاروباری دارایی لە بیستەکاندا ڕێکخرایەوەو داهاتی دەوڵەتیش گەشەی سەند، لە ساڵی ١٩٢٧-١٩٢٨ داهاتی دەوڵەت لە ٢٥٠ ملیۆن قڕانەوە "کە دەکاتە پێنج ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی" لە ساڵی ١٩٣٠-١٩٣١ ئەو ڕێژەیە زیادیکرد بۆ ٣٥٣ ملیۆن قڕان "کە دەکاتە شەش ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی دوای دابەزینی بەهای قڕان"،[٣٩] داهاتی دەوڵەتیش لە سییەکاندا لە دوای واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی تازە لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی - فارسی لە ساڵی ١٩٣٣ ڕووی لە باشیکرد، هەر لەم بەشەداو لە لاپەڕەکانی داهاتوودا ئەم بابەتە بە چڕوپڕیی لە بارەیەوە دەدوێین، لە کۆتایی سییەکاندا داهاتی دەوڵەت گەیشتە ٢٠ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی،[٤٠] هاوکاتیش لەگەڵ گشت ڕێوشوێنەکاندا گەرەنتی جێگیریی دراوی ئێرانی درا، لە گرنترین ئەو ڕێوشوێنانەی لەم بوارەدا گیرایەبەر بریتی بوو لە گۆڕینی دراوی ئێرانی "قڕان" کە لە بنەڕەتدا زیو بوو بۆ دراوێکی تری فرە جێگیر "ریاڵی پەهلەوی" کە ئاڵتون بوو، ئەمەش لە سەرەتای سییەکاندا سەریهەڵدا بە تایبەت تەنگژەی ئابووری جیهانی ١٩٢٩ - ١٩٣٣ بووە مایەی پتر دابەزاندنی بەهای قڕانی ئێرانی.[٤١]

لە بواری پیشەسازیدا هەندێك هەوڵدرا بۆ دامەزراندنی پیشەگەریی هاوچەرخ لە ئێراندا، بە تایبەت لە سییەکاندا، لە سەردەمی پێشوودا،

[٣٨] محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٣.

[٣٩] هرشلاغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٨.

[٤٠] هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٠.

[٤١] محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٤.

حکومەت هانی پیشەسازیی نیشتیمانیی دەدا لە ڕێگەی دەسپێشەخەرییە تایبەتەکانەوە، بەڵام تەنگژەی ئابووریی جیهانیی کاریگەریی کردە سەر ئاڵوویری بازرگانی دەرەوە لە لایەکەوەو، بەدینەهاتنی ڕێژەی بەرچاوی پێشکەوتنی ئێران لە بواری پیشەسازیدا لە بیستەکاندا لە ڕێگەی دەسپێشخەری تایبەتو پیشەگەریی کلاسیکییەوە، دەوڵەتی هەڵپێچا تاکو پتر دەستوەربداتە ڕێکخستنەوەی ژیانی ئابووریی لە ڕێگەی جێبەجێکردنی سیاسەتی ئابووریی دەوڵەت،[٤٢] ئیدی شا هەوڵیدا دەست بگرێت بەسەر دامەزراوە پیشەسازییە هاوچەرخەکاندا، لە لایەکی ترەوە وەبەرهێنانەکانی حکومەت لە بواری پیشەسازیدا بە بەراورد لەگەڵ سییەکاندا نێزیکەی نۆ بەرابەر کورتی هێنا بوو، لە وەختێکدا کۆمەکی حکومەت لە ساڵی ١٩٣١ لە بواری چالاکی سیاسیدا گەیشتە ٧٨ ملیۆن ریاڵ ئەم ژمارەیە لە ساڵی ١٩٣٩ بازیدا بۆ ٧٠٢ ملیۆن ریاڵ ،[٤٣] پتر تیشك خرایەسەر پیشەسازی شەکرو قوماشو چیمەنتۆو سابوونو کارگەکانی بەرهەمهێنانی شەرابو شقارتەو توتن، پیشەسازی سەرەکیی لە وڵاتدا نەوت بوو کە لە دەرێی چنگۆڵەی دەوڵەتدا بوو، کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی – فارسی سەرپەرشتی دەکردو بەرێوەی دەبرد، بەهەرحاڵ ڕەزا شا لە بواری پیشەسازیدا دووچاری چەندین کۆسپ بۆوە، دەستەیەکی مەرکەزی نەبوو بۆ ڕێکخستنی زانیارییەکان لەمەڕ ئابووری نیشتیمانییو تواناکانیو پێویستییەکانی، واتە مەحاڵبوونی دانانی نەخشەگەلێکی دوورو درێژو خوێندنەوە بۆ کراو لە بواری پیشەسازیدا، لێرەدا حکومەت بە شێوەیەکی گشتی هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی نەدا بە پرسە گرنگەکانی وەك گرنگیدان بەو شوێنانەی کە گونجاون بۆ پرۆژە پیشەسازییەکان یاخود مافدارێتی لە برەودان بە ئابووری

42 هرشلاغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٥.

43 البكاء ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.



نیشتیمانییو،[٤٤] بە گوێرەی پێویست پەنابردن بۆ پسپۆڕیی هونەریی نیشتیمانیی لە بواری پیشەسازییو پشتبەستن بە دەرەوە لە بواری وەگەڕخستنی کارگەو ئامێرەکان بەڵکو تەنانەت هەندێکجار ماددەی بنچینەیی، لە ئاکامی هەموو ئەمانەشدا چەندین کارگە لە کارکەوتن کە لە سەردەمی ڕەزا شای پەهلەویدا دامەزرابوون، هەروەها هەندێك لە کارگەکانی شەکر لە کارکەوتن بەهۆی نەبوونی چەوەندەری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی شەکر،[٤٥] سەبارەت بە دامەزراندنی کارگەی بلۆك لە ئاخروئۆخری دەسەڵاتیدا کە دانەمەزرا بوو لە لایەنی بازرگانییەوە فرە قورس بوو بە نیسبەت وڵاتێکەوە کە لە ناوخۆدا کەرەستەی خاوی ئاسن زامن نەکرابوو،[٤٦] سەبارەت بەو کارگەکانی کە لە بەرهەم هێنان بەردەوام بوون نرخی بەرهەمەکانی لە هەمبەر بەرهەمە هاوردەکراوەکاندا فرە بەرز بوو، بەهۆی جیاوازی لە تێچوونی بەرهەمدا، ئیدی جۆری بەرهەمەکان بە خراپی مایەوە .[٤٧]

لێرەدا پێویستە ئاماژە بدەین بە هەوڵی ڕەزا شا لە رووی هاندانی پیشەگەرییو پیشەسازییە کلاسیکەکان کە لە سەردەمی قاجارییەکاندا دووچاری نشوستی هاتبۆوە، ئیدی قوتابخانەی تایبەتی پیشەگەرییو بە تایبەت چنینی فەڕشی ئێرانی دامەزراو، دووچاری کێبڕکێی توند بۆوە لە لایەن لاساییکاران لە تورکیاو باشووری یەکێتییی سۆڤیەتو بەرهەمەکانی چینو هیند..، دامەزراوەیەکی تایبەتی حکومیش پێکهێنرا بۆ سەرپەرشتی کردنی بەرهەمهێنانی فەڕشو فرۆشتنی، هەروەها پیشە کلاسیکەکانی تری وەك پیشەسازی برۆنزو بۆیە ئاوڕی لێدرایەوە.[٤٨]

44 Joseph M. Upton; The history of modern Iran, An inter pretation (Harvard – 1965) p. 55.

45 البكاو ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١ .

46 Bullard, op.cit, p377.

47 محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٥.

48 هرشلاغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٦.

گەر واز لەو کۆسپانە بهێنین کە دووچاری هەوڵی دامەزراندنی پیشازیی هاوچەرخ بۆوە لە ئێراندا، ئیدی ئەو هەوڵەو، گۆڕانکارییە ئابوورییەکانی تر لە سەردەمی رەزا شادا، بووە مایەی زیادبوونی رێژەی کرێکارانی ئێران، رێژەی کرێکاران لە کارگە گەورەکاندا لە ساڵی ١٩٢٥ لە کەمتر ١٠٠٠ کرێکارەوە زیادیکرد بۆ ٥٠,٠٠٠ کرێکار لە ساڵی ١٩٤١، لە هەمان قۆناغدا رێژەی کرێکاران لە پیشەسازییەکانی نەوتدا لە ٢٠,٠٠٠ کرێکارەوە زیادیکرد بۆ ٣١,٠٠٠ کرێکار، سەرباری کارێکارانی کارگە گچکەکانو کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەرو بەندەرو کانەکانی خەڵوز ئەو ژمارەیە بۆ ١٧٠,٠٠٠ کرێکار زیادیکرد،[49] هێندێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە رێژەی کرێکاران لە پێش جەنگی جیهانی دووەمدا گەیشتە نێزیکەی نیو ملیۆن کرێکار[50]: ئەو کرێکارانە لە سەردەمی رەزا شادا بێبەش بوون لە مافی دامەزراندنی سەندیکاو مانگرتن، وەختێکیش هەوەڵ یاسای کرێکاریی لە ئێراندا لە ساڵی ١٩٣٦ دەرچوو هیچ ئاماژەیەکی تێدا نەبوو بۆ ئەو مافانە، ماددەکانی تایبەتکرا بە هەلومەرجی کار لە دامەزراوە پیشەسازییەکاندا.[51]

هەروەتر دەوڵەت هەر لە سییەکانەوە دەستی وەردایە جموجووڵی پیشەسازیی‌و بازرگانیی، بە تایبەت بازرگانیی دەرەوە، هەر لەسەرەتای سییەکانەوە، هێندێك لەو هەنگاوە بەراییانە پێش ئەو دەسوەردانە کەوتن لەوانە لابردنی جیاوگی بیانییەکان لە ساڵی ١٩٢٨، دیارە تایبەتمەندی بیانییەکان رێگەی خۆشکرد بۆ کردنەوەی دەرگاکانی ئێران بە رووی شتومەك‌و بەرهەمە ئۆروپییەکان بە شێوەیەك کە زەرەو زیانی زۆریدا لە بەرژەوەندی بازرگانە نێوخۆییەکان‌و پیشەسازیی‌و پیشەگەریی ئێرانی،

[49] ابراهیمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٣.

[50] محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٤ پەراوێزی ٣

[51] فرید هولیدای، مقدمات الثورة في ایران (بیروت- ط ٢- ١٩٨٢- ترجمة مصطفی کرکوتي) ص ٢٧٣.



وێڕای ئەوەی چەندین کۆسپی وەك دابەزینی بەهای دراوی ئێرانی‌و هەڵایسانی تەنگژەی ئابووریی جیهانی، بووە مایەی دووچاربوونی بودجەی بازرگانیی ئێرانی بە کورتهێنانێکی گەورە کە لە ئاخروئۆخری بیستەکاندا ساڵانە گەیشتە نێزیکەی ١٠ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی،[52] هەربۆیە دەوڵەت لە ساڵی ١٩٣١ دەسپێشخەریی ئەنجامدا بە مەبەستی دەست بەسەراگرتنی تەوای بازرگانیی دەرەوەو، "یاسای مۆنۆپۆلکردنی بازرگانیی دەرەوە"ی هەموارکرد، لە یاساکەدا هاتبوو دەبێت باهای شتومەکە هاوردەکراوەکان بەرابەر بێت لەگەڵ بەهای شتومەکە هەناردەکراوەکان، بە پێی ئەم بنەمایە مۆنۆپۆلکردنی تایبەت بە دەوڵەت دروست بوو بۆ هەناردەکردنی شتومەکە پێویستەکانی وەك چاو شەکرو لۆکەمەنی، هەروەها بەرهەمەکانی لۆکەو گوش‌و برنج‌و فەڕش کە شتومەکی سەرەکی بزنسمانە ئێرانییەکان بوو قۆرخکرا، لە پێناو چالاککردنی ئاڵوویری بازرگانی دەرەوە ئێران میکانیزمی شمەك بە شمەکی لەگەڵ دەوڵەتان‌و بە تایبەت لەگەڵ یەکێتییی سۆڤیەتدا پێڕەو کرد،[53] دەوڵەت لە رێگەی یاسای قۆرخکارییەوە سەرکەوتنی وەدەستهێنا لە هاوسەنگیی تەرازووی بازرگانیی دەرەوە لە لایەك‌و بودجەی نێوخۆی دەوڵەت لە لایەکی ترەوە، با بە بە پلەی یەکەم لەسەر حسێبی بەکاربەران بێت،[54] ئیدی قۆرخکردنی هاوردەکردن‌و هەناردەکردن‌و فرۆشتن‌و دیاریکردنی نرخی زۆربەی شتومەکە سەرەکییەکان بە تایبەت شەکرو چاو شەکرەمەنی‌و میوەی وشك‌و گەنم‌و برنج بووە مایەی شاردنەوەی ئەو شتومەکانە لە بازاڕداو بەرزبوونەوەی نرخیان بە شێوەیەکی خەیاڵی‌و بووژاندنەوەی بازاڕی رەش.[55]

[52] هرشلاغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٧.

[53] محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٦-٢٤٩.

[54] هرشلاغ، سەرچاوەی پێشوو ل٢٦٨ – ٢٦٩.

[55] البکاء ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢.

رەزا شا هەستی بەوە کرد کە بەشێکی گەورە لە بووژاندنەوەی ئابووریی لە بوارەکانی پیشەسازیی و بازرگانیی بە تایبەت پشت دەبەستێت بە بوونی تۆڕێکی کارای ڕێگەوبانی گواستنەوە لە وڵاتدا، وێڕای بایەخی سەربازیی ئەو ڕێگەو بانانەو هاسانکردنی گواستنەوەی یەکە سەربازییەکان بە خێرایی بۆ بەشە جیاوازەکانی وڵات، ئیدی ئێران فرە پێویستی بەو ڕێگەوبانانە هەبوو، لە ساڵی ١٩٢٥ جگە لە ٣٠٠٠ میل لە ڕێگەوبان کە زۆرێکیان خراپ بوون هیچی تر نەبوو،[56] بەهاتنی ساڵی ١٩٤١ تۆڕی ڕێگەوبانی گواستنەوە پێکهاتبوو لە ١٥٠٠٠ میل لە هێڵی شەمەندەفەرو ڕێگەی وشکانیی،[57] دیارترین دەستکەوتەکانی رەزا شا لەم بوارەدا بریتی بوو لە درێژکردنەوەی هێڵی شەمەندەفەر لە ڕێگەی ئێرانەوە لە نێوان بەندەری بەندەر شا لەسەر دەریای قەزوین و بەندەری شەهپور لەسەر کەنداوی عەرەبیی بە درێژایی ١٣٩٤ کیلۆمەتر، ئیدی دروستکردنی ئەم هێڵە ١١ ساڵی رەبەقی پێچوو ١٩٢٧ – ١٩٣٨، کۆمپانیا ئەمەریکی و ئەڵەمانی و ئۆروپییەکان بەشدارییان لە دامەزراندنیدا کرد، ٥٠ هەزار کرێکارو ٤٥٠ ئەندازیارو پسپۆڕ کاریان تێدا دەکردو قەبڵاندنەکانیش جیاوازن لەمەڕ بڕی تێچوونی لە نێوان ٣٠ ملیۆن جونەیهو، ١٢٥، ١٥٠، ٢٠٠ ملیۆن دۆلار، لە چەندین سەرچاوەی نێوخۆییەوە کۆمەکیی بە پایان گەیاندنی پرۆژەکە دەکرا لە گرنگترینیان قۆرخکردنی شەکرو چاو فەرزکردنی باج لەسەر ڕێگەوبان و هەندێك شتومەکی تر سەرباری بەخشیشەکانی حکومەت و قەرزی بانکی نیشتیمانیی.[58]

[56] ابراهیمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢.

[57] Yiung; op, cit, p. 141.

[58] محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٤.



لە بەرامبەر ئەو گرنگییە گەورەیەی کە رەزا شا پێیهەستا لەهەمبەر بە هاوچەرخکردنی سووپاو بەڕێوەبردن و پەوەردەو پیشەسازیی و بازرگانیی، ئیدی لە بەرامبەردا کەرتێکی سەرەکی لە کەرتەکانی نیشتەجێبوون و ئابووریی لە ئێراندا گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدرا، مەبەستمان لە جووتیاران و کشتوکاڵە، بە پێی یەکێك لە توێژەران "کشتوکاڵ لەدوای جەنگەوە بووە قوربانی دوو ئاڕاستەی ناوەندیی ئەوانیش: یەکەم هەوڵدان بۆ پشتگیری سەربازیی و سیاسیی و، دووەم پیشەسازیی"،[59] ئەمەش دیارە ئەو بڕە گەورەیەی کە تایبەتکرا بوو بۆ کەرتی کشتوکاڵیی لە بودجەی دەوڵەت، هەروەها ئەو ڕێوشوێنانەی لەم بوارەدا گیرانەبەر خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەریستۆکراتی ئێرانیی کرد نەوەك وردە جووتیاران، بێگومان ئەمە پێوەندی هەبوو بە سروشتی سیستەمی دەسەڵاتی رەزا شا، بەوپێیەی گەورەترین خاوەن زەوی و زارانی کشتوکاڵی بوو لە ئێراندا، یاخود بڵێین گەورەترین فیۆداڵ بوو، لێرەوە سەردەمی رەزا شا هیچ هەوڵێکی بەخۆوە نەدی بۆ وردبینی لە موڵکداریی زەوی و زارە کشتوکاڵییەکان یاخود ڕێکخستنی پێوەندی لە نێوان جووتیارو خاوەن زەوی و زاران لە بەرژەوەندی لایەنی یەکەم، لەگەڵ ئەمەشدا یاسایەکی دەرکرد بۆ تاپۆکردنی زەوی و زارە بێخاوەن و فەرامۆش کراوەکان بۆ ئەوە کەسەی وەبەری دێنێت بەڵام ئەوەی سوودی لە یاسای نێوبراو دەکرد بریتی بوون لە خاوەن زەوی و زاران چونکە جووتیاری سادە پێویستی بە سەرمایەی پێویست هەبوو بۆ وەبەرهێنانی زەوییەکەی،[60] وەختێکیش یاسای تازەی شارستانیی لە ساڵی ١٩٢٨ دەرچوو پرسی ڕێکخستنی پێوەندی لە نێوان خاوەن زەوی و زاران و جووتیارانی چارەسەر کرد بەڵام بەشێوەیەکی تر پێگەو دەسەڵاتی خاوەن

[59] هرشلاغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٢.

[60] هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٣.

زەوی‌و زارانی پتر لە پێشوو بەرقەراتر کرد،[61] وردە جووتیارانیش سوودیان لەو قەرزە وەرنەگرت کە بانکی کشتوکاڵیی لە سییەکاندا پێی بەخشیبوون چونکە قەرزەکان لەبەرامبەر گەرەنتی ساختمانیی دەبەخشراو جووتیارانیش بەدەستیانەوە نەبوو، لە کۆتایشدا مەزنە موڵکداران بە مەرجی هاسان سوودیان لەو قەرزانە وەرگرت ئەویش بە دانی زیادەیەکی ساڵانە بە بڕی ٤٪ لە بەهای قەرزەکە، دواتر ئەو سەروەت‌و سامانەیان بە قەرز دەدا بە جووتیاران لە بەرامبەر ڕێژەیەکی گەورە لە قازانجەکان کە زۆرجاران جووتیار نەیدەتوانی بیدات‌و دواجاریش دەکەوتە ژێر ڕەحمەتی خاوەن زەویی.[62]

جگە لەوەش حکومەت هێندێك ڕێوشوێنی گرتەبەر بە ئامانجی چاککردنی بەروبوومی کشتوکاڵیی نەوەك چاککردنی ئاستی بژێویی جووتیاری ئێران، ئیدی حکومەت ڕاوێژکارو پسپۆڕانی کشتوکاڵیی لە دەرەوە بانگهێشت کردو، بەروبوومی کشتوکاڵیی تازەشی هێنایە ناو وڵاتەوە وەك چاو لۆکەو، هەندێك بەروبوومی کشتوکاڵیشی لە باج بەخشی بە ئامانجی هاندانی کشتوکاڵەکەی‌و، لە ساڵی ١٩٢٩ کۆلێژی کشتوکاڵ‌و قوتابخانەی کشتوکاڵیشی لە چەند گوندێکدا دامەزراندو، ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵیشی پێکهێنا بۆ دیاریکردنی نەخشە تایبەتەکانی کشتوکاڵ‌و، چەندین کۆگەی (سایلۆ) دانەوێڵەشی بنیاتنا بە ئامانجی گردکردنەوەی زیادەی دانەوێڵە،[63] لەگەڵ ئەمەشدا وەبەرهێنانی کشتوکاڵیی هیچ برەوێکی بەرچاوی بەخۆوە نەدی، تۆژینەوەك کە لە ساڵی ١٩٣٤ ئامادەکرابوو ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ڕێوشوێنەکانی حکومەت لە بواری کشتوکاڵیدا بووە مایەی زیادکردنی خراپەکارییە کلاسیکەکانی سێستەمە کۆنەکە، لەگەڵ

[61] محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣١ .

[62] هرشلاغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٣-٢٦٤.

[63] محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤، البكاء ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣-٢٤.
Lenczowski; op. cit, p 96



ئەوەی دەوڵەت لە هەمان ساڵدا هەستا بە فرۆشتنی زەوییەکانی دەوڵەت، بەڵام زۆرێکیان کەوتە دەست گەورە فیۆداڵان‌و ئەو زەوییانەیان کردە میکانیزمێك بۆ پتر ئیستیغلال کردنی جووتیاری ئێرانی،[64] فەرامۆشکردنی کشتوکاڵ‌و ڕێگەوبان بەو شێوەیە بووە مایەی سنووردارکردنی هەلەکانی وڵات بە مەبەستی سوود بینین لە سەرچاوە سروشتییە سەرەکییەکان‌و، بنیاتنانی ئابوورییەکی تۆکمەو، بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویی جەماوەر،[65] دوای چەندین ساڵ دەرکەوت کە بنیاتی ئابووریی کە ڕەزا شا هەوڵی بۆ دەدا بنیاتێکی فشەڵ بوو.

هەر پرۆسەیەکی هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکانی ڕەزا شا لە بواری نێوخۆییداو هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت‌و کۆمەڵگەی هاوچەرخیی ئێرانی، وا پێویست دەکات دوو پرسی گرنگ بە هەند وەربگرین ئەوانیش: سروشتی سێستەمی دەسەڵاتی ڕەزا شاو کاریگەری سیاسەتەکانی‌و ئاکامەکانی سەبارەت بە کۆمەڵگەی ئێرانیی، دیارە ڕەزا شا دیکتاتۆرو سەرکوتکار بوو هەرگیز دڕدۆنگ نەبوو لە بەکارهێنانی توندوتیژی‌و گرتنەبەری میکانیزمی سەرکۆنەکردنی ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتی ئەویان ڕەتدەکردەوەو کۆمەکییان نەدەکرد، هەروەها لە ڕێگەی ڕۆژنامەو پارتی سیاسیی‌و سەندیکا پیشەییەکانەوە هەموو جۆرەکانی ئازادی گوتنی قەدەخەکرد، ئیدی ڕۆژنامە سەربەخۆکانی داخست‌و حەسانەی لە پەرلەمانتارەکان سەندەوەو پارتە سیاسییەکانیشی تارومارکرد، تایبەتتر پارتی سۆسیالیست کە سلێمان ئەسکەندەریی سەرۆکایەتی دەکردو، حیزبی شیوعی ئێرانیی زۆربەی سەرکردەکانی قۆڵبەست کران‌و لە ماڵ بەندکران‌و هێندێکیان لە ئاکامی بەدمامەڵەکردن لە گرتووخانەدا گیانیان سپارد، ئیدی

[64] محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٣.

[65] هرشلاغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٣.

جگە لە هێندێك لە سەركردەكانیان كە لە یەكێتییی سۆڤیەت بوون تاقیان بە زیندوویی نەمانەوە،[٦٦] تەنانەت رەزا شا درِدۆنگ نەبوو لە قۆڵبەستكردنی ئەندامە نێزیكەكانیو رێگەی گونجاویشی دەدۆزییەوە بۆ كوشتنیان لە هەلومەرجی ئاڵۆزو باڵۆزدا، تایبەتتر كەسانی دیاری رۆشنبیرو خاوەن مەعریفەو بە ئەزموون، لەوانە فەیرۆز میرزاو "نصرت الدولة" عەلی ئەكبەر داڤارو عەبدولحوسێن تەیمورتاش، فەیرۆز میرزاو عەلی ئەكبەر داڤار بە تۆمەتی بەرتیل دەسگیركرانو لە گرتووخانەدا كوژران، عەبدولحوسێن تەیمورتاش لە ترسی هەمان چارەنووسی هاورِێكانی خۆی كوشت، هەرسێكیشیان لە گرنگترین قۆناغە سیاسییەكانی ژیانی رەزا شادا پشتگیرییان كردووە، یەكێكیش بوون لە هەڵسورِێنەرە كاراكانی رەزا شا لە وەختێكدا سەرۆك وەزیران بووەو ئەوانیش پەرلەمانتار بوون، دواتریش لە رێگەی پۆستی وەزارییەوە خزمەتیان پێ گەیاندووە، فەیرۆز میرزا وەزیری داد بوو لە كۆتا كابینەی حكومەتدا كە رەزا شا لە پێش لەسەرنانی تاجی پادشاییدا سەرۆكایەتی كردووە، هەروەها لە ١٣ی شوباتی ١٩٢٧وەزیری دارایی بووە تا قۆڵبەستكردنی لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٢٩، سەبارەت بە عەلی ئەكبەر داڤار وەزیری كشتوكاڵو بازرگانییو شارەوانیی بووە لە یەك كابینەدا، هەروەها وەزیری دارایی بووە تا خۆكوشتنی لە ١٠ی شوباتی ١٩٣٦، تەیمور تاش وەزیری دەربار بوو لە كانونی دووەمی ١٩٢٦ تا كاتی قۆڵبەستكردنی لە كانونی دووەمی ١٩٣٣، ئەو رێوشوێنانەی گرتیەبەر لەمەرِ دووبارە جەختكردنەوە لەسەر سەربەخۆیی ئێران لە رێگەی قەدەخەكردنی جیاوگی بیانییان لە ساڵی ١٩٢٨،[٦٧] لەو جۆرە هەلومەرجەشدا ئێرانییان

[٦٦] ابراهیمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣-١٩٤.

[67] Upton; op. cit, pp 58 – 59.



بێبەشبوون لە بەرپرسیارێتی سیاسییانو هیچ هەلێكی ئەوتۆی كاریگەرو چالاكیان بۆ نەرِەخسا.[٦٨]

سەرباری ئەمەش رەزا شا بۆ ئەوەی دەسەڵاتە تاكرِەوانەكەی بەردەوام بێت پتر گرنگی دەدا بە سووپاو هێزە چەكدارەكان، لە ئاكامدا رێژەیەكی گرنگی دەستەكەوتەكانی دەوڵەتی دابینكرد بۆ تێچوونی سەربازیی لە وەختێكدا بوارە گرنگەكانی خزمەتگوزاری پێویستی بە داهاتی پێویست دەكرد، سەرباری ئەوەی شا پۆستەكەی خراپ بەكارهێناو بووە گەورەترین فیۆداڵی ئێران بەمەش كۆتایی پێهێنا "سەرجەم قسان سەبارەت بە چاككردنی زەویو، گواستنەوەی باجی كشتوكاڵیی لە سەرشانی خاوەن زەوییەوە بۆ سەرشانی جووتیار".[٦٩]

بەڵگەنەویستە هەوڵی بە هاوچەرخكردنی دەوڵەتو كۆمەڵگە لە ئێراندا پرۆسەیەكی قورسو گران بوو بە هۆی هەلومەرجی ئێرانو پاشكەوتنییەوە، دەتوانین بێژین رەزا شا وەك سەربازێكی پرۆفێشناڵی جەسوور، بە هیچ شێوەیەك شایانی ئەو پرۆسە گرنگە نەبوو تاكو شان بداتەبەری، ئەمەش بەرەو فەلسەفەیەكی روونو ئاشكرا هەنگاوی دەنا، بە پێی گوتەی یەكێك لە توێژەران[٧٠] تێگەیشتنەكانی رەزا شا لەمەرِ تازەگەریی جگە لە تێگەیشتنانێكی كوێرانەو ساویلكانە هیچی تر نەبوو، سەرباری ئەمەش سەركوتكار بوو هەمیشە لە پێناو خزمەتی بەرژەوەندی خۆیدا هاولاتیانی لە یاد دەكردو هیچ هەستێكی راستو دروستیشی نەبوو لە بارەی دەسەلاتی یاساو فەرمانرِەوایەتییەكەی، لەبەر رۆشنایی ئەم هەڵسەنگاندنەدا، وەك ئەوەی تێبینیمان كرد لە لاپەرِەكانی پێشوودا، گەلێك لە سیاسەتەكانی رەزا

[68] Bullard, op.cit, p377.

[69] ابراهیمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٦.

[70] لنشوفسكي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣١ .

شا به تایبەت له بواری ئابووریيدا، پێشوەخت ئەو نەخشانە خوێندنەوەی بۆ نەكرابوو، هەروەها زۆرجاران جێبەجێكردنی ئەو سیاسەتانە لەسەر حسێبی خەمی ئێرانییەكان بوو، له ئاكامداو له ساڵی ١٩٢٥ رەوشی ئابووریی هاوڵاتیانی ئاسایی ئێران له ئاخروئۆخری سییەكاندا دژوارتر بوو لەو رەوشەی كه پێشتر تێیدا دەژیان، ئیدی كۆمەكیكردنی پلانی چاكسازییەكانی رەزا شا له لایەن هەژارانەوە جێبەجێ دەكراو دواجاریش له بەرژەوەندیو قازانجی بژاردەیەكی كەمی سنووردار‌دا بوو.[71]

سەبارەت به سیاسەتەكانی له بواری پەروەردەو رۆشنبیرییو كۆمەڵایەتیدا له گۆشەنیگایەكی شۆڤێنییەوە جێبەجێ دەكرا كه مافە رەواكانی كەمەنەتەوە نافارسەكانی له ئێراندا دەپلیشاندەوەو، ئەو راستییەشی لەبەرچاو نەدەگرت كه زۆرینەی ئێرانییەكان مسوڵمانن، لێرەدا سەردەمی رەزا شا به ئەنجامێكی دیارو چاوەڕوانكراو كۆتایی پێهات كه بریتی بوو له بێزارییو ناڕەزایەتی گشتی له ئێراندا، جگه له كەمینەیەك كه سوودمەند بوون لەو رەوشە، گوزارشتكردنی كرداریی لەو ناڕازایەتییە گشتییە روودانی پشێوییو مانگرتن بوو له بۆنە جیاوازەكاندا لەسەردەمی رەزا شادا كه بەهێزو دڵڕەقییەوە سەرنخونی دەكرایەوە، ئیدی راپۆرتی دیپلۆماتكارانی بیانی له ئێران ئاماژەی دەدا به حاڵوباڵی بێزاریی كه گشت وڵاتی گرتبۆوە پێش كەوتنی رەزا شا له ئەیلولی ١٩٤١، وەزیرو كۆمیسێری بەریتانی له تاران له یاداشتێكیدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا له ئاداری ١٩٤١ نووسیویە "سەرجەم هاوڵاتیان له شا بێزارنو خودی رەزا شا ناتوانێت به یەكجاریی پشت به سووپاكەی ببەستێت، هەر جووڵانەوەیەكیش بۆ لابردنی شا یاخود ئیمپراتۆریەتەكەی جەماوەرییو

[71] Nikki R. Keddie; Roots of revolution, An intcrprehive history of modern Iran (New Haven – 1981) p. 112.



چاوەڕوانكراو دەبێت، زۆربەی خەڵكیی دڵخۆشدەبن به هەڵایسانی شۆڕش ئاكامەكەی بەهەر شێوەیەك بێت"، وەزیرو كۆمیسێری ئەمەریكی له تاران ئاماژەیدا بەهەمان رەوشی سەرێڕا، لەدوای كەوتنی رەزا شاو مردنی له مەنفا، به لوتبەرزو پیس وەسپداری كرد به تایبەت له ساڵانی كۆتایی تەمەنیدا ئیدی هیچ كەسێك خەمبار نەبوو به تاروماربوونی دەسەڵاتەكەیو مردنی له مەنفا." [72]

## سیاسەتی دەرەوە:

دەكرێت له دوو بواردا لەمەڕ سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەسەردەمی رەزا شادا بدوێین: یەكەم پەیوەندییەكانی لەگەڵ دەوڵەتە زلهێزەكانداو، دەوڵەتە پێوەندیدارەكان كه بریتین له بەریتانیاو یەكێتیی سۆڤیەتو ئەڵەمانیا، ئێران هیچ پەیوەندییەكی گرنگیی لەگەڵ دەوڵەتانی زلهێزی تردا نەبوو به ئەندازەی ئەو دەوڵەتانەی سەرێڕا، بواری دووەم بریتییە له پەیوەندییەكانی لەگەڵ دەوڵەتانی هاوسێی توركیا، ئەفغانستانو عێراق.

## پەیوەندییەكانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتانی زلهێزدا:

له لاپەڕەكانی پێشوودا تێبینیمانكرد كه یەكێك لەو پرسە گرنگانەی كه دووچاری ئێران بۆوە هەر له سەرەتای سەدەی نۆزدەوە بریتی بوو ململانێی بەریتانیا – رووسیاو ئەو گوشارو دەستێوەردانانەی كه رووبەرووی ئێران بۆوە لەئاكامی ئەو ململانێیەداو، پێشێلكردنو پەكخستنی بەردەوامی سەربەخۆییو سەروەریی ئێران، ئیدی یەكێك له خواستە سەرەكییەكانی نیشتیمانپەروەرانی ئێران بریتی بوو له جەختكردنەوە لەسەر سەربەخۆییو سەروەریی ئێران بەدوور له هەر فشارو دەستێوەردانێكی بیانیی، ئەگەر

[72] ابراهیمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢١-٢٢٢.

شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٧و ئەفراندنی گۆڕانکاریی لە پەیوەندییەکانی ئێران – رووسیادا بە پەیمانی دۆستایەتی لە ٢٦ی شوباتی ١٩٢١ کۆتایی پێهات کە تا رادەیەك بووە مایەی کەمکردنەوەی فشارو دەستێوەردانی رووسیا بۆ سەر ئێران، ئیدی ئەمەش بە تەواوەتی بە بەراوەژووی بەریتانیاوە بوو، کە دەیویست چنگۆڵەی پتر گیر بکات لە ئێران و بیکاتە کۆلۆنییەکی بەریتانیی بە پێی پەیمانی ٩ ئابی ١٩١٩، وەختێکیش لەم کارەیدا شکستیهێنا لەسەر فشارو دەستێوەردانەکانی بەردەوام بوو بۆ سەر کاروباری ئێران دواجار ئێرانییەکان هەستی دژانەیان پەرەی سەندو، رەزا شا ئەو هەستە دژانەیەی قۆستەوەو بە هەند وەریگرت لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ بەریتانیا لە دوای لەسەر نانی تاجی پادشایەتی، سەرەڕای ئەوەی هەم بەریتانیا گەیاندی بە دەسەلاَت و هەم هەوەڵ دەوڵەتیش بوو کە وەك شای ئێران دانیپێدانا، وێڕای ئەمەش ئەو پەیوەندییەو دەرکی رەزا شا بۆ پێگەی تایبەتمەندیی دەسەڵاتی بەریتانیا لە زۆربەی دەڤەرە هاوسێکانی ئێراندا ناکاتە رەتکردنەوەی خواستی لەمەڕ چەسپاندنی سەربەخۆیی سیاسیی و ئابووریی ولاَتەکەی لە چنگۆڵەی بیانیی دوای ئەوەی بە ناو بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئیدی کۆشا لە پێناو دانانی بەردی بناغەی سەربەخۆیی ئێران.[73]

سالآنی ١٩٢٧ – ١٩٣٣ جیاوازی ئێرانی – بەریتانی بە خۆوەدی لەمەڕ سێ بابەتان ئەوانیش:

١) بانگەشەکانی ئێران بۆ دەسبەسەراگرتنی بەحرەین کە ئەوکات بە دەست بەریتانیاوە بوو وەك باقی شێخنشینەکانی کەنداوی عەرەبیی، ئەو بانگەشانە لە سەدەی نۆزدەدا پتر وەدیار کەوتن کە پشتی دەبەست بە

[73] محمد کامل محمد عبدالرحمن، سیاسة ایران الخارجیة في عهد رضا شاه ١٩٢١–١٩٤١(البصرة–١٩٨٨)ص ص ٥٨–٥٩.



رستێك بەڵگەی ناڕاست کە هیچ جۆرە بنەمایەکی نەبوو دروور بوو لە راستییەوە،[74] ئیدی رەزا شا لە ساڵی ١٩٢٧ ئەم بابەتەی هاروژاند، لە ئاداری ئەو ساڵەدا، پەیمانی جددە لە نێوان بەریتانیاو عەبدولعەزیز بن سعود واژۆکرا، عەبدولعەزیز لە ماددەی شەشدا بەڵێنیدا کە دەسوەرنەداتە کاروباری بەحرەینەوە بەو پێیەی کۆلۆنییەکی بەریتانییە، ئێران ناڕەزایەتی خۆی دەربڕی لەسەر ناوبردنی بەحرەین لە پەیمانەکەدا چونکە "مەڵبەندێکی ئێرانییە"، بۆ ئەم مەبەستە لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ حکومەتی ئێران یاداشتێکی ناڕەزایەتی گەیاندە حکومەتی بەریتانیا، هەروەها وێنەیەکی یاداشتەکەی گەیاندە کۆمەڵەی گەلان، لە بەرامبەردا بەریتانیا لە ١٨ی شوباتی ١٩٢٨ وەلاَمی یاداشتەکەی ئێرانی دایەوە بەوەی ئەوەی ئێران پێی هەستاوە دروستاندنێکی ناڕەوایە، هەروەتر حکومەتی ئێران لە ئابی ١٩٢٨ یاداشتێکی تری گەیاندە کۆمەڵەی گەلان و شرۆڤەی لایەنی ئێرانی خرابووە روو، هەروەها بەریتانیا بە یاداشتێکی دوورودرێژ بەڵگەکانی ئێرانی بە درۆ خستەوەو، لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٩ دووبارە حکومەتی ئێران ناڕەزایەتی خۆی پێشاندا دژ بە بڕیارەکانی دەسەلاَتدارانی بەریتانیا کە داوای لەو ئێرانییانە کردبوو کە سەردانی بەحرەین دەکەن دەبێت هەڵگری رەگەزنامە بن، بەلاَم حکومەتی بەریتانیا ئەو نارەزایەتییەی فەرامۆشکرد،[75] وێڕای ئەوەی بەحرەین بانگەشەکانی ئێرانی لەمەڕ خاوەندارێتی تەنبی کوبراو تەنبی سوغراو ئەبو موساو، تێپەڕاندنەکانی بۆ سەر ئەو دورگانە کە هی شێخانی شاریقەو رەئس ئەلخەیمە بوو، کە جێ جیاوازیی نێوان ئێران و

[74] سەبارەت بەو ئیدعایانەو سەلماندنی پوچەڵیی بڕوانە: امل ابراهیم الزیاتي، البحرین ١٧٨٣–١٩٧٣(بیروت– ١٩٧٣) ص ص ١٠٢–١٠٦ .، ابراهیم خلف العبیدي، الحركة الوطنیة في البحرین ١٩١٤–١٩٧١(بغداد–١٩٧٦) ص ص ١٦٨–١٧٢.،
Husain M.Al-Baharan: The Arabian Gulf States(Beirut-1975)p.168 ff.

[75] مراد ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٨.

بەریتانیا بوو لە سەردەمی ڕەزا شادا کە بەریتانیا دەیبەستەوە بە پەیمانی پاراستنی لەگەڵ شێخانی شاریقەو ڕەئس ئەلخەیمە کە لەو ڕێگەیەوە سەرپەرشتیی پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەردوو شێخنشیندا دەکرد.[٧٦]

٢) حکومەتی ئێران لە ساڵی ١٩٢٧ ڕایگەیاند کە سوورە لەسەر ڕەتکردنەوەی جیاوگی بیانییەکان بۆ ماوەیەك کە لە ١٠ی ئاداری ١٩٢٨ تێنەپەڕێت، بەریتانیا ئەو ڕێوشوێنەی سەرکۆنەکردو بەڵێنیدا لە دژی هەڵوێست وەربگرێت، چونکە یەکێتیی سۆڤیەت وازی هێنابوو لە جیاوگەکانی لە ئێرانداو، داوای گەرەنتیشی کرد بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی، لەو وەختەدا ئێران ڕێگەینەدا بەریتانیا فڕۆکەکانی بەسەر کەنارەکانیدا بفڕن بەرەو هیندستان،[٧٧] لە هەمان کاتیشدا پڕۆتۆکۆلی ئاسمانیی لەگەڵ ئەڵەمانیاو یەکێتیی سۆڤیەتدا واژۆکرد، بەریتانیا داوای لە ئێران کرد قەرزە کەڵەکەبووەکانی لەمەڕ خەرجییەکانی هێزی "چەکگەلی باشووری وڵاتی فارس" لە سەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەمدا بداتەوە، هەروەها جیاوازیی کەوتە نێوانیانەوە لەمەڕ ڤیزەی گومرکیی کە ئێران وەك دەسپێکی قەدەخەکردنی جیاوگی بیانییەکان دەستی دابوویە، بەهەرحاڵ لە ١٠ی ئاداری ١٩٢٨دا ئەو جیاوازییانە لە ڕێگەی پڕۆتۆکۆڵێکەوە لە نێوان ئێران – بەریتانیا چارەسەر کرا، ئەم پڕۆتۆکۆڵە گەرەنتی سنوورداری بەخشییە هاوڵاتیانی بەریتانیای دانیشتووی ئێران لەبری کۆنە جیاوگە بیانییەکان،

[٧٦] هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٥–٢٠٧.

[٧٧] بەریتانیا بە تەمای دامەزراندنی هێڵێکی ئاسمانیی بوو لە قاهیرەوە بۆ کەراچی، ئەوەی کە بە بەشێکی خوارەوەی ئێراندا بەرەو هند دەڕۆیشت. هەربۆیە بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢٥دا ڕێکەوتننامەیەکی کاتیی لەگەڵ ئێراندا بەست، بەڵام پەسەندکردنی ئەو ڕێکەوتننامەیە بەمەبەستی فشارخستنە سەر بەریتانیا دواکەوت. بڕوانە:
Rouhollah K.Ramazni : The Foreign Policy in Iran 1500-1941 (Virginia-1966) p.245.



ئیدی ئەم پڕۆتۆکۆڵە بوو بە نموونە بۆ پڕۆتۆکۆڵەکانی دواتر کە ئێران لەگەڵ دەوڵەتانی تری ئەوروپادا واژۆیکرد لە ئادار – ئابی ١٩٢٨، واژۆکردنی پڕۆتۆکۆلی نێوان ئێران – بەریتانیا چەند هەنگاوێکی ئەرێنی لێکەوتەوە، لە کانونی یەکەمی ١٩٢٨ پڕۆتۆکۆلێکی تایبەت لە نێوان ئێران‌و هێڵە ئاسمانییەکانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیی واژۆکرا،[٧٨] هەروەها حکومەتی بەریتانیا دەسبەرداری بەرپرسیارێتییەکانی بوو لەوەی کە کەنارەکانی ئێران بخاتە سەر کەنداوی عەرەبی‌و، هەروەتر دەسبەرداریی پشکنینی تەندروستی بوو بۆ ئەو کەسانەی کە لە ئێرانەوە سەردان دەکەن، لە ساڵی ١٩٣١ کۆمپانیای هیندی – ئەوروپی ڕادەستی تەلەگراف خرایەوە کە کۆمپانیایەکی بەریتانی بوو، بەرپرسیارێتییەکانیشی خستە سەر حکومەتی ئێران‌و لە ئێران پاشەکشەی کرد.[٧٩]

٣) پرسی جیاوگی کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی – فارسی، ئەم جیاوگە، وەك هەمان جیاوگەکانی نەوتی تری ناوچەکە بەگشتی، ستەم بوو لە مافەکانی ئێران سەبارەت بە سەرچاوە نەوتییەکانیی، سەرباری ئەمەش جیاوگەکە نیشانەیەك بوو لە نیشانەکانی هەژموونی بیانیی لە ئێراندا، حکومەتی ئێرانی لە سەردەمی ڕەزا شادا لە ساڵی ١٩٢٨وە کۆشا بۆ پێداچوونەوەی بەندەکانی جیاوگەکە، ئیدی ئەو هەوڵانە لە ساڵی ١٩٣٠ – ١٩٣١ بە هۆی دوو فاکتەرەوە جێگیر بوو، یەکەم کۆمپانیاکە باجی دەسکەوتی ئێرانی ڕەتکردەوە کە لە ساڵی ١٩٣٠دا فەرزکرابوو،[٨٠] دووەم کۆمپانیاکە یاری دەکرد بە حساباتەکانی‌و کەمکردنەوەی داهاتەکانی حکومەتی ئێران لە سەروبەندی تەنگژەی ئابووریی جیهاندا، لە وەختێکدا

[٧٨] لنشوفسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٦–٢٣٧ Ibid, pp 143-247.

[٧٩] بولارد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٦.، البیاتي، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٨.

[٨٠] عیسوی ویجانە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

**ئەو داهاتانە لە ساڵی ١٩٣٠ ١,٢٢٠,٠٠٠ جونەیهی ئیستەرلینی بوو، دواتر لە ساڵی ١٩٣١ کەم بۆوە بۆ ٣٠٧,٠٠٠ جونەیهی ئیستەرلینی،[81] وەختێك دانوستانەکانی نێوان حکومەتی ئێران‌و بەڕێوبەرێتی کۆمپانیاکە نەگەیشتنە دەرەنجامێك، حکومەتی ئێران جیاوگی کۆمپانیاکەی لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٣٢دا هەڵوەشاندەوە، لەبەرامبەریشدا کۆمپانیاکە ئەو دەسپێشخەرییەی رەتکردەوە، هەروەها حکومەتی بەریتانیا هێندێك لە کەشتییە سەربازییەکانی رەوانەی کەنداوی عەرەبیی کرد، [82] دواتریش ئەم رێوشوێنە خرایە بەردەم کۆمەڵەی گەلان، بەڵام لە هەمان کاتدا دانوستانی نهێنی بەرێوەچوو لە نێوان نوێنەرانی حکومەتی ئێرانی‌و کۆمپانیای نەوت دواجار پڕۆتۆکۆلێك لە نێوان هەردوو لایەندا لە ٢٩ی نیسانی ١٩٣٣ هاتە واژۆکردن، بە پێی پڕۆتۆکۆلەکە داهاتەکانی ئێران لە رووی قازانجی سافییەوە زیادیکرد بۆ کۆمپانیاکە لە ١٦٪ وە بۆ ٢٠٪، دەڤەری جیاوگەکەش کەمکرایەوە بۆ ١٠٠,٠٠٠ میلی چوارگۆشەو، نوێنەری حکومەتی ئێران لە کۆمپانیاکەدا دامەزرا بە مەبەستی چاودێریکردنی حساباتەکان، لە بەرامبەریشدا کۆمپانیا بەڵێنیدا بە مەشق پێکردن‌و راهێنانی ژمارەیەك لە قوتابیانی ئێرانی لە دامەزراوە نەوتییەکانی دەرێی وڵات، لە پڕۆتۆکۆلۆکەدا هاتبوو کە جیاوگەکە کە واپێویست بوو لە ساڵی ١٩٦١ کۆتایی پێبێت درێژ بکرێتەوە بۆ ماوەی ٣٢ ساڵی تر واتە لە ئاخروئۆخری ١٩٩٣ کۆتایی پێدەهات.[83]**

**درێژکردنەوەی جیاوگەکەو مافەکانی تر کە لە پڕۆتۆکۆلە تازەکەدا دەستنیشان کرابوو، لەوانە ماڤ کڕینی زەوی‌و زاران‌و درێژکردنەوەی هێڵی**

---

**81 عبدالهادي كريم سلمان، ايران فى سنوات الحرب العالمية الثانية (موصل– ١٩٨٦ ) ص ٢٨.**

**82 بولارد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧.**

**83 عیسوي ويجانة، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤، محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٨ – ٢٦٩، هاکوب ق. توريانتز، نفط ودماء (بيروت – ١٩٦٢ – ترجمة عبدالغني الخطيب) ص ٧٠.**



**شەمەندەفەرو بنیاتنانی بەندەری تازەو فڕۆکەخانەو ئێستگەو شتی تریش، هێندێك لە توێژەرانی گەیاندە ئەو دەرەنجامەی کە جیاوازی نەوتیی بە تەنیا مانۆڕێك بوو شا دەیویست لەم رێگەوە هاریکاریی پێگەکەی بکات لە نێوخۆداو خۆی وەك نیشتیمانپەروەر نیشان بدات کە دژی بەرژەوەندییەکانی بیانیانە.[84]**

**دوای ساڵانێکی کەم لەدوای واژۆکردنی پڕۆتۆکۆلەکە پەیوەندییەکانی ئێران – بەریتانیا رێچکەی ئاسایی‌و مۆرکی دڵسۆزانەی گرتەوە، پێش ئەوەی بچنە نێو قۆناغێکی تری دژوارەوە لە دوای هەڵایسانی جەنگی جیهانی دووەم بە هۆی پێشکەوتنی پێوەندی دۆستانەی ئێران‌و ئەڵەمانیای نازی.**

**هەرچی تایبەتە بە پەیوەندییەکانی ئێران – سۆڤیەت لە دوای پەیمانی ٢٦ی شوباتی ١٩٢١ بە شێوەیەکی گشتی ساردوسڕیی بەخۆوە دی، وێڕای زیادبوونی قەبارەی ئاڵوێری بازرگانیی لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا، رەزا شا هیچ مورتاح نەبوو بە یەکێتیی سۆڤیەت چونکە رقی لە شیوعییەت بوو بڕواشی وابوو سۆڤیەت بە "کۆسپی گەورەی دەزانن لەبەردەم بنەماکانی شیوعییەت لە ئێراندا"،[85] لەگەڵ ئەمەشدا وا پێویستی دەکرد بە هەندەوە بڕوانێتە بوونی سنووری هاوبەش‌و دوورودرێژ لە نێوان ئێران‌و یەکێتیی سۆڤیەتدا، لەمەش گرنگتر یەکێتیی سۆڤیەت بازاڕێکی سەرەکی بوو بۆ بەرهەمەکانی مەڵبەندەکانی (مقاطعة) باکووری ئێران، یەکێتیی سۆڤیەت هەستی بە گرنگیی کۆتا فاکتەر کردو هیچ دڕدۆنگ نەبوو لە بەکارهێنانی وەك فشارێك لە کاتی پێویستدا دژ بە حکومەتی ئێران، بە پێی گوتەکانی باڵوێزی سۆڤیەت بترۆڤیسکی** Petrovsky **لە یەکێك لە گۆڤارەکاندا "ئەوەی**

---

**84 محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٠.**

**85 عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧ .**

گرنگە لە ئێراندا بە تەنیا باکووری ئێرانە، کە سەد لە سەد پشتی بەستووە بە رووسیا، لەبەرئەوەی گشت حاسڵاتەکانی ئەو وڵاتە بە تەنیا دەچووە تاقە بازاڕێکەوە ئەویش رووسیا بوو، ئەگەر بهاتایە رووسیا نەیکڕیبا ئێران لە یەك مانگدا مایەپووچ دەردەچوو، ئیدی ئەمەش هێزی بێهاوتای رووسیا بوو کە لە لایەنی بەریتانیدا بوونی نەبوو"[86]

سۆڤیەت هەوڵیدەدا لە رەزا شا نێزیك بێتەوە پێش ئەوەی تاجی شاهانە لە سەر بکات، جەختیان لەسەر نیازپاکیی خۆیان کردەوە لەهەمبەر ئێران، ئیدی حکومەتی سۆڤیەت بڕێکی زۆر دانەوێڵەی بەخشی بە ئێران تاکو ئەو نوقوستانییە گەورەیەی بەربوبوومی کشتوکاڵیی لە وەرزی حاسڵاتی ١٩٢٤ – ١٩٢٥ چارەسەر بکاتو پڕی بکاتەوە، دوای ئەوەی رەزا شا تاجی شاهانەی لەسەر نا یەکێتیی سۆڤیەت دووەم دەوڵەت بوو کە دانینا بە رژێمە تازەکەی ئێران، هەروەتر حکومەت سۆڤیت پلەی نوێنەرە دیپلۆماسییەکەی لە تاران لە وەزیری کۆمیسیارەوە بەرزکردەوە بۆ باڵوێزخانە ،[87] بەڵام لە ساڵی ١٩٢٦ بە هۆی مافەکانی راوەماسیی لە دەریای قەزوین پەیوەندییەکانی ئێران – سۆڤیەت دووچاری ناسەقامگیری بۆوە، سۆڤیەت فشاری ئابووریو ئابلۆقەی خستە سەر کەلوپەلە هەناردەکراوەکانی ئێران، جگە لە لۆکە، ئیدی بووە مایەی تەنگیی بژێوییو ئابووریی مەڵبەندەکانی باکووری ئێران،[88] دوابەدوای دانوستانە درێژخایەنەکان لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ پەیمانی " ئاسایشو بێلایەنیی " لە نێوان ئێرانو یەکێتیی سۆڤیەتدا واژۆکرا لەگەڵ پڕۆتۆکۆلێکی تایبەت بە بازرگانییو پەیوەندییە

[86] وەرگیراوە لە: لنشوفسكي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤.

[87] عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.

[88] لنشوفسكي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٤–٢٣٥ .



بازرگانییەکانی تری نێوان هەردوو دەوڵەت،[89] لە پەیمانەکدا جەختکرایەوە لەسەر بەندەکانی پەیمانی ٢٦ی شوباتی ١٩٢١و، پرسە ئەمنییەکان لە پەیوەندییەکانی هەردوو دەوڵەتدا،[90] هەروەها یاداشت لە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕکرا سەبارەت بە رێکخستنی پەیوەندییە بازرگانییەکانو تێنو تاویی پەرەپێدانی لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا.[91]

پەیوەندییەکانی ئێران – سۆڤیەت لە دوای پەیمانی ١٩٢٧ جێگیربوونی بەخۆوە نەدیو لە ئاخروئۆخری بیستەکانو سەرەتای سییەکاندا بە قۆناغانێکی دژواردا تێپەڕیو لەو ماوەیەدا سۆڤیەت دووبارە فشاری ئابووریی خستە سەر ئێران، لە ٢٧ی ئابی ١٩٣٥ پەیمانێکی ئابووری تازە واژۆکرا هیچ جیاواز نەبوو لە پڕۆتۆکۆڵە بازرگانییەکانی پێشوو، دواجار بووە مایەی زیادبوونی قەبارەی ئاڵوویری بازرگانیی لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا، لە نێویشیاندا مامەڵەی چەکوتەقەمەنی سۆڤیەت بۆ ئێران، وەختێکیش ماوەی پەیمانەکە لە ساڵی ١٩٣٨ کۆتایی پێهات لایەنی ئێرانی تازەکردنەوەو درێژکردنەوەی لە بەر چەند فاکتەرانێك رەتکردەوە، لە دەسپێکیاندا دەرەنجامەکانی رەوشەکە لەسەر ئاستی جیهانیی، دواتر دامەزراوە دیپلۆماسییەکانی هەردوو لایەن داخرانو سنووری نێوانیشیان بە یەکجاریی داخرا.[92]

واپێویست دەکات ئاماژە بدەین بەوەی رەزا شا هەوڵیدا لە رێگەی میکانیزمی جیاوازەوە چارەسەری کێشەی پشت بەستنی مەڵبەندەکانی باکووری ئێران بە بازاڕی سۆڤیەت بکات، لەو میکانیزمانە دامەزراندنی هێڵی

[89] B. Ponomaryov and Others (eds); History of Soviet foregn policy 1917 – 1945 (Moscow – 1969) pp. 249 – 250.

[90] البياتي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦.

[91] Ponomaryov and Others;op. cit, p.250.

[92] سەبارەت بە وردەکارییەکان بڕوانە: سلمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧ – ٣٨، عبدالرحمن سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١ – ٧٢.

شەمەندەفەر لە نێوان دەریای قەزوین‌و کەنداوی عەرەبیدا بە ئامانجی دۆزینەوەی بازاڕی تر بۆ بەربوومەکانی مەڵبەندەکانی باکوور، لەوانە برەودان بە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتانی زلهێزی تردا، جگە لە بەریتانیاو یەکێتیی سۆڤیەت، لە پێشی پێشیانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە سێیەم وڵات بوو لە بازرگانیی دەرەکی ئێراندا لەساڵی ١٩٣٨و[٩٣] ئەڵەمانیای نازی کە بە پلەی یەکەم دەهات لە بازرگانیی دەرەکی ئێراندا پێش کەوتنی شا کە ٤٧,٨٧٪ ی هاوردەکانی ئێران لە ئەڵەمانیاوە بوو ٤٢,٠٩٪ ی هەناردەکراوەکانی ئێران بۆ ئەڵەمانیا بوو لە ماوەی هەردوو ساڵی ١٩٤٠ – ١٩٤١، لە هەمان کاتدا بازرگانیی ئێران لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت هیچ نرخێکی ئەوتۆی نەما کە شایانی باسکردن بێت، هاوردەکانی ئێران لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە ٠,٠٤٪ی پێکدەهێنا لە وەختێکدا هەناردەکراوەکانی ئێران بۆ یەکێتیی سۆڤیەت ١,١٧٪ی لە کۆی سەرجەم هەناردەکانی ئێران پێکدەهێنا، بەمشێوەیە ڕەزا شا سەرکەوتنی وەدەستهێنا لە کۆتایی هێنان بە پشت بەستنی مەڵبەندەکانی باکووری ئێران بە یەکێتیی سۆڤیەت لە رووی ئابوورییەوەو لەبەرامبەردا ئەڵەمانیای کردە شەریکی سەرەکیی بازرگانیی ئێران.[٩٤]

پەیوەندییە بازرگانییەکانی ئێران – ئەڵەمانیاو گەیشتنی بەو ئاستە پێشکەوتووە دەرەنجامی چەندین ساڵی دوورو درێژ بوو لە برەودان بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت لە پێش‌و لە سەروبەندی سەردەمی ڕەزا شادا،[٩٥] دوای راوەستانێکی کورت خایەن دوابەدوای شکستی ئەڵەمانیا

[93] John De Novo; American interests and policies in the Middle East 1900 – 1939 (Min- neapolis – 1963) p. 276.
[94] Ramazani, op.cit, pp283-284.
[95] سەبارەت بە وردەکاریی پتر لەمەڕ ئەو پێوەندییانە بڕوانە:
Lenczowski; Russia and the West in Iran, pp.145 – 162



لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، ئەڵەمانیا پەیوەندییە ئابووری‌و رۆشنبیرییەکانی لەگەڵ ئێراندا دەسپێکردەوە، لە ساڵی ١٩٢٠وە کۆمپانیا ئەڵەمانیاییەکان جمجووڵ‌و چالاکییان لە ئێران دەسپێکردەوەو، لە ساڵی ١٩٢٢ گرووپێکی تازەی قوتابیانی ئێران گەیشتنە بەڕلین بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن لە ئەڵەمانیاو، لە ساڵی ١٩٢٣ ئەڵەمانیا ئەفسەری پێشوو هارتمانی Herr. G. Hartman راسپارد بە مەبەستی "سەرپەرشتیکردنی کارگەی دروستکردنی چەك‌و تەقەمەنی لە تاران‌و لقی ئەو کارگەیە لە بوشەهر، دواتریش چوار ئەفسەری ئەڵەمانی تر بە ڕێخران بۆ کۆمەکیکردنی هارتمان، لە ساڵی ١٩٣٤وە ئێران دەستیکرد بە وەرگرتنی چەك‌وتەقەمەنی کە بە گرێبەست لە ئەڵەمانیای کڕیبوو، لە نێویشیاندا کەشتی جەنگیی "پەهلەوی"،[٩٦] دوابەدوای لەسەر نانی تاجی پادشایەتی ئەڵەمانیا بەڵێنیدا کە سەرجەم پێویستییەکانی ئێران لە شارەزایان‌و پسپۆڕان پڕ بکاتەوە،[٩٧] بەمپێیە ڕەزا شا دوای تەوابوونی کارەکانی ملیسپۆ لە ساڵی ١٩٢٧ داوای پسپۆڕێکی ئابووری ئەڵەمانی کرد، بە تایبەت لە بواری پیشەسازیدا، هەروەها کۆمپانیای ئاسمانیی ئەڵەمانیا یۆنکەر Junker مافی بەکارهێنانی ئاسمان‌و فڕۆکەخانەکانی ئێرانی بە دەست هێناو، لە ٢٥ی ئاداری ١٩٢٨ پڕۆتۆکۆلێکی کاتیی لە نێوان ئێران‌و ئەڵەمانیادا واژۆکراو تێیدا هاتبوو کە دیپلۆماتکارانی ئەڵەمانیا لە ئێران لە چاو نەتەوەکانی تر مامەڵەی تایبەت‌و شیاویان لەگەڵدا بکرێت‌و " Most Favored Nation Treatment "، هاسانکاریی ئەنجام بدرێت لەمەڕ بازرگانیی ئەڵەمانیا لەگەڵ ئێراندا، دواتر پەیمانی دۆستایەتی لە نێوان

[96] Ramazani, op.cit, pp 280-281.
[97] سلمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١ .

هەردوو لادا لە ١٧ی شوباتی ١٩٢٩ واژۆکرا، لە ئاکامدا یەکبینە قەبارەی ئاڵوویری بازرگانیی لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا گەشەی سەند.[٩٨]

گرنگیدانی ئێران بە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لە ئەڵەمانیادا لە خانەی ئەوەی پێی دەگوترا دیپلۆماسییەتی "هێزی سێیەم" کە ئێران زۆرجاران هەوڵی بۆ دەدا بە ئامانجی بەرابەریی و رووبەروو بوونەوەی دەسەلاّتیی کلاسیکیی هەریەك لە بەریتانیاو یەکێتییی سۆڤیەت لە رێگەی پشتبەستن بە سێیەم دەوڵەتی بەهێز، لێرەدا ئێران کۆشای لە پێناو توندتۆڵکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەڵەمانیا لە دوای سەرکەوتنی حیزبی نازی بە سەرۆکایەتی هیتلەرو گەیشتنی بە دەسەلاّت لە ساڵی ١٩٣٣، ئیدی هیتلەر بە شێوەیەکی هەژیو دەستیکرد بە دووبارە بنیاتنانەوەی هێزی سەربازیی ئەڵەمانیا، وێڕای دیپلۆماسییەتی "هێزی سێیەم"، رەزا شا بەخۆی فرە سەرسام بوو بە نازییەکان، پتر سەرسام بوو بە عەسکەرگەرایی ئەڵەمانیاو زەبت و رەبتی نازییەت، ئەو بەخۆشی سەربازێکی پڕۆفێشناڵ بوو، هەروەتر هیتلەرو رەزا شا بە جووتە رقیان لە یەکێتییی سۆڤیەت و شیوعییەت دەبۆوە، رەزا شا هیواخواز بوو هیتلەر کۆمەکی بکات لە گێڕانەوەی ئەو دەڤەرانەی کە رووسیای قەیسەریی داگیری کردبوو،[٩٩] رەزا شا سەرسامییەکەی دابەشکردبوو بەسەر هیتلەرو نازییەکاندا ئەو توندڕۆیانەی ئێران کە جەختکردنەوەی نازییەکان سەبارەت بە سەردەستیی رەگەزی ئاریی و پاکییەکەی سەرسامی کردبوون بەو پێیەی تۆرەمەی فارس سەر بە ئارییەکانە.

گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی ئێران – ئەڵەمانیا لە دوای ١٩٣٣ لە سەردانە بەردەوامەکانی گەورە بەرپرسانی هەردوو ولاّت و شاندی

[98] Ramazani, op.cit, p282.
[99] Ramazani; op. cit, p. 282.



بازرگانیی و قوتابیان و واژۆکردنی پڕۆتۆکۆلی بازرگانیی لە نێوانیاندا لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥دا خۆی دەبینییەوە، ئیدی بووە مایەی زیادبوونی قەبارەی ئاڵوویری بازرگانیی لە نێوانیانداو، ئێران بە بەردەوامی لە زۆر بواراندا پشتی دەبەست بە شارەزاو پسپۆڕانی ئەڵەمانی،[١٠٠] هەروەها نازیزم لە نێو گەنجانی رۆشنبیری ئێراندا فرە رەواجی پەیداکرد، بە تایبەت ئەوانەی کە خوێندیان لە ئەڵەمانیا تەواو کردبوو،[١٠١] هەروەها پرۆپاگەندەکانی ئەڵمانیا لە شارەکانی ئێراندا چالاك بوون .[١٠٢]دواجار پەیوەندییە پێشکەوتووەکانی نێوان ئەڵەمانیاو ئێران بووە مایەی داگیرکردنی ئێران لە رووی سەربازییەوە لە لایەن بەریتانیاو یەکێتییی سۆڤیەت و دواتریش کەوتنی رەزا شا.

## پەیوەندییەکانی ئێران لە گەڵ دەوڵەتانی هاوسێیدا

### (تورکیا، ئەفغانستان، عێراق):

لە ئاکامی جەنگی جیهانی یەکەم و ڕمانی دەوڵەتی عوسمانیی و وەدیارکەوتنی دەوڵەتانی تازە لەسەر داروپەردووەکەی لە نێویشیاندا عێراق و تورکیا، بەمشێوەیە خشتەی دەوڵەتانی هاوسێی ئێران، جگە لە یەکێتییی سۆڤیەت، بریتییە لە ئەفغانستان و تورکیاو عێراق و، هیندستان کە لە ژێر چنگۆڵەی داگیرکەری بەریتانیدا بوو تا سەروبەندی سەربەخۆبوونی لە ساڵی ١٩٤٧ و کەرتبوونی و دەرکەوتنی دەوڵەتی هاوچەرخی پاکستان.

[100] توریانتز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.، سلمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢ – ٤٤.، عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦ – ٨١ .
[101] General Hasan Arfa: Under Five Shahs(London-1946)p.306.
[102] Upton, op.cit, p.90.

وێڕای کۆنەقینی کلاسیکیی و دوورو درێژی نێوان ئێران لە لایەك و ئەفغان و تورکە عوسمانییەکان لە لایەکی ترەوە، لەو قۆناغەدا چەندین هەنگاو نرا بە ئاڕاستەی چاککردنی پەیوەندییەکانی نێوان لایەنەکان، لە دوای کۆدەتای شوباتی ١٩٢١ لە ئێران بە چەند مانگێك هەوەڵ پەیمانی دۆستانە لە نێوان ئێران و ئەفغانستاندا لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٢١ بەسترا، ئیدی ئەم پەیمانە بنەما سەرەکییەکانی پەیوەندییەکانی ئێران – ئەفغانستانی لە سەردەمی هاوچەرخدا داڕشت، دوابەدوای هاتنی رەزا شاو لەسەر نانی تاجی پادشایەتی هەردوو دەوڵەت جەختیان کردەوە لەسەر پێویستیی بەردەوامبوونی ئەو پەیمانە وەك بنەمایەك بۆ پەیوەندییەکانی نێوانیان، لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٢٧ هەردوو لا پەیمانی دۆستایەتی و ئاسایشیان واژۆکردو هەردوو لا بەڵێنیاندا کاری دوژمنانە لەهەمبەر یەکتر ئەنجام نەدەن، ئەگەر لایەنی سێیەم هەر دوژمنکارییەکی ئەنجامدا دەبێت بێلایەن بن و، بەشداریش نەکەن لە هەر هاوپەیمانییەکی سیاسیی و سەربازیی دژ بە یەکتری و، خستنە بەرچاوی هەر جیاوازییەك یاخود ململانێیەك لە نێوانیاندا بۆ بڕێوانی، لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٢٨ دوو پرۆتۆکۆلی تایبەت بە رادەستخستنەوەی تۆمەتباران و جێگیرکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت واژۆکرا.[١٠٣]

لە سەرەتای سییەکاندا کێشەی سنوور لەنێوانیاندا هەڵایسایەوە، وێڕای کێشەی دابەشکردنی ئاوی چۆمی هلمند Helmand لە نێوانیاندا، ئیدی هەردوو لا ئەم کێشەیان خستە بەردەم نێوبژێوانان بە پێی پەیمانی ساڵی ١٩٢٨، سەرۆکی لێژنەی نێوبژێوانان تورك بوو بە نێوی فاخیر ئاڵتای، کاری لێژنەکە بریتی بوو لە پێداچوونەوەی جیاوازیی ئێران – ئەفغانستان لەسەر دەڤەری موسائاباد و ئەو دەڤەرەی کە سنووری هەردوو دەوڵەتی تێدا

[103] Ramazani, op.cit, pp. 226-267.



دیاری نەکرا بوو، رەزا شا رازیبوو بە بڕیاری لێژنەکە وێڕای ناڕەزایەتی ئێرانییەکان، لە ٢٦ی کانونی دووەمی ١٩٣٨ هەردوو لایەن پەیمانێکیان بەست سەبارەت بە دابەشکردنی ئاوی چۆمی هلمند کە سەرچاوەی ئاودێریی دەڤەری سیستان بوو،[١٠٤] واژۆکردنی پەیمانەکە هاوکات بوو لەگەڵ بەستنی پەیمانی "سەعدئاباد" لە نێوان ئێران و ئەفغانستان و تورکیا وعێراق لە ٨ی تەموزی ١٩٣٧، ئەم پەیمانە بنەماکانی دامەزراندنی هاوپەیمانییەکی رۆژهەڵاتیی دانا، هەروەتر پێی دەگوترێت پەیمانی چوارقۆڵی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پەیمانەکە ئاماژەیدا بوو بە هێرشنەکردنە سەر یەکتری و مشۆرەت کردن بەیەکتری و کۆمەکی هاوبەش لە نێوان دەوڵەتانی بەشدار لە پەیمانەکەداو، هەروەها رێگەنەدان بە دامەزراندنی گرووپ و مافیای چەکداریی ئەگەر ئامانج لێی تارومارکردنی ئاسایش و یاسا یاخود دەسوەردان بوو لە کاروباری ناوچەکەدا، هێندێکیان بەڵێنەکەیان بە پەیمانێکی بەرگریی دەزانی دژ بە یەکێتیی سۆڤیەت و رەگەزە نەتەوەییەکان.[١٠٥]

هەرچی تایبەتە بە پەیوەندییەکانی ئێران – تورکیا بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆوە دی لەسەردەمی رەزا شادا، رەزا شا فرە سەرسام بوو بە کەسایەتی و سیاسەتەکانی رێبەری تورك مستەفا کەمال ئەتاتورك، هەروەها هیواخواز بوو پێوەندی توندوتۆڵی هەبێت لەگەڵ تورکیادا وەك هەوڵێك بۆ رزگارکردنی ئابووریی مەڵبەندەکانی باکوور لەدەست یەکێتیی سۆڤیەت، لە رێگەی دۆزینەوەی راڕەوێك بۆ بازاڕەکانی ئێران لە رێگەی کەنارەکانی

[104] Ibid, pp.267-269.

[105] صفاء عبدالوهاب المبارك، إنقلاب سنة ١٩٣٦ في العراق (رسالة ماجستير غير منشورة – كلية الاداب – جامعة بغداد – ١٩٧٣)ص ص ٢٥٥– ١٦١، نشوفسكي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٢، هەروەها

Herewits; Diplomacy in the Near and Middle East, vol. 11. pp. 215 – 216.

تورکیاوه، هەروەها ڕەوشی سنووریی نێوان هەردوو دەوڵەت پتر لەیەکتری نێزیك کردنەوە،[١٠٦] ئەتاتورك پێڕەوی لە سیاسەتی واقیعی دەکرد لە کاروباری دەرەکیداو هەر ئەمەش بووە مایەی پتر نێزیکبوونەوەیان‌و جەختکردنەوەی لەسەر خواستی وڵاتەکەی لەمەڕ دامەزراندنی پێوەندی دۆستانەو لێکگەیشتن لەگەڵ سەرجەم نەتەوەکانداو، لە ٢١ نیسانی ١٩٣١ بنەمای "ئاشتی لە نێوخۆو، ئاشتی لەدەرەوەدا" ڕاگەیاند کە دواتر بووە بنەمای سیاسەتی دەرەوەی تورکیا.[١٠٧]

یەکەم پەیمانی دۆستایەتی لە نێوان ئێران‌و کۆماری تورکیادا لە ٢٢ی نیسانی ١٩٢٦ هاتە واژۆکردن ئیدی دۆستایەتی‌و بێلایەنی‌و ئەنجامنەدانی دوژمنکاری بووە بنەماگەلێك بۆ پەیوەندییەکانی هەردوو دەوڵەت، هەردوو لا لە پەیمانەکەدا ڕێککەوتن لەسەر ڕێگەنەدان بە دامەزراندن یاخود بوونی ڕێکخراوو گرووپانێك کە ببنە مایەی مەترسی بۆ سەر ئاسایش‌و سەقامگیری لایەنی بەرامبەر یاخود گۆڕینی سیستەمی دەسەڵات یاخود هەوڵبدات هێرشبکاتە سەر لایەنی بەرامبەر لە ڕێگەی پڕۆپاگەندە یاخود هەر ڕێگەیەکی تر،[١٠٨] پێش واژۆکردنی پەیمانەکە پەیوەندییەکانی ئێران – تورکیا پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆوە دی لە دیمەنەکانی ئەم پەیوەندییەش سەردانی وەزیری دەرباری ئێرانیی تەیمورتاش لە پاییزی ١٩٢٦و، واژۆکردنی پڕۆتۆکۆلێکی بازرگانیی کاتیی لە ٢ی کانونی دووەمی ١٩٢٧ لە

---

[106] عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣.

[107] طارق نافع الحمداني، اللاقات التركية – الايرانية في عهد كمال أتاتورك و نظيره رضا شا بهلوي. بحث مقدم الة المؤتمر الاولى للدراسات التركية – جامعة الموصل – ايار – حوزيران ١٩٨٩، ص ص ٨ –٩ .

[108] Ramazani, op.cit, p270.



نێوان هەردوو دەوڵەتداو، دامەزراندنی پێوەندی تەلەگرافیی لەنێوان ئەنکەرەو تاراندا لە شوباتی ١٩٢٨.[١٠٩]

بەهەرحاڵ واژۆکردنی پەیمانی دۆستایەتی‌و گۆڕانکارییەکانی دوایی سنوورێکی وای دانەنا بۆ کێشە تەقلیدییەکانی سنووری هەردوو دەوڵەت‌و تایبەتتر جموجووڵی گرووپە چەکدارەکان لەسەر سنوورەکان‌و، بە تایبەت جموجووڵی گرووپە کوردییەکان دژ بە بنکەو بارەگاکانی تورکیا لە سەروبەندی شۆڕشی کوردیی لە تورکیا لە ساڵی ١٩٣٠، بەمپێیە پەیوەندییەکانی نێوانیان دووچاری تەنگژە بۆوە بەوەی تورکیا ئێرانی تۆمەتبار کرد بە فەرامۆشکردنی بەرپرسیارێتی لەسەر سنوورەکان،[١١٠] بەڵام زۆری نەبرد پەیوەندییەکانی نێوانیان وەك جارانی لێهاتەوەو هەردوو لا کۆمەکی یەکتریان دەکرد لە پلیشاندنەوەی جووڵانەوەی چەکداریی کوردیی لە ئاگری داخ "چیای ئارارات"و سەرنخونکردنەوەی لە ساڵی ١٩٣١،[١١١] دواتریش وەزیری دەرەوەی تورکیا لە ١٧ی کانونی دووەمی ١٩٣٢ سەردانی تارانی کردو، لە ٢٣ی هەمان مانگ‌و ساڵیشدا پەیمانی سنوور واژۆکرا بە ئامانجی کۆتایی هێنان بە ململانێی سنووریی نێوان هەردوو دەوڵەت، هەروەها لە هەمان ڕۆژدا پەیمانێکی تازەی دۆستایەتی واژۆکرا، هەردوو پەیمانەکەو پەیمانی یەکلاکردنەوەی یاسایی‌و نێوبژێوانی کە لە٢٣ی کانونی دووەمی ١٩٣٢دا واژۆکرا بنەماگەلێکی تازەی بەرقەرار کرد لە پەیوەندییەکانی ئێران – تورکیا .[١١٢]

دوابەدوای سەردانی ڕەزا شا لەگەڵ شاندێکی ئاستبەرزی ئێران لە ٢ی حوزەیرانی ١٩٣٤ پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت پتر گەرموگوڕیی

---

[109] عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣.

[110] Ramazani, op.cit, p271.

[111] الحمدانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

[112] Ramazani, op.cit, pp271-272.

به خۆوەدی، سەردانی شاندی نێوبراو ڕێك یەك مانگی خایاند، لە سەروبەندی سەردانەکەدا بیروڕا ئاڵوگۆڕ کرا لەمەڕ دامەزراندنی پەیمانێك لە نێوان دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، دواتر سەری گرتو واژۆکردنی پەیمانی سەعد ئابادی لە تەموزی ١٩٣٧ لێکەوتەوە، ئیدی بووە فاکتەرێك لە فاکتەرەکانی نێزیکبوونەوەی ئێران – تورکیا لە ئاخروئۆخری فەرمانڕەوایەتیی ڕەزا شادا،[١١٣] لە هەمان کاتیشدا فاکتەرێك بوو بۆ نێزیکبوونەوەی ئێران – ئەفغانستانو ئێران – عێراق.

عێراق کێشەی سنوریی لە دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ مایەوە کە هەمیشە خاڵی ململانێی ئەو دەوڵەتەو بنەماڵە فەرمانڕەواکانی ئێران بووە، ئیدی پەیمانەکانی سنوور کە لە نێوانیاندا واژۆکرا لە سەدەی شازدەو نۆزدەدا هیچ جۆرە چارەسەرێکی ئەوتۆی بۆ ئەم کێشەیە نەئافراند، پەیمانی دووەمی ئەرزەرۆم لە ساڵی ١٨٤٧ لە گرنگترین ئەو پەیمانانە بوون، لەمەوبەر باسمانکرد کە لێژنەی پلاندانانی سنوور کە بە پێی ڕاسپاردەکانی پەیمانەکە دامەزرابوو کارەکانی تەواونەکردوو کێشەکەشی بە هەڵپەسێردراوی لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا هێشتەوە، لە ٢١ کانونی یەکەمی ١٩١١ پڕۆتۆکۆلی تاران هاتە واژۆکردن وا بڕیاردرابوو لێژنەیەکی هاوبەش دابمەزرێنرێت کە بارەگاکەی لە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی ئەستەنبوڵ بێت بە ئامانجی دیاریکردنو جێگیرکردنی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتو، لێژنەیەکی هونەریی تریش هەستێت بە جێگیرکردنی هێڵی سنوور بە پشتبەستن بە بەندەکانی پەیمانی دووەمی ئەرزەرۆم، وەختێك هەردوو لا نەگەیشتنە نەخشەکارێکی هاوبەش ئیدی بەریتانیاو ڕوسیای قەیسەری خۆیان خزاندە نێو هاوکێشەکەوەو پڕۆتۆکۆلی ئەستانە لە ٤ی

113 سەبارەت بە سەردانی ڕەزا شا بۆ تورکیاو ئاکامەکانی بڕوانە: عبدالرحمن: سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٤ – ٩٦، الحمدانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣ – ١٦.



تشرینی دووەمی ١٩١٣ هاتە بەستنو نوێنەرانی ڕوسیای قەیسەریو بەریتانیا واژۆیانکرد، ئەم پڕۆتۆکۆلە سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی بە شێوەیەکی بەرچاوو دوورودرێژ دیاریکرد، ئێران دەستکەوتی لەم پڕۆتۆکۆلە وەدەستهێنا وەختێك دەوڵەتی عوسمانیی سازشی کرد لە بەشێك لە هەرێمی لە ڕۆخی بەندەری مەحمەڕە بە ڕووبەری چوار میل کە هێڵی سنووریی بەم دەڤەرەدا تێدەپەڕی لە کن ڕێژاوی عەرەبیی (شط العرب) بۆ ئەو ڕووبەرەی ئاماژەمان پێدا دواتریش کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕێژاوی عەرەبیی تا دەگاتە کەنداوی عەرەبیی، لە پڕۆتۆکۆلی ئەستانەدا هاتبوو لێژنەیەك دیاری بکرێت لە نوێنەرانی دەوڵەتی عوسمانیو ئێرانو بەریتانیاو ڕوسیای قەیسەری بە ئامانجی دیاریکردنی سنوور لە ڕووی دێۆگرافییەوە، هەروەها لە ماددەی پێنجی پڕۆتۆکۆلەکەدا هاتبوو "ئەگەر بەشێکی سنوورەکان دیاریکران ئەوا ئەو بەشە بۆ هەتا هەتایە جێگیر دەبێتو دواتر قابیلی پیاچوونەوەو گۆڕانکاریی نییە"، ئەندامانی لێژنەو نوێنەرەکانیان لە مەحمەڕە دەستیان بە کارەکانیان کرد و هەوەڵ دانیشتنی لێژنەکەش لە ٨ی کانونی دووەمی ١٩١٤ بەستراو لە سەر کارەکانیان بەردەوام بوون تا کۆتایی هاتنی لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤، کارەکانی لێژنەکە لە کۆنووسی دوورودرێژی دانیشتنەکاندا تۆمارکرا کە لە ٨٧ کۆنووس پێکهاتبوو بوونە بەڵگەنامەی فەرمیی نێودەوڵەتیی، دیسانەوە ١٨ نەخشەی دوورودرێژی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت هاتە دیاریکردن، دیسانەوە کاری دیاریکردنی سنوور لە ڕووی دێمۆگرافییەوە کۆتایی پێهات کە لە ڕێژاوی عەرەبییەوە دەستی پێدەکرد تا چیای ئارارات "ئاگری داخ"و، ٢٢٣ پایەی سنووریی جێگیرکران کە سەرجەم سنووری نێوان ئێرانو دەوڵەتی عوسمانی دەگرتەوە، جگە لە بەشێکی گچکەی باکووری چیای دەلامێر، بە پێی پڕۆتۆکۆلی ئەستانە لێژنەکە خاوەنداریێتیی ڕێژاوی عەرەبیی گەڕاندەوە بۆ دەوڵەتی عوسمانی

**جگە لە بەشی بەرامبەر کەناری بەندەری مەحمەڕە کە هێڵە سنوورییەکان بە نێوەڕاستی ڕێڕاوی عەرەبیدا تێپەڕدەبوون بە رووبەری چوار میل "نێزیکەی حەفت کیلۆمەتر"[114]، دواجار عێراق هێڵی سنووریی وشکانی دەریایی لە دەوڵەتی عوسمانی بۆ مایەوە کە بە پێی پەیمانو پرۆتۆکۆلەکانی پێشوو دیاریکرابوو.**

**پەیوەندییەکانی نێوان ئێران – عێراق هەر لە سەرەتای بیستەکانەوە دووچاری گرژبوون بۆوە، وێڕای تەماحە تەقلیدییەکانی ئێرانو چاوبڕینی لە ئاوو زەوی عێراق،[115] فاکتەرانی تریش لە پشت ئەو گرژبوونەوە بوون، لەوانە پشتگوێ خستنی ڕژێمی پادشایی عێراقو دانپێدانەنانی هەتا ساڵ ١٩٢٩و، عێراق خواستەکانی ئێرانی ڕەتکردەوە لەمەڕ بەخشینی جیاوگ بە هەمان شێوەی جیاوگی بیانییان کە هاوڵاتیانی هێندێك لە دەوڵەتانی ئۆروپیو ئەمەریکیو هێندێك لە دەوڵەتانی ئاسیا کە کورسی هەمیشەییان لە کۆمەڵەی گەلاندا هەبوو وەك یابانو بە پێی ماددەی یەکەمی ڕێککەوتنە دادییەکانی نێوان عێراقو بەریتانیا لە ٢٥ی ئاداری ١٩٢٤، ئیدی ئەم جیاوازییە لەمەڕ ئەم بابەتە هەتا هەڵوەشاندنەوەی جیاوگی بیانیان لە عێراق**

[114] سەبارەت بە پرۆتۆکۆلی تاران لە ساڵی ١٩١١و پرۆتۆکۆلی ئەستانە لە ساڵی ١٩١٣و وردەکارییەکانی کارنامەی لێژنەی دیاریکردنی سنوور لە ساڵی ١٩١٤ بڕوانە، جابر ابراهیم الراوی، الحدود الدولیة ومشکلة الحدود العراقیة – الایرانیة (بغداد – ١٩٧٥) ص ص ٢٤١ – ٢٧٣، مصطفی عبدالقادر النجار، التاریخ السیاسي لمشکلة الحدود الشرقیة للوطن العربي (البصرة – ١٩٧٤) ص ص ١١٢ – ١٣١، عباس عبود عباس، ازمة شط العرب (بیروت – ١٩٧٣) ص ص ١٢٦ – ١٣٧

[115] لە سەروبەندی کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەمدا حکومەتی ئێران یاداشتێکی پێشکەش بە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس کرد تێیدا داوایکردبوو دەڤەرانێکی پانو بەرین بگەڕێنرێتەوە بۆ ئێران لە نێویشیاندا سەرپاکی دەڤەرە کوردییەکانی سەردەمی عوسمانی، تەنانەت داوای شاری موسڵو دەڤەرانی دوور لەموسڵیشی دەکرد هێندێکیان دەکەوتنە سەر رووباری فورات، بڕوانە کردستان ڤی سنوات الحرب العالمیە الاولی (بغداد – ١٩٧٧) ص ٣٣٢



**لە ساڵی ١٩٢٩ بەردەوام بوو،[116] هەمان شتیش بەسەر یاسای ڕەگەزنامەی عێراقیدا سەپێنرا کە لە ئابی ١٩٢٤ دەرچوو بوو، حکومەتی ئێران داوای لە حکومەتی عێراق کرد کە ماددەی تایبەت بە هاوڵاتیانی لە عێراق درێژ بکاتەوە تاکو هەڵوێستیان لەمەڕ قەبوڵکردنو قەبوڵنەکردنی ڕەگەزنامەی عێراقیدا دیاری بکەن، بەڵام حکومەتی عێراق ئەم داوایەی ڕەتکردەوەو بەڵگەشی ئەوە بوو ئەو مۆڵەتەی کە دراوە بە ئێرانییەکانی عێراق لە نێوان دەرکردنی یاساکە لە ئابی ١٩٢٤و تا ئابی ١٩٢٨ بەسە تاکو ئێرانیانی دانیشتووی عێراق هەڵوێستی خۆیان دیاری بکەن سەبارەت بە هەڵبژاردنی ڕەگەزنامەی ئێرانی یاخود ڕەتکردنەوەی، حکومەتی عێراقیش هەستی بەوە کرد کە داواکەی ئێران ئامانج لێی کردنەوەی بوارە لەبەردەم باڵوێزانی ئێران لە عێراقدا بە ئامانجی قەناعەت هێنان بە هاوڵاتیانی ئێران بۆ هەڵبژاردنی ڕەگەزنامەی ئێرانیی، ئیدی فرە روون بوو لە کن حکومەتی عێراق کە باڵوێزان هەوڵی خۆیان دەدەن بە مەبەستی قەناعەت هێنان بە هاوڵاتییانی ئێرانیی، بە تایبەت لە دەڤەری بەسرە بۆ هەڵبژاردنی ڕەگەزنامەی ئێرانی،[117] بێگومان ئەمەش دەستێوەردان بوو لە کاروباری نێوخۆی عێراق، نەك بە تەنیا ئەمە بەڵکو جموجووڵی ئێرانییەکان لەم بوارەدا هۆزە عێراقییەکانی سەرسنووریشی گرتەوە کە داوایان لێکرابوو ڕەگەزنامەی ئێرانیی هەڵبژێرن،[118] لەبەر ڕۆشنایی ئەم کارەدا حکومەتی عێراق لە ٧ی ئابی ١٩٢٨ یاداشتنامەیەکی پێشکەش بە کۆمیسێری باڵای بەریتانیا "ئەوکات بەریتانیا کاروباری دەرەوەی عێراقی بەڕێوە دەبرد" تێیدا ئەوەی روون کردبۆوە کە ناچارە حەسانەی دیپلۆماسی لەسەر باڵوێزانی ئێران هەڵبگرێتو وەك**

[116] عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٨–١٤١.

[117] الراوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١ – ٤٢.

[118] عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١.

خەڵکانێکی ئاسایی حسێبیان بۆ بکات بە هۆی کارانێکەوە کە زەرەر دەگەیەنن بە سەروەریی عێراق،[119] جگە لەوانەی پێشتر باسمانکرد ڕووداوەکانی سەرسنوور بووە فاکتەرێکی تری گرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت، لە نێویاندا جموجووڵی گرووپە کوردییە چەکدارە بەرهەڵستکارەکانی حکومەتی ئێرانیو ناچاربوونی سەرکردەکانی پەنابردنیان بۆ نێو خاکی عێراقو،[120] پێشێلکارییەکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران لەسەر سنووری عێراقو چەندبارە بەزاندنی سنوورەکەییو ئەو کێشانەی کە دروست بوون بەهۆی گواستنەوەی هۆزەکان بۆ سەر سنوور،[121] دواجار سەرجەم ڕووداوەکانی سەرێڕا کاریگەری نێگەتیڤیان کردەسەر پەیوەندییەکانی نێوان عێراق – ئێران.

ئەوکات هەڵوێستی منداتی بەریتانیا لەمەڕ عێراق دڕدۆنگو بە فاكو فیك بوو لە نێوان بانگەشەکانی ئێران لە ئاوی کەنداوی عەرەبی بە شێوەیەکی تایبەتو مافە ڕەواکانی عێراق تێیدا، هەڵوێستی بەریتانیا لە لایەك پێچەوانەی بەرژەوەندییە گرنگەکانی بوو لە عێراق لە لایەکی تریشەوە بەرژەوەندییەکانی لە نەوتی هەرێمی ئەهواز "عەرەبستان"، ئیدی جارجارە

---

[119] عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢.

[120] لەوانە "سالار الدولة" لە تەموزی ١٩٢٦ لە بەیروتەوە گەیشتە عێراق بە ئامانجی هاروژاندنی هۆزە کوردییەکان دژ بە دەسەڵاتی پەهلەویی، لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٦ تێکشکاو لە نێو خاکی عێراقدا دەهاتو دەچوو، دوای پەیامگەلی عێراقی – ئێرانی دوور خرایەوە بۆ حەیفای فەلەستین، دیسانەوە لە هەمان کاتدا سمایل سمكۆ پەنای بۆ عێراق برد کە ژنۆ ڕاپەڕینی دژ بە ڕەزا شا هەڵایساند. حکومەتی عێراق رادەست خستنەوەی ڕەتکردەوە نەك لەبەر سیاسەتکارییەکەیو تاوانبار نەبوو وەك لە هێندێك لە ژێدەراندا هاتووە چونکە حکومەتی عێراق دەستی پێی نەدەگەیشت لەبەر ئەوەی لە چیاوچۆڵە سەختەکاندا خۆی شاردبۆوە، بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢ – ١٤٣

[121] بۆ زانیاری پتر دەربارەی وردەکارییەکان بگەڕێوە بۆ : الراوی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٤ – ٢٨٦.



وەڵامی بانگەشەکانی ئێرانی دەدایەوەو دنەشی دەداو هەوڵیشی دەدا عێراق ڕازی بکات، زۆرجارانیش ناڕەزا بوو لە پێشێلکارییەکانی ئێرانو داواشی لە عێراق دەکرد هەڵوێستی توند لەهەمبەر ئێران وەربگرێت تا ئەو ئەندازەیەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیادا دەهاتەوە لە هەردوو لایاندا، یاخود بە پێی ئەندازەی بەدەمەوەچوونی ئامانجە سیاسییەکانی بەریتانیا لە ناوچەکەدا،[122] هەر کاتێکیش بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا وایدەخواست جۆرێك لە نێزیکی لە نێوان عێراقو ئێراندا ڕووبدات هەوڵیدەدا ئێران ڕازی بکاتو دانبنێت بە دەسەڵاتی پادشایەتی لە عێراقدا لە بەرامبەر بەڵێنی بەریتانی بە هەوڵدان بۆ کۆمەکیکردنی ئێران تاکو خواستەکانی دەستەبەر بکات، بە پێی بەڵێنەکەی بەریتانیا حکومەتی ئێران لە نیسانی ١٩٢٩ ڕازی بوو دانینا بە دەسەڵاتی پادشایەتی لە عێراقداو، یاداشتو نوێنەرایەتی دیپلۆماسیی بە پێی بنەڕەتە باوەکان ئاڵوگۆڕ کرا، ئیدی ڕێککەوتنێکی کاتیی لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا هاتە بەستنو هاوڵاتیانی هەردوو دەوڵەت شیاوترین مافیان پێبەخشرا، هەروەتر ئاڵوگۆڕی دیپلۆماتکارانیشی گرتەوەو، ماوەی ڕێککەوتنەکە یەك ساڵ بوو، بەڵام هەردوو دەوڵەت هەر شەش مانگ جارێك تازەیان دەکردەوە،[123] لە سەرەتای ساڵی ١٩٣١ پێوەندی دیپلۆماسیی لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا هەڵکشانی بەخۆوە دیو عێراق نوێنەرایەتی دیپلۆماسیی لە تاران کردەوە لەگەڵ باڵوێزخانەیەك لە کرماشانو بریکاریی دیپلۆماسیشی لە مەحمەڕە کردەوە، سەبارەت بە ئێران هەمان ڕێچکەی عێراقی گرتەبەرو هەمان دامەزراوەی دیپلۆماسی سەردەمی

---

[122] سەبارەت بە هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیی لەمەڕ گرفتی سنووری عێراق– ئێران لەوکاتەدا بڕوانە: النجار، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٤–١٧٠.

[123] مصطفى عبدالقادر النجار، (تصاعد مشاكل الحدود العراقية–الايرانية ١٩١٤–١٩٣٤ (في نخبة من الباحثين العراقيين)، الصراع العراقي الفارسي (بغداد–١٩٨٣) ص ٣٠٦.

عوسمانی خستەوە کار لەگەڵ گۆڕینی قونسوڵخانەی ئێرانی لە بەغدا کە لە ئابی ١٩٢٩دا کرایەوە بەرزکردنەوەی بۆ ئاستی باڵوێزخانە.[124]

وەك ئەوەی چاوەڕێ دەکرا لە دانانی حکومەتی ئێران بە دەسەڵاتی پادشایەتی لە عێراقداو ئاڵوگۆڕکردنی دیپلۆماتکاران لە نێوانیاندا بێتە مایەی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی تازە لە پەیوەندییە توندوتۆڵەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت، بەڵام ئەوەی روویدا فرە بەراوەژوو بوو، لایەنی ئێرانیی شەرعییەتدانی بە سنووری عێراق‌و گشت پەیمان‌و ئەو ئامادەکارییەکانەی کە سنوورەکانی پێ جێگیرکرا رەتکردەوە، بەڵگەی لایەنی ئێرانی ئەوە بوو کە پەیمانی ئەرزەرۆمی دووەم نا شەرعییە چونکە نوێنەری ئێران لە دانوستانەکاندا سەرپشك نەبووە لە واژۆکردنیداو پرۆتۆکۆلی ئەستانەو کۆنووسی دانیشتنەکانی لێژنەی دیاریکردنی سنووریش رەتکراونەتەوەو ئێکسپایەر بوون،[125] هەروەها لە چەندین بۆنەی تردا ئاماژەدرا بەوەی کە پەیمانەکە لە لایەن دەوڵەتانی زلهێزەوە فەرزکراوە بەسەر ئێرانداو پرۆتۆکۆلی ئەستانەش سوودی گەورەی بەخشیوە بە عێراق، هەروەتر پرۆتۆکۆلی نێوبراو هێندێك شوێنی لەسەر سنووری وشکانی دیاری کردووە کە لەگەڵ هەلومەرجی سروشتی‌و جوگرافیدا نایەتەوەو، پرۆتۆکۆلەکەش نەچۆتە خانەی جێبەجێکردنەوە چونکە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێرانی رەزامەندی لەسەر پێشاننەداوە، لەگەڵ چەندین دروستاندنی تریشدا،[126] ئیدی ژنۆ حکومەتی ئێرانی پرسی سنووریی نێوان عێراق – ئێرانی خستەوە بەر باس‌و، هەوڵەکانی عێراقیش بۆ رازیکردنی ئێران بێ فایدە

---

124 عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٦.

125 محمد طارق الكاتب، شط العرب و شط البصرة في التاريخ(البصرة–١٩٧١) ص ١٦٢.

126 فلاح شاكر اسود: الحدود العراقية–الايرانية، دراسة في المشاكل القائمة بين البلدين(بغداد–١٩٧٠) ص ص ١٨–١٩.



دەرچوو، جیاوازییەکانی نێوان بە شێوەیەك سەریکێشا کە خەتەرناك بوو لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت بە تایبەت لە دوای واژۆکردنی پەیمانی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠ لە نێوان عێراق‌و بەریتانیادا کە بووە رێگەخۆشکەر بۆ سەربەخۆیی عێراق‌و چوونی بۆ نێو کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٣٢،[127] ئیدی بە ئامانجی فشار خستنەسەر حکومەتی عێراق لایەنی ئێرانی دەسپێشخەریکرد لە ئەفراندنی کێشەو بێنەوبەرە لەسەر سنوورەکان لە رێگەی:

١. دامەزراندنی بازگەی سنووریی لە نێو سنووری عێراقیداو بەکارهێنانی هێز بۆ پاسکردنی لە ساڵانی ١٩٣١ – ١٩٣٤.[128]

٢. پێشێلکردنی ماف عێراق لە چۆمە سنورییە هاوبەشەکاندا بە تایبەت چۆمی کەنکیر کە دانیشتوانی مەندەلی‌و جیزانی بۆ ئاودێری بێستانەکانیان پشتیان پێی دەبەست‌و چۆمی کنجان جەم کە دانیشتوانی زرباتیە پشتیان پێ دەبەست، هەردوو چۆمەکە لە نێو خاکی ئێراندا هەڵدەقوڵان بە ئاڕاستەی خاکی عێراق.[129]

٣. پێشێلکاریی کەشتییەکانی ئێران‌و ناوابەستەبوونی بە رێنماییەکانی بەندەری بەسرەو سیستەمی کارکردنیی‌و، دووچاربوونی هۆکانی گواستنەوەی دەریایی عێراق بووە مایەی شپرزەبوونی کەشتیەوانان لە رێژاوی عەرەبیداو دروستکردنی لەمپەڕ لەهەمبەریان، وەختێکیش حکومەتی عێراق شکاتنامەی پێشکەش بە حکومەتی ئێرانی دەکرد لایەنی

---

127 النجار،سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٠٧–٣٠٨.

128 – اسود، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٢٦–١٢٨، الراوی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٦١–٣٧٣.

129 هەمان سەرچاوە، ل ٥٨–٦١.، خالد العزي، مشكلة الانهار الحدودية بين العراق و ايران(بغداد–د.ت) ص ص ٣٣–٣٦.، الراوی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٧٥–٣٧٧.

ئێرانی سەرجەم ئەو رووداوانەی بەدرۆدەخستنەوەو دەیگوت ئەو رووداوانە لە ئاوی فارسیدا یاخود لە ئاوی فارسیی کەنداوی عەرەبیدا روویداوە.[١٣٠]

لەو قۆناغەدا حکومەتی ئێرانی هەوڵیدەدا لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە دڵبژۆکانە تەماحەکانی وەدیبێنێت، لەم پێناوەدا ڕەزا شا داوەتنامەیەکی گەیاندە مەلیك فەیسەڵ (١٩٢١ – ١٩٣٣) بەمەبەستی سەردانکردنی ئێران، سەردانەکە لە نیسانی ١٩٣٢ هاتە سازدان، پرسی سنووری ڕێژاوی عەرەبیی لەسەرێی ئەو بابەتانەدا بوون کە هەردوو دەوڵەت مشتومڕیان لەبارەیەوە ئەنجامدا، حکومەتی ئێران خوازیاربوو هێڵی تالوك "Thalweg" [١٣١] بێتە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان عێراقو ئێران لە ڕێژاوی عەرەبیدا، بەڵام لایەنی عێراقی ئەمەی ڕەتکردەوە، سەرەنجام جیاوازیو ناسەقامگیریی نێوان هەردوو دەوڵەت هەڵکشانی بەخۆوە دی، ئیدی ئێران بەتەنیا بە بانگەشەکانی لە کەنداوی عەرەبیدا نەوەستاو کەوتە تەڵقینکردنی گەنجانی ئێران لە قوتابخانەو فەرمانگە حکومییەکاندا بەوەی "عێراق لە بنەڕەتدا وڵاتی ئێرانەو، مەزارگەی پیرۆزی تێدا هەنە، پێویستە هەموو ئێرانییەك کار بکات بە ئامانجی گێڕانەوەی بۆ دەست خاوەنەکانی" .[١٣٢]

حکومەتی عێراق لەهەمبەر بەردەوامبوونی پێشێلکارییەکانی ئێران بابەتەکەی لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٥ گەیاندە کۆمەڵەی گەلان، دوابەدوای مشتومڕێکی ئێجگار دووروودرێژ ئەنجومەنی کۆمەڵەکە بڕیاریدا پرسەکە بکرێت بە دانوستانی راستەوخۆ لە نێوان عێراقو ئێراندا، بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی عێراقی لە ٥ی ئابی ١٩٣٥ وەزیری دەرەوە نوری سەعیدی ڕەوانەی ئێران کرد، وەختێکیش شاندی ڕەزا شا پێشوازی لە شاندی

[١٣٠] النجار،سەرچاوەی پێشوو،ل ١٧١.

[١٣١] مەبەست لە هێڵی تالوك ئەو هێڵەیە کە لەگەڵ ئاڕاستەی کەشتیوانی لە رووبارەکەدا دەڕوات وەك باوە قووڵترین بەشێتیی.

[١٣٢] عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٠.



عێراقی کرد دانینا بە شەرعییەتی پەیمانی ١٨٤٧،[١٣٣] روونیکردەوە کە ئێران جگە لە مافی سەروەریی بەسەر نێوەندی ڕێژاوی عەرەبیدا لە بەشی کەنار عەبادانیدا هیچی تری ناوێت، شا بە شاندی عێراقی گوت "عێراق لەسەر ملیمو سانتیم موحاسەبەم دەکات، جگە لە دوو میل لە نێوەندی ڕێژاوی عەرەبیی لە ڕۆخی عەباداندا هیچی ترم ناوێت ".[١٣٤]

دانوستانەکانی نێوان عێراق – ئێران ڕێك دوو ساڵی ڕەبەقی خایاندو رووداوی گرنگ گرنگی بەخۆوە بینی، لەسەر ئاستی نێوخۆ هەوەڵ کۆدەتای سەربازیی لە عێراقدا روویدا بە سەرۆکایەتی فەریق بەکر سدقی لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٦، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش داگیرکردنی حەبەشە لە لایەن ئیتاڵیای فاشستەوە لە ساڵی ١٩٣٥و دەرکەوتنی دڵبژۆکیی مۆسۆلینی لە دەریای نێوەڕاستداو زیادبوونی هێزی ئەڵەمانیای نازی بەریتانیاو تورکیای دووچاری دڕدۆنگی کردەوە، ئەتاتورك لە دەسپێشخەرییەکدا ڕۆڵی نێوبژێوانی بینی لە نێوان عێراقو ئێرانداو بۆ ئەم مەبەستە بروسکەی گەیاندە هەریەك لە عێراقو ئێران بە ئامانجی گەیشتن بە ڕێگەچارەیەکی گونجاوو یەکلاکردنەوەی کێشەکان بە شێوەی ئاشتیانە، وەك ڕێگەخۆشکردنێك بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی سەربازیی لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستداو بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی هەلومەرجی تازەی نێودەوڵەتی،[١٣٥] دواجار ئەم بەرەیە بەرجەستەبوو لە بەڵێنی سەعدئاباددا (٨ی تەموزی ١٩٣٧) کە پێشتر لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێداوە.

لە هەلومەرجێکی لەو شێوەدا واپێویستی دەکرد عێراقو ئێران بگەنە لێکگەیشتن لەمەڕ پرسی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت، ئەم لێکگەیشتنە لە پەیمانی سنووردا بەرجەستەبوو کە لە ٤ی تەموزی ١٩٣٧ لە تاران واژۆکرا، حکومەتی ئێرانیش لە پەیمانەکەدا دانینا بە شەرعی بوونی

[١٣٣] الکاتب، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٦٢.

[١٣٤] المبارك، سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٤٧.

[١٣٥] هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٨.

پڕۆتۆکۆلی ئەستانە لە ساڵی ١٩١٣و کۆنووسی دانیشتنەکانی لیژنەی دیاریکردنی سنوور لە ساڵی ١٩١٤، دیسانەوە لە پەیمانەکەدا حکومەتی عێراقی دەستی لەبەشێکی گچکەی ڕێژاوی عەرەبیی لە کەنار عەبادانذا هەڵگرت بەشێوەیەك کە بە هێڵی سنوریی تێپەڕێت لەگەڵ کەشتیەوانانی "تالوك" ڕێژاوی عەرەبیی بە رووبەرێك کە درێژییەکەی نێزیکەی چوار میلە، بە پێی پەیمانەکە لیژنەیەکی هاوبەش لە هەردوو لا دامەزرا تاکو هەستن بە دانانی پایەگەلێك لەسەر سنوور کە پێشتر لە لایەن لیژنەی دیاریکردنی سنوورەوە لە ساڵی ١٩١٤ دانرابوو، ئەو "پایەگەلە" بەهۆیەك لە هۆیەکان لە جێگەی خۆیان لابرابوون یاخود دیارنەمابوون.[١٣٦]

هەروەها هەردوو لایەنی عێراقیو ئێرانی گەیشتن بە دوو ڕێکەوتن هەوەڵیان لە ١٨ی تەموزی ١٩٣٧ هاتە واژۆکردنو ئەم پرسانەی لەخۆدەگرت: بەرقەرارکردنی ئاسایشو سەروەربوونی ئاشتییو پرسەکانی نوێنەرایەتی دیپلۆماسیی لە نێوان هەردوو لادا، دووەمیان لە ٢٤ی تەموزی ١٩٣٧ هاتە واژۆکردن تێیدا ئەو جیاوازییانە خرانە بەرباس کە لە ئایندەدا لە نێوانیاندا دروست دەبێتو چارەسەرکردنیی بە ڕێگەچارەی دیپلۆماسی لە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکاندا .[١٣٧]

واژۆکردنی پەیمانەکەو هەردوو ڕێکەوتنی نێوبراو لە تەموزی ١٩٣٧و بەستنی بەڵێنی سەعدئاباد لە هەمان مانگداو لە نێوان هەر چوار دەوڵەتدا، عێراق، ئێران، تورکیاو ئەفغانستان سەرەتای قۆناغێکی تازە بوو سەبارەت بە پەیوەندییەکانی عێراقو ئێران بۆ ماوەی چەندین ساڵ ناسەقامگیریی نێوانیان هێواش بۆوە کە پێشتر دووچاری پشێویو ناسەقامگیریی هاتبۆوە، هەڵایسانی جەنگی جیهانی دووەمو کەوتنی ڕەزا شا لە ساڵی ١٩٤١و

---

[136] سەبارەت بە دانوسانی پەیماننامەکەو دەقەکەیو وتووێژ لەمەڕ نێوەرۆکەکەی بڕوانە:
الراوی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٤٣٠-٤٥٩ .، النجار،سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٣٧-٢٩٤ .، عباس، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٣٨-١٤٤.

[137] المبارك، سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٥٤-٢٥٥.



سەرقاڵبوونی ئێران بە کێشە نێوخۆییەکانەوە کە هەڵوقوڵاوی ئەو جەنگە بوو هاوکار بوون لە ئەفراندنی ئەو پەیوەندییەدا.

## کەوتنی ڕەزا شا:

جەنگی جیهانی دووەم لە ئەیلولی ١٩٣٩ هاتە هەڵایسانو بۆ ماوەی شەش ساڵان بەردەوام بوو تا ئەیلولی ١٩٤٥، هەردوو لایەنی شەڕکەر دەوڵەتانی بەرەی فاشست "ئەڵەمانیای نازیو ئیتاڵیای فاشستو یابان" لە لایەكو دەوڵەتانی هاوپەیمان "بەریتانیاو یەکێتیی سۆڤیەتو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا" لە لایەکی ترەوە، دوابەدوای هەڵایسانی جەنگ ڕاستەوخۆ حکومەتی ئێرانی لە ٤ی ئەیلولی ١٩٣٩ ڕایگەیاند کە سیاسەتی بێلایەنیی دەگرێتەبەر، هەوەڵجار دەوڵەتانی زلهێز ڕێزیان لەو ڕاگەیاندنە گرتو، ئەڵەمانیا بە توندی پشتگیری لێکردو یەکێتیی سۆڤیەتیش ڕێزی لێگرت،[١٣٨] هەروەها بەریتانیا ڕێزی لێگرتو هیچ ناڕەزایەتییەکی ئەوتۆشی دەرنەبڕی بە بوونی پسپۆڕانو ڕاوێژکارانی ئەڵەمانی لە ئێراندا.[١٣٩]

لەگەڵ بەردەوامبوونی شەڕدا هەوەڵجار تای تەرازووکە لە بەرژەوەندی ئەڵەمانیای نازیدا بوو لە حوزەیرانی ١٩٤٠ فەرەنسای ڕاماڵیو دەستکەوتی سەربازیی گرنگی لە باکووری ئەفەریقیاش وەدەستهێنا، دواتر سیاسەتی دەوڵەتانی زلهێز لەهەمبەر ئێران گۆڕانی بەسەردا هات، هەر لەسەرەتاکانی ساڵی ١٩٤١وە بابەتی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی بەریتانیا پەنجەیان بۆ ئەوە درێژ

---

[138] شایەنی باسە پەیوەندییەکانی ئەڵەمانیی–شورەویی لەو قۆناغەدا باش بوو ، هەردوولا لە ٢٣ی ئابی ١٩٣٩ پاکتی هێرش نەکردنە سەر یەکیان مۆرکرد.

[139] "ریدر بولارد"ی نوێنەری بەریتانیی لە تاران باسی لەوە کردووە کە ئێران لە رووی فەرمییەوە بێلایەن بوو، شتێکی ئەوتۆش نەبوو کە حکومەتی بەریتانیی گازەندەی لەبارەوە بکات، وێڕای هێندێك پرسیار کە جاروبار سەبارەت بە هەڵوێستی ڕەزاشاو حکومەتەکەی لەمەڕ جەنگەوە دەکرا. بڕوانە:
R. Bullard.,"Persai in the tow World Wars" Journal of the Royal Central Asian Society, vol.L,Part,I, January 1963,p.12.

کرد کە ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بۆتە نێوەندی بانگەشەکردنی نازیزم، دوای شکستی شۆڕشی مایسی ١٩٤١ لە عێراق ڕەشید عالی گەیلانیو موفتی فەلەستین حاجی ئەمین ئەلحوسێنیو سەرکردایەتیی جووڵانەوەکە پەنایان بۆ ئێران بردو بەریتانییەکان بڕوایان قایمتر بوو کە ئێران بۆتە نێوەندی بانگەشەی دژانەی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، دواتر هێرشی نازیی لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٤١ بۆ سەر یەکێتیی سۆڤیەت دەستی پێکردو هەڵوێستی هەریەك لە بەریتانیاو یەکێتیی سۆڤیەت لەهەمبەر ئێرانو بوونی ئەڵەمانەکان بەراوەژوو بۆوە، وێڕای ئەوەی حکومەتی ئێرانی لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٤١ بە پەلەپڕوزێ جەختیکردەوە لەسەر بێلایەنیی خۆی، ئیدی یەکێتیی سۆڤیەت تۆقی لە کردنەوەی بەرەیەکی تری ئەڵەمانی لە ئێراندا نەبادا قۆقازو ئاسیای نێوەڕاستی سۆڤیەت بکاتە ئامانج، هەروەها تۆقی لەوەی گرووپە ئەڵەمانییەکانی نێو ئێران هەستن بە ئۆپەراسیۆنگەلێکی تێکدەرانە لە دەڤەرەکانی سنووری سۆڤیەت، بە تایبەت دامەزراوەکانی نەوتی سۆڤیەت لە باکۆ، لە لای خۆشیەوە حکومەتی بەریتانیا تۆقیو هەستی بە دڕدۆنگی دەکرد لە شیمانەی هەستانی ئەو گرووپە تێکدەرانە بە ئۆپەراسیۆنگەلێك دژ بە دامەزراوەکانی نەوتی بەریتانیا لە باشووری ڕۆژاوای ئێران، سەرباری ئەمەش هێرشی نازیی بۆ سەر یەکێتیی سۆڤیەت بووە مایەی لێك نێزیکبوونەوەی بەریتانیا – سۆڤیەت زۆری نەبرد بوونە هاوپەیمانی یەکتر دژ بە دوژمنی هاوبەش، لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٤١ حکومەتی بەریتانیا پشتگیری خۆی بۆ یەکێتیی سۆڤیەت دەربڕی دژ بە دوژمنکارییەکانی نازییو ئامادەگی خۆشی نیشاندا بۆ ناردنی کۆمەکی سەربازیی،[140] ئیدی بەریتانیا ئێرانی بە ڕێڕەوێکی زیندووی دەزانی بە ئامانجی گەیاندنی ئەو

[140] خليل علي مراد، تطور السياسة الامريكية في منطقة الخليج العربي ١٩٤١– ١٩٤٧(البصرة – ١٩٨٠)ص ص ٦١٠٦٣.



کۆمەکییانە بۆ یەکێتیی سۆڤیەت، تێبینی بوونی ژمارەی بەرچاوی ئەڵەمانییەکان لە ئێراندا[141] کرد لەمەڕ گەیاندنی ئەو کۆمەکییانە .[142]

لە دوای واژۆکردنی ڕێکەوتنی هاوبەش لە ١٢ی تەمموزی ١٩٤١ پرسی ناردنی کۆمەکییەکانی بەریتانیا بەرەو یەکێتیی سۆڤیەت بووە پرسێکی هەنووکەیی، دوای یەك هەفتە واتە لە دوای ١٩ی تەمموز، نوێنەرانی هەردوو دەوڵەت لە کن ئێران دوو پێشنیاریان ڕادەستی حکومەتی ئێرانی خستو ئاماژەیاندا بە خەتەرناکیی ئەو ژمارە زەبەلاحەی ئەڵەمانەکان لە ئێرانو داواشیان لێکرد کۆچڕەو بە ئەڵەمانییەکان بکات کە هۆکاری قەناعەت پێهێنەریان بەدەستەوە نییە بۆ مانەوەیان لە ئێراندا، بەڵام حکومەتی ئێرانی داواکەی ڕەتکردەوە چونکە دەرکردنی هەر پسپۆڕێکی ئەڵەمانیش خراپ دەشکایەوە بەسەر پەیوەندییەکانی ئێران – ئەڵەمانیادا، دیسانەوە بەراوەژووی بێلایەنیی ئێرانی دەردەخست،[143] ئیدی لە ١٦ی ئابی ١٩٤١ هەردوو حکومەتی بەریتانیاو سۆڤیەت دوو بیرخەرەوەی تریان ڕادەستی حکومەتی خستو تێیدا دەرکردنی ئەڵەمانییەکانی ئێرانیان لە پێش ئابی ١٩٤١ دا دووپات کردبۆوە، وەختێکیش ئێران بەدەم داواکەوە نەچوو هەردوو حکومەتی بەریتانیاو سۆڤیەت لە ٢٥ی ئابی ١٩٤١ دوو بیرخەرەوەی تریان ڕادەستی حکومەتی ئێران خستو بێهومێدی خۆیان لەمەڕ هەڵوێستی ئێران دەربڕی بڕیاریاندا پەنا بۆ میکانیزمی تر ببەن لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە سەرەکییەکانیان، ئیدی "میکانیزمی تر" پەنا بردن بۆ کاری سەربازیشی دەگرتەوە، لە هەمان ڕۆژدا کە هەردوو بیرخەرەوەکە ڕادەستی

[141] سەبارەت بە ژمارەی ئەو ئەڵەمانانە لە ئێراندا جیاوازیی هەیە، حکومەتی ئێرانی ژمارەی ئەوانەی بە نزیکەی ٧٠٠ کەس مەزەندە کردووە لەکاتێکدا سەرچاوەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمان لەنێوان ٢٠٠٠–٢٥٠٠کەسی داناون، لەوانە ٧٠٠ کەسیان لە لای حکومەتی ئێران کاریان دەکرد. بڕوانە: روح الله رمضاني، سياسة ايران الخارجية ١٩٤١–١٩٧٣، (البصرة–١٩٨٤–ترجمة علي حسين فياض و عبدالمجيد حميد جودي) ص ٤٤.

[142] Lenczowski ,op.cit, p.167.

[143] Ibid, p168.

حکومەتی ئێران خرا لە یەك کاتدا هێزەکانی بەریتانیاو سۆڤیەت وەخۆکەوتن بە مەبەستی داگیرکردنی ئێران.[١٤٤]

هێزەکانی سۆڤیەت لە باکوورەوە چوونە نێو خاکی ئێرانەوەو،[١٤٥] هێزەکانی بەریتانیاش لە دوو بەرەوە یەکەمیان لە خانەقینەوە بە ئاڕاستەی کرماشان‌و هەمەدان‌و قەزوین‌و بەرەی دووەمیش لە باشوورەوە بە ئاڕاستەی مەحمەرەو دامەزراوەکانی نەوتی عەبادان پێشڕەوییان کرد، هەروەها هێزی دەریایی بەریتانیا هێرشیانکردە سەر کەشتییەکانی ئەڵەمانیاو ئیتاڵیای چەسپیو لە بەندەری شاپوور، پرۆسە سەربازییەکان لە ٣١ی ئابی ١٩٤١ کۆتایی پێهات‌و هەردوو هێزی بەریتانیاو سۆڤیەت لە کن قەزوین بەیەکگەیشتن،[١٤٦] سەبارەت بە هێزەکانی ئێرانیش هیچ بەرگرییەکی ئەوتۆیان نەکرد لەبەردەم هێرشی هێزەکانی بەریتانیا – سۆڤیەت.

داگیرکاریی بەریتانیا – سۆڤیەت بووە مایەی وەدەرنان‌و قۆڵبەستکردنی زۆربەی ئەڵەمان‌و ئیتاڵییە نیشتەجێکانی تاران، هەروەها ئێران بۆ سێ دەڤەران دابەشکرا، هەوەڵ دەڤەری داگیرکەری بەریتانیا لە باشوور، دووەم دەڤەری داگیرکەری سۆڤیەتیی لە هەر پێنج مەڵبەندەکەی ئازەربایجان، گەیلان، مازندەران، ئەسترابادو خۆراسان، جگە لە شاری مەشهەد، دەڤەری سێیەمیش بریتی بوو لە دەڤەرە داگیرنەکراوەکان وەك شارەکانی تاران، ئەسفەهان‌و مەشهەد، ئیدارەی شارستانیی بەریتانیا لە دەڤەرە داگیرکراوەکاندا بەردەوام بوو، سەبارەت بە دەسەڵاتدارانی داگیرکەری بەریتانیی بە تەنیا بووە بەرپرسی شتگەلە

---

[144] سەبارەت بە گۆڕینەوەی یاداشتەکان بڕوانە:

مراد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣–٦٤ .، رمضاني، مراد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣–٤٦.

[145] لەنێو ئەو بیانووانەی کە شورەویی بۆ داگیرکردنی باکوور پشتیان پێبەست ئەوە بوو کە پەیماننامەی شوباتی ١٩٢١ لەنێوان هەر دوو دەوڵەتدا ماف دەستێوەردانی سەربازیی لە باکووری ئێران لەکاتی هەر مەترسییەك بۆ سەر شورەویی داوەتێ.

[146] Lenczowski ,op.cit, pp.168-169.



سەرەکییەکانی تایبەت بە ئاسایشی جەنگیی،[١٤٧] دیسانەوە داگیرکردنی ئێران لە لایەن بەریتانیا – سۆڤیەت بووە مایەی کەوتنی رەزا شا پەهلەویی، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ هەڵمەتە رادیۆییە توندەکانی هەردوو ئێستگەی لەندەن‌و دەلهی دژ بە رەزا شاو دەسەڵاتە دڕندەو سەرکوتکارەکەی،[١٤٨] رەزا شا تۆقی لە شیمانەی پێشڕەویی کردنی هێزەکانی سۆڤیەت بەرەو تارانی پایتەخت بە ئامانجی لابردنی،دوابەدوای دانانی تاجی پادشایەتی رەزا شا دوورخرایەوە بۆ دوورگەی مۆریشیۆس‌و دواتریش بۆ جۆهانسبێرگ لە باشووری ئەفەریقیا هەتا مردنی لە ٢٦ی تەموزی ١٩٤٤ لەوێ مایەوە، دواتر لە قاهیرە نێژراو لە ساڵی ١٩٥٠ کەلاکەکەی گەڕێنرایەوە بۆ ئێران .[١٤٩]

---

[147] Lenczowski ,op.cit, p174., Johan Marlowe: Iran . A Short Political guide(London-1963)p.70.

[148] – رمضاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

[149] Upton,op.cit, p81.، فهمي، سەرچاوەی پێشوو،ل ٩٥٠٩٨. شایەنی باسە لەو کاتەدا پەیوەندیی ژن‌و ژنخوازیی لەنێوان بنەماڵەی پەهلەویی‌و بنەماڵەی فەرمانڕەوا لە میسردا هەبوو لە رێگەی ژن‌ومێردایەتیی نێوان محەمەد رەزا پەهلەویی ،کاتێك وەلیعەهد بوو ، لەگەڵ شازادە فەوزیەی سەر بە بنەماڵەی پاشایەتیی لەمیسر.

# بەشی چوارەم

# ئێران لەسەردەمی محەمەد رەزا شا پەهلەوییدا

# ١٩٤١ - ١٩٧٩

## ئێران لەسەردەمی محەمەد رەزا شا پەهلەوییدا

## ١٩٤١ – ١٩٧٩

محەمەد رەزا شا پەهلەویی لە تەمەنی ٢٢ساڵیدا هاتە سەر تەختی پادشایەتیی، ئەو لە تشرینی یەکەمی ١٩١٩ لە شاری تاران لەدایکبووە، دوای بە پایان گەیاندنی قۆناغی سەرەتایی لە ساڵی ١٩٣١ بەرەو ئۆروپا بەرێکەوتووە بە مەبەستی خوێندنی ناوەندیی لە قوتابخانەکانی سویسرا، دوابەدوای گەڕانەوەی بۆ ئێران لە نیسانی ١٩٣٦ لە شاری تاران لە کۆلێژی سەربازیی– بەشی تۆپخانە– وەرگیراوەو دوای تەواوکردنی کۆلێژی سەربازیی لە ئاداری ١٩٣٨ پلەی ئەفسەریی پێبەخشراو بۆتە پشکنەر لە سووپای ئێرانیدا، دوای وازهێنانی بابی بە تاقە یەك رۆژ، واتە لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٤١ سوێندی دەستووریی وەك شای ئێران خواردو بەڵێنیدا رێز لە یاسا بنەڕەتییەکان‌و مافەکانی گەل بگرێت،[١] فەرمانڕەوایەتییەکەی لە رۆژی دەست بەکاربوونیەوە بەردەوام بوو تا بەجێهێشتنی ئێران‌و نەگەڕانەوەی لە ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٧٩.

زۆر ئەستەمەو هاسان نییە باس لەسەرلەبەری لایەنەکانی مێژووی ئێران بکەین لە سەردەمی محەمەد رەزا شادا، چونکە لێوانڕێژە لە قۆناغی مێژوویی پڕ لە رووداوو گۆڕانکارییە ئابووری‌و جڤاتییە گرنگەکان، ئیدی هەوڵدەدەین بە شێوەیەکی کورت‌و پوخت‌و خێرا لە لاپەڕانێکی کەمدا دیارترین گۆڕانکارییە نێوخۆییەکان بخەینەروو، لەگەڵ شرۆڤەکردنی گشتیی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەو دەمەدا.

[1] فهمي، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٠١–١٠٣.



## هەلومەرجی نێوخۆی ئێران لە سەروبەندی داگیرکاریی بەریتانیی – سۆڤیەتیی ١٩٤١ – ١٩٤٦

محەمەد رەزا شا لە هەلومەرجێکی فرە ئاڵۆزدا تاجی پادشایەتی لەسەرنا، ولات لە باکوورو باشوورەوە لە ژێر چنگی بەریتانیا – سۆڤیەتدا بوو، دامەزراوەکانی دەوڵەتیش دووچاری ناسەقامگیریی‌و لەبەریەك هەڵوەشان هاتبۆوە، بە تایبەت سوپای ئێران لەبەردەم هێزەکانی داگیرکەردا پەرەوازەو رما بوو، دوای ئەوەی مەزنە ئەفسەران لە بنکەو بارەگاکانیان هەڵهاتبوون لە بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی داگیرکەردا،[١] دەسەڵاتی ناوەندیی بە رمانی سووپاو تەختی شاهانە پایە بەهێزە سەرەکییەکانی لەدەستدا، ئیدی سەرۆك هۆزو کەسایەتییە دڵبژۆکەکانی پێشوو لە هەرێمە جیاوەزەکانی ولاتدا هەمان هێزو دەسەڵاتی جارانیان بۆ گەڕایەوە، بە تایبەت لە هەرێمە دوورە دەستەکانی پایتەخت‌و ئەو هەرێمانەی کە لە سەروبەندی کەوتنی دەسەڵاتی رەزا شای دیکتاتۆردا لە ژێر چنۆگۆڵەی هێزەکانی داگیرکەردا بوون، بەهەرحاڵ لە قۆناغی کەوتنی رەزا شادا بە یەکجاریی (بۆشایی هێز)ی لە ولاتدا نەخولقا بەهۆی بوونی هێزی هاوپەیمانان لە ئێراندا،[٢] زامنکردنی پاراستنی ئاسایش‌و سەقامگیریی‌و بەرەنگاربوونەوەی جموجووڵی پاتەخۆرانی ئەڵەمان لە نێو هۆزە ئێرانییەکاندا لەبەرژەوەندی هاوپەیمانان‌دا بوو، بە تایبەت لە باشووری ولات،[٣] بەئامانجی هاسانکردنی

[1] برهان جازاني: مدخل الى تاريخ ايران المعاصر(بغداد–د.ت– ترجمة مركز البحوث و المعلومات) ص٤٩.

[2] Katouzian,op.cit, p144.

[3] سیخوڕەکانی ئەڵەمان هەوڵیاندا بە هاوکاریی ئەوانەی لە ئێراندا هاوسۆزی نازییەکان بوون لەنێو ئەندامانی پارلەمان‌و ئەفسەرانی سوپای ئێرانییدا کوردەکان‌و غەیری ئەوان لە باکوورو هەروەها خێڵەکانی قاشقایی لە باشووری ئێران دژی هاوپەیمانان بوروژێنن، بۆئەوەی تەگەرە بخەنە رێگەی

پرۆسەی گواستنەوەی تڕوتفاقی سەربازیی بۆ یەکێتییی سۆڤیەت، لێرەدا جەخت لەوە دەکەینەوە کە دەسەڵاتی کردارییی لە باکوورو باشووردا لە ژێر چنگی هێزەکانی داگیرکەردا مایەوەو حکومەتی نێوەندیش جگە لە دەسەڵاتێکی رۆتینیی هیچی تر نەبوو.

هەلومەرجی جەنگو داگیرکاریی بەشێوەیەك خۆی سەپاندبوو وایکرد شای تازە بە دیمەنی سیاسەتوانێکی لاو خۆی بنوێنێت کە تینووە بە رۆحی دیموکراسیی بە هۆی خوێندنی لە ئۆروپاداو، هەروەتر دڵخۆش نەبوو بە دەرباری ئۆتۆکراسیی بابیو، محەمەد رەزا شا شتێکی تری نەدەویست جگە لەوەی "موڵکداریی نافەرمانڕەوا" بێت، بە هەمان شێوەی هەر پادشایەکی دەستووریی،[4] بە ئامانجی جەختکردنەوە لەمەڕ ئەو تەوژمە تازەیە لە شێوازی دەسەڵاتدا شای تازە لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا سوێندی دەستووریی خواردو متمانە دانو نەدانی بە حکومەتەکانی ئێران گەڕاندەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانو، شەرعییەتی دەستووریی گەڕاندەوە بۆ ئەنجومەنەکەو، لێخۆشبوونیشی دەرکرد بۆ بەندکراوە سیاسییەکانو هەموو ئەو کەسانەی کە لە سەردەمی بابیدا لە ماڵ بەندکرابوون، زۆربەیان کەسانی لیبڕاڵو شلڕەو بوون یان ئەو کەسانە بوون کە دەردی سەرییو نەهامەتی زۆریان بەدەست بابییەوە چەشتبوو،[5] رێگەشیدا بە دوورخراوە سیاسییەکان بگەڕێنەوە بۆ وڵاتو ژنۆ دەست بکەنەوە بە جموجووڵی سیاسیی، بەشێکی زۆریی ئەو زەوییانەی کە لە بابییەوە بۆی مابۆوە گەڕاندیەوە بۆ دەوڵەت

گەیشتنی هاوکارییەکان بۆ یەکێتیی شورەوییو لەکاتی گەیشتنی جووڵانەوەی سەربازیی ئەڵەمانەکان بۆ نزیك سنووری ئێرانیی، هاوکاریی بکەن. بەڵام بەریتانییەکان لەمپەریان خستە بەردەم کاری ئەو سیخوڕانەو زۆربەیان دەستگیر کردن. بۆ زیاتر:

مراد،سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٢-١٧٣ .، رمضاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠-٧٣.

[4] Abrahamian, op.cit, p.28.

[5] George Kirk, The Middle East in the War 1939-1945(Oxford-1952)p.469.



تاکو دابەش بکرێت بە سەر خاوەنە شەرعییەکانیاندا کە پێشتر لێیان زەوتکرابوو،[6] ئازادی رۆژنامەگەریش راگەیانراو ژمارەیەکی بەرچاوی رۆژنامەو گۆڤارو بلاۆکراوە لە تارانو شارە گەورەکانی تردا وەدیارکەوتن،[7] بەڵام لە لایەکی ترەوە سووپاو هێزە چەکدارەکانی کۆنترۆڵ کرد بە ئامانجی وەدەست هێنانی قاعیدەیەکی پشتگیریو زامنکردنی بەردەوامبوونی دەسەڵاتەکەی، دواتریش بەمشێوەیە گوزارشتی لێکرد "شا ئەو شایەیە کە هێزە چەکدارەکان چالاکانە بەرێوە بباتو رۆڵی نێوەندیی بگێڕێت لە ولاتدا."[8]

لەو هەلومەرجەدا ژیانی سیاسیی نێوخۆی ئێران جموجووڵی گەورەی بەخۆوە بینی، لە دیارترین دیمەنەکانی بریتی بوو لە دامەزراندنی پارتو رێکخراوە سیاسییەکانو، لەسەرێی هەمووشیانەوە حیزبی شیوعی ئێرانی کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٤١ بە نێوی حیزبی "تودە *– جەماوەر" وەدیارکەوت دوای بەرهەڵدابوونی سەرکردەکانییو گەڕانەوەی دوورخراوان، ئەم حیزبیە بە خێرایی پشکوت بە شێوەیەك لە ساڵی ١٩٤٣ ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتە نێزیکەی ٢٠٠,٠٠٠ کەسو،[9] بووە باشترینو تۆکمەترین پارتی سیاسیی لە رووی رێکخستنەوەو لە ماوەی ساڵانی ١٩٤١ – ١٩٤٦ دەستیگرت بەسەر شانۆی سیاسیی ئێراندا،[10] سوودی گەورەشی بینی لە بوونی سەربازیی سۆڤیەت لە ئێراندا، حیزبی تودە لە ساڵی ١٩٤٢ رایگەیاند کە ئامانجی سەرەکییان بریتییە لە جێبەجێکردنی تەواوی دەستوورو بەرزکردنەوەی درۆشمگەلێك دژ بە دیکاتۆریەت، تاکڕەوییو

[6] Abrahamian, op.cit, p.28.

[7] Upton,op.cit, pp. 93 – 94.

[8] Heleh Afshar (ed); Iran, arevolution in turmoil (London – 1980) p. 186.

[9] ابو مغلي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

[10] Leonard Binder, Iran, Political development in a changing society(Berkely-1962)p. 202.

سەرکوتکاریی،[11] ئەمەش ئاماژەیەکی روونو ئاشکرا بوو بۆ سەردەمی شای پێشوو، لە بەرامبەر حیزبی تودەدا حیزبی زیائوددین تەباتەبائی هەبوو کە بە دنەی بەریتانییەکان لە ساڵی ١٩٤٣ هاتە دامەزراندن بە نێوی حیزبی "ارادە ملی" ویستی نیشتیمانیی، تەباتەبائی هەوڵیدەدا بازرگانو زانا "پیاوانی ئایینی"و هۆزەکان تەیار بکات دژ بە "پاشماوە خەتەرناکەکانی دیکتاتۆریەتی سەربازییو شیوعێتی حیزبی تودەو دەسەڵاتی کەمینەی گەندەڵ لە بنەماڵەی فیوداڵەکان"، لە رۆژنامەی حیزبەکەیدا بە نێوی "رعد الیوم – رعد امروز" چەندین بابەتی بڵاو کردەوە داوای کەمکردنەوەی هێزە چەکدارەکانی کرد بۆ ٥٠,٠٠٠ کەسو، دیسانەوە داوایکرد هەژموونی شاهەنشاهیی لە ریزی ئەفسەراندا ریشەکێش بکرێت،[12] حیزبی "ئێران" یەکێکی تر بوو لە پارتە گرنگەکانی ئێران کە لە ساڵی ١٩٤٢ هاتە دامەزراندن، گرووپێك بوون ئەندامەکانی بڕوانامەی باڵایان لە ئۆروپاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەدەست هێنابوو لایەنگری لیبڕالیزمو سۆسیال – دیمۆکرات بوون، ئەندامانی حیزبی "ئێران" رێکەوتن لەسەر پشتگیری کردنی سەرۆکایەتی موسەددەق (١٨٧٩ – ١٩٦٧)،[13] ئەو سەر بە هیچ پارتێکی سیاسیی نەبوو، ئامانجی ئەم حیزبە پێدا پێدا هاندانی چاکسازی سیاسییو جڤاتیی بوو لە رێگەی پشتگیریکردنی پەرلەمانتارە

[11] Kirk, op.cit, p47.

[12] ابراهیمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٤–٢٦٥.

[13] دکتۆر موسەددەق سەر بە خانەوادەیەکی قاجاریی ئەریستۆکراتی بوو، زانستە سیاسییو داراییەکانیی لە پاریس خۆندبوو یاساشی لە سویسرا تەواوکردبوو، وەختێك لە ساڵی ١٩٢٥ پەرلەمانتار بوو لە ئەنجومەنی نوێنەراندا دژی لەسەر ناجی تاجی ئێرانی بوو بۆ رەزا شا چونکە بە پێشێلکردنی دەستووری لە قەڵەم دەدا، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ قۆڵبەستکردنو جەزرەبەدانیو دواتریش پەرگیربوونی سیاسیی، لە سەروبەندی هەڵایسانی جەنگی جیهانی دووەمدا لە ماڵ بەندکراو، لە دوای گلانی رەزا شا لە ئەیلولی ١٩٤١ ژنۆ دەستیکردەوە بە جکوجووڵی سیاسیی، بڕوانە: Welber, op, cit, pp 82 – 83.



لیبڕاڵەکان لە ئەنجومەنی نوێنەراندا، لە نێویشیاندا موسەددەق، هەروەها حیزبی "ئێران" پشتگیریی ژمارەیەکی گرنگی رۆشنبیرانو دەرچووانی زانکۆی وەدەست هێنا کە خۆیان بە دوورگرتبوو لە حیزبی تودە،[14] جگە لەم سێ پارتە گرنگە، پارتو رێکخراوی سیاسیی تریش وەدیارکەوتنو گرنگییەکی ئەوتۆیان نەبوو لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمداو، بە تایبەت لە سەروبەندی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، ئەو پارتو رێکخراوە سیاسییانە پتر گردبوونەوە بە دەوری کەسێك یاخود تاقمێك کە بەرژەوەندی دیاریکراو پێکڕای گرێدابوون، هەر کەفوکولێك بوون،[15] جگە لە جموجووڵی پارتو رێکخراوە سیاسییەکان لەو ساڵانەدا جموجووڵی کرێکاریی بەجۆشو خرۆشەوە هاتە هەڵایسانو سەربە حیزبی تودە بوون، حیزبی تودە لە ساڵی ١٩٤٢ ئەنجومەنێکی نێوەندیی بۆ سەندیکاکانی ئێران دامەزراند، ئەنجومەنەکە لە ساڵی ١٩٤٦ نێزیکەی ٤٠٠,٠٠٠ کرێکاری لە خۆ دەگرتو، لە ساڵانی ئاخروئۆخری جەنگی جیهانی دووەمدا کرێکاران وەخۆکەوتنو چەندین مانگرتنیان دژ بە کەمیی کرێو رەوشی خراپی کار رێکخستو، ئەو مانگرتنانە بە چڕیی تارانو دەڤەرەکانی بەرهەمهێنانی نەوتی لە باشووری رۆژاوای وڵات گرتەوە.[16]

لە لایەکی ترەوە کەوتنی رەزا شاو لاوازیی حکومەتی نێوەندیی نەتەوە نافارسەکانی رێکخستەوە بە جۆشو گۆشەوە کەوتنەوە خەباتکردن لە پێناو وەدەست هێنانی مافە نەتەوەییو ئازادییە دیموکراسییەکان، ئیدی پارتو رێکخراوی سیاسیی لە نێو نەتەوەکاندا هاتنە دامەزراندن بە ئامانجی گوزارشت کردن لە هومێدی ئەو نەتەوانەو چەسپاندنی ئامانجەکانیان، ئازەربایجانییەکان لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا بە جۆشو گۆشەوە

[14] Katouzian,op.cit, p147 ., Upton,op.cit, p98.

[15] Upton,op.cit, p93.

[16] هالیدای، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٤–٢٧٥.

خەباتیان دەکردو چەندین پارتو ڕێکخراوی سیاسیی کەوتنە جموجووڵی سیاسیی،[17] لە گرنگترینیان حیزبی دیمۆکراتی ئازەربایجانیی "فرقە دیمقرات ازربیجان" کە لە ئابی ١٩٤٥ هاتە دامەزراندنو ژمارەی ئەندامانی لە کۆتایی ساڵدا گەیشتە ٧٠,٠٠٠ پاڵەو کرێکارو جووتیاران زۆرینەی ئەو ڕێژەیان پێکدەهێنا لەگەڵ چەند هەزارێك لە ڕۆشنبیرو بازرگانان،[18] لە ١٢ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥ کۆماری ئازەربابجانیی دیمۆکرات بە سەرۆکایەتی جەعفەر پیشوەریی هاتە دامەزراندن،[19] حکومەتی ئازەربایجان بە فەرمیی دانینا بە دەسەڵاتی نێوەندیداو ئامادەیی خۆشی دەربڕی بۆ جێبەجێکردنی هەر فەرمانێك کە لە کن ئەوانەوە دەربکرێت بە مەرجێك دژانە نەبێت لەگەڵ خودموختاریی کۆماری ئازەربایجاندا،[20] سەبارەت بە کوردستانی ئێران لە سەروبەندی کەوتنی ڕەزا شادا سەرۆك هۆزە کوردییەکان وەخۆکەوتن بە مەبەستی توندوتۆڵکردنی دەسەڵاتو هەژموونیان بەسەر دەڤەرە کوردییەکاندا، هەروەها دەستیانگرت بەسەر ڕێژەیەکی بەرچاوی ئازووخەو چەکوتەقەمەنیی سووپا ڕماوەکەی ئێران،[21] هەروەها ڕۆشنبیرانی کورد لە

---

17 بگەڕێوە بۆ وردەکارییەکان لە: البکاء، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨ – ١٣٤.

18 مظهر ،سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢١.

19 جەعفەر پیشەوەریی کۆمۆنیستێکی پێشووو ئەندامێکی بەرچاوی کۆماری گەیلان بوو کە لە ساڵی ١٩٢٠ز دامەزرا. پاش رووخاندنی ئەو کۆمارە بەرەو یەکێتی شورەویی رۆیشت، پاش کەوتنی رەزاشا لە ساڵی ١٩٤١دا وەك سەرکردەیەکی حیزبی تودە گەڕایەوە ئازەربایجانو لە هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتیی ساڵی ١٩٤٣وە سەرکەوت، بەڵام حکومەتی ئێرانیی ئەو سەرکەوتنەی رەتکردەوە، پاش رووخاندنی کۆماری ئازەربایجان لە ساڵی ١٩٤٦دا بەرەو یەکێتیی شورەویی هەڵات و لەوێ بە رووداوی ئۆتۆمبێل تیاچوو: ولیام ایغلتن ، جمهورية مهاباد . جمهورية ١٩٤٦ الكردية ، ترجمة : جرجيس فتح الله المحامي، بيروت،١٩٧٢، ص ص ٧٠-٧١.

20 مظهر ،سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٢.

21 ایغلتن ،سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

* کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، رێکخراوێکی سیاسیی، نەتەوەییو ژێرزەمینیی کورد بوو لە کوردستانی رۆژهەڵات، لەو قۆناغە مێژووییەدا بەجۆشو گۆشەوە وەخۆکەوتووە بە ئامانجی



ئەیلولی ١٩٤٢ "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد*"یان "کۆمەڵەی ژیانی کورد راسترە /وەرگێڕ" دامەزراند، ئەم کۆمەڵەیە توانی سەرۆك هۆزو موڵکدارە لیبراڵو کاسبکارو کرێکاران بەلای خۆیدا رابکێشێتو، گۆڤارێکیشیان بە نێوی "نیشتیمان" دەردەکرد،[22] لە ١٦ی ئابی ١٩٤٥ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد هاتە دامەزراندن، درێژکراوەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بوو، لە بەرنامەو پێڕەوی حیزبی دیمۆکراتدا جەختکرایەوە لەسەر ئازادییو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا،[23] لە ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ حیزبی دیمۆکرات دامەزراندنی "کۆماری کوردستانی دیمۆکراتو خاوەن ئۆتۆنۆمیی" بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد راگەیاند،[24] پتر بە نێوی "کۆماری مەهاباد" ناسراوە،[25] قازی

---

هۆشیارکردنەوەو ژیاندنەوەی بیری نەتەوەییو کوردایەتیی لە نێو کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا، گۆڤاری "نیشتیمان" لەو سەروبەندەدا زمانحاڵی کۆمەڵەی ژێکاف بوو، وەك گۆڤارێکی جڤاتیی، ئەدەبیو خوێندەواریی رۆڵێکی ئێجگار پرینگاوەی گێڕا لە زیندووکردنەوەی کەلتووری کوردیدا، بۆ زانیاری پتر دەربارەی ژێکافو گۆڤاری نیشتیمانو بڵاوکراوەکانی تری ئەم رێکخراوە سیاسییە بڕوانە (نیشتیمان "بڵاوکەرەوەی بیری ژێکاف": ئامادەکردنی عەلی کەریمی، سلێمانی، بنکەی ژین "، ٢٠٠٨، سێبەری ئازادی "هەورازو نشێوەکانی مێژووی خەباتی کۆمەڵەی ژێ. کاف": کەمال عەبدوڵڵاهی، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٨، پرسی نەتەوایەتی کورد: وەرگێڕانی بەرزانی مەلا تەها، سلێمانی، ٢٠٠٩). "وەرگێڕ"

22 مظهر ،سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٧ .، البکاء ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٠.

23 عبدالرحمن قاسملو، كردستان والاكراد، دراسة سياسية و لاقتصادية،(د.م– ١٩٦٨ ترجمة ثابت منصور) ص ص ٧٠-٧١.

24 قازیی محەمەد لە بنەماڵەیەکی ناسراوی موکریانە، لە بەهاری ١٩٠٠دا لە شاری مەهاباد لەدایك بووە، زانستە ئاینییەکانی لەسەر دەستی میرزا عەلی باوکی کە دواتر بووە قازیی مەهاباد تەواوکردووە. قازیی محەمەد هەر لە منداڵییەوە هۆگری ئەدەب بووە ، بەڵام یەکەمین ئەزموونی سیاسیی ئەوەبوو کە لە ساڵی ١٩١٥دا تێکەڵ بە هێزەکانی بەرگریی بوو دژی دەوڵەتی عوسمانیی. کەوتووەتە ژێر کاریگەریی هزری دیموکراتیی، هەروەها پەیوەندیی بەو شانە بەلشەفییانەوە بووە کە لە نێو ریزەکانی سوپای روسییدا بوون لە ئێران لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانییدا. ئەو هەر لە ساڵی ١٩٢٢ەوە کاری مامۆستایەتیی کردووە، پاشتر لە ساڵی ١٩٢٦ بووە بە بەڕێوەبەری

محەمەد چەندینجار دووپاتی کردەوە کە ئامانجی جووڵانەوەکەی سەربەخۆیی نییەو، بەڵکو کۆتایی هێنانە بە زوڵم‌و زۆرەکانی تاران‌و سیاسەتە شۆڤێنییەکانی لەهەمبەر گەلی کوردو، زامنکردنی ئۆتۆنۆمییە بۆ کوردستانی ئێران،[٢٦] ئیدی هەردوو کۆماری ئازەربایجان‌و مەهاباد لە قۆناغی دامەزراندنیاندا پشتگیریی‌و لایەنگیریی یەکێتییی سۆڤیەتیان وەدەستهێنا.

بەهەمان شێوەی جووڵانەوەی ئازەربایجانی‌و کوردان لە باکووری ڕۆژاوای ئێران، گەلی عەرەب لە هەرێمی ئەهواز وەخۆکەوتن‌و جووڵانەوەیان هەڵایساند بە ئامانجی وەدەست هێنانی مافە نەتەوەییە ڕەواکانیان، دوابەدوای چەند ڕۆژێکی کەم لە کەوتنی ڕەزا شا هاوڵاتیانی ئەهواز چەندین پێشنیاریان ئاڕاستەی حکومەتی ئێرانی کردو بە پێویستیانزانی بە چاوی ماف‌و داوەرانە لێیان بڕوانن‌و، کوڕەکانیان لە گرتووخانە بەرهەڵدا بکرێت‌و مافی پۆشینی جلکی عەرەبیشیان پێبدرێت‌و، باجیان لەسەر کەمبکرێتەوەو، کۆتوبەندی هاتن‌و چوونیان لە نێوان شارەکانی ئێراندا لەسەر هەڵبگیرێت‌و وەك فارسەکان لە لێپرسراویدا یەکسان بن، زۆری نەبرد پێشنیارەکان هەڵکشاو بە پێویستیانزانی دان بە مافەکانی عەرەبدا بنرێت‌و شێخ جاسب بن خەزعەلیش بکرێتە فەرمانڕەوای دەڤەرەکەیان، بەهەرحاڵ گشت هەوڵەکان

---

فەرهەنگ لە مەهاباد. لە ساڵی ١٩٣١دا پۆستی قازیی موکریانی وەرگرتووە کە تا کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەم لەو پۆستەدا بووە. دواتر بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی ژیانی کوردو ڕێبەرایەتییەکەی گرتەئەستۆ، پاتر بۆتە سەرۆك کۆماری مەهاباد . لەدوای ڕووخاندنی کۆمارەکە لە کانونی یەکەمی ١٩٤٦دا، سزای لە سێدارەدانی درا بەسەرداو لە ٣٠ ئاداری ١٩٤٧دا سزاکەی جێبەجێکرا، قازیی محەمەد لەکاتی گەڕانەوەی سوپای ئێرانییدا ئامادە نەبوو مەهاباد جێبهێڵێت، چونکە لە تەنگانەدا هەڵاتنی پێ شەرم بوو. بڕوانە:

مظهر ،سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٨–٢٦٢.، ایغلتن ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٠ تێبینیی وەرگێڕ لە پەراوێزی ٥.

[25] بۆ نموونە سەیری نێونیشانی کتێبەکەی ایغلتن بکە لە پەراوێزی ژمارە ١٧٦ی ئەم نووسینە.

[26] مظهر ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦١.



شکستیان خوارد، بەریتانییەکانیش دژ بە هەر جووڵانەوەیەکی عەرەبیی وەستانەوە لە دەڤەری ئەهوازی دەوڵەمەند بە نەوت لەوانەبوو کاریگەری بکاتە سەر سەقامگیربوونیی، وێڕای بەکارهێنانی دەسەڵاتیی لە کن چەندین مەزنە شێخی دەڤەرەکە تاکو بە گژ هەر جووڵانەوەیەکی عەرەبیدا بچنەوە، دیسانەوە محەمەد ڕەزا شا پەهلەویی چەندین مەزنە شێخی لە پێش جەنگی جیهانی دووەمدا وەك فەرمانڕەوای دەڤەرەکانیان دامەزراند.[٢٧]

گەر جموجووڵی سیاسیی‌و سەندیکایی‌و جووڵانەوەی نەتەوە نافارسەکان واز لێبێنین‌و بچینە سەر ڕەوشی ئابووریی ئێران لەو قۆناغەدا، دیمەنێکی قورس‌و گران‌و دژوار دێتە پێشچاوان، وڵات لە ماوەی ساڵانی جەنگدا دووچاری تەنگژەی ئابووریی بۆوەو پێوەی دەتلایەوە، کە لە بەرزبوونەوەی تێچوونی بژێویی لە ساڵی ١٩٣٩ لە ١٠٠٪وە بۆ ٢٦٩٪ لە ساڵی ١٩٤٢و لە ساڵی ١٩٤٣ لە ٦٥٠٪وە بۆ ٧٥٧٪ لە ساڵی ١٩٤٤دا خۆی دەبینییەوە،[٢٨] چەندین هۆکاران لە پشت ئەو ڕەوشە ناهەموارەوە بوون لەوانە، کاریگەریی جەنگ لەسەر بازرگانی دەرەکیی ئێران‌و کێشەی ئازووخەو کەمی دانەوێڵەو، دەست بەسەراگرتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بەسەر زۆربەی هۆکانی گواستنەوەو هێڵی شەندەفەر کە لە خزمەت توانای جەنگیدا بوو، خەرجکردنی بڕگەلێکی مەزن لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە بووە مایەی کەڵەکەبوونی کێشەی هەڵاوسان، ئیدی لەم جۆرە ڕەوشەدا زۆربەی ئێرانییەکان بێبەشبوون‌و، لە وەختێکدا چینێکی مشەخۆری دیاریکراو لە بازرگان‌و ئەرباب‌و مەزنە خاوەن زەوی‌و زاران‌و بڕیاربەدەستەکان سوودیان لە ڕەوشەکە بینی‌و سەروەت‌و سامانی گەورەیان گرد کردەوە لە ڕێگەی کەڵەکەبوونی خواردەمەنی‌و مامەڵەکردن لە بازاڕی

---

[27] بۆ زیاتر: البکاء ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢–١٤٧.

[28] Keddie, op.cit, p116.

رەشداو پڕکردنەوەی پێویستییەکانی هێزەکانی داگیرکەرو چەندین ڕێگەی تر کە لە حوکمی یاسادا "جەردەییە"،[٢٩] لە ئاکامی ئەم حاڵوبارەدا پشێویی و ناسەقامگیریی لە وڵاتدا بڵاوبۆوە، بە تارانیشەوە، لە کانونی یەکەمی ١٩٤٢ خۆپێشاندان ڕێکخراو خۆپێشاندەران داوای نانیان دەکرد،[٣٠] لە بەرامبەریشدا حکومەتی ئێرانیی بەرەنگاری ڕەوشەکەو دەرەنجامەکانی بۆوە لە ڕێگەی ئەو کۆمەکیانەی کە لە لایەن دەوڵەتانی هاوپەیمانەوە رادەستی دەخراو، هەروەها لە ڕێگەی پشت بەستن بە پسپۆڕو ڕاوێژکارانی ئەمەریکا لە کاروباری دارایی و ئازووخەداو چەندین ڕێگەی تر،[٣١] بەڵام ئەم هەوڵە لەبەر چەندین فاکتەران شکستی خواردو دەگەڕایەوە بۆ هەلومەرجی ئەوکاتی ئێران و لە سەرێشیانەوە داگیرکاریی بەریتانی – سۆڤیەتی کە دەڤەرانێکی بەرفراوانی وڵاتیان خستبووە ژێر چنگیانەوە.

بوونی سەربازیی بیانیان لە ئێراندا لە ماوەی ساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا بە تەنیا نەبەسترا بوو بە سۆڤیەت و بەریتانیان، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٤١ پشتی هاوپەیمانانی گرت و بووە لایەنێکی گرنگی ڕەوانەکردنی کۆمەکی سەربازیی بەرەو یەکێتیی سۆڤیەت، بۆ ئەم مەبەستە نێزیکەی ٣٠,٠٠٠ سەربازی ئەمەریکی ڕەوانەی ئێران کرا تاکو ئەرکی سەر پەرشتیکردنی پرۆسەی گواستنەوەی

[٢٩] جازانی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

[30] Kirk, op.cit, p155., Keddie, op.cit, p115.

[31] حکومەتی ئێرانیی لەماوەی ساڵانی جەنگدا پەنای بۆ چەند نێردەیەکی ئەمەریکی بردبۆ ئەوەی سەرپەرشتیی هێندێك کاروباری سوپاو ئەمنیەو ژاندارمو هەروەها ئاودێریی و خۆراك و دارایی ئێرانیی بکەن. گرنگترینی ئەو نێردانە ئەوەبوو کە ملیسپۆ سەرکردایەتیی دەکردو لەماوەی ١٩٤٣–١٩٤٥ لە ئێراندا هەڵدەسوڕا. بۆ زیاتر بڕوانە: مراد ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٦–١٨٠. ، عبدالمجيد عبدالحميد العاني، سياسة الولايات المتحدة تجاه ايران ١٩٤١– ١٩٤٧م (رسالة دكتوراه غير منشورة– كلية الاداب – جامعة بغداد– ١٩٩١)ص ص ١١٢–١٨٥.



کۆمەکییەکان بگرنە ئەستۆی خۆیان،[٣٢] لە ٢٩ی کانونی دووەمی ١٩٤٢ ئێران پەیمانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەریەك لە بەریتانیاو یەکێتیی سۆڤیەت واژۆکردو هەردوو دەوڵەت بەڵێنیاندا ڕێز لە یەکێتیی خاکی ئێران و سەربەخۆبوونی سیاسیی بگرن و لە پرسە گرنگەکاندا ڕاوێژی پێبکەن و، لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگ لەراگرتنی پرۆسە سەربازییەکانی نێوان هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەڵەمانیاو هاوپەیمانەکان، هێزەکانیان پاشەکشە پێبکەن، ئابووریی گەلی ئێرانیش بپارێزن لەو ئاستەنگانەی کە جەنگ دروستی دەکات و، بەرگریکردن لە ئێران دژ بە هەر دوژمنکارییەکی بەرەی فاشیستی ئەڵەمانیا یاخود هەر هێزێکی ترو، مافیش بە هاوپەیمانان بدرێت بە مانەوەی هێزە وشکانی و دەریایی و ئاسمانییەکانیان بەو ژمارەیەی کە ئەوان بە پێویستی دەزانن بە مەرجێك بە داگیرکاری سەربازیی ئەژمار نەکرێت و کاریگەری نەکاتە سەر کاروباری ئیداریی، یا سەقامگیریی ئێران، یا ڕەوشی ئابووری وڵات، یا جووڵانەوەی ئاسایی دانیشتوانان و جێبەجێکردنی سیستەم و یاسا لە ئێراندا، لە بەرامبەریشدا حکومەتی ئێرانی، بە پێی پەیمانەکە، بەڵێنیدا کۆمەکیی هێزەکانی هاوپەیمانان بکات و دەست گیرۆییان بکات لە پاراستنی پرۆسەی گواستنەوەی کۆمەکییەکان لە ڕێگەی خاکی ئێرانەوە و، هیچ ڕەفتارێکی سیاسی دەرەکیی دژانە نەنوێنێت کە لەگەڵ پەیمانەکەدا نەیەتەوە و، پێوەندیش گرێنەدا لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە دژ بە بەرەی هاوپەیمانانن چونکە ئەنجامدانی ئەو کارە دەبێتە مایەی بێبەڵێنیی ئێران لەهەمبەر هاوپەیماناندا.[٣٣]

[32] سەبارەت بە وردەکاریی بوونی سەربازیی ئەمەریکیی لە ئێران لەکاتی جەنگدا بڕوانە: مراد ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦–١١٤.

[33] رمضاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦ – ٦٨.

هێزەکانی هاوپەیمانان وابەستە نەبوون بە بەڵێنەکانی نێو پەیمانەکەو، بنکەو بارەگای سەرکردایەتی ئیداریی و سەربازیی هێزەکانی هاوپەیمانان لە باکوورو باشوور بەرپرس بوون لە سەرجەم دەڤەرە داگیرکراوەکانو، حکومەتی ئێرانیش لەو قۆناغەدا هیچی بەدەست نەبوو، لە توانایدا نەبوو ڕێوشوێنی گشتی و کارا بگرێتەبەر بە بێ گەڕانەوەو راوێژکردن بە هێزەکانی داگیرکەران، بەو مانایەی حکومەتی ئێرانی دەسەڵاتی پێویستی بەدەستەوە نەبوو بۆ جێبەجێکردنی دەسەڵاتیی،[٣٤] هەروەها هێزەکانی هاوپەیمانان گشت دەستکەوتو تواناکانی ئێرانیان لە خزمەت ئامانجەکانی خۆیاندا بەکار دەهێناو دردۆنگیش نەبوون لە دەست بەسەراگرتنی بڕی زۆری گەنمو جۆ لە وڵاتدا لە سەختترین کاتەکانی تەنگژەی ئابووریی و کەمی ئازووخەدا،[٣٥] هەروەتر دەسەڵاتدارانی داگیرکەر لە باکوورو باشووردا دەستیان وەردەدایە هەڵبژاردنی نوێنەرانەوە بە ئامانجی زامنکردنی خەڵکانی پاتەخۆری خۆیان،[٣٦] سەرباری ئەمەش گومان لە یەکترو کێبڕکێی ئاشکراو پەنهان لە نێوان بەریتانیاو یەکێتیی سۆڤیەتو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لە گۆڕێدا بوو، وێڕای هاوپەیمانێتییان لە جەنگی جیهانی دووەمدا دژ بە بەرەی فاشست، ئیدی ئەم ململانێو

---

[34] جازانی ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩–٥٠.

[35] العاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

[36] لەکاتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لە ساڵی ١٩٤٣دا بەریتانییەکان خەرجیی هەڵمەتەکەی سەید زیائوددین تەباتەبائییان کێشا، هەروەك یەکێتیی شورەویی بە قازانجی حیزبی تودە دەستیان لە مەسەلەکە وەردا. محەمەد رەزاشا لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باس لەوە دەکات کە لە کاتی هەڵبژاردنەکەدا" باڵیۆزی بەریتانیی لە بەیانیدا لیستێکی ٨٠ ناوی پێشکەشی سەرۆکی حکومەت کرد، دوای نیوەڕۆ باڵیۆزی روسییش لیستێکی هێنا کە ناوی دەستەیەکی دیکەی تێدا نووسراوو، دەبووایە هەوڵمان بدایە کە ئەوانە لە هەڵبژاردنەکاندا دەربچوونایە" بڕوانە: مذكرات شاه ایران المخلوع ، مرکز دراسات الخلیج العربی ، جامعة البصرة ،١٩٨٠،السلسلة الخاصة، ص ٤٠ .، Lenczowski ,op.cit, p.225 ., Arfa, op.cit, p.323.



کێبڕکێیە بە زەرەر دەشکایەوە بەسەر ئێراندا، ئەمەریکی و بەریتانیانیش هەڵمەتێکی پڕۆپاگەندەی بەرفراوانیان دژ بە سیاسەتەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئێراندا دەست پێکردو، لە بەرامبەریشدا یەکێتیی سۆڤیەت لەمپەڕی خستە بەردەم کاری نێردراوانی ئەمەریکا لە ئێران لە رێگەی کۆتوبەندکردنی جووڵانەوەیان لە باکووری وڵاتدا کە لە ژێر چنگی سۆڤیەتدا بوو، هەروەها کێبڕکێی هەر سێ دەوڵەت لە پێناو وەدەست هێنانی جیاوگی نەوتیی لە ئێراندا فاکتەرێکی تری شکاندنی پەیمانەکە بوو چونکە هەر سێ دەوڵەتی نێوبراو لە سەروبەندی ململانێکاندا دەستیان وەردەدایە کاروباری نێوخۆی ئێران، لە ساڵی ١٩٤٤ نوێنەرانی هێندێك لە کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمەریکی و بەریتانی دانوستانیان لەگەڵ حکومەتی ئێرانیدا دەستپێکرد سەبارەت بە وەدەست هێنانی جیاوگی نەوتیی، وەختێکیش حکومەتی سۆڤیەت بەم کەینوبەینەی زانی لە ئەیلولی ١٩٤٤ شاندێکی رەوانەی تاران کرد بە سەرۆکایەتی سێرگی کافترادزە Sergi Kavtradze جێگری وەزیری دەرەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ لایەنی ئێرانیدا سەبارەت بە وەدەستهێنانی جیاوگی نەوتیی لە باکووری ئێراندا، لە ئاکامدا لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٤ حکومەتی ئێران بڕیاریدا کێشەو بێنەوبەرەو گفتوگۆ لەمەڕ جیاوگی نەوتیی لە ئێراندا دوا بخات بۆ دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، حکومەتی سۆڤیەتیش رەخنەی لە بڕیارەکە گرتوو بە هەڵوێستێکی دژانەی وەسپدار کرد، حیزبی تودە، بە پلەی یەکەم بە دنەی سۆڤیەت هەستا بە خۆپێشاندانو مانگرتن دژ بەو بڕیارە، دیسانەوە کرێکارە چەکدارەکان دەستیان گرت بەسەر هێندێك لە کارگەکانی تاراندا لە ئاکامدا کابینەی حکومەتی ئەوکاتی ئێران بە سەرۆکایەتی محەمەد سەعید مەراغی هەڵوەشایەوە.[٣٧]

---

[37] مراد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٠–٢٥٢ .،

دواجار لە شکاندنی پەیمانەکەدا روون بۆوە کە یەکێتیی سۆڤیەت سستە لە پاشەکشەکردن بە هێزەکانی لە باکووری ئێراندا لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ لە ماوەی ئەو شەش مانگەی کە پەیمانەکە دیاری کردبوو، دوابەدوای واژۆکردنی یابان کۆتا دەوڵەتی نێو دەوڵەتانی بەرەی فاشست لەسەر بەڵێنی خۆبەدەستەوەدان لە ٢ی ئەیلولی ١٩٤٥، ئیدی بە پێی پەیمانە سیٚ قۆڵییەکەی کانونی دووەمی ١٩٤٢ وادەی پاشەکشە ٢ی ئاداری ١٩٤٦ بوو، بەمپێیە هێزەکانی ئەمەریکا لە کانونی دووەمی ١٩٤٦ پاشەکشەیان کردو بەریتانیاش بەڵێنیدا لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا پاشەکشە بە هێزەکانی بکات واتە لە ٢ی ئاداری ١٩٤٦، [38] یەکێتیی سۆڤیەتیش سستیو تەمبەڵی دەکرد، وەختێك لە ئازەربایجان لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥ جووڵانەوە دژ بە حکومەتی ئێرانی دەستیپێکرد هێزەکانی سۆڤیەت لە باکووری ئێران بەریانگرت لە پێشڕەویی هێزەکانی ئێران کە حکومەت رەوانەی کردبوو بەرەو ئازەربایجان، هەروەها یەکێتیی سۆڤیەت لە رووی ماددیو مەعنەوییەوە لەگەڵ دامەزراندنی هەردوو کۆماری ئازەربایجانو مەهابادا بوو لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦ – ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦،[39] لە بەرامبەریشدا حکومەتی ئێران بڕیاریدا لە کانونی دووەمی ١٩٤٦ شکاتنامەی خۆی بگەیەنێت بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دژ بە دەستێوەردانی سۆڤیەت لە کاروباری نێوخۆی ئێران، ئەنجومەنی ئاسایش پرسەکەی راستەوخۆ سپارد بە ئێرانو یەکێتیی سۆڤیەت تاکو بەخۆیان کێشەکە چارەسەر بکەن، سەرۆك وەزیرانی ئێران ئەحمەد قەوام ئەلسەڵتەنە، ئەریستۆکراتێکی بە تۆرەمە ئازەریی بوو سەردانی مۆسکۆی

Benjamin Shawdrran: The Middle East, Oil and the Great Power(New York)pp.64-67.

38 مراد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٦.

39 Lenczowski ,op.cit, pp.286-291, Shawdrran,op.cit, p.69.



کرد بە ئامانجی دانوستان لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتیی سۆڤیەتدا، لایەنی سۆڤیەتیی داوای مانەوەی هێزەکانی دەکرد لە هێندێك دەڤەری ئێراندا تا ماوەیەکی سنووردارنەکراو، داننان بە کۆماری ئازەربایجانداو، رازیبوون بە دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەشی نەوتی ئێرانی – سۆڤیەتی بە ئامانجی وەگەڕخستنی نەوتی باکووری ئێران، قەوام ئەلسەڵتەنە سەرجەم مەرجەکانی لایەنی سۆڤیەتی رەتکردەوەو، لایەنی ئێرانی بۆ دووەمجار پرسەکەی رەوانەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی کردەوە، بەڵام لایەنی سۆڤیەتی هەوڵیدا ئەم بگرەو بەردەو گێرەوکێشەیە دوابخات بەو هومێدەی راستەوخۆ لەگەڵ لایەنی ئێرانیدا بگەنە رێکەوتنێك، لە ٤ی نیسانی ١٩٤٦ قەوام ئەلسەڵتەنە لەگەڵ لایەنی سۆڤیەتیدا گەیشتە رێکەوتنو، سۆڤیەتیش نیازخراو بوو لە بنەڕەتدا بە تەما نەبوو رێکەوتنەکە جێبەجیٚ بکات، بەڵکو بە تەنیا مەبەستی بوو پاشەکشەی هێزەکانی زامن بکات، لە رێکەوتنەکەدا هاتبوو دەبێت هێزەکانی سۆڤیەت لە ماوەی شەش هەفتاندا لە ٢٤ی ئاداری ١٩٤٦ پاشەکشیٚ بە هێزەکانی پێبکات، هەروەها لە رێکەوتنەکەدا هاتبوو کۆمپانیایەکی نەوتی ئێرانی – سۆڤیەتی هاوبەش دابمەزرێتو ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێرانیش لە ماوەی حەفت هەفتاندا لە ٢٤ی ئاداری ١٩٤٦ رەزامەندی دەرببرێت لە سەر دامەزراندنیی، کێشەی ئازەربایجانیش کرا بە کێشەیەکی نێوخۆیی بەمەرجێك یەکلاکردنەوەی بە رێگەچارەی ئاشتیانە بێت لە رێگەی رێکەوتنی حکومەتی ئێران لەگەڵ ئازەربایجاندا، بەمەبەستی دڵنیا کردنەوەی لایەنی سۆڤیەتی قەوام ئەلسەڵتەنە لەگەڵ حکومەتی ئازەربایجاندا لە حوزەیرانی ١٩٤٦ گەیشتنە رێکەوتنو نیازپاکی خۆی پێشانداو چەند وەزیرێکی حیزبی تودەی خستە نێو حکومەتەکەیەوە، لە ئەیلولی ١٩٤٦ بەریتانییەکان دنەی هێندێك لە هۆزەکانی باشووریاندا، بە تایبەت هۆزی قاشقای بە مەبەستی یاخیبوون دژ بە حکومەتو لەسەرکار

لابردنی وەزیرەکانی تودە، بەمشێوەیە قەوام ئەلسەڵتەنە لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ بەدەم داواکەیانەوە چوو، دوای یەك مانگ لە گرتنەبەری ئەو رێوشوێنە ١٠٠ ئەندامی بەدێمەنی لە حیزبی تودە قۆڵبەست کرد، لە ٢٥ی تشرینی دووەمدا فەرمان بە سووپای ئێران درا دووبارە باکووری وڵات بخەنەوە ژێر چنگی خۆیان، لە کانونی یەکەمی ١٩٤٦ سووپای ئێرانی بە پشتگیری‌و راوێژیی ئەمەریکییەکان هەردوو کۆماری ئازەبایجان‌و مەهابادیان سەرنخونکردەوەو، لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٧ ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێران بە دنەی ئەمەریکا پرۆژەی دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەشی نەوتی ئێرانی – سۆڤیەتی هەڵوەشێنرایەوە،[٤٠] دواجار سەرجەم ئەو رووداوانە ناجێگیریی گەورەی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران – سۆڤیەتدا خوڵقاند.

[40] مراد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٦–٢٨٨ .،العاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٦–٢٥٧.



### گۆڕانکارییە سیاسییە نێوخۆییەکان‌و خۆماڵیکردنی نەوت ١٩٤٧ – ١٩٥٣

سەرکەوتنی سەرۆك وەزیران ئەحمەد قەوام ئەلسەڵتەنە لە چارەسەرکردنی کێشەی پاشەکشێی هێزەکانی سۆڤیەت لە باکووری ئێران‌و لێدانی چەندین گورز لە حیزبی تودە پتر پێگەی بەهێزکردو، دواتر سەی زیائوددین تەباتەبائیی دەستگیر کردو پارتەکەشی لە شانۆی سیاسی ئێراندا نوقمەسار بوو،[٤١] لە هەمان کاتدا قەوام ئەلسەڵتەنە هەوڵیدەدا "حیزبی دێمۆکرات" بەهێز بکات کە بە خۆی لە ساڵی ١٩٤٥ دایمەزراندبوو دژ بە جەماوەرێتی حیزبی تودە،[٤٢] وەختێکیش لە کانونی یەکەمی ١٩٤٦ هەڵبژاردنی خولی پازدەیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێران دەستیپێکرد قەوام ئەلسەڵتەنە بەخۆی دەستی تێوەرداو حیزبەکەی هەشتا کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی وەدەست هێنا خولەکە لە حوزەیرانی ١٩٤٧وە بەردەوام بوو تا حوزەیرانی ١٩٤٩، بەڵام پێگەی بەهێزیی قەوام ئەلسەڵتەنە کەم تەمەن بوو، حیزبەکەی "حیزبی دێمۆکرات" لە پێکهاتەی نێوخۆییدا ناجۆر بوو وێڕای سەرنخونبوونەوەی سیاسەتەکانیی، لە سەرەتای دامەزراندنیدا لێژنەوەی ناوەندیی حیزب چەندین بنەماڵەی ئەریستۆکراتیی ئەنتی ئینگلیز لە باکوورو، رۆشنبیرانی رادیکاڵیی لە خۆ دەگرت، پتر جموجووڵیان چڕ کردەوە لە نێو جووتیارو خوێندکاراندا، لەسەرەتادا پاڵپشتی حیزبی تودە بوون‌و دواتر پاشگەز بوونەوە، پتر لەگەڵ سەرۆك هۆزە لایەنگرەکانی ئینگلیز لە باشووردا هاوکارییان کرد، هەروەها سەرۆك هۆزەکانی بەختیاری‌و قاشقای لە باشوورو مەزنە خاوەن زەوی‌و زاران‌و پیشەگەران‌و بزنسمانانی خستە نێو سەرکردایەتی حیزبەکەیەوە،[٤٣] سەرجەم

[41] ولبر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦.

[42] Binder, op.cit, p.206.

[43] ابراهیمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٢–٢٤٠.

ئەم کارانە کەرتبوونی لە نێو حیزبدا دروست کردو ئەوانەی جیابوونەوە زۆربەیان پەرلەمانتارانی حیزب بوون لە ئەنجومەنی نوێنەرانداو بەمشێوەیە ژمارەی کورسییەکانی کەمیکرد بۆ ٣٦ کورسی، لە هەلومەرجێکی ئەوهادا قەوام ئەلسەڵتەنە شکستی هێنا لەوەی تاسەر ئەنجومەنی نوێنەران متمانە بدات بە حکومەتەکەی‌و لە کانونی یەکەمی ١٩٤٧ دەستی لەکارکێشایەوە، ئەوجا حیزبی دیمۆکراتیش دوای ماوەیەکی کورت خایەن کۆتایی پێهات، چەندین کەرتبوونی تر لە نێو حزبی دیمۆکراتدا روویداو، حکومەتەکانی دواتری ئێرانیش دەستیان گرت بەسەر سەروەت‌و سامانی حیزبداو داوای یاساییان لەسەر خودی قەوام ئەلسەڵتەنە تۆمار کرد.[44]

لەوسەروبەندەدا پێدا پێدا پێگەی شا بەهێزتر دەبوو، پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی هێزە چەکدارەکانی ئێران بە پاڵپشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەستیپێکرد، هەروەها راستەوخۆ سەرپەرشتی پرۆسەکانی سووپای ئێرانی دەکرد دژ بە هەردوو کۆماری کەمتەمەنی ئازەربایجان‌و مەهاباد، رۆڵی شاو پرۆسە سەربازییەکان بە جۆش‌و گۆشەوە پێشوازی لێدەکرا، رەنگە هەر ئەمەش شا هەڵپێچا بێت راڤەی دوورو قووڵ بۆ دەسەڵاتە دەستوورییەکانی بکات، [45] دوای گومبوونی سەرۆك وەزیرانە بەهێزەکەی قەوام ئەلسەڵتەنە لە شانۆی سیاسیی ئێراندا شا وەخۆکەوت کە پێشتریش سوور بوو لە نمایشکردنی خۆی وەك پادشایەکی دەستووریی کە مولکداریی نافەرمانڕەوا بێت، رۆڵی مەزنی گێڕا لە سیاسەتی ئێرانیدا، ئیدی بە کەیفی خۆی وەزیران‌و سەرۆك وەزیرانی دادەمەزراندو دەریدەکردن، لە وەختێکدا نوێنەرە شاهەنشاهییەکانی نێو پەرلەمان پشتیوانییان لە رۆڵی تازەی شا دەکرد پەرلەماناتارانی تریش بە بێحورمەتکردنی دەستوورو

[44] Binder, op.cit, p. 208.
[45] Welber, op, cit, pp 110 – 111.



گەڕانەوەی "ستەمی قاجارییەکانیان" دەزانی،[46] شا خۆی لە حاست مشتومڕەکانی نێو پەرلەمان کەڕ کردو هەر گوێشی پێنەدا، ئەو سەرۆك وەزیرانێکی دەویست ملکەچی سیاسەتەکانی بێت لە پێناو بە هێزکردنی سووپاو چەسپاندنی کۆمەکی سەربازیی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەویش برایم حەکیمی بوو کە لە کانونی یەکەمی ١٩٤٧ کابینەی حکومەتی پێکهێنا واتە دوای دەست لەکار کێشانەوەی قەوام ئەلسەڵتەنە، کابینەکەی حەکیمی زۆر بە توندی هەوڵی تۆو بڕینەوەی حیزبی تودەی دەدا،[47] هەروەها محەمەد رەزا شا خۆی دەیویست لە رێگەی گۆڕینی دەستوورەوە پێگەکەی بەهێز بکات، ئەوجا لە ٤ی شوباتی ١٩٤٩ هەلی بۆ رێکەوت لەوەختێکدا لە زانکۆی تاران هەوڵی تێرۆرکردنی درا، ئیدی حکومەتی ئێران یاسای سەربازیی سەپاندو پارت‌و کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی لە بێخهێناو، ژمارەیەکی بەرچاوی هاوڵاتیانی دەستگیر کردو گومان لە خودی قەوام ئەلسەڵتەنە دەکرا ئەگەر شا نەبووایە قۆڵبەست دەکرا بەڵام شا ئامۆژگاری کرد وڵات بەجێبهێڵێت ئەویش ئەنجامیدا،[48] موسەددەق یەکێك بوو لەو سیاسەتوانانەی کە بۆ ماوەیەك دەستگیر کرا، دیسانەوە رەخنەگرتن لە بنەماڵەی شاهەنشاهیی لە نێو رۆژنامەکاندا بەری لێگیرا، بەمشێوەیە محەمەد رەزا شا هەوڵی تێرۆرکردنی گۆڕی بۆ "کۆدەتای شاهەنشاهیی" بە پێی وەسپی گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن.[49]

شا وەخۆکەوت بەمەبەستی ئەنجامدانی گۆرانکاریی لە دەستووری ئێراندا دوای جێگیربوونی رەوشەکە کە لە بەرژەوەندی ئەودا بوو لە بەرامبەر

[46] ابراهیمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٥.
[47] هەمان سەرچاوە، ل ٣٥٣.
[48] Ramesh Sanghvi; Aryamehr, the Shah of Iran (London – 1968) p. 165.
[49] E. Abrahamian; Iran in revolution; The opposition forces "MERIP Reports, No. 75 – 76.

ئەو ڕێوشوێنانەدا، لە ٢٤ی شوباتی ١٩٤٩ شا خۆی پێشوازی کرد لە سەرۆك وەزیران‌و کەسایەتییە گرنگەکانی دەوڵەت‌و پەڕلەمانتارانی ئەنجومەنی نوێنەران، شا کەوتە قسان لەمەڕ ڕەوشی ناجێگیریی وڵات‌و بوونی "کۆسپگەلێك" لە دەستووری ئێرانیدا چونکە مافی ڤێتۆی بەخشیبوو بە دەسەڵاتی یاسادانان لە چاو دەسەڵاتی جێبەجێکردندا، دیسانەوە لە بارەی گۆڕینی ڕەوشەکەوە هاتە قسان بە شێوەیەك شا سەلاحییەتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران‌و هەڵبژاردنی تازە لە بندەستدا بێت، ئیدی کۆتا قسانی شا بریتی بوو لە دامەزراندنی کۆمەڵەی بنچینەیی بە ئامانجی گۆڕینی دەستوور، دوابەدوای مشتومڕ لەمەڕ ئەم پرسە لە دانیشتنی نهێنی ئەنجومەنی نوێنەراندا، لە هەفتەی هەوەڵی نیسانی ١٩٤٩ هەڵبژاردنی کۆمەڵەی بنچینەیی بەرێوەچوو سووپا دەستی تێوەردالە پێناو زامنکردنی کاندیدا کۆنسێرڤەتیڤەکان، لە ٢١ی نیساندا شا خۆی کۆمەڵەی بنچینەیی کردەوە کارەکانی تا ٨ی ئاداری ١٩٤٨ بەردەوام بوو، ئەم کۆمەڵەیە خواستە لە پێشینەکانی شای جێبەجێ دەکرد لە نێویشیاندا دامەزراندنی ئەنجومەنی پیران شانبەشانی ئەنجومەنی نوێنەران وەك لە دەستووری ١٩٠٦دا ئاماژەی بۆ کراوە شا نێوی ئەندامەکانی خۆی دیاری دەکرد، زۆرێك لە سیاسەتوانانی ئێران ناڕەزایەتی خۆیان پێشاندا لە هەمبەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دەستووردا کراون، لە نێویاندا قەوام ئەلسەڵتەنە لە پاریسەوە پەیامێکی ئاڕاستەی شا کرد تێیدا ئاماژەی دابوو بەوەی گۆڕینی دەستوور بەراوەژووی ڕۆحی دەستوورو سیستمی شاهەنشاهیی دەستورییە .[50]

لەوسەروبەندەدا شا دەستکەوتی بەرچاوی وەدەستهێنا بۆ پاڵپشتیکردنی پۆستەکەی لە دەسەڵاتدا، زۆرینەی پەڕلەمانتارانی

[50] ابراهیمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٦ – ٣٥٧.



ئەنجومەنی نوێنەران پشتگیرییان لە بەرنامەی حکومەت کرد بە تایبەت لە بەهێزکردنی سووپاو زیادکردنی مووچە سەربازییەکان، هەروەها ئەنجومەنی نوێنەران ڕێزیان لە ڕەزا شا گرت‌و لەقەبی "گەورە"یان پێبەخشی‌و بڕیاریاندا ئێسك‌و پرووسکەکەی بگەڕێننەوە بۆ تاران‌و، هەموو ئەو زەویانەی کە لە ساڵی ١٩٤١ بە فەرمانی محەمەد ڕەزا کران بە موڵکی دەوڵەت ژنۆ کرانەوە بە موڵکی تایبەتی خۆی، یەکێك لە پەڕلەمانتارە لایەنگرەکانی شاهەنشاهیی ڕایگەیاند "پێویستە سەرجەم ئەو زەوییانە لەسەر خاوەن شکۆ تاپۆ بکرێت، لەبەر ئەوەی سیستمی شاهەنشاهیمان یەکێکە لە کۆنترین سێستەمە شاهەنشاهییەکانی جیهان مافی خۆیەتی بە شێوەیەك بژی بەراورد بکرێت بە دەوڵەمەندترین دەربارەکانی ئەوروپا"،[51] بەمشێوەیە لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٤٩و سەرەتای ١٩٥٠ سیستمی شاهەنشاهیی لە ئێراندا لە ڕووی هێزو دەسەڵاتەوە تین‌و تاوی سەند وەك ئەوەی پێش ساڵانی ١٩٤١ هەیبوو، وەختێکیش هەڵبژاردنەکانی خولی شازدەیەمی ئەنجومەنی نوێنەران بەرێوەچوو دەربارو سووپا دەستیان تێوەردا لە پێناو زامنکردنی زۆرینەی کورسییەکان بۆ کاندیداکانی دەسەڵات یەکێك لە توێژەران [52] بە "کۆنخوازترین خەڵکی" نێوبردن، ئیدی ئەم دەست تێوەردانە ناڕەزایەتی ئۆپۆزیسیۆنی لێکەوتەوەو، لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٩ ژمارەیەکی بەرچاو لە سیاسەتوان‌و بازرگان‌و خوێندکارانی زانکۆ لە باخچەکانی کۆشکی شاهەنشاهیدا مانیان گرت‌و ناڕەزایەتی خۆیان پێشاندا سەبارەت بە پاك‌و بێگەرد نەبوونی هەڵبژاردەنەکان، مانگرتووان بەسەرۆکایەتی موسەددەق لێژنەیەکی بیست کەسییان هەڵبژارد تاکو بۆچوونەکانیان بۆ شا روون بکەنەوە، لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٩ شا بەڵێنیدا ئەگەر هاتوو

[51] Richard w. Cottam; Nationalism in Iran (Leiden – 1977) p. 210.
[52] Gottam, op.cit, p. 210.

سەلمێنرا هەڵبژاردنەکان پاكو بێگەرد نەبوون ئەوا فەرمان بدات هەڵبژاردن ژنۆ بکرێتەوە، رێك دوای دوو هەفتان وەزیری دەربار حوسێن هەجیری تیرۆر کرا، کاتی خۆی بە بەرپرسیاری پاكو بێگەردنەبوونی هەڵبژاردنەکان نێوی زڕا بوو، ئیدی چینی دەسەڵاتدار وە ئاگاهاتنو دەرکیان بەو کەلێنە قووڵە کرد کە لەنێوان ئەوانو ئۆپۆزیسیۆندا بوونی هەیە، هەر بۆیەش لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٤٩ هەڵبژاردنەکانی دەڤەری تاران رەتکرایەوەو ژنۆ هەڵبژاردن ئەنجامدرایەوەو شا رێگەیدا تاڕادەیەك ئازادانە بەرێوە بچێت،[53] بەهەرحاڵ ئاکامی هەڵبژاردنەکانی دەڤەرەکانی تری وڵات گەیشتنی ژمارەیەکی بەرچاوی لە پەڕلەمانتارە لایەنگرەکانی شاهەنشاهیی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران زامنکرد بۆ محەمەد رەزا شا، سەرباری ئەمەش زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی پیران لە کۆنسێرڤەتیڤە لایەنگرەکانی سیستمی شاهەنشهیی بوون .[54]

وێڕای ئەو دەستکەوتانەی شا وەدەستیهێنانو دەسەڵاتیی بەسەر ئەنجومەنی نوێنەراندا چەندین فاکتەر لە گۆڕێدا بوون کە مەترسی بوون لەسەر پۆستەکەی ئەوانیش:

١. دەرکەوتنی شا وەك هێزێکی سیاسیی وڵاتی بە دیکتاتۆریتی بابی وەئاگا هێنایەوە .[55]

٢. زۆرینەی ئێرانییەکان پشتگیرییان لە محەمەد رەزا شا دەکرد تا هیچ نەبێت کارێکی وا ئەنجام بدات وڵات لە رەوشی ناجێگیریی و دژواریی سیاسیی و ئابووریی قوتار بکات،[56] بەڵام چارەسەر کردنی رەوشی ئابووریی

[53] محمد وصفي أبو مغلي، الاحزاب و التجمعات السياسية في ايران ١٩٠٥ – ١٩٨١ (البصرة – ط ٢ – ١٩٨٣) ص ص ١٠ – ١٣.

[54] Welber, op, cit, pp 111 – 112.

[55] ابراهیمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٧.

[56] Amir sadeghi, op.cit, p. 66.



پێویستی بە برێکی زۆر دەکرد لە پێناو هاریکاریی کردنی پرۆژەکانی نەخشەی ئابووریی کە ئێران لە ساڵی ١٩٤٩ بۆ هەوەڵجار پێڕەویکرد تێچوونە بەراییەکانی بە نێزیکەی ٦٥٠ ملیۆن دۆلار قەبلێنراوە،[57] شا بەهومێد بوو قەرزێکی زۆروزەوەند لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەدەست بێنێت بە گوژمەی ٢٥٠ ملیۆن دۆلار، شا لە پایزی ١٩٤٩ خۆی سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی کرد بەڵام بە تەنیا ٢٥ ملیۆن دۆلاری وەدەستهێنا، وێڕای ئەوەی رێوشوێنەکانی پێدانی قەرزەکە دواکەوت بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٥١ .[58]

٣. شا لە بابەتی نەوتدا بەربەرەکانی لەگەڵ بەریتانییەکاندا رەتکردەوە، لە وەختێکدا زۆرینەی ئێرانییەکان داوای چاوخشاندنەوەیان دەکرد بە پرۆتۆکۆلی ساڵی ١٩٣٣ لە نێوان حکومەتی ئێرانو کۆمپانیای نەوتدا، بگرە هێندێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە خولی پازدەدا داوای خۆماڵیکردنی نەوتی ئێرانیان دەکرد،[59] موسەددەقو ئەندامە نەتەوەییەکان لە خولی شازدەیەمی ئەنجومەنی نوێنەراندا بەردەوام بوون لەسەر پشتگیری کردنی ئەم ئاڕاستەیە کە لە شوباتی ساڵی ١٩٥٠ دەستی بە کارەکانیکرد.

لە ٨٥٪ی پەڕلەمانتارانی خولی شازدەیەم لە ئەریستۆکراتو بازرگانو بزنسمانو مەزنە فەرمانبەرە مەدەنییەکان بوونو، ئەندامانی ئەنجومەنەکەش بەسەر چوار فراکسیۆنی پەڕلەمانیدا دابەشبوون، یەکەم پەڕلەمانتارانی شاهەنشاهیی بوون کە زۆرینەیان پێکدەهێنا، دووەم فیۆداڵو بزنسمانانی باشوور کە لایەنگری ئینگلیزبوون، سێیەم چل پەڕلەمانتاری لە پیاوماقووڵە

[57] البكاء ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٣-٢٦٤.

[58] – رمضاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩.

[59] هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٦-٢٠٧.

سەربەخۆكان لەخۆدەگرت، چوارەمیش هەشت پەڕلەمانتاری لە خۆدەگرت لە سەرێشیانەوە موسەددەق، ئەم فراكسیۆنە كەم ژمارەیە هیچ گرنگییەكی ئەوتۆیان نەبوو لە ئەنجومەنی نوێنەراندا بەڵام دوای چەند مانگێك دەركەوت ئەو هەشت پەڕلەمانتارە دەیانتوانی نەك بە تەنیا پەڕلەمان بە ڵكو شاو گشت وڵات بهەژێنن،[٦٠] دواتریش لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٤١ بوونە هەوێنی هێزێكی سیاسیی گرنگ بە نێوی بەرەی نیشتیمانیی "جبهى ملی"، هەوێنی بەرەی نیشتیمانیی ئەو لێژنەیە بوو كە موسەددەق سەرۆكایەتی دەكرد بە ئامانجی گەیاندنی دەنگی ئۆپۆزیسیۆن بە گوێی شادا، لە سەروبەندی رووداوی مانگرتنەكەدا لە باخچەكانی كۆشكی شاهەنشاهیدا، راستەوخۆ بەرەی نشیتیمانیی راگەیەنرا، لە هەوەڵ بەیانی بەرەی نیشتیمانیدا داواكرا هەڵبژاردنی ئازاد ئەنجام بدرێت‌و، كۆتایی بهێنرێت بە سەپاندنی یاسای سەربازیی‌و ئازادی رۆژنامەگەریش دەستەبەر بكرێت، دوابەدوای چەند مانگێكی كەم چەندین پارت‌و رێكخراوی سیاسیی چوونە نێو بەرەی نیشتیمانییەوە، لە گرنگترینیان چوار پارت‌و رێكخراوی سیاسیی بوونە پاڵپشتی سەرەكی موسەددەق ئەوانیش:

١. حیزبی ئێران، پێشتر بە چڕوپڕی لەبارەیەوە دواین.

٢. حیزبی زەحمەتكێشان، دكتۆر بەقائیی خۆی دایمەزراند، ئەو ئەندامی پێشووی حیزبی دێمۆكرات بوو كە قەوام ئەلسەڵتەنە دایمەزراندبوو، خەلیل مالیكی كە رۆشنبیرێكی ماركسیست بوو لە ساڵی ١٩٤٨ وازی لە حیزبی تودە هێناو بە هۆی لایەنگیریی تودە بۆ مۆسكۆ چووە نێو حیزبی زەحمەتكێشانەوە، دواتریش حیزبی هێزی سێیەمی "نیروی سیوم" دامەزراندو هەوڵیدا پێگەی سۆسیالیزمیی سەربەخۆ لە ئێراندا

[60] ابراهیمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٨.



وەدۆزێت،[٦١] حیزبی زەحەتكێشان لە پێڕەوو پرۆگرامی خۆیدا جەختیكردەوە لەسەر دامەزراندنی رژێمێكی شاهەنشاهیی دەستووریی راستینەو هەڵوەشاندنەوەی جیاوگەكانی چینی باڵا لە كۆمەڵگەی ئێرانیدا.

٣. پارتی نیشتیمانیی یاخود حیزبی گەلی ئێرانیی "ملت ایران" كە پارێزەر داریوش فرۆهەر رابەرایەتی دەكرد، ئەم پارتە بە یەكێك لە پارتە راستڕۆ توندڕۆكان ئەژمار دەكرا كە بڕوای بە پاوانخوازیی فارسی هەبوو، هەروەتر هەڵوێستی روون‌و راشكاوانەی نەبوو سەبارەت بە سیستمی شاهەنشاهیی لە ئێراندا .[٦٢]

٤. رێكخراوی جەنگاوەرانی ئیسلام "مجاهدی اسلام" كە ئەبولقاسمی كاشانی‌و[٦٣] سێ لە مەزنە بازرگانان‌و یەك لە وەعزدادەران شەمسوددین قەنات ئابادی رابەرایەتییان دەكرد، ئەم رێكخراوە لە رووی كاری رێكخراوەییەوە تۆكمە نەبوو كاسبكارو قوتابیانی خوێندنگە ئایینییەكان پشتگیرییان لێدەكرد، ئامانجیان بریتی بوو لە پاڵپشتیكردنی پێگەی سیاسیی كاشانیی، هەروەتر داوای جێبەجێكردنی شەریعەتی ئیسلام‌و

[61] Halliday; "The Tudeh party in Iranian politics" MERIP Reports, NO. 86, Maerch – April 1980, p. 22.

[62] أبو مغلي، الاحزاب و التجمعات السیاسیة، ل ٤٣.

[63] ئەبولقاسم كاشانی لە ساڵی ١٨٨٠ لە دایكبووە، ئەو فرە رقی دەبۆوە لە ئینگلیز پێشتر بابی جیهادی دژ بە ئینگلیزەكان راگەیاندبوو وەختێك لە سەروبەندی جەنگی جیهانی یەكەمدا هاتبووە نێو عێراقەوە دواتر كوژرا، هەروەتر ئەبولقاسم كاشانی فرە رقی دەبۆوە لە خانەوادەی پەهلەویی بەهۆی كەمكردنەوەی دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی لە لایەن رەزا شاوە، لە ساڵی ١٩٤٣ ئینگلیزەكان بە تۆمەتی هاوسۆزیی‌و هاریكاریی لەگەڵ لایەنگرانی ئەڵەمانیای نازیدا قۆڵبەستیان كرد، هەتا ساڵی ١٩٤٥ لە گرتووخانەدا بوو، وەختێك قەوام ئەلسەڵتەنە لە ساڵی ١٩٤٦ بووە سەرۆك وەزیران ئەبولقاسم كاشانی قۆڵبەستكردو بە زۆرەملێ لە قەزوین نیشتەجێی كرد لەوێكان مایەوە هەتا وەختی گلانی كابینەكەی قەوام ئەلسەڵتەنە لە ساڵی ١٩٤٧، دواتر بووە بەدێمەنترین لایەنگری موسەددەق‌و كاریگەرترین هەواداریی وەلێ دواتر جوداوازی كەوتە بەینیانەوە، بڕوانە:
Welber, op, cit, pp 91 – 92.

هەڵوەشاندنەوەی یاسا سێکیۆلارەکانی رەزا شاو گێڕانەوەی فەرزکردنی باڵاپۆشییان دەکرد بەسەر ئافرەتاندا، لە لایەکی ترەوە رێکخراوێکی تێرۆریستیی "لە چوارچێوەی بەرەی نیشتیمانیدا هەبوو" بە نێوی رێکخراوی "فدائیان اسلام" لە ساڵی ١٩٤٦ لە لایەن خوێندکارێکی ئایینی جاحێڵەوە بە نێوی "نواب سەفەوی" دامەزرا. [٦٤]

موسەددەق لە ئەنجومەنی نوێنەراندا گوتەبێژی بەرەی نیشتیمانیی بوو دوای کۆتایی هاتنی یاسای سەربازیی و زامنکردنی ئازادییەکانی تاك‌و فرە کەمکردنەوەی بودجەی سەربازیی دەکرد، لە حوزەیرانی ١٩٥٠ لائیحەیەکی پێشکەشکرد بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانەی کە کۆمەڵەی بنچینەیی لە ئاداری ١٩٤٩ دەری کردبوو، کۆمەڵەکەشی بە ساختەو ناشەرعی وەسپدار کرد کە بە هیچ کلۆجێك نوێنەری گەل نییە، هەروەها موسەددەق بە پێویستیزانی ئەنجومەنی نوێنەران خۆی متمانە ببەخشێت بە سەرۆك وەزیران نەوەك شا متمانە ببەخشێتەوە،[٦٥] بەڵام ئەم خواستانە لە نێو ئەنجومەنی نوێنەراندا گوێی پێنەدرا چونکە زۆرینەی ئەندامەکانی سەر بە دەربار بوون، لە لایەکی تریشەوە بەرەی نیشتیمانیی لە دوای حوزەیرانی ١٩٥٠ لە بری گرنگیدان بە پرسە دەستوورییەکان پتر گرنگیدەدا بە پرسی نەوت.

گۆڕانکارییەکانی پرسی نەوت لە ئێراندا لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دەستیپێکرد لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٤٧، وەختێك ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێران بڕیارێکی دەرکردو رەزامەندی دەرنەبڕی لەسەر دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەشی نەوتی ئێران – سۆڤیەتی لە بڕیارەکەشدا بڕگەیەکی تێدا بوو کە هەنگاوی پێویست بگیرێتەبەر لە پێناو

[64] ابراهیمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٥-٣٦٦.

[65] سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٠ – ٣٧١، Welber, op, cit, pp 87



پارێزگاریکردنی مافەکانی ئێران لە سامانە سرووشتییەکانیدا، لە نێویشیاندا سامانی نەوت لە باشووری رۆژهەڵاتی وڵات، بڕیارەکە حکومەتی ئێرانی سەرپشککرد لە ئەنجامدانی دانوستان لە پێناو پاراستنی ئەو مافانەو ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران لە دەرەنجامەکانی،[٦٦] هەروەتر بڕیارەکە رێگەی خۆشکرد بۆ سازدانی دانوستانی تازە لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ – ئێرانی،[٦٧] بە ئامانجی پارێزگاریکردن لە مافەکانی ئێران‌و بەرژەوەندییەکانیی لە سامانە سروشتییەکاندا.

ئێران لە چەند روویەکەوە فرە بەگلەیی بوو لە کۆمپانیای ئەنگلۆ – ئێرانی، بە پلەی یەکەم ئەو داهاتانەی کە کۆمپانیا دەیبەخشی بە ئێران فرە کەم بوو بە چاو ئەو داهاتانەی کە کۆمپانیا وەدەستی دەهێنا، نا بەڵکو ئەو داهاتانە فرە کەمتر بوو لەو باجگەلانەی کە کۆمپانیا دەیدا بە حکومەتی بەریتانیا، لەو وەختەوەی کە رێکەوتنی جیاوگی تازە لە ساڵی ١٩٣٣ واژۆکرا لە سەردەمی رەزا شادا تا ساڵی ١٩٤٩ پوختەی قازانجی کۆمپانیاکە ٨٩٥ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بوو – پشکی ئێران لەو بڕە پارەیەدا ١٠٥ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بوو وەك داهات، لە وەختێکدا پشکی بەریتانیا ١٧٥ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بوو لەسەر شێوەی باج،[٦٨] وێڕای ئەمەش داهاتەکانی حکومەتی ئێرانی لە کۆمپانیای نەوت بە جێگیریی مایەوە لە سەروبەندی تازەکردنەوەی گرێبەستی جیاوگ لە ساڵی ١٩٣٣ لە وەختێکدا هەڵاوسانی دارایی لە سەروبەندی جەنگی جیهانی دووەم‌و دواتریشدا بە شێوەیەکی بەرچاو بووە مایەی بەرزبوونەوەی نرخی شمەك‌و

[66] C. Hurewitz , Middle East dilemmas(New York-1973)p. 34 ،. عیسوی ویجانە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٢ – ٢٨٣.

[67] دوای گۆڕینی ناوی فارس بە ئێران لە ساڵی ١٩٣٥دا، ناوی کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی – فارسیی بۆ کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزیی–ئێرانیی‌و بەوە دەناسرێت.

[68] Katouzian, op.cit, p. 183.

خزمەتگوزارییەکانو لەسەر ئاستی جیهانیش واتە نزمبوونەوەی بەهای راستەقینەی ئەو داهاتانە، ئەو وەختەی داهاتەکانی حکومەتی ئێرانی بە جێگیریی مایەوە دەوڵەتانی تری خاوەن نەوتیش داهاتی باشیان لە کۆمپانیاکە وەدەست دەهێنا لە سەر بنەمای قازانج بە نیوەیی کە بۆ هەوەڵجار لە ساڵی ١٩٤٨ لە فەنزەوێلا جێبەجێکرا .[٦٩]

گەر واز لە پرسی داهات بێنین ئەوا بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکەو سیاسەتەکانی فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ جاڕسبوونی ئێرانییەکان، ئێران لە دیاریکردنی سیاسەتەکانی کۆمپانیادا هیچ رۆڵێکی ئەوتۆی نەبوو، یاخود مافی سەرپەرشتیکردنی تۆمارەکانی کۆمپانیای نەبوو، هەروەها ئێران پارەو پووڵی زۆروزەوەندی دەدا بۆ وەدەست هێنانی نەوت کە کۆمپانیاکە لەنێو خاکی ئێراندا بەرهەمی دەهێنا، ئەوجا ژمارەیەکی فرە کەم لە پیشەگەرانی ئێرانیی لە نێو کۆمپانیاکەدا بوونیان هەبوو،[٧٠] دیسانەوە مافەکانیان زەوت دەکراو لە رووی کرێو رەوشی کارەوە فرە جیاوازی دەکرا لە نێوان کرێکارانی ئێرانیو کرێکارە بیانییەکاندا، دواجار بوونی کۆمپانیاکە بنکەی دەسەڵاتی بیانیان بوو لە ئێرانداو بە شێوەیەك رەفتاری دەکرد کە "دەوڵەتە لە نێو دەوڵەتی ئێراندا".

لەبەر رۆشنایی ئەم واقیعەدا نەدەکرا قەبوڵبکرێت یاخود بەردەوام بێت لە هەلومەرجی دوای جەنگداو، بە فشاری رای گشتی ئێران، دانوستان لە نێوان حکومەتی ئێرانیو کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ – ئێرانی دەستیپێکرد، لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٨ حکومەتی ئێرانی یاداشتێکی پێشکەش بە کۆمپانیاکە کرد تێیدا چەند داواکارییەك خرابوویە روو بۆ دووبارە چاوخشاندنەوە بە جیاوگی ساڵی ١٩٣٣، یاداشتەکە ئاماژەی دابوو بە

69 عیسوی ویجانە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٠ – ٢٨٢.

70 Keddie, op, cit, p. 133.



زەرەرمەندیی ئێران لە رووی کەمی داهاتو، ئەو نرخە بەرزانەی کە دەیدا بە کۆمپانیاکە لە پێناو دەستکەوتنی نەوتو، سیاسەتەکانی کۆمپانیا لە جیاکاریی کردن لە نێوان کرێکارانی بیانیو کرێکارانی ئێرانیداو، کەمی ژمارەی ئێرانییەکان لە پۆستە ئیدارییەکانی کۆمپانیاکەداو، کەمتەرخەمیی بەرنامەی مەشقو راهێنانی ئێرانییەکانی نێو کۆمپانیاکە، هەروەها یاداشتەکە ئاماژەی دابوو بە بنەمای قازانج بە نیوەیی کە لە فەنزەوێلا کاری پێدەکرا،[٧١] ئیدی کۆمپانیاکە بە تەنیا لایەنە بازرگانییەکانی بەلاوە مەبەست بوو نەوەك خواستەکانی ئێرانو هەلومەرجی سیاسیی ئێران، لە ١٧ی تەموزی ١٩٤٩ کۆمپانیاکە پرۆژەی رێکەوتنی تەواوکاریی Supplemental agreement بۆ جیاوگیی ساڵی ١٩٣٣ خستە بەردەم حکومەتی ئێران، لە نێو بەندەکانی پرۆژەکەدا داهاتی حکومەت لە نێزیکەی ١٥ – ٢٠٪ وە زیادکرا بۆ نێزیکەی ٢٥ –٣٠٪ لەگەڵ نزمبوونەوەی رێژەیی لە نرخی نەوتدا کە کۆمپانیاکە بە ئێرانی دەفرۆشت بۆ وەبەرهێنانی نێوخۆیی،[٧٢] لەگەڵ ئەوەی پرۆژەکە لە ئاستی پێویستدا نەبوو وەڵامی خواستەکانی ئێرانی نەدایەوە بەڵام کەسانی کۆنخوازی نێو حکومەتی ئێران پێی قایلبوو.[٧٣]

بە پێی رێوشوێنە دەستوورییەکان حکومەتی ئێرانی پرۆژەی رێکەوتنی تەواوکاریی رەوانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێران کرد تاکو دەنگی لەسەر بدەن، وەختێك خولی پازدەیەمی ئەنجومەنی نوێنەران لە ٢٨س تەموزی ١٩٤٩ کۆتایی پێهات، ئیدی رێکەوتنەکە لە خولی شازدەیەمدا پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران کراو رووبەڕووی بەرهەڵستیی زۆر بۆوە بە تایبەت لە لایەن پەڕلەمانتارانی بەرەی نیشتیمانییەوە، بە پێی پێشنیاری حکومەت لێژنەیەکی تایبەت پێکهێنرا بە مەبەستی ورد خوێندنەوەی رێکەوتنەکەو

71 Hurewitz , op.cit, p.35.

72 Ibid, p.35.

73 Keddie, op, cit, p. 133.

خستنەرووی بۆچوونەکان لەو بارەیەوە، لێژنەکە لە ١٨ ئەندام پێکهاتبوو، لە نێویشیاندا موسەددەق و سێ پەرلەمانتاری سەربە بەرەی نیشتیمانیی سەرۆکایەتییان دەکرد،[74] راپۆرتی لێژنەکە سەبارەت بە رێکەوتنەکە دژانە بوو چونکە ماف و بەرژەوەندییەکانی تێدا دەستەبەر نەکرابوو، رای گشتی ئێرانیش هەمان بۆچوونیان هەبوو لەمەڕ رێکەوتنەکە، ئیدی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێران ژەنەڕاڵ عەلی رەزم ئارا لە ٢٦ی کانونی یەکەمی ١٩٥٠ بە ناچاریی رێکەوتنەکەی گەڕاندەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، ژەنەڕاڵ عەلی رەزم ئارا لە حوزەیرانی ١٩٥٠ ببوە سەرۆک وەزیران، ئەو یەکێك بوو لە لایەنگرانی رۆژاواگەریی، پێیوابوو هاریکاریکردن بە تایبەت لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لە بەرژەوەندی ئێران و سەقامگیرییەکەیدایە، [75] لە پای ئەمەشدا ئێرانییەکان بە "پیاوی واشنتۆنیان" حسێب دەکرد،[76] لەبەر رۆشنایی ئەمەشدا ژەنەڕاڵ رەزم ئارا هەوڵیدەدا لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ – ئێرانی بگاتە رێکەوتنێك. [77]

بەهەرحاڵ لە ١١ی کانونی دووەمی ١٩٥١ ئەنجومەنی نوێنەران لێژنەکەی راسپارد کە موسەددەق سەرۆکایەتی دەکرد داخوا حکومەت چ رێوشێوێنێك بگرێتەبەر لە هەمبەر کۆمپانیای ئەنگلۆ – ئێرانیدا، لەو سەروبەندەدا لە ٣٠ی کانونی یەکەمی ١٩٥٠ هەوەڵ بڵاوبۆوە کە کۆمپانیای نەوتی ئەمەریکی و حکومەتی سعودیە گەیشتوونەتە رێکەوتن سەبارەت بە بنەمای قازانج بە نیوەیی، لە بەرامبەریشدا ئەنجومەنی نوێنەران پتر سوور بوو لەسەر هەڵوێست وەرگرتن لە دژی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ – ئێرانی

[74] John Narlowe, The Persian Gulf in the twentieth century (London – 1962) p. 154.
[75] Hurewitz , op.cit, p.36.
[76] Barry Rubin ., Paved With good intention, the Americn experience in Iran(New York-1980) p.48.
[77]Keddie, op, cit, p. 133



زۆری نەبرد کۆمپانیا پەیوەندییان بە رەزم ئاراوە کرد کە لای خۆیانەوە خوازیارن ژنۆ دانوستان ئەنجام بدەن سەبارەت بە بنەمای قازانج بە نیوەیی، بەڵام دەسپێشخەریی کۆمپانیاکە درەنگوەخت بوو، لە ١٩ی شوباتی ١٩٥١ موسەدەق پێشنیاریکرد بۆ لێژنەی نەوت لە ئەنجومەنی نوێنەران خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران رابگەیەنن، وەختێك پێشنیارەکە رادەستی رەزم ئارا خرا ناهاندەرانە بوو، ئەو پێیوابوو خۆماڵیکردنی نەوت کرداریی نییە، هەر لەسەر ئەم هەڵوێستەی لە لایەن ئەندامانی رێکخراوی "فدائیان اسلام" وە لە ٧ی ئاداری ١٩٥١ تیرۆر کرا، [78] ئیدی لە ١٥ی ئاداری ١٩٥١ ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێران بڕیاری لەسەر خۆماڵیکردنی نەوتداو ئەنجومەنی پیرانیش لە ٢٠ی ئاداری ١٩٥١ رەزامەندی لەسەر دەربڕی،[79] هەروەها یاسایەکی تر لە ١ی ئاداری ١٩٥١ دەرچوو سەبارەت بە جێبەجێکردنی بنەمای خۆماڵیکردن و دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانیی ئێرانی تاکو هەستێت بە پرۆسەگەلی وەگەڕخستنی نەوت،[80] پێش دوو رۆژ لە دەرچوونی یاساکە محەمەد موسەددەق بووە سەرۆک وەزیران، ئەو بەرگریکارێکی سەرسەخت بوو لە خۆماڵیکردنی نەوت.

بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوت پەیوەندییەکانی ئێران – بەریتانیای دووچاری ناجێگیریی و دژواریی کردەوە، بە تایبەت موسەددەق سەرلەبەری پێشنیارەکانی کۆمپانیاکەی رەتکردەوە لەبەرامبەریشدا حکومەتی بەریتانیا ئەم جیاوازییەی خستە بەردەم نێوبژێوانان، موسەددەق پێیوابوو بڕیاری گەلی ئێرانیی سەبارەت بە خۆماڵیکردنی نەوت مومارەسەی مافی خۆی کردووە لە سەروەریی ئێران بەسەر سامانە نیشتیمانییەکانیدا، پێشیوابوو

[78] Shwadran ., op.cit, p.105-106., Rubin , op.cit, p.51.
[79] سەبارەت بەو بڕیارە بڕوانە:
Middle East Journal, vol.5,No.3,Summer 1951,pp.353-354.
[80] عیسوی ویجانە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٢ – ٢٨٣.

هیچ لایەنێکی تر شیاو نییە چاو بە بڕیارەکەدا بخشێنێتەوە،[٨١] ئیدی بە ئامانجی گۆجکردنی بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوت فەرمانبەرو کرێکارانی بەریتانیا لە حوزەیرانی ١٩٥١ پاشەکشەیان کرد، لایەنی بەریتانی بەمەوە نەوەستاو چەندین کەشتی جەنگیی ڕەوانەی نێوچەکە کردو ئابڵوقەی خستە سەر هەناردەکردنی نەوتی ئێرانیی،[٨٢] دوای چەند مانگێکیش لە تشرینی یەکەمی ١٩٥١ دوای شکستهێنانی لە گەیشتن بەرێگەچارەیەکی گونجاو لەگەڵ ئێراندا بەریتانیا پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئێراندا پچڕی بۆ ئەم مەبەستە پرسی خۆماڵیکردنی نەوتی پێشکەش بە دادگەی دادی نێودەوڵەتیو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد ١٩٥١ – ١٩٥٢، سەرجەم هەوڵە بژێوانییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو بانکی نێودەوڵەتی بۆ دامەزراندنو نوێکاریی شکستیهێنا لە چارەسەرکردنی پرسەکەدا،[٨٣] حکومەتی ئێرانی بۆیە پێشنیاری بژێوانانیی ڕەتدەکردەوە چونکە زۆربەی قازانجەکانی نەوت دەکەوتە دەست بیانیان،[٨٤] باس لەوە دەکرێت حکومەتی بەریتانیا بیری لە بەکارهێنانی هێزی سەربازیی کردۆتەوە بەمەبەستی ملکەچکردنی ئێران تاکو لە بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوت پاشگەز بێتەوە، بەڵام بەرهەڵستیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو جووڵانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتو ئامادەگیی بۆ پاڵپشتیکردنی ئێران بووە مایەی دڕدۆنگیی لە گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێکی سەربازییدا.[٨٥]

لەو سەروبەندەدا حکومەتەکەی موسەددەق لە نێوخۆدا دووچاری ئاستەنگی ئابووریيو چەندین کێشەی سیاسیی بۆوە، ئابڵوقەی سەپێنراو

[81] Shwadran ., op.cit, p108.

[82] Katouzian, op.cit, p. 172. ،. رمضاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٠.

[83] بۆ زیاتر : رمضاني، سەرچاوەی پێشوو،بەشی نۆیەمو دەیەم

[84] Keddie, op, cit, p. 135.

[85] فهمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٥.، Rubin; op, cit, p. 63



بەسەر هەناردەکردنی نەوتی ئێرانداو پچڕاندنی داهاتەکانی حکومەت لە سامانی پتر ڕەوشی ئابووریی وڵاتی ئاڵۆزو باڵۆز کرد، موسەددەق خوازیاربوو ئەو ڕەوشە ئاڵۆزو باڵۆزە چارە بکات لە ڕێگەی وەدەستهێنانی قەرز لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یاخود لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتی ئێران بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەم بیرۆکەیەی موسەددەق لە بنەڕەتدا دەگەڕایەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەرك بەو ڕاستییە دەکات کە ناجێگیربوونی ڕەوشی ئابووریی ئێران ڕەنگە ئێران لە یەکێتیی سۆڤیەت نێزیك بکاتەوە،[٨٦] وەلی موسەددەق شکستیهێنا لە وەدەستهێنانی کۆمەکیی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەمەریکا هەڵوێستی دژانە بوو لەمەڕ خۆماڵیکردنی نەوت لە سەروبەندی هەوڵە نێوبژێوانییەکاندا، هەروەها کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمەریکا نەوتی ئێرانیان نەدەکڕی،[٨٧] لە ڕاستیدا ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکا چاوەڕوانکراو بوو، چونکە سەرکەوتنی پرۆسەی خۆماڵیکردن واتە شیمانەی گرتنەبەری هەمان ڕێوشوێن لە لایەن حکومەتەکانی تری کەندای عەرەبییەوەو لەوێکان بەرژوەندییەکانی کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمەریکای دووچاری خەتەرناکیی دەکردەوە، هەروەها ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هیچ خۆشحاڵ نەبوو بە جموجووڵەکانی حیزبی تودە، موسەددەق هەوڵیدا لە یەکێتیی سۆڤیەت نێزیك بێتەوەو لە بەهاری ١٩٥٢ دانوستانی لەگەڵ لایەنی سۆڤیەتیدا ئەنجامدا سەبارەت بە کڕینی نەوتی ئێران، ئەوجا قسان دەستیپێکرد دەربارەی ئەوەی ئێران پێویستە لایەنگری هیچکام لە یەکیتی سۆڤیەتو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەکات لە جەنگی سارددا.[٨٨]

[86] Pryson; op. cit, p. 156.

[87] Keddie, op, cit, p.134-135.

[88] Rubin; op, cit, p.72 ،. شایانی باسە هێندێك لە ژێدەران ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە موسەددەق داوای کۆمەکیی لە یەکێتی سۆڤیەت کردبێت وێڕای ئامادەگی ئەو دەوڵەتە بۆ پاڵپشتیکردنی، بە

لەسەر ئاستی هەلومەرجی سیاسیی نێوخۆش حکومەتەکەی موسەددەق رووبەرووی چەندین کێشە بۆوە، لە لایەکی تریشەوە محەمەد رەزا شاو مەزنە خاوەن زەوی‌و زاران‌و گەورە ئەفسەرانی سووپا بە دووی هەلی گونجاودا دەگەڕان بەمەبەستی گۆجکردنی موسەددەق چونکە ئەو ڕێوشێنانەی موسەددەق گرتبوویەبەر خەتەرناك بوو لەسەر بەرژەوەندییەکانیان، موسەددەق لە دوای تەموزی ساڵی ١٩٥٢،[89] چەندین گورزی لە دەسەڵاتی شاو مەزنە موڵکداران‌و گەورە ئەفسەرانی سووپا وەشاند، لایەنگرانی شاهەنشاهیی لە کابینەی حکومەتەکەیدا دوورخستەوەو بە خۆی پارێزگاریکرد لە پۆستی وەزیری جەنگیی، ژنۆ زەوی‌و زارانی شای گێڕایەوە بۆ دەوڵەت‌و، بودجەی دەرباری کەمکردەوەو، دەستیکرد بە چاکسازی کشتوکاڵیی‌و، بودجەی سووپای کەمکردەوەو ١٣٦ی ئەفسەریشی لەسەر کار لابرد، ١٥یان ئەفسەر بوون بە پلەی ژەنەڕاڵ‌و، لیژنەیەکی پەرلەمانیشی دروستکرد بۆ بەدواداچوون لەمەڕ رۆتین‌و بەرتیل لە گرێبەستی کڕین‌و فرۆشی چەکوتەقەمەنی، لە ئاداری ١٩٥٣ سەرلەبەری سەلاحیەت‌و دەسەڵاتەکانی لە شا سەندەوە کە شا لە ساڵی ١٩٤٩وە کاری بۆ گێڕانەوەی دەکرد،[90] ئەم جیاوازییەی نێوان

---

بیانووی ئەوەی موسەددەق رقی لە یەکێتی سۆڤیەت‌و شیوعییەت بووە. بڕوانە: فهمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٧.

[89] موسەددەق لە ١٦ی تەموزی ١٩٥٢ مومارەسەی مافی دەستووریی خۆیکرد بەو پێیەی سەرۆك وەزیران بوو تاکو بێتە وەزیری جەنگیی، وەختێك شا رەتیکردەوە موسەددەق دەستی لە کار کێشاوەیە ئیدی شا هەوڵیدا قەوام ئەلسەڵتەنە بکات بە سەرۆك وەزیران، وەلێ هەلایسانی خۆپێشاندانی گەورە بۆ پشتگیریکردن لە موسەددەق لە ٢٢ی تەموزی ١٩٥٢ شای ئیجبارکرد ژنۆ سەرۆك وەزیرانی بداتەوە بە موسەددەق ، موسەددەق ئیستیغلالی دەست بەکاربوونەوەو پاڵپشتی بەرفراوانی گەلیی کرد بە ئامانجی گرتنەبەری رێوشوێنگەلێك دژ بە شاو مەزنە موڵکداران‌و گەورە ئەفسەرانی سووپای لایەنگری شاهەنشاهیی.

[90] ابراهیمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٥.



موسەددەق‌و شا سەریکێشا تا گەیشتە ئەو رادەیەی لە ١٣ی ئابی ١٩٥٣ شا ئێرانی بەجێهێشت لە پێناو تەنگەتیلەکردنی حکومەتەکی موسەددەق.

لە لایەکی تریشەوە موسەددەق بە هۆی سیاسەتەکانی نێوخۆییەکانی پێدا پێدا پاڵپشتیی کەسە گرنگەکانی نێو بەرەی نیشتیمانیی لەدەستدەدا، بەرەی نیشتیمانیی دوو گرووپی ناتەبای لەخۆ دەگرت، یەکەم پیاوانی ئایینی‌و وردە بازرگان دووەمیش پیشەگەرو فەرمانبەرو رۆشنبیران کە خوێندنیان هاوچەرخانە بوو، موسەددەق سەرەتا هەوڵیدەدا هەردوو گرووپ رازی بکات، بۆ ئەم مەبەستە هێندێك کەسایەتی لە گرووپی یەکەم هەڵبژاردو بەشداری پێکردن لە حکومەتەکەیداو پۆستی وەزاریی پێبەخشین‌و فرۆشتنی خواردنە سڕکەرەکانی حەرامکردو هێندێك لە ئەندامانی رێکخراوی "فدائیان اسلام"ی بەرهەڵدا کرد لە نێویشیاندا کوژەری رەزم ئارا، بەڵام موسەددەق لە دوای پێکهێنانی کابینەی دووەم لە تەموزی ١٩٥٢ دەرکی بەو راستییە کرد کە شاو ئینگلیزی بۆڕداوە وەخۆکەوت بە مەبەستی ئەنجامدانی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی‌و ئابووریی لە وڵاتدا وەك چاکسازی کشتوکاڵیی‌و چاکسازی لە یاسای باجدا، وەزارەتی دادو پەروەردەی راسپارد بە گرتنەبەری گۆڕانکاریی گشتگیر لە فەرمانگەکانیاندا، هەروەها لە کابینەی دووەمدا چەند پۆستێکی وەزاریی بەخشی بە حیزبی ئێران‌و کەسانی تر کە جێی دڕدۆنگیی پیاوانی ئایینی بوون چونکە لە پەیمانگەو زانکۆکانی رۆژاواو ئەمەریکادا خوێندنی هاوچەرخ‌و سێکیۆلاریان تەواو کردبوو، هێندێکی تریشیان دژی دەسەڵاتی بەرفراوانی موسەددەق بوون کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراندا کە لە ئابی ١٩٥٢ بۆ ماوەی شەشە مانگان وەدەستیهێنا بوو، جیاوازییەکانی نێو بەرەی نیشتیمانیی پتر وەدیار کەوتن لە وەختێکدا هێندێك لە پەرلەمانتاران لە نێویاندا ئەبولقاسم کاشانی دژ بە داواکەی موسەددەق بوو کە لە کانونی دووەمی ١٩٥٣ دوای درێژکردنەوەی

دەسەڵاتەکانی کردبوو بۆ ساڵێکی ترو، داواکەشیان بە نادەستووریی وەسپدارکردو بە هەوڵی دیکتاتۆراندنی وڵاتیانی دەزانی، شا لەو وەختەدا رۆڵێکی گرنگی بینی لەو جیاوازییانەدا، بە تایبەت لە نێوان موسەددەق و کاشانیدا.[٩١]

لەو سەروبەندەدا موسەددەق لە نێوخۆدا دووچاری ئەو کێشە ئابووری و سیاسییانە بۆوە، بەریتانیاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش بەردەوام پێوەندی نهێنی لە نێوانیاندا هەبوو بە ئامانجی کەوتندنی موسەددەق لە ڕێگەی کۆدەتاوە، ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمەریکا CIA وردەکارییەکانی پلانی کۆدەتاکەی داڕشت و، بەرێوەبەری پرۆسەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کێرمت رۆزڤڵت K.R.oozevelt بۆ سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی ئەم کارە راسپێردرا، ئیدی رۆزڤڵت بە دزییەوە گەیشتە تاران و پەیوەندیی بە سەرکردە دژکارەکانی موسەددەق کرد لە نێو سووپاداو لەگەڵیان هاتە ڕێکەوتن سەبارەت بە وردەکارییەکانی پلانی کۆدەتاکە، بۆ ئەم مەبەستە تاوانبارو هەرچی پەرچییان دنەدران و، رژێنرانە سەرشەقامان، خۆپیشاندانیان دژ بە حکومەتەکەی موسەددەق گێڕا، لە ١٩ی ئابی ١٩٥٣ کۆدەتا ئەنجامدراو حکومەتەکەی موسەددەق روخێندرا،[٩٢] سەرەنجام رۆڵی پیلانگێڕیی ئەمەریکا بێ سەمەر نەبوو، لە دوای سەرکەوتنی کۆدەتا حکومەتی ئێران ژنۆ لەگەڵ مۆنۆپۆلکاریی نەوتی

---

[91] سەبارەت بە وردەکاریی جوداوازییەکانی نێو بەرەی نیشتیمانیی بڕوانە، ابراهیمیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٠ – ٣٦٧، ٣٨٩ – ٣٩٠، دیسانەوە موسى الموسوي، إيران في ربع قرن (د. م. ١٩٧٢) ص ص ١٧ – ١٩.

[92] دیفید وایزو توماس روس، الحكومة الخفية (القاهرة – ط ٢ – د – ت/ ترجمة جورج عزيز) ص ص ١٤١ – ١٤٤، Rubin; op, cit, p.78 – 86 شایانی باسە کێرمت رۆزڤڵت کوڕی تیۆدۆر رۆزڤڵتە سەرۆکی ئەمەریکیی پێشوو، لەم ساڵانەی دواییدا کتێبێکی بڵاوکردەوە بە نێونیشانی "کۆدەتا – الانقلاب – Coup detat" لەمەڕ رۆڵی لە کۆدەتاکەی ١٩٥٣دا.



ئەمەریکی و بەریتانی دانوستانی ئەنجامداو لە کۆتاییشدا لە ئەیلولی ١٩٥٤ گەیشتن بە ڕێکەوتنێك داواکرا یەکێتیی نێودەوڵەتیی "کۆنسۆرتیۆم – Consortium" دابمەزرێنرێت لە گرووپێك لە مۆنۆپۆلکارانی نەوت بۆ وەگەڕخستنی نەوتی ئێران لە جیاتی کۆمپانیا ئەندامەکان و کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانیی ئێران، هەروەتر ئاماژە درا بە دابەشکردنی قازانج لەسەر بنەمای قازانج بە نیوەیی لە نێوان کۆنسۆرتیۆم و حکومەتی ئێراندا، بەشی کۆنسۆرتیۆم ٤٠٪ و بەشی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ – ئێرانیش بە هەمان شێوە بوو، ١٤٪ بۆ کۆمپانیای شەلی هۆڵەندی پادشایی و ٦٪ بۆ کۆمپانیای پترۆڵی فەرەنسیی، هەروەها لە ڕێکەوتنەکەدا هاتبوو کە کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ – ئێرانی بە بڕی ٧٠ ملیۆن دۆلار قەرەبوو بکرێتەوە،[٩٣] جگە لەم دەستکەوتە گرنگە رۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو دەسەڵاتیی لە ئێراندا پێدا پێدا بەرقەرارتر دەبوو، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دوای ساڵی ١٩٥٣ سەرچاوەی سەرەکی پشتگیری دەرەکیی بوو بۆ دەسەڵاتی دیکتاتۆریی محەمەد رەزا شا.

## ئێران لە نێوان کەوتنی موسەددەق و کەوتنی شادا ١٩٥٣ – ١٩٧٩

دوابەدوای کەوتنی موسەددەق شا گەڕایەوە بۆ ئێران و، کابینەی تازە حکومەت بەسەرۆکایەتی ژەنەراڵ فەزلوڵڵا زاهیدی پێکهێنراو رۆڵێکی گرنگی گێڕا لە کۆدەتاکەی ١٩ی ئابی ١٩٥٣،[٩٤] موسەددەقیش دادگایی کراو رێك

---

[93] وایزو روس، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٥، Brysonl; op. cit, p. 158

[94] فەزلوڵلاَ زاهیدی یەکێك بوو لە گەورە ئەفسەرانی سووپای ئێرانیی نێزیك لە رەزا شاوە، ناسراوە بە دەست تێکەڵکردنی لەگەڵ نازییانداو مەیلی بۆیان هەبوو، لەبەرئەوە بەریتانییەکان لە ئەیلولی ساڵی ١٩٤١ قۆڵبەستیانکردو رەوانەی گرتووخانەیەکی فەلەستینیان کرد تا ئاخروئۆخری جەنگی جیهانی دووەم لەوێ مایەوە، وەختێك گەڕایەوە بۆ ئێران وەك هاریکاری عەقید "کۆلۆنیۆڵ" تۆرمان شوارتزکۆۋ هاتە دامەزراندن، شوارتزکۆۋ ئەو پسپۆڕە ئەمەریکییە بوو کە ئێران پشتی پێبەست بۆ

سێ ساڵان بەندکردنی بەسەردا سەپێنرا، دوای کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیەو بەرهەڵداکردنی هەتا مردن لە ماڵ بەندکرا، مامەڵەکردن لەگەڵ موسەددەقدا بەمشێوەیەو، ئەوپەڕی ئەولەوییەت درا بە حکومەتەکی زاهیدی بە ئامانجی گێڕانەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان ئێران – بەریتانیاو (لە کانونی یەکەمی ١٩٥٣ پەیوەندییەکان ئاسایی بوونەوە) گەیشتنیان بە ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ پرسی نەوت لەگەڵ کۆنسۆرتیۆمدا، ئیدی بەرنامەکانی چاکسازیی کشتوکاڵیی کە موسەددەق پێی هەستا وەستێنراو، ئەندامە کۆنسێرڤەتیڤەکانی کەمینەی دەسەڵاتدار لە گرنگترین پۆستە سیاسییەکاندا دانران، تێڕوانینی نیشتیمانپەروەرانیش پشتڕاست بۆوە کە ئیمپریالییەکان "دووبارە وەك کەمترین کەسانی پێشکەوتووخواز لە کۆمەڵگەدا ڕەفتار دەکەن".[٩٥]

دوابەدوای کەوتنی موسەددەق سیستمی فەرمانڕەوایەتی لە ئێراندا بە ئاڕاستەی دێکتاتۆریەتو تاکڕەویی هەنگاوی دەنا، دوای گەڕانەوەی محەمەد ڕەزا شا "بەسەرکەوتوویی" بۆ ئێران وەخۆکەوت بە مەبەستی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی کە هەمیشە پلانی بۆ دادەڕشتو لە مەژگیدا دەهاتوو دەچوو، بە هەمان شێوەی بابی "ڕەزا شا" سووپای بە کۆڵەکەیەکی سەرەکیی لە کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی دەزانی، ئەمیش هەمان ڕێچکەی بابی گرتو پتر گرنگیدا بە دامەزراوەی سەربازیی لە

ژنۆ ڕێکخستنەوەی هێزەکانی ژەندرمەو لە پەلوپۆخستنی جموجووڵەکانی حیزبی تودە، دواتر زاهیدی بووە لایەنگری ڕۆژاوا، بە تایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەو رابەرایەتی کۆدەتاکەی ١٩ی ئابی ١٩٥٣ی کرد دژ بە موسەددەق، لە بەرامبەریشدا شا کردیە سەرۆك وەزیرانو بە بڕی ٦٠٠,٠٠٠ دۆلار پاداشتی کرد وەلێ دواتر دووری خستەوە بۆ سویسرا وەختێك زانی چاوی بڕیوەتە تەختەکەی. بڕوانە:

أبو مغلي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١ – ٧٢.

[95] Gottam, op.cit, p. 287.



ئێرانداو بەخشینەوەی پلەی سەربازییو بەخششو هاسانکاریی بۆ ئەفسەرانی سووپا، لە ئاکامی ئەم گرنگی پێدانەدا دامەزراوەی سەربازیی لە ئێراندا لە سەردەمی محەمەد ڕەزا شادا لە رووی چەندایەتیو چۆنایەتییەوە پێشکەوتنی بەرچاویی بە خۆوە بینی، زمانی ژماران وێنەی وردو درشتو روونی ئەو پێشکەتنانەمان پێشان دەدەن.

دوابەدوای تێپەڕبوونی دە ساڵان بەسەر کەوتنی موسەددەقدا ژمارە تاکەکانی دامەزراوەی سەربازیی ئێران (١٩٥٣) لە ١٢٠,٠٠٠ سەربازەوە گەیشتە ٢٠٠,٠٠٠ سەرباز (١٩٦٣)،[٩٦] لە ساڵی ١٩٧٧ ڕێژەکە زیادیکردو بەرز بۆوە بۆ ٤١٠,٠٠٠ سەرباز دواتریش زیادبوونی بەخۆوە بینیو لە پێش کەوتنی محەمەد ڕەزا شا لە ساڵی ١٩٧٩ گەیشتە ٥٤٠,٠٠٠ سەرباز،[٩٧] لە هەمان کاتدا بودجەی سەربازیی لە ساڵی ١٩٦٣ لە ٢٩٣ ملیۆن دۆلارەوە گەیشتە ١٨٠٠ ملیۆن لە ساڵی ١٩٧٣ دواتریش لە ساڵی ١٩٧٧ گەیشتە ٧٣٠٠ ملیۆن دۆلار، لە هەمان ساڵدا ئێران بووە خاوەنی گەورەترین هێزی دەریایی لە کەنداوی عەرەبیداوو، تازەترین هێزی ئاسمانیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستداو، پێنجەم مەزنە هێزی سەربازیی لە جیهاندا، گەر شا نەکەوتایە توانای سەربازیی ئێران پتر هەڵکشانی بەخۆوە دەبینی،[٩٨] شا لە ڕێگەی زیادبوونی داهاتی ئێران لە بواری نەوتدا لە سەروبەندی جێبەجێکردنی بنەمای قازانج بە نیوەیی لە ساڵی ١٩٥٤ توانی لایەنی سەربازیی پەرە پێبداو، دواتریش بەهۆی زیادبوونی زۆروزەوەندی داهاتی نەوتەوە لە دوای گۆڕینی نرخی نەوت لەسەرەتای حەفتاکانداو، کۆمەکییە سەربازییەکانی

[96] Hurewitz , Middle East Politics,p.284.

[97] مذكرات شاه ايران ، ص ١٠٦.

[98] بۆ زانیاری پتر سەبارەت بە بەرنامەی سەربازیی شا بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ١٠٢–١٠٦.

ئەمەریکا [99] بوونە فاکتەرانێکی گرنگ لە پێشخستنی توانای سەربازیی ئێراندا.

وێڕای گرنگیدانی شا بە سووپا دیسانەوە گرنگی دەدا بە رێکخستنی دامودەزگای ئاسایش لە نێوخۆو دەرێی سووپادا، بە پاڵپشتیکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئیسرائیل شا لە ساڵی ١٩٥٧ دەزگای پۆلیسی نهێنیی ناسراو بە ساواکی SAVAK دامەزراند، هەروەها لە هەمان کاتدا دەزگایەکی هەواڵگریی تری دامەزراندا بە نێوی "نووسینگەی دووەم" کە تایبەت بوو بە کاروباری ئاسایش لە نێو دامەزراوەی سەربازییدا.[١٠٠]

سەرکوتکردنی سیاسیی لە دیارترین دیمەنە دیکتاتۆرییەکانی محەمەد رەزا شا پەهلەویی بوو، دوابەدوای کۆدەتاکەی ساڵی ١٩٥٣ شا جموجووڵی بەرەی نیشتیمانیی قەدەخە کردو، هەروەها جموجووڵەکانی حیزبی تودەشی قەدەخە کردو لێدانی گورچکبڕی بەرکەوت، هەزاران ئەندامی ئەم حیزبەش دەستگیرکران لەگەڵ لە قەنارەدانی دەیان ئەندامی بەدێمەنی تودە،[١٠١] لە

---

[99] ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە بەهای ١,٣٣٧,٩٠٠,٠٠٠ دۆلار کەلوپەلی سەربازیی لە ساڵی دارایی ١٩٥٣وە تا ساڵی دارایی ١٩٦٩ بە شێوەی بەخشینو قەرز دا بە ئێران، ئەو ساڵە بوو کە فرۆشراوە راستەوخۆکانی ئێران جێی بەخشینو قەرزی گرتەوە، بڕوانە:
RJ. Pranger and D.R Tahtinen; American policy options in Iran the Gulf (Washington – 1979) p. 2.

[100] Ibid, p 180.

[101] زیاتر لە ٥٠٠٠ ئەندامی حیزبی تودە گیران، لەوانە ٤٠ یان تیرەبارانکرانو ١٤یان لەکاتی گرتنو لێکۆڵینەوە گیانی لەدەستدا، سزای زیندانی هەتاهەتایی بۆ زیاتر لە ٢٠٠یان بڕرایەوە. هەروەها لە ساڵی ١٩٥٤شانەی سەربازیی حزبی تودە لەریزەکانی سوپادا دۆزرایەوە کە تیرەبارانکردنی ٣٧ ئەفسەرو سزادانی زیندانی هەتاهەتایی ١٣٤ ئەفسەری بەدوادا هات، هەروەها لەبەر هەمان هۆ سزای جیاوازی دیکە بەسەر سەربازییەکانی تردا درا کە لەماوەی شەست بۆ بیست ساڵ زیندانی لەگەڵ کاری گران بوو. بڕوانە:
Abrahamian, op.cit, p. 5. Afshr, op.cit, p.179.



ئاخروئۆخری پەنجاکاندا بەرەی نیشتیمانییو حیزبی تودە بەشێگی گرنگیی قەواعیدی رێکخراوەییان لەدەستدا، هیچێکی ئەوتۆیان نەمایەوە جگە لە گرووپانێکی نهێنیو هێندێك لقی ئۆروپا کە سەرقاڵبوون بە دەرکردنی رۆژنامەو دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی ئێرانیی، سەرباری ئەمەش لەسەرەتای شەستەکاندا بەرەی نیشتیمانییو حیزبی تودە دووچاری لاوازییو کەرتبوون بوونەوە، لە ساڵی ١٩٦١ کەرتبوونێکی گرنگ لە نێو بەرەی نیشتیمانییدا روویدا، کۆمەڵێك تەکنۆکراتی بە تەوژم ئایینی هەستیان بە بێزاریی دەکرد لە ئاکامی رەخنەگەلی هاورێ سێکیۆلارەکانیان لە ئایین ئەمە لە لایەكو، لە ئاکامی بەرهەڵستیی پیاوانیی ئایینی سەبارەت بە قەبوڵکردنی چاکسازیی جڤاتیی لە لایەکی ترەوە، ئیدی ئەم کۆمەڵەیە بەرەی نیشتیمانییان بەجێهێشتو "جووڵانەوەی رزگاریخوازیی ئێران"یان دامەزراند بە سەرۆکایەتی مەهدی بازرگان، ئەو ئەندازیارو لایەنگری سەرسەختی موسەددەق بوو، سەبارەت بە حیزبی تودە لە دوای وەدیارکەوتنی جیاوازییەکانی نێوان چینو یەکێتیی سۆڤیەت تووشی چەندین کەرتبوون بۆوەو ئەندامانی حیزبیش بەسەر هەردوو دەوڵەتدا هاتنە دابەشبوونو هەر جارەی لایەکیان دەگرت.[١٠٢]

هەڵمەتە سەرکوتکارییەکانی محەمەد رەزا شا بە تەنیا رۆشنبیرانی رادیکاڵو کرێکارانی نەگرتەوە لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٣ – ١٩٦٣، بەڵکو ئەو هەڵمەتە سەرکوتکارییانە لە ساڵی ١٩٦٣دا بەرفراوان بوو چینی نێوەندیشی گرتەوە هەر لە بازرگانو پیشگەرەوە بیگرە تا دەگاتە پیاوانی ئایینی، مانگرتنو پێکداهەڵپژانی خوێناویی لە ماوەی ئەو ساڵەدا دەگەڕێتەوە بۆ بازاڕ کە رۆڵێکی گرنگی گێڕا لە هەلایساندنیو پشتگیریی کردنی

---

[102] Abrahamian; op. cit, p5.

ئۆپۆزیسیۆن،[١٠٣] ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٣ دەرەنجامی ڕەوشی ئابووریی خراپ بوو لە لایەکەوەو، بەرهەڵستی کردنی پیاوانی ئایینی لە بەرنامەگەلی چاکسازیی کە شا لەو ساڵەدا ڕایگەیاندبوو، دواتر وردەکارییەکانی ئەو بەرنامانە دەخەینەڕوو.

سیاسەتی سەرکوتکاریی لە ئێراندا بەردەوام بوو تا ئاخروئۆخری سەردەمی ڕەزا شا پەهلەویی، لە ساڵی ١٩٧٧ بە پێی قەبڵاندنی ئۆپۆزیسیۆن نێزیکەی ١٠٠,٠٠٠ بەندکراوی سیاسیی لە ئێراندا بوونیان هەبوو، لە وەختێکدا ژێدەرە حکومییەکان بە ٣٠٠٠ بۆ ٣٥٠٠ بەندکراوی سیاسیی قەبڵاندبوویان،[١٠٤] بە پێی هێندێك ژێدەرانی تر لانیکەم نیو ملیۆن ئێرانی بەدەستی ساواك ڕووبەڕووی لێدانو جەزرەبەدان بوونەوە.[١٠٥]

لە ژێر سایەی دیکتاتۆریەتی شادا سەندیکا کرێکارییەکان کەوتنە ژێر چنگی حکومەتو کرێکارانیش بێبەشکران لە مانگرتن،[١٠٦] ئازادی ڕۆژنامەوانیش قەدەخە کرا، ئیدی کاری ڕاگەیاندنی هەرە سەرەکی ئێرانیی بریتی بوو لە شکۆدارکردنی شاو "دەستکەوتەکانی" لە چەندین ڕووەوە، شایانی باسە شا هەوڵیدەدا بە شێوەیەك خۆی شکۆدار بکات وەك کۆتا مەزنە شای ئێران خۆی پێشان بدات بۆ ئەم مەبەستە لە تشرینی یەکەمی ١٩٧١ کەرنەڤاڵی جەماوەریی لە بەرسیبۆلیس هاتە سازدانو بڕی ١٠٠ ملیۆن دۆلاری تێچوو، لیستی داوەتکراوان ئەم کەسایەتییانەی لە خۆدەگرت ٩ شاو ٥ شاژنو ١٣ میرو ٨ میرژنو ١٦ سەرۆك دەوڵەتو ٣ سەرۆك

---

[103] باسل البستاني، " النظام السياسي و المجتمع الايراني" – مجلة آفاق عربية، السنة ١١– العدد ٨– آب ١٩٨٦، ص ١٤–١٥ .

[104] Gottam, op.cit, p. 325.

[105] مارفن م. زونس، "النظام السياسي البهلوي في السبعينات" ترجمة: هاشم كاطع لازم، في : ايران في المحنة، مجموعة مقالات مترجمة (البصرة– ١٩٨٣) ص ٢٦.

[106] Cottam; op. cit. p. 322.



وەزیرانو ٢ دادوەری گشتییو ٢ وەزیری دەرەوەو ٩ شێخو دوو سوڵتان، سوور بوو لەسەر پیرۆزاندنی خۆی وەك شاهەنشایەك کە لە لایەن خوداوە ڕاسپێردراوە فەرمانڕەوایەتی بکات، بە شێوەیەکی گشتی شا وای پێشان دەدا کە بەتەنیا خۆی تەرخانکردووە بۆ گەلی ئاریو نیشتیمانی ئێرانیی، لە پاڵ ئەمەشدا شا ڕۆژمێری کۆچیی ڕەتکردەوەو فەرمانیدا کار بە ڕۆژمێری فارسی بکرێت کە لەگەڵ لەسەر نانی تاجی پاشایەتی "کۆرش"دا دەهاتەوە، دواجار پیاوانیی ئایینی تووڕە کردو خەڵکیشی واقوڕماو کرد، شا چەندین نێوی لەخۆ نابووو لەوانە شاهەنشا "ملك الملوك"، ئاریامهر "خۆری ئارییەکان"،[١٠٧] لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی ئیتاڵی لە ساڵی ١٩٧٣ شا ڕاشکاوانە دژایەتی خۆی بۆ سیستمی دیموکراسیی دەربڕی، بە توندی جەختیکردەوە لەسەر دڵسۆزیی بۆ پۆستی "موقەددەس"و بەوەی خودا هەڵیبژاردووە بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکە، هەر بە فەرمانی خودا وەك پەڕجوو وڵاتی ڕزگارکردووەو، خودا پشتیوانی بووە لە ئەنجامدانی ئەو کارانەدا.[١٠٨]

ڕژێمی شا ڕێگەی نەدا بە هیچ جموجووڵێکی پارتو ڕێکخراوە سیاسییەکان، جگە لەو پارتو ڕێکخراوە سیاسییانەی کە بە فەرمانی حکومەت دادەمەزرانو کۆمەکیی دەکران، لە سەردەمی شادا چوار پارتی کارتۆنیی هاتنە دامەزراندن، لە ساڵی ١٩٥٧ دوو پارتی کارتۆنی هاتنە دامەزراندن بە نێوەکانی پارتی نیشتیمانپەروەران "ملیون"و پارتی گەل

---

[107] زونس ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥، ١٧. ئەم کارانە لەگەڵ ئەو زانیارییانەدا دێنەوە کە لە ساڵی ١٩٧٧دا لەلایەن دەزگای هەواڵگری ناوەندیی سیا ئامادەکراوە سەبارەت بەوەی کە شا "تا ڕادەیەکی مەترسییدار تووشی نەخۆشی "میگالۆمینیا/ شێتیی خۆ بە گەورەزانین"بووە.بڕوانە: أدور سابليه ، ايران مستودع البارود ، ترجمة: عزالدين محمود السراج، بغداد، ١٩٨٣، ص ٥١-٥٦

[108] دەربارەی پتر وردەکارییەکانی ئەو پارتە فەڕمییانە بڕوانە: أبو مغلي، الاحزاب و الجمعيات، ص ص ٥١ – ٥٦، ٥٩ – ٦٤ .

"مردم"، یەکەمیان پارتی حکومەت بوو ئەوەکەی تریش پارتی فەرمیی ئۆپۆزیسیۆن بوو، لە ساڵی ١٩٦٤ پارتی ئێرانی هاوچەرخ "ایران نوین" هاتە دامەزراندن بەمەبەستی پاڵپشتیکردنی بەرنامەگەلی چاکسازیی، یاخود ئەوەی پێی دەگوترا شۆڕشی سپی، کە شا هەر لە ساڵی ١٩٦٣وە دەهۆڵی بۆ دەکوتا، پارتی چوارەمیش بریتی بوو لە پارتی ژیانەوەی نەتەوەی ئێران "رستاخیز ملت ایران" کە لە ساڵی ١٩٧٥ دامەزراو بووە پارتی تاقانەی وڵات "[109]، شا خۆی ئەم پارتەی ڕاگەیاندو داوای لە گشت ئێرانییە "دڵسۆزەکانیش" کرد بچنە نێو ئۆرگانەکانی ئەم پارتەوە،[110] شا بەم کارەی دیکتاتۆریەتی ڕەهای ڕاگەیاندو بە کۆڵەکەیەکی تری پاڵپشتیکردنی دەسەلاّتی نێوزەد کرد، بەلاّم هەنگاوێکی قەدەریی کوژەری ڕژێمەکەی بوو،[111] دوای چوار ساڵان ڕژێمەکەی شا کەوت نەك بە تەنیا بەهۆی دیکتاتۆریەت و تاکڕەوییەوە، بەڵکو لە ئاکامی گۆڕانکارییە ئابووریی و جڤاتییەکانی ئێرانەوە.

وەك لەوەبەر باسمانکرد جەنگی جیهانی دووەم کاریگەری نێگەتیڤی کردە سەر ئابووریی ئێران و، فاکتەرێکیش بوو بۆ دژواربوونی لایەنی جڤاتیی لە ئێراندا، ڕەوشی ئابووریی لەو چەند ساڵەی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم ڕاستەوخۆ باشبوونی بەخۆوە نەبینی، ئیدی حکومەتی ئێران لە ساڵی ١٩٤٩ بە مشۆرەت لەگەڵ دامودەزگا تایبەتکارە ئەمەریکییەکاندا وردەکارییەکانی هەوەڵ پلانی گەشەپێدانی ئابووریی دانا بۆ ماوەی حەفت ساڵان بە ئامانجی پەرەپێدانی کشتوکاڵ و پیشەسازیی و خزمەتگوزاریی تەندروستیی و فێرکاریی، پلانەکە خەرجکردنی ٢١٠٠٠

[109] زونس، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

[110] البستاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.

[111] Amirsadeghi, op.cit, p.33.



ملیۆن ریاڵی ئێرانیی لە خۆدەگرت "نێزیکەی ٤٠ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی" کە حکومەت خوازیاربوو وەدەستی بهێنێت وەك بەشێك لە داهاتەکانی نەوت و قەرزی بانکی نیشتیمانیی ئێرانی و بانکی نێودەوڵەتی بۆ بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە،[112] بەلاّم پلانی ئابووریی نێوبراو بەهۆی کێشەی سەرمایەوە شکستیهێنا، بانکی نێودەوڵەتیش قەرزێکی سنوورداری پێشکەش بە ئێران کرد، هەروەها داهاتەکانی نەوت لە نێوان ساڵانی ١٩٥١ – ١٩٥٤ بە تەواوەتی وەستا، واتە لە سەروبەندی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێرانەوە تا ئەو کاتەی ئێران لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٥٤دا لەگەڵ کۆنسۆرتیۆمدا گەیشتنە ڕێگەچارەیەك بۆ کێشەو بێنەوبەرەکانی نێوانیان.

لە ساڵی ١٩٥٥ پلانێکی تری پەرەپێدانی ئابووریی بۆ ماوەی حەفت ساڵان دەستی بە کارەکانی کرد دوای ئەوەی داهاتەکانی نەوت ڕووی لە باشیی کردو ئەمەریکاش بەڵێنیدا قەرزێکی زۆر ببەخشێت بە ئێران بەمەبەستی جێبەجێکردنی پلانەکە کە نێزیکەی خەرجکردنی ١٠٧١ ملیۆن دۆلاری لە خۆدەگرت، نەخشەکە پتر چڕ کرایەوە لەسەر فراوانکردنی بونیاتی ژێرخانی گواستنەوەو گەیاندن و پەرەپێدانی کشتوکاڵ، بەلاّم بەرفراوانیی لە پێشکەشکردنی قەرزەکان بۆ کەرتی تایبەت و زیادەی خێرا لە خەرجکاریی حکومیدا بووە مایەی هەلاّیسانی تەنگژەی ئابووری و کورتهێنانی تەرازووی پێدانەکان و بەرزبوونەوەی نرخ بەهۆی هەلاّوسانەوە، حکومەتیش ناچاربوو داوای برگەلێکی تری قەرز بکات لە وڵاتانی دەرەوە، ئیدی ئەو لایەنانەی قەرزیان دابوو بە ئێران داوایانکرد بەرنامەگەلی جێگیریی ئابووریی جێبەجێ بکات کە کەمکردنەوەی خەرجیی لەسەر بەندەکانی پلانی پەرەپێدانیی ئابووریی لە خۆ دەگرت، لەگەڵ کەمکردنەوەی بەخشینی قەرزی بانکیی بە کەرتی تایبەت، لەگەڵ ئەمەشدا پلانی پەرەپێدانی ئابووریی دووەم هێندێك

[112] Ibid, pp.130-131.

پێشکەوتنی بەخۆوە بینی، بە تایبەت لە بواری دامەزراندنی بەنداواندا،[١١٣] سەبارەت بە کێشە ئابووریی‌و جڤاتییەکانی تر وەك خۆیان مانەوە ئیدی پێویست بوو چارەسەر بکرێت، بە تایبەت پرسی زەویی‌و جووتیار، زۆربەی هەرە زۆریی زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئێران کە رووبەرەکەی نێزیکەی ٤٢ ملیۆن ئەیکەرە زۆربەشی موڵکی خاوەن زەوی‌و زارانی نادیار بوو[١١٤] گرێبەستیان لەگەڵ جووتیاراندا ئەنجامدەدا کە زەوی‌و زاران وەبەر بێنن لە بەرامبەر بەشێکی دیاریکراو لە حاسڵاتی کشتوکاڵییدا،[١١٥] زۆربەی خاوەن زەوی زاران بریکاری خۆیان هەبوو نێوکار "وسیط" بوون لە نێوان جووتیارو خاوەن زەویدا، ئەو بریکارانە جووتیارانیان ئیستیغلال دەکرد سامانیان بە سوودی فرە بەرزو بەقەرز پێیان دەدان، ئیدی جووتیاران لە حاڵوبارێکی دژوارو هەژاریی بەردەوامدا دەژیان هیچ وەخۆنەدەکەوتن بۆ زیادکردنی بەرووبووم یاخود باشترکردنی کەرتی کشتوکاڵ،[١١٦] وێڕای ئەمەش ملکەچبوونی جووتیاران بۆ دەسەڵاتی خاوەن زەوی‌و زاران هەمیشە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا سەرکەوتنیان مسۆگەر بوو، لە رێگەی دەسەڵاتیان بەسەر کورسیگەلێکی زۆرەوە لە ئەنجومەنی نوێنەراندا ئیدی ئەو مەزنە موڵکدارانە بەرهەڵستی هەر پرۆژەیەکی چاکسازی کشتوکاڵییان دەکردو گۆجیان دەکرد.[١١٧]

---

[113] موڵکدارە نادیارەکانی زەوی( Absentee Landlords ) مانای ئەو موڵکدارانەی زەوییە کە لە شارەکاندا نیشتەجێن، نەك لە نێو زەوی‌و زارەکانیان.

[114] Eric Hooglund ,"Iran s agricultural in heritance"MERLP Reports,Vol.11,No.7,September, 1981,p. 15.

[115] General Hasan Arfa ., "Land Reform in Iran" Journal of the Royal Central Asian Society, vol. L, part, I, Jnuary 1963, p. 135

[116] Ibid, p134.

[117] جراهام، "السیاسة الاقتصادیة لایران في ظل حكم الشاه"، ترجمة: امین سلام، في: ایران في المحنة، ص ٤٩ –٥٠.



بەمەبەستی رامکردنی جووتیاران‌و سازدانی هێندێك چاکسازی ئابووریی‌و جڤاتیی شا لە ساڵی ١٩٦٢ بەرنامەیەکی بە نێوی "شۆڕشی سپی"یاخود شۆڕشی شاو گەل" راگەیاند، لە راپرسییەکی جەماوەریدا لە ساڵی ١٩٦٣ بڕیاری لەسەر درا، بەرنامەکە شەش خاڵانی لەخۆ دەگرت:

١- هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییەکانی کۆیلێتی زەویی لە نێوان مەزنە موڵکدارو جووتیاراندا.
٢- خۆماڵیکردنی دارستانەکان.
٣- فرۆشتنی کارگەکانی حکومەت بە مەبەستی هاریکاریی کردنی چاکسازیی کشتوکاڵیی.
٤- گۆڕینی یاساکانی هەڵبژاردن، لە نێویشیاندا ئازادکردنی ژن.
٥- دامەزراندیی لەسەر بەشداریی کرێکاران لە قازانجی کۆمپانیاکاندا.
٦- دامەزراندنی دامودەزگای نەهێشتنی نەخوێندەواریی لە پێناو هاسانکردنی خوێندنی زۆرەملێ.

ئەم بەرنامەیە لەسەروبەندی تەنگژەی ئابوورییدا خرایەروو کە وڵات بە دەستییەوە دەیناڵاند ، هەروەها هێندێك خاڵی بەرنامەکە بەرهەڵستیی پیاوانی ئایینی هاروژاندو خرۆشاند، بە تایبەت بەندی تایبەت بە ئازادکردنی ژن‌و بەخشینی ماق هەڵبژاردنەکان، هەموو ئەمانە شەپۆلێك ناڕەزایەتییان لە وڵاتدا لە ساڵی ١٩٦٣ ئەفراندو حکومەتیش سەرکوتی کردو سەرکردەکانیشی دوور خستەوە بۆ دەرێی وڵات، بەهەرحاڵ جێبەجێکردنی بەرنامە نێوبراوەکانی شا فرە سەرکەوتوو نەبوو، ئەمەش زۆر روون‌و ئاشکرایە لە پرسی چاکسازیی کشتوکاڵیدا کە لە ساڵانی ١٩٦٢ ٠ ١٩٧١ جێبەجێکرا، لە کۆی ٣,٠ ملیۆن خێزانی جووتیار بە تەنیا چاکسازیی کشتوکاڵیی ١,٦ ملیۆن یان ٢ ملیۆن خێزانی جووتیاری گرتەوە، بە تەنیا ٢٠ ملیۆن ئەیکەر دابەشکرا بەسەر ئەو ژمارە زۆروزەوەندەی جووتیاراندا، لە

وەختێکدا ٢٢٪ ئەو خێزانە جووتیارانە کە چاکسازی کشتوکاڵیی گرتنیەوە بەشی خۆیان لەو زەوییانە وەرگرت و بەشی بژێویی دەکردن "پتر لە ١٧ ئەیکەر بۆ هەر جووتیارێك"، ئەوانەشی ئەم بڕەیان وەرنەگرتبوو بە تەنیا چەند بە شێکی گچکەیان بەرکەوت کە بەشی بژێویی نەدەکردن "بەتەنیا ١٠ ئەیکەر بوو"[118]، لە ئاکامی ئەمەشدا لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٠ – ١٩٧٨پرۆسەی کۆچڕەویی لە گوندەوە بۆ شار بەردوام بوو ئەم پرۆسەیە بووە دیمەنێکی روون و ئاشکرای کاروانی پەرەپێدانی ئابووریی و جڤاتیی لە ئێراندا، ڕێژەی دانیشتوانانی شار لەو ماوەیەدا لە ٣٤٪ بەرزبۆوە بۆ ٥٠٪ لە کۆی دانیشتوان، لە هەمان کاتیشدا هێزی بەکاربەر لە کشتوکاڵدا لە ٥٤٪وە نزمبۆوە بۆ ٤٠٪،[119] بە پێی قەبلاَندنانی تر ژمارەی کۆچبەران لە گوندەوە بۆ شار گەیشتە نێزیکەی ٢,١١١,٠٠ کەس لە ماوەی شالانی ١٩٦٦ – ٧٦ .[120]

ئەو کۆچبەرانە لە رەوشێکی فرە قورس و دژواردا لە شارەکاندا دەژیان، بە تایبەت لە تارانی پایتەخت لە نێو خێمەو کۆختانی دەوروبەری شاردا نیشتەجێ ببوون، بە شێوەیەکی نارێکخراو و بە کرێ لە دروستکردنی ئاپارتمان و خزمەتگوزاریەکاندا کاریان دەکرد، ئەو کۆچبەرانەی لە سەرەتای حەفتاکاندا روویان لە شار کردبوو هەلی کاری باشتریان بۆ رەخسابوو بە هۆی زیادەی داهاتەکانی نەوت و بەرفراوانبوونی جێبەجێکردنی خزمەتگوزاریی و ئاوەدانیی و پیشەسازیی، بەڵام هەلومەرجی هەڵاوسانی دراو لەو وەختەدا بووە مایەی بەشمەینەتبوونیان لە رووی ئابوورییەوە، وێڕای ئەمەش حکومەت هێندێك گەڕەکی تارومارکرد کە کۆچبەران تێیدا

118 Hooglund , op.cit, p16, Fred Halliday, "Iran : The economic Contradictions" MERIP Reports,Vol.8,No.6,August, 1978,p. 10.

119 البستاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

120 فرهاد کاظمی، " اثارة هجرة الفلاحين الايرانين على النظام في ايران" ترجمة: عبد الجبار ناجي، في: دراسات ايرانية: مجموعة بحوث مختارة( البصرة – ١٩٨٣) ص ٤٥.



دەژیان ئەمەش فاکتەرێکی تر بوو لە فاکتەرەکانی دژواربوونی ژیانیان، لەبەر رۆشنایی ئەمەدا هاسانە تەڤگەرە سیاسییەکان ئەو کۆچبەرانە لە رووی سیاسییەوە تەیار بکەن و لە خەڵکانی بێوەیەوە بیانکەنە دوژمنانێکی کارا دژ بە رژێمی شاهەنشاهیی.[121]

لە راستیدا شوێنەواری هەڵاوسانی دراو لە ئێراندا لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٣ – ١٩٧٨ زۆرینەی ئێرانییەکانی گیرۆدە کرد جگە لە خودا پێداوان، ئیدی ئەم هەڵاوسانە لە ساڵی ١٩٧٧ گەیشتە رادەیەك بووە مایەی بەشمەینەتی راستەقینەی فەرمانبەران و کرێکاران و هاوشێوەکانیان، شوێنی نیشتەجێبوون بە تەنیا بە خوداپێداوان دەستەبەر دەکرا،[122] سەبارەت بە ئەندامانی بنەماڵەی شاهەنشاهیی لەو ماوەیەدا سەروەت و سامانێکی زۆریان گرد کردەوە لە رێگەی گرێبەستە بازرگانیی و سەربازیی و بەڵێندەرایەتیی و وەبەرهێنانەکان لە دەرەوەدا، لە رەوشێکی ئەوهادا گەندەڵیی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە بیرۆکراتیەتی حکومییدا تەشەنەی سەندو دیسانەوە لە نێو ئەندامانی بنەماڵەی شاهەنشاهییدا، ئیدی جیاکاریی گشتگیر لە نێو دامەزراوەی سەربازیدا دروست بوو بە شێوەیەك گەندەڵیی و جیاوگەکان لە بەرژەوەندی گەورە ئەفسەران و لەسەر حسێبی سەربازە کەم پلەکانی هێزە چەکدارەکاندا بڵاوبۆوە، هەروەها تاسانی گەورە گەورە لە چەندین شوێندا دروستبوو لەوانە بەندرو هۆکانی گواستنەوەو خزمەتگوزارییەکان ...هتد.[123]

121 هەمان سەرچاوە، ل ٤٥–٥٠.

122 Gottam, op.cit, p. 350.

123 جراهام، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢ .، البستاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

ویڕای گشت ئەمانەش وەزیرەکانی شا بە متمانەو بە شانازییەوە باسیان لە پێشکەوتنی ئێران دەکرد کە بە یەك نەوە ئاستبەرزی بژێویی یابان تێدەپەڕێنن و پێشی دەکەون !!.[١٢٤]

ئیدی خەتەرناکیی رەوشی ئابووریی لەسەر سەقامگیریی رژێمی شاهەنشاهیی وەئاگا هاتەوەو لە هاوینی ساڵی ١٩٧٦ "جەنگی دژ بە گەندەڵکاران"ی راگەیاند،[١٢٥] بەڵام راگەیاندنەکە درەنگوەخت بوو، بە پلەی یەکەم ئامانجی سیاسیی و رۆژنامەوانیی لە پشت ئەم کارەی شاوە بوو، دواتریش روون بۆوە ئەو سیاسەتە هەڵانەی پێڕەویی لێدەکرا بە ئامانجی چارەسەر کردنی رەوشی دژواری ئابووریی بووە مایەی هاروژاندنی چینە گرنگەکانی تری کۆمەڵگەی ئێرانی لەوانە بازرگانانی بازاڕ کە پێوەندی توندوتۆڵیان بە پیاوانی ئایینییەوە هەبوو، سیاسەتی رژدکاریی کە حکومەت لە ساڵی ١٩٧٧ پێڕەوی لێدەکرد بوومەلەرزەیەکی فراوان لە ئابووریی ئێراندا روویداو تەنگژەی گەورەو گرانی ئەفراندو بووە مایەی بڵاوبوونەوەی بێکاریی و سستی ئابووریی و دژواربوونی گەورەی لە کرێدا دروستکردو، پتر کاریگەری کردە سەر سیاسەتی گرژکاریی ئیدی شا رەتیکردەوە رژدیی لە خەرجیی سەربازییدا بکرێت دواجار بارگرانی کەمبوونەوەی خەرجی گشتیی کەوتەسەر خەرجییە ناسەربازییەکان.[١٢٦]

ویڕای دژواربوونی رەوشی ئابووریی رۆژ لە دوای رۆژ رژێمی شا لە رووی نێودەوڵەتییە پرۆتستۆ دەکرا دژ بە سەرکوتکارییەکانی لە نێوخۆداو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ،[١٢٧] لەهەمووی سەیرتر سەرۆکی ئەمەریکا

[124] E. Abrahamian, "Iran" The Political Challenge"MERIP Reports, Vol.8, No.6, July-Augest 1978,p.3.
[125] Ibid, p.4.
[126] البستاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.
[127] سەبارەت بە سەرەکۆنەی رژێمی شا لە لایەن رێکخراوە بایەخدارەکانی مافی مرۆڤ بڕوانە:
Abrahamian, op.cit, p. 5.



جیمی کارتەر J.Carter کە گرنگترین هاوپەیمانی رژێمەکەی شا بوو بەشداریکرد لە پرۆسەی پرۆتستۆکردنی رژێمی شا زۆر جاران ئاماژەی دەدا بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا،[١٢٨] ئەو بە شێوەیەکی بەرفراوان هەر لە ساڵی ١٩٧٧وە گرووپە بەهەڵستکارە ئێرانییەکانی لە نێوخۆو دەرەوەدا دنە دەدا – ویڕای جیاوازی تەوژمەکانیان – دژ بە رژێمی شا،[١٢٩] ئیدی ئەو جووڵانەوەیە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩دا بووە مایەی داڕمانی دەسەڵاتی بنەماڵەی شاهەنشاهیی پەهلەویی.

[128] هێندێك کەس سەرەکۆنە کردنی شا لەلایەن ئەمەریکاو بەرزکردنەوەی نرخی نەوت لەلایەن شاوە پێکەوە دەبەستنەوە.
[129] لە راستییدا چەند ساڵێك پێش ئەم مێژووەش چالاکیی ئۆپۆزسیۆن هەستی پێدەکرا کاتێك هێندێك لە رێکخراوو پارتە سیاسییەکان خەباتی چەکدارییان گرتەبەر بەوەی هێرشیان کردە سەر پۆستو بارەگاکانی پۆلیس و ژاندارمو دەزگاکانی دیکەو پیاوەکانی رژێمیان غافڵکوژ دەکرد. یەك لەو چالاکییانە لە شوباتی ١٩٧١دا بوو کاتێك بارەگایەکی ژاندارم لە "سیاەکل" کە گوندێکە لە نزیك قەزوین، لەلایەن گروپێك چەکدارەوە کەوتە ەبر پەلامار کە بەمەبەستی ئازادکردنی چەند گیراوێك ئەنجامیاندابوو. هەروەها لەو ساڵەدا ژێنراڵ فارسیو کە داواکاری گشتیی سەربازیی بوو لە ئێران، غافڵکوژ کرا، ئەو چالاکییە لە ساڵانی دواییدا بەردەوام بوو. بڕوانە: زونس، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.،
E. Abrahamian, " The Guerrilla Movement in Iran 1963-1977" MERIP Reports, No.86, March-April 1980,pp.3-15.

## سیاسەتی دەرەوە:

هەر تۆژینەوەیەك سەبارەت بە ئێران‌و سیاسەتە دەرەكییەكانیی لە سەردەمی محەمەد ڕەزا شادا پێویستە تەواوی گۆڕانكارییەكانی ساڵانی دوای جەنگی جیهانی دووەم بە هەند وەربگیرێن لە هەردوو ئاستی نێودەوڵەتیی‌و ئیقلیمییەوەو بەراوەژوو بوونەوەی كاریگەرییە گرنگەكانی لەسەر پەیوەندییەكانی ئێران یاخود سیاسەتی دەرەوەی، بەڵگە نەویستە دیارترین گۆڕان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی لە وەدیاركەوتنی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاو یەكێتیی سۆڤیەتدا خۆی دەبینێتەوە بەو پێیەی هەردوویان هێزی گەورەن‌و نێوەندیی جەمسەرگیریی سەرەكیین لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، لەبەر فاكتەرانێكی زۆر بوار نییە لێرەكاندا باسیان بكەین پەیوەندییەكانی نێوان هەردوو زلهێز ناجێگیربوو، چەمكی "جەنگی سارد Cold War" بەكاردەهێنرێت وەك بەڵگە لەسەر سروشتی ئەو پەیوەندییانەو كێبڕكێ‌و ململانێی نێوان هەردوو زلهێز بە ئامانجی دامەزراندنی ناوچەگەلی نفوزیان لە زۆر بەشی جیهاندا، ئیدی لەگەڵ پتر وەدیاركەوتنی ئەم دوو زلهێزە پێدا پێدا هێزو نێوەندێتی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و نێوچە نێزیكەكانی ڕۆژهەڵات ڕووی لە پاشەكشە دەكرد، بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە سەربەخۆیی هیندستان بوو لە ساڵی ١٩٤٧و، لەدەستدانی قەواعیدی سەربازیی لە نێوچەی كەنداوی سوێس لە ساڵی ١٩٥٤ لە لایەن بەریتانیاوە، شكستی لە دوژمنكاریی سێ قۆڵیی بۆ سەر میسرو، پاشكەشەكردنی لە عەدەن‌و كۆلۆنییەكان "بەشی باشووری یەمەن" لە ساڵی ١٩٦٧، دواتر بڕیاری بەریتانیا لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٨ سەبارەت بە پاشەكشەكردن لە نێوچەی كەنداوی عەرەبیی لەوپەڕی وادەدا كە دەیكردە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٧١.



سەبارەت بە ئاستی ئیقلیمیش گرنگترین گۆڕانكارییەكانی ساڵانی دوای جەنگی جیهانی دووەم لە دامەزراندنی ئیسرائیلد لە ساڵی ١٩٤٨دا خۆی دەبینییەوەو، ژیانەوەی جووڵانەوەی نەتەوەیی عەرەبیی‌و سەرهەڵدانی زنجیرەیەك شۆڕشی نیشتیمانیی لە میسرو (٢٣ی تەموزی ١٩٥٢) عێراق‌و (١٤ی تەموزی ١٩٥٨)و یەمەن‌و (ئەیلولی ١٩٦٢) جووڵانەوەی بەرگریی چەكداریی لە باشووری یەمەن (١٩٦٣ – ١٩٦٧)، لە ئاكامی ئەو شۆڕشانە لە سەرێرادا بە شێوەیەكی گشتی سیستمی پادشایی ڕۆژاوا قڵپ بۆوەو حكومەتانێك دامەزران كە سیاسەتی توندوتۆڵیان لەهەمبەر یەكێتیی سۆڤیەتدا پێڕەو دەكردو پەیوەندیی توندوتۆڵ پێكڕای گرێدەدان‌و جار جاریش لە باشترین حاڵ‌و باڵدا هەڵوێستیان لەهەمبەر ڕۆژاوا بەگشتیی‌و پرۆژە سیاسیی‌و سەربازییەكانی لە نێوچەكەدا وەردەگرت كە دەتوانین بە ساردیی وەسپداری بكەین،[130] شای ئێران بەم ڕووداوانە دڕدۆنگ‌و ناخۆشحاڵ بوو، ئەو لە دوای جەنگی جیهانی دووەم خەتی ڕۆژاواگەریی گرت.

ساڵانی دوای جەنگ پێوەندی دۆستانەی نێوان ئێران‌و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا پێشكەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی‌و، ئەو پەیوەندییانە لە قۆناغەكانی دواتردا گەشەیكردو بووە دیاترین دیمەنی پەیوەندییە دەرەكییەكانی ئێران، ئەم پێشكەوتن‌و گەشەكردنەی پەیوەندییەكانی هەردوو لا دەگەڕایەوە بۆ ویستی هەردوو وڵات بە ئامانجی بەرو پێشبردنی پەیوەندییەكانی نێوانیان، بە نیسبەت ئێرانەوە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا "هێزی سێیەم" بوو دەكرا پشتی پێ ببەستێت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دەسەڵات‌و گوشارەكانی یەكێتیی سۆڤیەت‌و

[130] خلیل علي مراد، سیاسة الولایات المتحدة في الخلیج العربي و المحیط الهندي ١٩٦٨–١٩٨٠)مجلة الخلیج العربي– السنة ١٣– المجلد ١٧– العدد الاول– نیسان ١٩٨٥، ص ٢٧.

بەریتانیا،[١٣١] هەروەها لێرەدا محەمەد رەزا شا رێچکەی بابی گرت کە پشتی دەبەست بە ئەڵەمانیا وەك "هێزی سێیەم"، وێڕای ئەمەش دۆستایەتیکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە نیسبەت ئێرانەوە بۆ ئەوە بوو ئێران کۆمەکی سەربازیی وەدەست بهێنێت بە ئامانجی بنیاتنانی توانا سەربازییەکانیو کۆمەکی ئابووریی بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی کێشە ئابوورییە کەڵەکەبووەکانی، لەبەرامبەریشدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا مەبەستی بوو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا توندوتۆڵ بکاتو دەسەڵاتی جێگیر بکات لەبەر دوو فاکتەری سەرەکی یەکەم نەوتو دووەم پێگەی ستراتیژیی ئێران، ئیدی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرژەوەندیی راستەوخۆی لە نەوتی ئێراندا هەبوو لە دوای جەنگی جیهانی دووەم کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ – ئێرانی گرێبەستی لەگەڵ دوو کۆمپانیای ئەمەریکیدا ئەنجامدا ئەوانیش ستاندەر جێرسیو سۆکۆنی فۆکۆم، بڕگەلێکی گەورەی لە نەوتی ئێران فرۆشت بە هەردوو کۆمپانیای نێوبراو لە ماوەی بیست ساڵاندا،[١٣٢] دواتر لە ساڵی ١٩٥٤ ئەو بەرژەوەندییە جێگیرتر بوو لە رێگەی دامەزراندنی کۆنسۆرتیۆمو ئیستیغلالکردنی نەوتی ئێرانیی لە لایەن کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمەریکاوە بە گوژمەی ٤٠٪ وەك لەوەبەر باسمانکرد.

هەر دوابەدوای جەنگی جیهانی دووەمو لەگەڵ دژواربوونی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا – سۆڤیەت، ئێران پتر گرنگی پەیداکرد لە کن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئێران بە پێی سنوورە هاوبەشەکانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا پێگەیەکی سەرەکیی بوو بۆ چاودێریکردنی رووداوە نێوخۆییەکانی ئەو دەوڵەتە، ئەمەریکییەکان قەواعیدی هەواڵگرییان

---

[131] رمضاني، سەرچاوەی پێشوو، بەشەکانی ١–٦.

[132] مراد، تطور السياسية الامريكية، ص ص ٢٩٨–٢٩٩.



لە ئێراندا دامەزراند، وێڕای گرنگیی هاوسێبوونی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا، ئێران خاڵی جیاکەرەوە بوو بە نیسبەت یەکێتیی سۆڤیەتو کێڵگە دەوڵەمەندەکانی نەوتی کەنداوی عەرەبییەوە کە کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمەریکا دەستیان بەسەر بەشێکی سەرەکیدا گرتبوو،[١٣٣] لێرەکاندا گرنگیدانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە جێگیرکردنی دەسەڵاتی لە ئێرانداو بەهێزکردنی ئێران بەو پێیەی دەوڵەتێکی جیاکەرەوەیە Buffer State لە نێوان یەکێتیی سۆڤیەتو کەنداوی عەرەبیدا، وەك ئەوەی بەڵگەنامە ئەمەریکییەکان درکاندوویانە نێوەندی دەسەڵاتدارێتیی لە واشنتۆن بڕوایان وابووە، راستەوخۆ لە دوای جەنگ، کە یەکێتیی سۆڤیەت سوورە لەسەر درێژکردنەوەی هێزو دەسەڵاتیی بەرەو کەنداویی عەرەبیی لە رێگەی ئێرانەوە بە ئامانجی چڕکردنی تواناکانی سۆڤیەت بەمەبەستی "تارومارکردنی ئەو بەربەستەی باشوور"، ئەو نێوەندانە پێیانوابووە روودانی ئەو کارە واتە تراژیدیا "نەك بە تەنیا بەنیسبەت ئەمەریکاوە لە نێوچەکەدا، بەڵکو بەنیسبەت هەڵویستی گشتیی ئەمەریکا لە بەرەنگاربوونەوەی یەکێتیی سۆڤیەت".[١٣٤]

بەداواداچوونی تۆماری پەیوەندییەکانی ئێران – ئەمەریکا هەر لە جەنگی جیهانی دووەمەوە پێشکەوتنی بەردەوامیی ئەو پەیوەندییانەمان پێشاندەدات هەتا ئاخروئۆخری سەردەمی محەمەد رەزا شا پەهلەویی، لەسەر داوای حکومەتی ئێرانی ویلایەتە یەکگرتووەکان چەندین نێردەی راوێژکاریی رەوانەی ئێران کرد، کاری ئەو نێردانەش بەردەوام بوو بە تایبەت نێردە سەربازییەکانی لە ئێراندا هەتا کۆتایی دەسەڵاتی شا بە

---

[133] سەبارەت بە وردەکاریی هەژموونی کۆمپانیاکانی ئەمەریکا بەسەر نەوتی نێوچەکەدا بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ٢٢ – ٢٧.

[134] خليل علي مراد، سياسة الولايات المتحدة في الخليج العربي و المحيط الهندي، ل٢٦.

بەردەوامیی گرێبەستەکان تازە دەکرانەوە، ئەو نێردە سەربازییانە لە سێ نێردە پێکدەهات، یەکەمیان نێردەی سەربازیی بۆ نێو سووپای ئێران Armish ئەرکی پێشکەشکردنی مشۆرەت‌و کۆمەکیکردنی وەزارەتی جەنگیی ئێران‌و دامودەزگای سەرکردایەتی باڵاو ئەفسەرانی سووپاو دەریایی‌و هێزی ئاسمانیی بوو سەبارەت بە پرسەکانی پلاندانان‌و رێکخستن‌و ئیدارەو مەشق‌و راهێنان، دووەمیان بریتی بوو لە لیژنەی کۆمەکی سەربازیی Maag کە سەرپەرشتی کۆمەکییە سەربازییەکانی ئەمەریکای دەکرد بۆ ئێران، سێیەمیشیان نێردەی دەرەك بوو واتە ژەندرمە، ئەم نێردەیە بە کورتی بە Genmish ناسرابوو ئەرکەکەشی کورتکرابۆوە بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی‌و مشۆرەت بە وەزارەتی نێوخۆ لە سەروبەندی رێکخستنی هێزەکانی دەرەکیی ئێران‌و باشکردنی پرۆسەکانیی.[135]

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم راستەوخۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیری هەڵوێستی ئێرانی کرد لە ململانێیدا لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت سەبارەت بە پاشەکشەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، هەروەها نێردەی سەربازیی ئەمەریکا بۆ نێو سووپای ئێرانی، ئەوکات مێجەر ژەنەڕاڵ رۆبێرت گرۆ Robert G.row سەرۆکایەتی دەکرد لە سەروبەندی پرۆسەی ژنۆ خستنەوە ژێر چنگی ئازەربایجان لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦ مشۆرەتی پێشکەش بە سووپای ئێرانی کرد، لە وەختێکدا هێزەکانی دەرەك بە سەرکردایەتی نێردەی ژەندرمەی ئەمەریکا کە کۆڵۆنێل شوارتزکۆف Schwarzkopf سەرۆکایەتی دەکرد بە مەبەستی دابینکردنی ئاسایش لەو دەڤەرانەی کە هێزەکانی سۆڤیەت لە نێوەڕاستی ئەو ساڵەدا

[135] محمد وصفي ابو مغلي، العلاقات الايرانية الامريكية و اثرها في الخليج العربي ١٩٤١-١٩٧٩، (لبصرة- ١٩٨٢) ص ص ١٩-٢٠.



سەرپەرشتییان دەکرد،[136] لە ساڵی ١٩٥٣ بە فیتی ئاژانسی هەواڵگریی نێوەندیی ئەمەریکا حکومەتەکەی موسەددەق سەرنخونکرایەوەو شا گەڕایەوەو جڵەوی دەسەڵاتی گرتەوە دەست، وەك پێشتر باسمانکرد، هەروەتر نێردەی سەربازیی ئەمەریکا لە ئێران بەشداریکرد لە کۆدەتاکەدا کە دواتر سەرۆکی نێردەکە خۆی دانپێدانا،[137] ئیدی دوای کۆدەتاکە ئێران بووە نێوەندیی جموجووڵی ئاژانسی هەواڵگریی نێوەندیی ئەمەریکا، بە شێوەیەکی گشتی پێوەست کرا بە ئەمەریکاوە کە شا خۆی رێگەیدا بە مەشقپێکردن‌و دامەزراندنی ئەفسەران لە سووپاو دامودەزگاکانی پۆلیس تەنانەت لە رێکخراوی ساواکدا، ئیدی هەموو پێشنیارەکانی باڵوێزخانەی ئەمەریکا گەر گچکەش بووایە یەکسەری جێبەجێ دەکرا،[138] شایانی وەبیر هێنانەوەیە رۆژنامەوانیی ئەمەریکا گوێی نەدەدا بە کارە سەرکوتکارەکانی شا لە دوای ساڵی ١٩٥٣، وەختێکیش لە هێندێك بۆنەدا ئاماژەی پێدەدرا ئەو سەرکوتکارییەی دەدروستاند بە شێوەیەك پێشانی دەدا کە شا جگە لەو میکانیزمە توندە دژ بە "کۆنخوازە پاشکەوتووە بڕوادار بە خورافیاتەکان" چارەی تری نییە، لە هەمان کاتیشدا سووربوون لەسەر وێناکردنی شا وەك "سەرکردەیەکی جەماوەریی"و کە سوورە لەسەر بە هاوچەرخکردنی وڵاتەکەی .[139]

لە هەمان کاتدا قەبارەی کۆمەکییە سەربازیی‌و ئابوورییەکانی ئەمەریکا پێدا پێدا زیادی دەکرد، لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٧ – ١٩٥٢ کۆی کۆمەکییە سەربازییەکانی ئەمەریکا بۆ تاران بەتەنیا ١٦,٧ ملیۆن دۆلار بوو دواتر بەرزبۆوە بۆ ٤٣٦ ملیۆن دۆلار لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٣ – ١٩٦١، سەبارەت بە

[136] Hurewitz , Middle East dilemmas,p.29.

[137] ابو مغلي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٧.

[138] سابلیە ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

[139] Abrahamian, "Iran" The Political Challenge, p.4.

**کۆمەکییە ئابوورییەکانی لە ساڵانی ١٩٤٩ – ١٩٥٢ لە ١٦,٥ ملیۆن دۆلارەوە بەرزبۆوە بۆ ٦١١ ملیۆن دۆلار لە ساڵانی ١٩٥٣ – ١٩٦١، ٣٤٥ ملیۆن دۆلار بەخشش بوو باقییەکەشی بە قەرز دەیبەخشی بە ئێران، بە پێی گوتەی یەك لە توێژەران کەوتنی موسەددەق راگەیاندنی "دەسپێکردنی شەپۆلی کۆمەکیی دارایی ئەمەریکا بوو بۆ ئێران بە شێوەیەك کە هەرگیز لە لە رابردوودا وێنەی نەبووە".[١٤٠]**

**بەهەرحاڵ بە شێوەیەکی گشتی زیادبوونی قەبارەی کۆمەکییەکانی ئەمەریکا بۆ ئێران لەو قۆناغەدا بەراوەژووی وەڵامی هەڵوێستی ئێران‌و بەدەمەوەچوونی سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو لە نێوچەکەدا، ئێران لە ساڵی ١٩٥٠ چووە نێو پەیمانی بەغداوە[١٤١] کە هەریەك لە عێراق‌و تورکیاو پاکستانی لەخۆ دەگرت، پەیمانی بەغدا بەشێك بوو لە پلانی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا جۆن فۆستەر وڵاس** J.F.Dulles **بە مەبەستی بەرگرتن لە نفوزو خەتەرناکیی یەکێتیی سۆڤیەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا،[١٤٢] هەروەها ئێران لە کانونی دووەمی ١٩٥٧بە گەرمیی پشتگیریی کرد لە نووچەی سەرۆکی ئەمەریکا دوایت ئیزنهاوەر** D. Eiscnhower **سەبارەت بە سیاسەتی "پڕکردنەوەی بۆشایی" لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا،[١٤٣] دوابەدوای پاشەکشەی عێراق لە پەیمانی بەغدا**

---

[140] – رمضاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٧.

[141] دوای کشانەوەی عێراق لە پاکتەکە لە ساڵی ١٩٥٩دا، ناوەکەی گۆڕا بۆ "سەنتۆ/CENTO" واتە هاوپەیمانیی پەیماننامەی ناوەندیی.

[142] روبرت کوبال،" سياسات الولايات المتحدة في الخليج العربي" في: دراسات سياسية عن الخليج العربي، (البصرة– ١٩٨٣– ترجمة خليل علي مراد) ص ص ٧٤–٧٥.

[143] ئەم نووچەیە بە نێوی بنەمای ئیزنهاوەر The Eisenhower Doctrine دەچێتە نێو مێژووی دیپلۆماسییەوە، تێیدا هاتبوو کە بۆشایی هێز لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا هەیەو پێویستە پڕ بکرێتەوەو، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش ئامادە بێت بۆ پێشکەشکردنی کۆمەکی سەربازیی بۆ هەر دەوڵەتێك لە نێوچەکەدا کە رووبەرووی مەترسی نێوخۆیی بێتەوە "لە لایەن جووڵانەوە



**لە سەروبەندی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ رێکەوتنێکی بەرگریی لە نێوان ئێران‌و ئەمەریکادا لە ئاداری ١٩٥٩ هاتە واژۆکردن ئەمەریکای بە زۆرەملێ پێوەست کرد بە بەرگریکردن لە ئێران، سەبارەت بە لایەنەکانی ئابووریی‌و رۆشنبیریی‌و دیپلۆماسیی رێکەوتنی دۆستایەتیی‌و پێوەندی ئابووریی‌و مافگەلی قونسوڵیە لە ١٥ی ئابی ١٩٥٥ هاتە واژۆکردن، لە حوزەیرانی ١٩٥٧ بۆ ماوەی دە ساڵان دەستی بەکارەکانی کرد کە قابیلی تازەکردنەوەیە، هەروەها پەیوەندییە رۆشنبیرییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت لە رێگەی ئاڵوگۆڕکردنی خوێندکاران‌و مامۆستایان‌و کۆڵەران‌و پسپۆڕانەوە توندوتۆڵکرا.[١٤٤]**

**لەسەروبەندی ئاخروئۆخری شەستەکاندا پەیوەندییەکانی ئێران – ئەمەریکا لە ئاکامی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکانەوە پتەوتر بوو بە هۆی بڕیاری پاشەکشەی هێزەکانی بەریتانیا لە کەنداوی عەرەبیی کە لە ١٦ی کانونی دووەمی ١٩٦٨ دەرکرا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوونی سەربازیی بەریتانیای لە نێوچەکەدا بە زامنکەری بەرژەوەندییەکانی رۆژاوای لەقەڵەم دەدا، بڕیارەکەی بەریتانیا ئەمەریکای دڕدۆنگ کرد چونکە لە وەختێکدا بوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە دەست ڤێتنامەوە گیری خواردبوو، رای گشتیی ئەمەریکا ئامادەنەبوو رازی ببێت بە بیرۆکەی رەوانەکردنی یەکە سەربازییەکانی ئەمەریکا بەئامانجی جێگرتنەوەی هێزەکانی بەریتانیا، ئیدی تاقە ئەگەر لەبەردەم ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بریتی بوو پاڵپشتیکردنی ئێران بۆ بینینی رۆڵی "پۆلیسی" ئیقلیمیی یاخود بریکاری ئیمپریالیزم لە نێوچەکەدا، لەمڕووەوە پەیوەندییە**

---

نیشتیمانییەکانەوە" یاخود دەرەکیی "لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە، ئەم نووچەیە لە سەروبەندی شکستی سێ قۆڵیی بۆ سەر میسر لە ساڵی ١٩٥٦ هاتە دەرچوون.

[144] رمضاني، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٧-٣١٠.

توندوتۆڵەکانی ئێران بە گشتی لەگەڵ ڕۆژاواداو بە تایبەتتر لەگەڵ ئەمەریکادا بە هەند وەرگیرا، ئیدی ئەم ئەگەرە ڕێك لەگەڵ خواستەکانی شادا دەهاتەوە لە جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی ئێران‌و دەسەڵاتیی لە کەنداویی عەرەبیدا، لەم پێناوەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕازامەندی دەربڕی بە فرۆشتنی چەکوتەقەمەنیی‌و کەلوپەلی سەربازیی ئەمەریکی بە ئێران، تەنانەت سەرۆکی ئەوکاتی ئەمەریکا ریچارد نیکسۆن R. Nixon لە ئایاری ١٩٧٢ ڕەزامەندی نیشاندا لەمەڕ فرۆشتنی هەر چەکوتەقەمەنییەکی کلاسیکیی کە ئێران بیخوازێت،[١٤٥] وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هێنری کیسینجەر Kissinger لە یاداشتەکانیدا کە بەو زووانە بڵاوکراوەتەوە ڕایگەیاند پاڵنەرێکی تر لە پشت بەهێزکردنی ئێرانەوە بوو بەو شێوەیە ئەویش بەرگرتن بوو لە وەدیارکەوتنی عێراق بەو وەسپەی هێزێکی گرنگە لە کەنداوی عەرەبیدا.[١٤٦]

لەگەڵ دەرچوونی بڕیاری سەرۆك نیکسۆن‌و زیادەی کتوپڕی زۆروزەوەند لە داهاتەکانی نەوت لە ساڵی ١٩٧٣ دا ئێران چەندین گرێبەستی گەورەی بە بەلایین دۆلار ئەنجامدا بە مەبەستی کڕینی چەکوتەقەمەنی‌و کەلوپەلی سەربازیی ئەمەریکی، ئیدی هێزە چەکدارەکانی ئێران چەکوتەقەمەنی‌و کەلوپەلانێکی وایان بەدەستەوە بوو تەنانەت لەو جۆرانە بوون کە سووپای ئەمەریکی پێی ڕێکنەخرابوو، هێندێك لەو چەکوتەقەمەنی‌و کەلوپەلە سەربازییە زۆر پێشکەوتووانە بە بێ پشتبەستن بە پسپۆڕو ڕاوێژکارو ڕاهێنەرانی ئەمەریکی بەکاردەهێنران، ئیدی ژمارەیەکی بەرچاو لە پسپۆڕو ڕاوێژکارو ڕاهێنەرانی ئەمەریکی لە

145 کوبال، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.

146 Henry Kissinger, Years of upheaval(Boston- 1982)p.669.



حەفتاکاندا گەیشتنە ئێران،[١٤٧] هەروەتر لەو قۆناغەدا پێشکەوتنی گرنگ هاتە گۆڕێ لە پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان ئێران‌و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەمەریکا هەوڵیدەدا پەیوەندییە بازرگانیی‌و چالاکییە ئابوورییەکانی لەگەڵ ئێراندا پەرە پێبدات لە پێناو هەڵلوشینی داهاتەکانی نەوت، بەمەبەستی وەدیهێنانی ئەم ئامانجە لیژنەیەکی بازرگانیی هاوبەشی ئێرانی – ئەمەریکی لە ساڵی ١٩٧٥ هاتە دامەزراندن،[١٤٨] دەکرێت لەم گۆشەنیگاوە تەماشای گرێبەستەکانی چەکوتەقەمەنی بکەین کە ئەمەریکا بە ئێرانی دەفرۆشت لە حەفتاکاندا وێڕای ئیعتیباراتی ئەمنیی.

لەبەرامبەر ئەو پێشکەوتنە بەردەوامەی پێوەندی دۆستایەتیی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا پەیوەندییەکانی ئێران – سۆڤیەت بەگشتی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم هەتا سەرەتای شەستەکان ناجێگیریی بەخۆوە بینی، لە ئاکامی ڕەتکردنەوەی خواستەکانی سۆڤیەت لە لایەن ئێرانەوە بە دامەزراندنی کۆمپانیایەکی هاوبەشی نەوت لە ساڵی ١٩٤٧و ڕۆژاواگەریی ئێران بە شێوەیەکی گشتیی‌و، لایەنگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی تایبەتیی‌و، دڕدۆنگیی ئێران نیازەکانی سۆڤیەت‌و، پاڵپشتیکردنی حیزبی تودە لە لایەن سۆڤیەتەوە، لەو قۆناغەدا کە کەوتبووە نێوان ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٤٧و سەرەتای شەستەکان هیچ پەیوەندییەکی ئێرانی – سۆڤیەتی گرنگی بەخۆوە نەبینی

147 سەرچاوەکانی کۆنگرێسی ئەمەریکیی ژمارەی ئەو ڕاوێژکارانەو خێزانەکانیان لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٥دا بە نزیکەی ١٧٠٠٠کەس مەزەندەکردووە، لەکاتێکدا سابلیە ژمارەی ئەو ڕاوێژکارو ڕاهێنەرانەی بە ٥٠٠٠٠کەس داناوە، پێدەچێت ئەم ژمارەیە زێدەڕۆیی تێدا کرابێت. بڕوانە:
الكونغرس الامريكي، المناقشة البرلمانية الامريكية المستمرة بشان مبيعات الاسلحة الى اقطار الخليج العربي(البصرة- ١٩٨١) ترجمة: وديع ميخائيل حنا، ص ٦٤-٦٥.، سابلیە ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

148 خليل علي مراد، سياسة الولايات المتحدة في الخليج العربي و المحيط الهندي، ل ٣٨.

جگە لە واژۆکردنی پرۆتۆکۆلی بازرگانیی لە ١٣ی ئەیلولی ١٩٥٣ لە نێوان هەردوو دەوڵەتداو، پرۆتۆکۆلێکی تری تایبەت لە ٢ی کانونی دووەمی ١٩٥٤ تایبەت بە یەکلاکردنەوەی هێندێك ململانێی سنووریی‌و گێڕانەوەی قەرزەکانی ئێران لە لایەن سۆڤیەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم،[١٤٩] لە پەنجاکانداو لەو قۆناغەدا هەڵمەتێکی رەخنەی توندی بەخۆوە بینی لەلایەن رۆژنامەوانیی سۆڤیەتییەوە دژ بە ئێران‌و ناڕەزایەتییە بەردەوامەکانی حکومەتی سۆڤیەتی دژ بە چوونی ئێران بۆ نێو پەیمانی بەغدا لە ساڵی ١٩٥٥و، واژۆکردنی رێکەوتنی بەرگریی بەرابەر لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لە ئاداری ١٩٥٩، لەگەڵ وەبیرهێنانەوەی ئێران کە بەراوەژووە لەگەڵ پەیمانەکانی ئێران – سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٢١و ١٩٢٧، ئێران بە پێی ئەو پەیمانانە بڕیاریدابوو خاکەکەی نەخاتە بەردەست هێزە دوژمنکارەکانیی دژ یەکێتیی سۆڤیەت یاخود مەترسی خستنەسەر ئاسایشی سۆڤیەتیی.[١٥٠]

لەسەرەتای شەستەکاندا قۆناغی کرانەوە لە پەیوەندییەکانی ئێرانی – سۆڤیەتی هاتە ئاراوە، لەسەرووبەندی ساڵی ١٩٦٢دا شا رایگەیاند رێگەنادات قەواعیدی مووشەکیی دژ بە یەکێتیی سۆڤیەت لە نێو خاکی ئێراندا دابمەزرێت، حکومەتی سۆڤیەتی فرە خۆشحاڵ بوو بەو راگەیاندنەی شاو، لەماوەی ئەو قۆناغەدا ١٩٦٥ – ١٩٦٦ شا خۆی سەردانی یەکێتیی سۆڤیەت‌و هێندێك لە دەوڵەتانی ئۆروپای رۆژهەڵاتی کردو دانوستانی لەگەڵ سازدان سەبارەت بە هێندێك گرێبەستی بازرگانیی گرنگ، لە نێویشیاندا دامەزراندنی کۆمەڵگەیەك بۆ پیشەسازیی پۆڵا لە ساڵی ١٩٦٦، لە شوباتی

---

[149] اريـاى يودفـات، الاتحـاد الـسوفيتي وايـران الثوريـة(بغـداد– ١٩٨٥–ترجمـة مركـز البحـوث و المعلومات) ص٥٨.

[150] رمضاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٢ – ٣١٦.



١٩٦٧ گرێبەستێك بە گوژمەی ١١٠ ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی کەلوپەلی سەربازی ناجەنگیی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا واژۆکرد،[١٥١] وێڕای دڕدۆنگی هەردوو لا پەیوەندییە تازەکانی ئێران – سۆڤیەتی تا رادەیەك جێگیربوونی بەخۆوە بینی کە هیچ لایەکیان دوژمنکاریی بۆ سەر لاکەی تر نەکەن‌و کۆمەکی ئابوورییش بۆ خۆی یەکێك بوو لە رووە پۆزەتیڤ‌و تا رادەیەك جێگیرەکانی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئێران، یەکێتیی سۆڤیەت دوو قەرزی بەخشی بە ئێران یەکێکیان لە ١٩٧٣ بە گوژمەی ١٨٨ ملیۆن دۆلارو دووەمیشیان لە ساڵی ١٩٧٥ بە گوژمەی ٥٠٠ ملیۆن دۆلار بەمەبەستی بەرفراوانکردنی کۆمەڵگەی پیشەسازیی پۆڵا، هەروەتر پرۆتۆکۆلێکی بازرگانیی تر بە گوژمەی ٣ بلیۆن دۆلار لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا هاتە واژۆکردن‌و ئێرانیش قەرز ببەخشێت بە یەکێتیی سۆڤیەت، هەروەتر پرۆتۆکۆلێکی تر سەبارەت بە دەوڵەمەندکردنی یەکێتیی سۆڤیەت بە گازی سروشتیی ئێران،[١٥٢] ئیدی دوای چەند ساڵێکی کەم لە کەوتنی شاو بەستنی ئەو پرۆتۆکۆلانە بە تەواوەتی جێبەجێ نەکراو، بەجێهێڵرا بۆ ئامادەکاریی تازە لەگەڵ رژێمی فەرمانڕەوای دوای رژێمی شا لە ئێرانداو لە ساڵی ١٩٧٩.

سووربوونی شا لەسەر وەدیهێنانی کرانەوە بە رووی یەکێتیی سۆڤیەتدا لە شەستەکان‌و حەفتاکاندا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاران، یەکەمیان کرانەوەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا – سۆڤیەت، دووەمیان ئێران پتر گرنگی دەدا بە رووداوە ئیقلیمییەکان‌و لە سەرێشیانەوە دەرکەوتن‌و ژیانەوەی جووڵانەوەی نەتەوەیی عەرەبیی کە شا بە هۆی فاکتەری سیاسیی‌و مێژووییەوە دوژمنانە لێی دەڕوانی، هەروەتر هەڵایسانی شۆڕشگەلە

---

[151] Amirsadeghi, op.cit, p ., مراد، "الاطماع الايرانية"، ل ٢١٢.

[152] ر.د.مكلورن ،"السياسة السوفيتية في الخليج العربي"، في: دراسات سياسية عن الخليج العربي، ص ٢٥.

نیشتیمانییەکانو سەرنخون بوونەوەی رژێمە لایەنگرەکانی رۆژاوا لە نێوچەدا، بە تایبەت شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ گۆڕانکاریی جەوهەریی لە سیاسەتی دەرەوەی عێراقدا بەدووی خۆیدا هێنا لە هەمبەر توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتداو دەرچوون لە ئەندامێتی پەیمانی بەغدا، وێڕای ئەمانەش شا فرە قەڵسبوو بە دەرکەوتنی سەرکردەی میسریی جەمال عەبدونناسرو پێگەی لەنێو وڵاتانی عەرەبیدا، دەرکەوتنی عەبدونناسر دژ بە خواستە شەخسیو سیاسییەکانیی بوو هەوڵیدەدا جەخت لەسەر رۆڵی ئێرانیی لە نێوچەکەدا بکاتەوە، بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ئەو گۆڕانکارییانە شا لە گشت ئاستەکاندا پتر هەوڵیدەدا پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ ئیسرائیلدا توندوتۆڵ بکات لەبەرامبەریشدا عەرەب دژانە تەماشای شایان دەکرد، ئەم هەوڵانە لە وەختێکدا بوو ئێران زێدەتر لە هەردوو شەریکی نێزیك دەبۆوە "تورکیاو پاکستان" لە پەیمانی سەنتۆدا "پەیمانی پێشووی بەغدا"، لە ٢١ی تەموزی ١٩٦٤ محەمەد رەزا شا پەهلەویی ئێرانو سەرۆکی تورکیا جەمال کۆرسێڵو سەرۆکی پاکستانی محەمەد ئەیوب خان رێکەوتنێکیان واژۆکرد بە ئامانجی دامەزراندنی "رێکخراوی هاریکاریی ئیقلیمیی بۆ گەشەپێدان" لە نێوان هەر سێ دەوڵەتدا لە کۆتایی چاوپێکەوتنی سەرکردەی هەر سێ دەوڵەت لە شاری ئەستەنبوڵ، بۆ ئەم مەبەستە پێش ئەوەی هەر سێ دەوڵەت بگەنە رێکەوتنەکە کۆبوونەوەی بەرایی لە نێوان وەزیرانی دەرەوەی هەر سێ دەوڵەتدا هاتە سازدان، وێڕای دیمەنی ئابووریی‌و رۆشنبیریی رێکخراوەکە،[153] بەڵام لە دەرەنجامی بڕوای دامەزرێنەرانیی هاتە ئاراوە لەبەرئەوەی پەیمانی سەنتۆ هیچ گەرەنتییەکی ئەوتۆی لەخۆ نەدەگرت جگە لە لەوەی تایبەت بوو بە

153 خلیل علي مراد، "ترکیا و المنظمات الدولیة" في : ابراهیم خلیل احمد و آخرون، ترکیا المعاصرة، (الموصل–١٩٨٨)، ص ٢٠٢.



دووچاربوونی بە هەر مەترسییەك یاخود دوژمنکارییەکی سۆڤێتی،[154] بە گوزارشتێکی تر ئامانجی راستەقینە لە دامەزراندنی ئەو رێکخراوەدا بریتی بوو لە دەستەبەرکردنی گەرەنتییەکانی هەرسێ دەوڵەت بە ئامانجی رووبەروو بوونەوەی هەر پێشهاتێکی تر جگە لە یەکێتیی سۆڤیەتی، وێڕای پتەوکردنی هاریکاری ئابووریی‌و رۆشنبیریی نێوان هەر سێ دەوڵەت، لایەنی ئەمنیی لەم رێکخراوەدا لە پێشنیارە چەندبارەکانیی شادا لە ساڵی ١٩٧٥دا وەدیار دەکەوێت سەبارەت بە دامەزراندنی پیشەسازی سەربازیی هاوبەش لە نێوان هەرسێ دەوڵەتدا بە ئامانجی وەدیهێنانی ئەوپەڕی پشت بەخۆ بەستن لە مەیدانی چەکبازیدا..[155]

لەگەڵ وەدیهاتنی کرانەوە لە پەیوەندییەکانی ئێرانی – سۆڤیەتیداو دامەزراندنی رێکخراوی هاریکاری ئیقلیمیی بۆ گەشەپێدان، ئێران وەخۆکەوتو پتر گرنگیدەدا بە نێوچەی کەنداوی عەرەبیی، لە ئاداری ١٩٦٥ شا رایگەیاند "لەمەولا ئامادەکارییە سەربازییەکان پتر تیشك دەخەنە سەر کەنداویی عەرەبیی"، ئەم راگەیاندنەی شا دەرەنجامی نووچە چەندبارەکانی ئێران بوو لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە عێراقداو سەبارەت بە زەرورەتی هەژموونی ئێران بەسەر کەنداوی عەرەبیدا، هەروەتر ئەو نووچانە پرۆسەی بنیاتنانی هێزی سەربازیی ئێرانی بەدووی خۆیدا هێنا، بە تایبەت هێزی دەریایی لە کەنداوی عەرەبیدا، ئیدی لە دوای بڕیاری پاشەکشەی هێزەکانی بەریتانیا پاوانخوازیی ئێران روونتر وەدیاردەکەوێت، شا لە چەندین بۆنەدا دووپاتیکردەوە کە ئێران

154 رمضاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٤.

155 مراد، "ترکیا و المنظمات الدولیة"، ل ٢٩٣.

پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاوایە لە کەنداوی عەرەبیداو ئەو هێزەیە کە دەتوانێت بە گوڕ نەوت لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە زامن بکات بۆ دەوڵەتانی پیشەسازیی پێشکەوتوو لە ئۆروپای ڕۆژاواو یابان‌و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئیدی شا لە کۆتایی ساڵی ١٩٧١ ئەم هەلەی قۆستەوە بۆ داگیرکردنی هەرسێ دوورگە عەرەبییەکە "طنب الکبری – طنب الصغری – أبو موسی"، هەروەها ئەو هەلەی قۆستەوە بەمەبەستی دەستێوەردانی سەربازیی بۆ سەر سەڵتەنەی عومان‌و لێدانی جووڵانەوەی چەکداریی لە هەرێمی "ظفار" لە ساڵانی ١٩٧٣ – ١٩٧٥دا، دیسانەوە هانی کۆچڕەوکردنی هاوڵاتیانیدا بەرەو کەنداوی عەرەبیی بە مەبەستی سیاسیی زانراو، وێڕای ئەم سیاستە پاوانخوازیی‌و دوژمنکارییە ڕاشکاوانەیە دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبیی هیچ بەپەرچدانەوەیەکی توندیان نەگرتەبەر لەهەمبەر ئێران، ڕەنگە واشنەبێت ئەگەر بێژین دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبیی لە ناخەوە فرە خۆشحاڵ بوون بە ڕۆڵی ئێران لە کەنداوی عەرەبیدا بەو پێیەی زامنی حوکمڕانیی بنەماڵەی فەرمانڕەوای ئەو دەوڵەتانەی دەکرد لە ڕووبەڕوو بوونەوەی تەحەددییەکانی نێوخۆو دەرەوە،[156] بەڵام بە تەنیا عێراق لە نێو گشت وڵاتانی کەنداوی عەرەبیدا هاتە مەیدان‌و بەتوندی ڕووبەڕووی سیاستەکانی ئێران بۆوە لە کەنداوی عەرەبیدا.

لەمەوبەرو لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەماندا بە دڵبژۆکیی ئێران لە خاک‌و ئاوی عێراقداو بەدووی هەلێکدا دەگەڕا بۆ دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆی ئەم دەوڵەتەو، چۆن ئیستغلالی هەلومەرجی

[156] بۆ زیاتر: مراد، "الاطماع الایرانیة"، ل ٢١٠–٢٢٣.



نێودەوڵەتیی‌و ئیقلیمیی‌و نێوخۆیی کرد بۆ فەرزکردنی پەیمانی ١٩٣٧ بەسەر عێراقدا، دواتر قۆناغێکی کشومات لە پەیوەندییەکانی هەردوو دەوڵەتدا دروست بوو بەهۆی مژولبوونی ئێران بە کێشە نێوخۆییەکانییەوە هەر لە داگیرکاریی بەریتانی – سۆڤیەتییەوە لە ساڵی ١٩٤١ تا کۆدەتاکەی ساڵی ١٩٥٣ کە تێیدا حکومەتەکەی موسەددەق سەرنخونکرایەوە، هەروەها بە ئەندامبوونی هەردوو دەوڵەت ئێران – عێراق لە پەیمانی بەغدا فاکتەرێکی تر بوو بۆ کشوماتبوونی پەیوەندییەکانیان، بەڵام ئەم هەلومەرجە زۆری بڕ نەکرد، دوای سێ ساڵان شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ هاتە هەڵایسان کە ڕژێمی پادشایی سەرنخونکرایەوەو عێراقیش پاشەکشەی کرد لە پەیمانی بەغدا، دەتوانین بێژین شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ خاڵی وەرچەرخانێکی تازە بوو لە پەیوەندییەکانی عێراق – ئێراندا، دواتر پێدا پێدا پشێوی لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا دروست بوو لە ئاکامی هەڵچوونیی لایەنی ئێرانیی‌و بۆ جارێکی تر خستنەوە بەرباسی کێشە سنوورییەکانیان، ئیدی هەلومەرجی سیاسیی نێوخۆی عێراقی لە دوای شۆڕش قۆستەوە، هەوەڵ نووچەی شا لەم ڕوانگەیەوە ئەوە بوو لە ڕۆژی ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا خۆی وەسفی پەیمانی ساڵی ١٩٣٧ی کرد کە بەندەکانی هیچ پێشینەیەکی مێژوویان نییەو خوازیارە ڕەتی بکاتەوە،[157] ئیدی ئەم گوتەیەی شا هەوەڵ دەسپێشخەریی بوو سەبارەت بە چاوتێبڕینی ئێران لە ئاوی عێراقیدا،

[157] ابراهیم خلیل احمد، "التجاوزات الایرانیة علی العراق ١٩٥٨–١٩٨٠" في نخبة من الباحثين العراقيين، الصراع العراقي الفارسي،(بغداد، ١٩٨٣) ص ٢٧٢.

لەهەمان کاتیشدا هەڵمەتێکی دیپلۆماسیی و رۆژنامەوانیی دژ بە عێراق دەستپێکرد، هەروەتر ئێران هێزەکانی لەسەر سنووری عێراق لە باشووری رۆژاواو لە کەناری رۆژهەڵاتی رێژاوی عەرەبیدا، هەموو هێزە چەکدارەکانیشی خستە حاڵەتی ئامادەباشییەوەو تۆپخانەو تانکەکانیی لە کەناری رۆژهەڵاتی رێژاوی عەرەبیی و باکوورو باشووری شاری عەبادان جێگیرکردو پۆلگەلێك لە هێزە ئاسمانییەکانی رەوانەی بنکەی دزفۆڵ کرد، هەروەها هێزێکی سەربازیی گەورەی سێ فیرقەیی لە بەندەری مەحمەڕە گرد کردەوە،[158] لە هەلومەرجێکی ئەوهادا پەیوەندییەکانی عێراق – ئێران لە رێژاوی عەرەبیدا دژوارییەکی گەورەی بەخۆوە بینی و لە ئان و ساتدا بوو وەزعەکە بقڵیشێتەوە.[159]

لە ئایاری ١٩٥٩ حکومەتی ئێرانی پەنای بۆ مانۆڕێکی تر برد بە ئامانجی جێبەجێکردنی دڵبژۆکییەکانی لە رێژاوی عەرەبیدا، لە حەفتی هەمان مانگدا وەزیری کۆمیسێری ئێرانی لە بەغدا بە حکومەتی عێراقی راگەیاند کە وڵاتەکەی بەندەری خوسرەو ئاباد دەبەستێتەوە بە بەندەری مەحمەڕە، ئامانج لەم مانۆڕە وەدەستهێنانی بەندەرێکی تازە بوو لە کەناری بەندەری نێوبراو لە رێژاوی عەرەبیدا بە هەمان شێوەی ئەوەی ئێران لە پەیمانی ساڵی ١٩٣٧ وەدەستیهێنا لە رۆخی بەندەری عەبادان، لەبەرامبەردا حکومەتی عێراقی ئەو راگەیاندنەی ئێرانی رەتکردەوەو لە ٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٩دا بە حکومەتی ئێرانی راگەیاند کە خوسرەو ئاباد لە رووی دەریاییەوە ناکرێت ببێتە

[158] هەمان سەرچاوە، ل٣٧٢.

[159] النجار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٠.



بەندەرێکی دەریایی وێڕای نەشیاوبوونی لە رووی یاساییەوە چونکە گشت ئاوەکانی رێژاوی عەرەبیی بەدەستی عێراقەوەیە بە پێی رێکەوتن و پەیمانەکانی پێشووی تایبەت بە سنوورەوە جگە لە رووبەرێکی دیاریکراو لە نێزیك هەردوو بەندەری مەحمەڕەو عەبادان.[160]

لەبەرامبەر رەتکردنەوەی ئەو خواستەی ئێران لە لایەن عێراقەوە پێشێلکارییەکانی ئێران بۆسەر مافەکانی عێراق لە سەوەریی رێژاوی عەرەبیدا دەستپێکرد، کەشتیگەلەکانی ئێران بەراوەژووی رێنماییەکانیی بەندەری بەسرە دەجووڵانەوەو دەستی وەردەدایە ئاوی رێژاوی عەرەبیی بە ئاڕاستەی خوسرەو ئابادو کەشتییە جەنگییەکانی ئێران پاسیان دەکرد بە بێ گەڕانەوە بۆ رەزامەندی دەسەڵاتدارانی بەندەرەکانی عێراق و، بە بێ گەڕانەوەو هاوەڵیکردنی رێنیشاندەری عێراقی بە پێی بنەما کارپێکراوە دانپێدانراوەکان، هەروەتر پێشێلکارییەکانی سەر سنوور دەستیان پێکردەوە وەك لە پێش واژۆکردنی پەیمانی ١٩٣٧ روویدەدا، بانگەوازەکانی عێراقیش شکستیهێنا بە ئامانجی کۆتایی هێنان بە جیاوازییەکان لە رێگەی میکانیزمی ئاشتییانەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، ئەمیش لە رێگەی گەیاندنی کێشەکە بۆ بەردەم دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان یاخود دادگەی دادی نێودەوڵەتیی لە دانانی سنوورێك بۆ پێشێلکارییە بەردەوامەکانی ئێران،[161] هەروەها هەردوو لایەن نەگەیشتن بە

[160] هەمان سەرچاوە، ل ٣١٠-٣١١.

[161] هەمان سەرچاوە، ل ٣١٢-٣١٤.

ئەنجامێکی روون‌و ئاشکرا وێڕای ئەنجامدانی دانوستان لە نێوانیانداو لە چەندین بۆنەدا لە نێوان ساڵانی ١٩٦١ – ١٩٦٦و وێڕای ئەوەی هێندێك لە مەزنە بەرپرسانی عێراق سەردانی تارانیان کرد لە هەردوو ساڵی ١٩٦٧ – ١٩٦٨.

دوابەدوای شۆڕشی ١٧ – ٣٠ی تەموزی ١٩٦٨و گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات لە لایەن حیزبی بەعسی عەرەبییەوە، هەوڵێك درا بەمەبەستی ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ لایەنی ئێرانیدا بە ئامانجی یەکلاکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت، لەم پێناوەدا لە شوباتی ١٩٦٩ شاندێکی ئێرانی سەردانی بەغدایان کرد بەمەبەستی ئەنجامدانی دانوستان سەبارەت بەو جیاوازییانە، لایەنی عێراقی پرۆژەگەلێکیان پێشکەشکرد بە ئامانجی رێکخستنەوەی پەیوەندییەکان‌و چارەسەرکردنی جیاوازییەکانی نێوانیان، لە نێویشیاندا پرۆژەیەکی رێکەوتنی تێدابوو سەبارەت بە رێکخستنی کاروباری کەشتییەوانی لە رێژاوی عەرەبیداو دووبارە رێکخستنەوەی، لایەنی ئێرانیش پرۆژەیەکی تازەیان خستەروو سەبارەت بە پەیمانی سنوور تاکو جێگەی پەیمانەکەی ساڵی ١٩٣٧ بگرێتەوەو، لەگەڵ خستنەرووی پرۆتۆکۆلێکی پاشکۆ تێیدا هاتبوو بەرێوەبردنی رێژاوی عەرەبی‌و کەشتییەوانان بە هاوبەشی بێت لە نێوان عێراق‌و ئێراندا،[١٦٢] سرووشتییە شاندی عێراقی وەڵامی ئەو پرۆژەیەی ئێران نەدەنەوە ئیدی دانوستانەکانی نێوانیان بە بنبەست گەیشت، ئێران دووبارە دەستیکردەوە بە پێشێلکارییەکانی لە رێژاوی عەرەبیدا، وەختێکیش

[١٦٢] ابراهيم خليل احمد، "التجاوزات الايرانية علي العراق ١٩٥٨-١٩٨٠" ، ل ٣٧٩-٣٨٠.



عێراق هاواری لێهەستا جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران لە ئەنجومەنی پیرانی ئێرانی لە رۆژی ١٩ی نیسانی ١٩٦٩ پەیمانی ساڵی ١٩٣٧ی تاك لایەنانە رەتکردەوە،[١٦٣] لایەنی حکومەتی ئێرانیش کەوتە ئەنجامدانی گێچەڵکاریی لە نێویاندا گردکردنەوەی هێزی سەربازیی بە درێژایی سنووری هاوبەشی لەگەڵ عێراقدا بە تایبەت لە نێوچەی رێژاوی عەرەبیدا، کەشتیگەلەکانی ئێرانیش لە رێژاوی عەرەبیدا دەهاتن‌و دەچوون‌و کەشتییە جەنگییەکان‌و فرۆکە هێرشبەرەکان کە ئاڵای ئێرانیان بەرزکردبۆوە پاسەوانییان دەکردن،[١٦٤] بە بەراوەژووی یاساو رێسا دانپێدانراوەکان کە پێویست بوو عێراقییەکان رێنوێنییان بکەن‌و ئاڵای عێراقی بەرزبکەنەوە چونکە لە ئاوی عێراقدا دەهاتن‌و دەچوون، ئیدی پەیوەندییەکانی عێراق – ئێران تەنگژەی گەورەیان بەخۆوە بینی‌و مەترسی رووبەروو بووەنەوەی چەکداریی دروست بوو، عێراق لە رێگەی نوێنەری هەمیشەیی خۆیەوە لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی لە خەتەرناکیی رەوشی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت ئاگادارکردەوە.[١٦٥]

بەمشێوەیە کێشەو دژواریی لە پەیوەندییەکانی عێراق – ئێراندا بۆ چەندین ساڵان بەردەوام بوو بە هۆی وازنەهێنانی ئێران لە گێچەڵکارییەکانیی دژ بە سەروەریی عێراق‌و، پێشێلکارییەکانی ئێرانیش لە رێژاوی عەرەبیدا بەردەوام بوو، هەروەتر ئێران دەستی وەردەدایە کاروباری نێوخۆی عێراق لە رێگەی پشتگیریکردنی جووڵانەوە سیاسیی‌و چەکدارییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتی عێراقی، فاکتەرانێکی تریش لە گۆڕێدابوون سەبارەت بەو ناسەقامگیرییانە لە پەیوەندییەکانی هەردوو

[163] بۆ زیاتر: الراوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨٣-٤٨٥.

[164] عباس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

[165] الراوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨٥.

**دەوڵەتدا، لەوانە هەڵوێستی توندی عێراق لەمەڕ سیاسەتی پاوانخوازیی ئێران لە کەنداوی عەرەبیداو ئیدی بە هۆی داگیرکردنی هەر سێ دورگە عەرەبییەکە لە لایەن ئێرانەوە عێراق هەستا بە پچڕینی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیی لەگەڵ ئێراندا لە کۆتایی ساڵی ١٩٧١، هەروەها عێراق بە شەریکی لەگەڵ جەزایرو لیبیاو یەمەنی باشوور شکاتنامەیان گەیاندە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی دژ بەو پرۆسەی داگیرکارییە،[١٦٦] فاکتەرێکی تری ئاڵۆزوباڵۆز بوونی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق‌و ئێران دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی عێراق دژ بە پرۆژەگەلی چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستینی، ئیدی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەهەمبەر هەڵوێستی عێراق دنەی ئێرانی دەدا تاکو هەستێت بە هەڵایساندنی کێشە لەسەر سنووری خۆی لەگەڵ عێراقدا بە پێکداهەڵبژانەکانی سەر سنووریشەوە لە ساڵی ١٩٧٤.[١٦٧]**

**لە سەروبەندی بەستنی کۆنگرە لوتکەی دەوڵەتانی ئەندام لە رێکخراوی ئۆپیك لە جەزایرو لە ئاداری ١٩٧٥ سەرۆکی کۆچکردوو هواری بۆمیدیەن پرۆژەیەکی پێشکەشکرد سەبارەت بە چارەسەرکردنی جیاوازییەکانی عێراق – ئێران، لە رێگەی دانوستانی راستەوخۆ لە نێوان سەدام حوسێن‌و "ئەوکات جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی**

[166] مراد، "الاطماع الايرانية"، ل ٢٢١–٢٢٢.

[167] محەمەد حەسەنێن هەیکەل دەڵێت کە عێراق لە شوباتی ١٩٧٤دا کەللەڕەقییەکی زۆری لە هەمبەر هەوڵەکانی ئەمەرکیی بۆ مۆرکردنی رێکەوتننامەی لە یەکتر جیاکردنەوەی هێزەکانی میسرو ئیسرائیل لە پاش جەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ پێشاندا. کەیسنجەر وەفدی میسریی دانوسانەکانی لەوە دڵنیاکردەوە کە پێویست بە دڵەڕاوکێ ناکات " چونکە شا کاری عێراق دەگرێتە ئەستۆ" هەربۆیە کەیسنجەر نامەیەکی بە هەمان مەبەست بۆ شا نارد. پاش چەند رۆژێك ئاژانسەکانی هەواڵ هەواڵی روودانی پێکهەڵپرژاندنی سنوورییان لەنێوان عێراق‌و ئێران بڵاوکردەوە. بڕوانە: محمد حسنين هيكل، مدافع آيةالله (بيروت– ١٩٨١) ص ١٣٧.



**سەرکردایەتی شۆڕش بوو" شای ئێرانداو بە ئامادەبوونی سەرۆکی جەزایر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥، بە پێی بنەمای هاوسێیەتی باش‌و جێبەجێکردنی بنەماکانی یەکێتیی خاکی نیشتیمان‌و حەرامبوونی سنوور لە هەردوو دەوڵەت‌و دەستوەرنەدانە کاروباری نێوخۆی یەکتری، سەرەنجام گەیشتن بە رێکەوتنێك بەمشێوەیەی خوارێرا:**

**١. ئەنجامدانی پلانی کۆتایی بۆ سنوورە وشکانییەکانی نێوانیان بە پێی پرۆتۆکۆلی ئەستانەی ساڵی ١٩١٣و کۆنووسی لێژنەی دیاریکردنی سنوور لە ساڵی ١٩١٤.**

**٢. دیاریکردنی سنوورە ئاوییەکانی نێوانیان بە پێی پلانی تالوك.**

**٣. هەردوو لایەن کاربکەن لە پێناو گێڕانەوەی ئاسایش‌و متمانە بۆ یەکتری‌و بە درێژایی سنووری هاوبەشی هەردوو دەوڵەت، هەروەها کاربکەن لەسەر چاودێریکردن سنووری هاوبەشی نێوانیان بە ئامانجی دانانی سنوورێکی کۆتایی بۆ هەر دزەکردنێکی بە مۆرك تێکدەرانە.**

**٤. هەردوو لایەن رێکەوتن لەسەر ئەو ئامادەکارییانەی سەرێرا بە مەبەستی چارەسەرکردنی گشتگیری کێشەکانی نێوانیان، هەروەتر هەردوو لایەن سووربن لەسەر پاراستنی رۆحی رێکەوتنی جەزایرو بەردەوام پێوەندی بکەن بە سەرۆکی جەزایر بۆمیدیەن کە لە کاتی پێویستدا کۆمەکی برایانەیان دەکات لە پێناو جێبەجێکردنی بڕیارەکان.**

**بەمشێوەیە هەردوو لایەن بڕیاریاندا دۆستایەتی‌و هاوسێیەتی باش بگێڕنەوە بۆ دۆخی جاران، هەروەها بە فەرمی رایانگەیاند کە دژ بە هەر دەستێوەردانێکی دەرەکین لە نێوچەکەدا، لە ١٥ی ئاداری ١٩٧٥ لە تاران وەزیرانی دەرەوەی عێراق‌و ئێران‌و جەزایر کۆبوونەوەو**

گەیشتن بە ڕێکەوتنێك لەسەر پێکهێنانی سێ لێژنەی فەرعیی، هەوەڵ لێژنە هەستێت بە پلانی سنووری وشکانیی بە پێی پڕۆتۆکۆلی ئەستانەی ساڵی ١٩١٣و کۆنووسی دانیشتنەکانی لێژنەی دیاریکردنی سنوور لە ساڵی ١٩١٤، دووەم لێژنەش هەستێت بە دیاریکردنی سنووری ئاویی نێوان هەردوو دەوڵەت لەسەر بنەمای پلانی تالوك، سێیەم لێژنەش هەستێت بە ئەرکی چاودێریکردنی سنوورو بەرگرتن لە دزەکردن و کاری تێرۆریستیی،[168] لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥ لە بەغدا پەیمانی سنوورو هاوسێیەتی باش و هەر سێ پڕۆتۆکۆلی پاشکۆی سێ لێژنەکە واژۆکران، لە ٢٦ی کانونی یەکەمی ١٩٧٥ ڕستێك ڕێکەوتن هاتنە واژۆکردن ئەوانیش، ڕێکەوتنی قۆمسێری سنوور، ڕێکەوتنی قەواعیدی کەشتییەوانی لە ڕێژاوی عەرەبیداو، ڕێکەوتنی وەبەرهێنانی ئاوی سنووریی و، ڕێکەوتنێك سەبارەت بە چاودێریکردن و، دوو پەیامیش سەبارەت بە پێکهێنانی لێژنەیەکی تایبەت بە ئامانجی دانانی سیستمی کەشتییەوانی لە ڕێژاوی عەرەبیداو، کۆنووسێکی هاوبەش بە مەبەستی داڕشتنی لیستێکی کۆتایی لەمەڕ پرسگەل و خواستە بەرابەرەکان، دواجار هەردوو لایەن گەیشتن بە دانانی سیستمی کەشتییەوانی لە ڕێژاوی عەرەبیداو نووسینگەی هاریکاریی هاوبەش کۆبوونەوەی خۆی سازدەدا، نووسینگەی هاریکاریی هاوبەش بریتی بوو لەو دەستەیەی کە ئەرکی ڕاییکردن و بەڕێوەبردنی لە بەشی هاوبەشی ڕێژاوی عەرەبیدا گرتبووە ئەستۆ، بۆ هەوەڵجار لە نووسینگەی کاتیی لە بەسرە لە ڕۆژی ٦ی

[168] الراوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١٤-١٦ ،. مجموعة مؤلفین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٨-٣٨٩.



تشرینی دووەمی ١٩٧٦، بەهەرحاڵ گۆڕانکارییە نێوخۆییەکانی ئێران لە سەروبەندی ساڵانی ١٩٧٧ – ١٩٧٨و کەوتنی شا لە ساڵی ١٩٧٩ بووە مایەی وەستاندنی جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەی جەزایر،دواتر لە کن گشت لایەك زانراوە عێراق لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٨٠ بە ناچاریی ڕێکەوتنەکەی ڕەتکردەوە.[١٦٩]

[169] سەبارەت بە پەرەسەندی پەیوەندییەکانی عێراق-ئێران لە دوای ڕووخاندنی شاوە ، هەروەها ئەو هۆکارانەی بوونە ڕەتکردنەوەی ڕێکەوتننامەکەو پێشێلکردنەکانی ئێران کە بووە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگی عێراق-ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨)، دەتوانرێت بڕوانرێتە ژمارەیەکی زۆر لە نووسین و کۆڵینەوە کە لە وەزارەتی دەرەوەو وەزارەتی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن بڵاوکراونەتەوە، هەروەها ئەو گوتارو کۆنگرە ڕۆژنامەوانیانەی سەرکردەو بەرپرسە عێراقییەکان لە ساڵی ١٩٨٠و دواتریش. لێرەدا بەتایبەت ئاماژە بۆ گوتارەکانی سەرۆك کۆمار فەرماندە سەدام حسێن لە ئەنجومەنی نیشتمانیی لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٨٠دا دەدەین، هەروەها ئەو کتێبەی لە ساڵی ١٩٨٠دا بە ناونیشانی "سنووری عێراق- ئێران" لە وەزارەتی دەرەوە دەرچووە.

# بەشی پێنجەم

## هۆکارەکانی رووخاندنی رژێمی پاشایەتیی پەهلەویی و
## هاتنەسەرکاری رژێمی کۆماری ئیسلامیی لە ئێران

" تەنیا عەیبی شا ئەوەیە زیاد لە پێویست بۆ میللەتەکەی خۆی باشە، هـزرو بۆچوونەکانی لەوە مەزنترن کە بتوانین درکیان پێ بکەین" وەزیری دەربار

## هۆکارەکانی ڕووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی لەئێران

دەتوانرێت پەرەگرتنی نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دژی ستەمو زۆرداریی ڕژێمی شاهەنشاهیی و تەقینەوەی ڕاپەڕین و بەردەوامبوونی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی سەرتاسەریی وڵات، بەگرنگترین ڕووداوەکانی وەخت لەسەرەتای دوا چارەکی سەدەی بیستەمدا دابنرێت و بەگەشترین لاپەڕە لە خەباتی ئازادییخوازانەی گەلانی ئێران دژی ئیستبداد بدرێتە قەڵەم، ڕووداوێکی وا کە بە درێژایی مێژووی سەدەی بیستەمی ئێران جگە لە بزاڤی مەشرووتەخوازیی(١٩٠٥-١٩١١) و قۆناغی حوکمڕانییەتی دکتۆر موسەددەق(١٩٥٢-١٩٥٣)، هاوتایەکی دیکەی بەخۆوەنەدیوە، بگرە دوایین ڕووداوییان کە هێزی سەرەکیی لە ڕاپەڕینی درێژخایەن و قۆناغ بە قۆناغی جەماوەری شارەکانەوە وەردەگرت و بە ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆریی شاهەنشاهیی ٢٥٠٠ساڵەی ئێران کۆتاییهات، دەتوانرێت لە زۆر ڕووەوە لەڕووداوەکانی پێش خۆی بەرزتر بنرخێنرێت. ڕووداوێك کەیاسایەکی تری لەزانستی سیاسەتدا چەسپاند ئەویش ئەوەیە کە هیچ ڕژێمێك چەندە بەهێزو بەتواناو دەوڵەمەندبێت، چەندە خاوەن لەشکرێکی زەبەلاح و دەزگای داپڵۆسێنەری پەرداخت بێت ناتوانێت بێ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ڕاستەقینەی جەماوەرو چین و توێژەکانی گەل هەتاسەر پایەداربێت.

دیارە ڕووداوێکی بەو گرنگیی و چاوەڕوان نەکراوییە،[1] لەڕۆژهەڵاتی

[1] شایەنی باسە مامۆستا محمد تۆفیق وردی پێش ٧ ساڵ لەروخاندنی ڕژێم نووسیویە "کۆنەپەرستیی ئێرانیی خەریکە بەدەستی خۆی قەبری خۆی هەڵدەکەنێ و بەم زووانە ئەوانە تووڕ



ناوەڕاستدا تاڕادەیەکی زۆر لەلایەن مێژوونوسان و بایەخدارانەوە لێکۆڵراوەتەوەو هەوڵدراوە فاکتەرە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی، فاکتەرە سیاسیی و ئابووریی وکۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییەکانی، بگرە باری دەورنیی و شەخسیی خودی محەمەد ڕەزا پەهلەوییش شیبکرێتەوەو بخرێنە بەرچاو، کەئێمەلێرەدا پەیوستی نازانین بەقووڵیی باس لەتەواوی ئەو فاکتەرانە بکەین و بە وردی لەبیروڕای ئەو نووسەرو بایەخدارانە بکۆڵینەوە بەڵکو تەنها بۆ زانین و ڕوونکردنەوەی ڕووەکانی مەسەلەکە هەوڵ دەدەین ئەو فاکتەرانە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:-

١- ئاشکرایە کەڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی ڕژێمێکی دیکتاتۆریی ناسیۆنالیستیی تۆتالیتێر بوو بەجۆرێك شوێنێکی بۆ ئازادییە سیاسیی و دیموکراتییەکان لەئێراندا نەهێشتبووەوە، محەمەد ڕەزاشا لەدوای کودەتای ١٩ی ئوتی ١٩٥٢وە بەدرێژاییی ٢٥ساڵ بەچاولێکەریی باوکی وەك دیکتاتۆرێکی کەم وێنەو بەپشت بەستن بەسوپایەکی پەرداخت و هێزە جاسوسیی و سەرکوتکەرەکانی کورسی دەسەڵاتی بۆخۆی مسۆگەرکردبوو، جگەلەخۆی کەس مافی دەستتێوەردانی کاروباری (شهرەبانی، ژاندارمەری، ساواك*، ئەرتەشی) نەبوو، بەئارەزووی خۆی و بێ لێپرسینەوە دەستی

دەدرێنە زبڵدانی مێژوو، بەو دەردە دەچن کەپێشتر شەهەنشاو ئیمبراتۆرییە کۆنەپەرستەکانی دی گەیونێ) بڕوانە: وردی، محمد تؤفیق، قافلة شهداء الأکراد والشعوب الایرانیة، مطبعة اللواء، بغداد، ١٩٧٢، ص١٣.

* ساواك، کورتکراوەی (سازمان اطلاعات وأمنیت کشور / ڕێکخراوی هەواڵ کۆکردنەوەو ئاسایشی دەوڵەت)ە، ئەو دەزگایەی بەهاوکاریی دەزگا جاسوسییەکانی ئەمەریکاو ئینگلیز و ئیسرائیل لەسەرەتای ساڵی (١٩٥٧)دا دامەزرێنراو لەچەند بەشی جیاواز پێکهاتبوو، ئامانجی سەرەکییان کۆکردنەوەی هەواڵ و ڕاوەدونانی حیزب و گروپ و ڕێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکان و دوژمنەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری پەهلەویی و شەخسی محەمەد ڕەزاشا بوو، شایەنی باسە ساواك وەك دەزگایەکی جاسوسیی جگە لەوەی لە ئیمکانییاتێکی مادی بەرفراوانی لەبەردەستدابوو نوێترین و ئامێرو شێوزای کۆنترۆڵ و سەرکوت و ئەشکەنجەی لەخزمەتدابوون، دەزگای ساواك بە هەزاران کارمەندو

جاسوسی هەبوون. لەناو ئەرتەش، لە دەزگا بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکومەت، بازاڕ، ڕۆژنامەکان، لە ئوتێلەکان، لە پۆست و تەلەگراف، تەنانەت لەنێو گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانیش لەناو ئێران و لەدەرەوەی ئێراندا هەبوو، کارمەندانی ئەم دەزگایە بەمەبەستی دەمکوتکردنی دوژمنانی رژێمی دیکتاتۆرییو سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن لەهیچ تاوانێك نەدەپرینگانەوە.



**لەتەواوی کاروبارەکانی سیاسەتی ناوەوەو دەرەوەی وڵات دەداو خۆی بەسێبەری خودا دەزانی بێئەوەی لەبەر دەم هیچ کەسو یاسایەکدا بەرپرسیاربێت. لەئێرانی شاهەنشاهیدا دەرفەتێك بۆ ژیانی پلوڕاڵیی سیاسیی و فرە حیزبییدا نەبوو ، ئازادی هەڵبژاردنو چاپەمەنیی نەدەبوایە قسەی لێبکرێت، ئەو یەك دوو حیزبە کارتۆنییەش کە بەناوی (مردم، ملیون، ایران نوین) دامەزرابوون زۆری نەخایەند لەساڵی ١٩٧٥دا شوێنیان بۆ سیستمی تاقەحیزبیی بەناوی (حیزب رستاخیز/ پارتی رابوون) چۆڵکرد، ئەو حیزبەی کە بەزۆر خەڵکیان ناچار دەکرد ببنە ئەندامی، هەربۆیە بەپێی نووسینی ساواك لەماوەی چەند مانگێکدا ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتە ( ٢٠) ملێۆن کەس، کەچی دوای ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی ساڵی ١٩٧٩ لەشەوو ڕۆژێکدا ئەندامێکی نەمایەوە.[١]**

**لەئێرانی شاهنشاهیدا کەمترین نارەزایی بەتووندترین شێواز سەرکوتدەکرا، زیندانەکانی قەسری قاجار، قزڵ قەڵا، فەلەك لئەفلاك،برازجان وعادل ئاوای شیراز بەهێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی وەك حیزبی تودە[٢]، جەبهەی**

---

[1] ارتشبد حسین فردوست ، ظهور وسقوط سلطنت پهلوی ، جلد أول چاپ دوم ، تهران ، ١٣٧٠ش، ل ٤٨٣– ٤٨٤.

[2] حیزبی تودە کە لە ئکتۆبەری ١٩٤١ دا لە لایەن ژمارەیەك ڕۆشنبیرانی‌مارکسی و رابەرانی سەندیکایی وەك (رچا روستە ، أبو قاسم أسدی ، أیرج أسکندری ، دکتور محمد بهرامی، مرتچی یەزدی ، رچا رادمنیش ، بیشەوەری، سلگان زادە) ە دامەزرێندرا مەزنترین حیزبی سیاسی جەماوەریی بوو لە قۆناغی مێژوویی ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانییدا، کە زۆربەی ئەندامانی لە کرێکاران و خوێندکاران و جووتیاران و توێژە مام ناوەندییەکانی کۆمەڵگای ئێران پێکدەهات، ئامانجەکانی ئەم حیزبە لەم قۆناغەی دا چەسپاندنی دیموکراتییە لیبراڵییەکان ، پتەوکردنی سەربەخۆیی سیاسیی و ئابووریی ئێران، دانانی یاسای کار و گرانتی کۆمەڵایەتیی، پاکسازیی دەستگاکانی حکومەت لە فاشستیخوازەکان و پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ بەرەی دیموکراتیك بوو. رۆژنامەکانی (مردم/ خەڵك ، سیاست،رهبر،) زمان حاڵی حیزب بوو، لە زۆربەی شارەکانی ئێران لق و پێگەی جەماوەریی هەبووە ، ئەم حیزبە بە هۆی نەبوونی هەڵویستی شۆرشگێرانەیان لە بەرامبەر کێشەی نەتەوەکان بەتایبەتی کێشەی کورد ، هەروەها بە هۆی ئەو پەیوەندییە وابەستەییەی کە بە

میللیی، حیزبی دیموکراتی کوردستان، چریکه فیداییەکان[٣]، موجاهدین[٤]

شورەوییەوە هەیانبوو ، پێگەیەکی جەماوەری ئەو تۆی  لە کوردستاندا نەبووە و هەمیشە بە چاوی گومانەوە لە لایەن خەڵکەوە تەماشا کراوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە باشووری کوردستان بە تایبەتی شاری کرماشان ئەندام و لایەنگری زۆریان لەو قۆناغەدا هەبووەو دواتریش حزبی دیموکراتی کوردستان پاش رووخاندنی کۆمار، خراپ کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەم حیزبە کە رۆڵێکی نەرێیی لە خەباتی نەتەوایەتیی کوردا هەبوو. بۆ زیاتر:
د.یاسین سەردەشتی، هەڵوێستی حیزبی تودە لە حاست کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران (١٩٤١–١٩٨٣) ، سلێمانی ، ٢٠٠٥.

3 ئەم ڕێکخراوە لە ئەنجامی یەکگرتنی دوو گروپ پێکهاتن، گروپی یەکەمیان ژمارەیەك لایەنگروو ئەندامی حیزبی تودە بوون کە پاش جیا بوونەوە لەو حیزبە بەڕابەری (بیژەنی جەزنی) لە ساڵی ١٩٦٣ دا مەوجودییەتی خۆیان ڕاگەیاند، گروپی دووەمیش کۆمەڵێك لاوی مارکسیست بوون بەڕابەری (مەسعودی ئەحمەد زادە)، ئەم ریکخراوە بە پەیرەوی کردن لە ئایدۆلۆژیایی مارکسیسم _ لێنینیسم و سەربەخۆلە بلۆکی جیهانیکۆمۆنیزم کەوتنە کار ، بیٚ ئەوەی ڕابەرایەتی یەکێتی شورەویان قبولٚ بێت، بەڵکو زیاتر پەیڕەوییان لە چین و ڕێبازی ماویزم دەکرد، گرنگترین کاری ئەم ریکخراوە دژی ڕژێمی شاهەنشاهی پەلاماری چەکدارەکانی پاسگای (سیاهکل) ە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٠ دا بە سەرپەرشتی (عەلی ئەکبەری سەفائیی)، پاش ئەم چالاکییە و ناسینی ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە لە لایەن ساواکەوە ، ڕژێم پەلامارێکی توندی کردنە سەرو بەشێکی زۆری ڕێبەرایەتیی و ئەندامەکانی کوشتن و باقی تریشی بۆزیندانەکان راپێچ کردن . بڕوانە: دکتر سید جلال الدین مدنی ، تأریخ سیاسی معاصر ایران ، جلد أول ، دفتر انتشارات اسلامی ، قم ١٣٦١ ، ص ١٤٥_١٤٧

4 ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٦٦ لە لایەن (محەمەد حەنیف نەژاد، عەلی ئەسغەربەدیع زادەگان، سەعدی موحسنی) کە خوێندنی زانکۆیان تەواو کردبوو دامەزرێنرا، ئەحمەدی ڕەزایی یەکێك لەو ئەندامانەی ڕێکخراوەکە بوو کە بۆیەکەم جار لایەنی ئایدۆلۆژی ڕێکخراوەی داڕشت و کتێبێکی بە ناوی (نهضت حسینی) دانا کەتێیدا ئامانجی ئیسلامی لە قاڵبی خەبات دژی سەرمایەداری و دژی ئیمپریالیستی دا داڕشت لە ڕاستیدا لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە ڕێکخراوی موجاهدین تێکەڵەیەکی سەیربوو لەبیری چەپی ئیسلامی، ناسیونالیستی پەڕگیر بە مارکسیستی مائویسی سواغ درابوو، موجاهدین بە پێی ئایەتی (( الذین جاهدوا هینا لنهدینهم سبلنا )) کەوتنە کار و ساڵی ١٩٦٩ پەنجا ئەندامیان لە سێبواری ئایدۆلۆژی _ سیاسی _چەکداری کاری دەکرد و کەوتنە خۆ ڕێکخستن و لە ساڵی ١٩٧٥ مەوجودییەتی خۆیان ڕاگەیاند، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم و بیٚ ئەوەی فیشەکێك بتەقێنن تەواوی ئەندامانی ڕێبەرایتیەکەی لەلایەن ساواکەوە خرانە دواوە ، جگە لە (مەسعودی



وگروپە چەپ و مارکسیستەکان سیخناخ بوون،بەپێی دانپیانانی خودی شا، لە ساڵی١٩٧٠ دا، ٣٠٠٠ گیراوی سیاسیی هەبووە.[٥] لەکاتێکدا هێندێك سەرچاوەبە (٥٠–١٠٠) هەزاریان قەبلاٌندووە.[٦] زیندانیی سیاسیی جگەلەوەی لەمافی پارێزەرگرتن ورەخنە گرتن لە حوکمەکەی بیٚ بەش بوو، خاوەنی چ مافیکی ئینسانیی نەبوو، بەنوێترین ئامێرو شێوازی شکەنجە ئازار دەدران. هەروەها لەنێوان ساڵانی ١٩٧٢–١٩٧٧دا زیاتر لە ٤٠٠ کەس پاش دادگاییکردنێکی سەرپێی سەربازیی گوللەباران کراون، تیرۆرکردنی کەسایەتییە ئازادیخوازەکانی دژ بەڕژێم لەناوەوەو دەرەوەی ئێران ئەرکێکی سەرەکیی ڕێخراوی ساواك بوو، لەم ڕووەوە لیژنەی نێودەوڵەتی مافپەروەران لە جنێڤ لە ڕاپۆرتێکیدا ساڵی ١٩٧٦بلاٌویکردەوە "ژمارەیەك بەڵگە دەیسەلمێنن کەئێران شێوازی نابەجێی بۆ شکەنجەی لاشەیی و دەروونیی بەکاردێنێت."[٧] هەروەها ڕێکخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتیی ئاشکرای کرد، کەهیچ ولاٌتێکی جیهان هێندەی ئێران پێشینەیەکی خراپی لەبواری پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا نییە.[٨] هەربۆیە ئاسایی دێتە بەرچاو کەدروشمەکانی( ئازادیی، دیموکراتیی و بەردانی گیراوە سیاسییەکان) لەپێشەوەی ئەودروشمانەدابوو کە بە درێژایی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٧٨ لەلایەن هەزار کەسەوە بەرزدەکرایەوە.

ڕەجەوی) هەموویان گوللە باران کران .بۆ زیاتر :علی حقجو، تحلیلی بیطرفانة از: سازمان مجاهدین خلق ایران، انتشارات روج، مرکز پخشن ناصرخسرو، ب.ج، ب.ت.

5 مارگ ج گازیورسکی ، سیاست خارجی أمریکا وشاه . بنای دولت دست نیشانده در ایران ، ترجمه : فریدون فاطمی ، چاپ أول ، سعدی ، نشر مرکز ، تهران ،١٣٧١، ل٢٦٥.

6 ریتشارد دبلیو گوتام ، القومیة فی ایران ، ترجمة : فاضل الخفاجی ، مراجعة : الدکتور علی محمد المیاح . بغداد ، ١٩٧٨، ل٤٧٠.

7 أدور سابلیه ، ایران مستودع البارود ، ترجمة عبدالمنعم حسنین ، القاهرة ، ١٩٥٨ ،ل ٥٥.

8 مارگ ج گازیورسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

٢- دەتوانرێت سیاسەتی نازانستییانەی ئابووریی ڕژێمی شاهەنشاهیی و چۆنێتی بەڕێوەچوونی ئەو سیاسەتە بە یەکێك لە گرنگترین فاکتەرەکانی شۆڕش و ڕوخاندنی ئەوڕژێمە لەئێراندا بدرێتە قەڵەم، ئاساییە کە مەسەلەی ریفۆرمی زەوی و شۆڕشی سپی شا بۆماوەیەکی کورت خایەن ڕۆڵیان لەهێورکردنەوەو خاوکردنەوەی بارودۆخە گرژەکەی کۆمەڵگای ئێرانییدا بینی، بەڵام چونکە لە سایەی سیستمێکی ئازادو دادپەروەر بەڕێوە نەچوو، چونکە بەسەقەتیی جێبەجێکراو لەدەرەوەی بایەخدان بە دادی کۆمەڵایەتیی و بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیی ئاسایی و سادەی گوندەکان سەپێندرا، ئاکامەکەشی فرە نالەبار بوو ، هەربۆیە لێرەدا پێویستە بەکورتیی ئاراستەی ئەو (ریفۆرم و ئیسلاحاتەی) شا بخرێتە بەرچاو.

ئاشکرایە دوای ئەوەی لە یەنایەری ساڵی (١٩٦١)دا دیموکراتەکان توانیان دەسەڵاتی سیاسیی لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا بگرنەدەست، کاربەدەستانی کۆشکی سپی سیاسەتێکی نوێیان بەسەر رژێمە وابەستەکانیان لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا سەپاند کە خۆی لەپیادەکردنی زنجیرەیەك ڕیفۆرمی سیاسیی - ئابووریی - کۆمەڵایەتیی دەبینییەوە بەمەبەستی رزگارکردنی ئەو رژێمانە لە بنبەستی سیاسیی و پێشگیرییکردن لە ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش لەو وڵاتانەدا. شایەنی باسە، ئەو سیاسەتە لەپێشدا لەهەندێك لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی وەك (بەرازیل، ئەرجەنتین و مەکسیك) پیادەکرا، دواتر پاش ئەوەی محەمەد ڕەزاشا لە ئەپرڵیی ساڵی (١٩٦١)دا سەردانی ئەمەریکای کرد، جۆن کەنەدی سەرۆکی ئەمەریکا جگە لەوەی مەسەلەی بەردەوام بوونی هاوکارییە ئابووریی و سەربازییەکانی ئەمەریکای بۆ ئێران دووپاتکردەوە، هەوڵی دا ئەو مەسەلەیەش لە شای ئێران بگەیەنێت کە پێویستە لە ئێرانیشدا زنجیرەیەك ریفۆرم لە بوارە جیاجیاکانی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا ئەنجام بدرێت



بۆ ئەوەی رژێمی شاهەنشاهیی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا بۆ خۆی مسۆگەر بکات و بتوانێت بەرامبەر هێرشە ڕاگەیاندنەکانی کۆمۆنیزمی جیهانی خۆڕاگرێت.

بەم چەشنە ئێران هەر لەسەرەتای ساڵی (١٩٦٣)وە بەرو قۆناغێکی گرنگ و خەتەرناك هەنگاوی نا کە خۆی لەپیادەکردنی پرۆسەی پەرەپێدانێکی ئاڵۆز دەبینێتەوە کە تیایدا دەوڵەت ڕۆڵێکی گەورەو کاریگەری لە گۆڕین و دیاریکردنی شێوازی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگادا یاری کرد، ئەو پرۆسەیەی کە لە ئەدەبیاتی ئێرانی شاهەنشاهییدا بەناوی (شۆڕی سپی یاخود شۆڕی شاو گەل) ناودەبرێت و مەسەلەی ڕیفۆرمی زەوی سەرەکیترین بەشی پێکدەهێنێت، ئەو ڕیفۆرمەی کە لە سێ قۆناغی جیاوازو لە چەند بڕیارێکی دژبەیەکدا لە چەند هەرێمێکی ئێراندا بەڕێوەچوو، کە ئاکامەکەشی بە هەڵوەشاندنەوەی سیستمی کۆنی پەیوەندییەکانی کشتوکاڵیی نێوان موڵکدارو جووتیار کۆتاییهات، بێ ئەوەی سستمێکی تۆکمەو گونجاوی نوێ شوێنی بگرێتەوە.[9]

لەڕاستیدا پیادەکردنی ڕیفۆرمی زەوی کە بەشێکی گەورەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی رژێمی شاهەنشاهیی لە ئێراندا بۆ ماوەیەکی درێژ دەهۆڵیان بۆ دەکوتا، دوو مەبەستی سەرەکی هەبوون:

یەکەم: مەبەستێکی سیاسیی - کۆمەڵایەتیی کە خۆی لەپەرتکردنی تواناو هێزی موڵکدارەکانی لادێ و ڕاکێشانی سەرنجی جووتیاران و بنیاتنانی چینێکی ناوەندیی کۆمەڵایەتیی لە گوندەکاندا، بۆ بەربەستکردنی ئەگەری راپەڕینێکی جووتیارانە لە دێهاتەکانی ئێراندا دەدیتەوە.

9 بۆ زیاتر:
پور أفضل، حسن و نجفی، بهاءالدین، اصلاحات ارضی واحدهای دسته جمعی تولیدی کشاورزی، چاپ أول، انتشارات دانشگاهی شیراز، آبان ١٣٥١.

دووەم: مەبەستێکی ئابووریی، کە خۆی لە پەرەپێدانی کشتوکاڵی بازرگانیی و بەستنەوەی ئەم بەشە گرنگەی ئابووریی بە بازاڕی نیشتمانییەوە دەبینییەوە، ئەو بازاڕەی کە بەشێك بوو لە دەزگاکانی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی نوێ لە ئێرانداو جێی بە سیستمی دەرەبەگایەتیی لەق کرد.

شایەنی باسە لەم ڕووەوە پێویستە ئاماژە بە ڕاستیە بکرێت کە وێڕای ئەوەی محەمەد ڕەزاشا لە زۆربەی چاوپێکەوتن و کۆڕو کۆبوونەوەو وتارەکانیدا ئەو قسەیەی چەند بارەدەکردەوە، کە پرۆسەی کاپیتالیزەکردن و مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگای ئێرانی لەسەر بنچینەکانی شۆڕی سپی، ئێران بەرەو (تمدن / بزرگ شارستانییەتی مەزن) دەبات و دەیکاتە پێنجەمین هێزی سیاسیو ئابوری لە جیهاندا. کەچی ئاکامەکانی هەوڵی چەند ساڵەی سەراپا ڕیفۆرم و شۆڕشە سپییە کە دروست پێچەوانەی بەڵێن و ڕاگەیاندنەکانی شا کەوتنەوەو قەیرانێکی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی مەزنیان بۆ ئێران هێنایە گۆڕێ، کە مەترسییدارترین دیاردەکانی: دابەزینی چاوەڕواننەکراوی بەرهەمی وەرزێریی، تێکچوون و وێران بوونی گوندە کشتوکاڵییەکان، ورووژمی جووتیارانی بێ زەوی لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان، هەڵتۆقینی خێرای شارەکان و لاوازیی ئاستی گوزەرانی دانیشتوان، کەوتنەوەی گرانیی و برسێتیی و بێکاریی، شڵەقاندنی چینە کۆمەڵایەتیەکان و بنیاتنانی ئابورییەکی لاوازی سەرمایەداریی لەسەر دارو پەردوی پەیوەندییە نیمچە دەرەبەگییەکان کە نەئەوەبوو پشت بە کشتوکاڵ ببەستێت، و نە بە ئابوریەکی پیشەسازی تۆکمە، ئاکامێکی سەختی وا کە جگە لەهێنانە کایەی توێژێکی سەرمایەداریی مشەخۆرو وابەستە بە ڕژێم، و جگە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیا بازرگانییەکانی بێگانەو کارگە چەك



بەرهەمهێنرەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا قازانجی بەرچاوی گەلانی ئێران و کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی وڵاتی تێدا بەدی نەدەکرا.[١٠]

فرودست کە مەسەلەی پیادەکردنی ڕیفۆرمی زەوی لەلایەن رژێمی شاهەنشاهی پەهلەوییەوە بە سیاسەتێکی خەتەرناك لەسەر پایەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لەقەڵەم دەدات، لەم ڕووەوە نوسیویە "ریفۆرمی زەوی زیانێکی ماددیی ئەوتۆی بە بەرژەوەندی موڵکدارە گەورەکان نەگەیاند، ئەوانە لە زۆر ڕێگاوە توانیان موڵکەکانیان بپارێزن و لەدەستی خۆیاندا بیهێڵنەوە، لەڕاستید ریفۆرمی زەوی بووە هۆی پەیدابوونی دەستەیەك موڵکداری نوێ پاش ئەوەی زەوی (مەوات)یان بۆ خۆیان کڕییەوە، لەئەنجامی پیادەکردنی بەرنامەی ریفۆرمدا، جۆگاکان وشکیان کرد، گوندەکان بەجۆرێك دابەشکران ڕوویان لە خراپی کرد، ڕەعییەت بە توانای کەم و زەوی بچووك، نەیدەتوانی کاربکات و بەرهەم بهێنێت، جگە لەوەی ئەمانە لە پارێزگاریی موڵکدارەکانیش بێ بەهرە بوون، شایەنی باسە لەگەڵ قووڵ بوونەوەی هەژاریی لە گوندەکاندا پرۆژەی مەزنی دەوڵەتی لە شارەکانی بە دۆلاری نەوت دەستیپێکردو ئەوانەی بۆ خۆی ڕاکێشا، حاڵەتێکی وا بێگومان لە قازانجی ئەمەریکییەکان کۆتایهات، ئەوانەی ئێرانیان کردە بازاڕێکی گەرمی ساغکردنەوەی بەرهەمی گەنم بۆ خۆیان."[١١]

پێویستە بگوترێت مەسەلەی ڕاگەیاندن و چۆنێتی پیادەکردنی ریفۆرمی زەویو بنچینەکانی تری شۆڕشی سپی وەك: یاسای ئازادیی هەڵبژاردنی ژنان، پێکهێنانی سوپای زانست و قەڵاچۆکردنی نەخوێندەوارایی، میللییکردنی جەنگڵەکانی وڵات و دامەزراندنی ئەنجومەنی هەرەوەزیی

---

[10] پیتر آوری ، تأریخ معاصر ایران ، ترجمه : محمد رفیعی مهر آبادی ، جلد سوم ، چاپ چهارم ، انتشارات عطائی ، تهران ، ١٣٧٧ش،ص ١٦-١٧.

[11] فردوست، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨٥-٤٨٦.

جووتیاران هتد، زیاتر وەك مانۆڕێکی سیاسیی و پڕۆپاگندیی چاوبەستکەرانە بەڕێوەدەچوو،تا ئەوەی هەوڵێکی دڵسۆزانەو جیددی بێت بۆ گۆڕانێکی ڕیشەیی لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و بەدیهێنانی بەرابەری کۆمەڵایەتی.[١٢]

دکتۆر عەلی ئەمینی سەرەك وەزیرانی ئێرانی کە ئەمەریکییەکان بە باشترین هەڵبژاردە لەلایەن ئەمەریکاوە بۆ کاتی قەیران و ناچاریی ناویان دەبردو لە ئێرانی ئەودەمەدا بە (پیاوی ئیسلاحاتی شۆڕشگێڕانە دەناسرا)، لەو چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ موڵکدارە گەورەکانی ئێران ڕایگەیاند:"من یەکێکم لە خۆتان... زۆر هەڵەیە ئێوە پێتان وابێ ئێمە زەویتان لێ دەستێنین وە دەستی بەسەردا دەگرین، نیازێکی وا لەگۆڕێدا نیە، ئێمە ئێستا موتالای ئیسلاحاتێك دەکەین کە بە هاوکاری خاوەن موڵکەکان جێبەجێ بکرێ!!"[١٣] هەربۆیە ئەمە بەرهەمی ئیسلاحاتە ئەرزییەکەی شابوو.

دواتر دابارینی داهاتی نەوت لەسەرەتای ساڵەکانی حەفتاکاندا تا رادەیەکی زۆر وەزعەکەی ڕاگرتبوو، بەڵام لەدوای نیوەی دووەمی ئەو دەیەیەدا مەسەلەکە ڕەوتێکی تری گرتەبەر کە پەنمینی ئابووریی، کەوتنەوەی بێکاریی، وەستاندنی پرۆسە سەرمایە گوزارییەکان و بڵاوبوونەوەی گرانیی، نالەبارترین دیاردە سەرەکییەکانی ئابووریی ئێران بوون. لەڕاستیدا ڕیفۆرمی زەوی بەو شێوازەی لەئێراندا پیادەکرا گورزێکی گەورەی لەسامانی کشتوکاڵی وەشاندو بەسەدان هەزار جوتیار کە ڕیفۆرم نەیدەگرتنەوە بەرەو شارەکان کۆچیان کرد، بەم شێوە هەم گوندەکان هێزی کاری خۆیان لەدەستدا کە ئاکامەکەی بە وێرانبوونی پرۆسە سەرەکییەکانی

[12] جمعی أز نوسیندگان ، أنقلاب اسلامی وچرایی و چگونگی رخداد آن ، چاپ أول ، قم ۱۳۷۸، ص ۱۱۷ .، پیتر آوری، سەرچاوەی پێشوو، جلد ٣، ل٩.

[13] دکتور عبدالرحمن قاسملو ، کوردستان و کورد ، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی وئابووری ، وەرگێڕانی : عبدالله حسن زادە ، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا ، ١٩٧٣ز، ل ٢١٩.



ئاودێریی و دابەزینی بەرهەمی کشتوکاڵیی کۆتاییهات، هەم شارەکانیش توانای لەخۆگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوانی نەبوو کە ڕووی تێدەکرد، هەر بۆیە ئەو توێژەی کۆمەڵ لە دژوارترین هەلومەرجدا ژیانێکی کولەمەرگیان بەسەر دەبرد، ئەمەش وای لێکردن ئامادەبن لەپێناوی هەرگۆڕانێکدا بەگەرمیی بێنە مەیدانەوە.[١٤]

لەلایەکی دیەوە، خەوبینینی ڕژێم بەگەیشتن بەشارستانییەتی مەزن و دامەزراندنی پرۆژەی سەرمایەگوزرایی فراوان و درێژخایەن، هەروەها لاساییکردنەوەی دەوڵەتە سەرمایەدارە مەزنەکان، بە بەخشینی قەرزو بەشدارکردن لەسەرمایەگوزاریی پرۆژەو کۆمپانیا مەزنە ناودارەکان، کەبەدوای دابەزینی نرخی نەوتدا قەیرانێکی دارایی گەورەیان بۆ ئێران دروستکرد وزۆر بەخراپیی لەسەر ئابوورییە فشەڵەکەی ئێران ڕەنگی دایەوە.[١٥] لێرەدا ناکرێت باس لەودەستبلاّویی و پارە بەفیرۆدانەی شاهەنشاو خودی بنەماڵەی پەهلەویی و دەزگا بیرۆکراتییەکانی ڕژێم نەکرێت، کەبۆخۆی چەشنێك بوو لەتالاّنیی سەروەت و سامانی نیشتمانیی. وەك ئاشکرایە وێرای ئەوەی دەوڵەت بەڤەرمیی بودجەی ٤٠ملیۆن دۆلاری بۆ خەرجی ساڵانەی شا بڕیبووەوە، کەچی ناوبراو بێ هیچ لێپرسینەوەیەك مافی دەرهێنان و خەرجکردنی سامان وپارەو پولی دەوڵەتی هەبوو، خودی شا ڕاستەوخۆ چاودێری دەرامەتی کۆمپانیای نەوتی ئێرانی دەکرد، (دەستگای پەهلەویی) کە بە ڕەواڵەت وەك دەزگایەکی خێرخوازیی سەیردەکرا، ئامانجی

[14] بۆ زیاتر : کدی نیکی، رریشەهای انقلاب ایران، ترجمه عبدالرحیم گواهی، قلم، تهران، ۱۳٦۹“ کاظمی، فرهاد، اثار هجرة الفلاحین الایرانیین علی النظام السیاسي في ایران، في: دراسات ایرانیة. مجموعة بحوث مختارة، ترجمة الدکتور عبدالجبار ناجی وودیع میخائیل حنا، منشورات مرکز دراسات الخلیج العربي، جامعة البصرة، ۱۹۸۳.

[15] روبرت جراهام، ایران: وهم السلطة. اجابة مبکرة لسؤال الساعة لماذا سقط الشاه و العرش، عرض: فیلیب جلاب، العربي –مجلة، العدد ٢٤٦، مایو ۱۹۷۹، ص١٤٥.

جگە لەکۆکردنەوەی پارەو پول بۆبنەماڵەی پەهلەویی شتێکی دیکە نەبوو. ئەودەزگایە لە ئێراندا خاوەنی دەیەها بانك و کۆمپانیاو ناوچەیگەشتوگوزار بوو و ٣٢ ملیۆن دۆلار پارەی مۆڵی هەبوو.[١٦] شایەنی باسە هێندێك سەرچاوە سامانی شەخسیی محەمەد رەزاشا یان لەدەرەوەی ئێراندا بە ٣٠ ملیار فرەنك مەزەندەکردووە، کە بۆخۆی ژمارەیەکی خەیاڵیاییە. پسوڵەی پێداویستییەکانی دەربار لەکێشدا نەبوو، ئەو پارانەی کەلە بۆنەو یادەجیاوازەکاندا خەرج دەکران جێگای باوەڕ نەبوون، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٧٦دا، بەبۆنەی ئاهەنگی هاتنە سەرکاری کورسی شاهێتیی و لەساڵی ١٩٧١دا بەیادی جەژنی ٢٥٠٠ساڵەی شاهەنشاهێتی لە ئێراندا نزیکەی ٣٠٠ملیۆن دۆلار خەرجکرا[١٧]

شایەنی باسە، ئەرتەش و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی شاهەنشاهیی، گەورەترین بەشی سامانی نیشتمانییان لەئێراندا هەڵدەلوشی، ژمارەی گاردی ئیمپراتۆریی ١٥٠٠٠ کەس بوو، ئەندامانی فەرمیی دەزگای تۆقێنەری ساواك ٦٠٠٠بوون، جگە لەو بەکرێگیراوانەی کەلەو شوێنەجۆربەجۆرەکانی دەرەو و ناوەوەی ئێراندا هەواڵیان کۆدەکردەوە و جاسوسییان بۆ ئەو دەزگایە دەکرد، ژمارەی نەفەراتی ئەرتەش کە لەساڵی ١٩٦دا ٢٠٠٠٠٠ کەس بوو لەساڵی ١٩٧٧دا گەیشتە ٤١٠٠٠٠ کەس. ئەرتەش لەدوای کودەتای ١٩ی ئوتی ١٩٥٣وە ٣٠٪ بودجەی وڵاتی بە فەرمیی بۆ تەرخان کرابوو، ئەو ئەرتەشەی تادەهات رادەی چەکدارکردنی بەنوێترین و پێشکەوتووترین جۆری چەك بەرز دەبۆوە.[١٨] بۆ نموونە لەساڵی ١٩٦٦ لەپلەی ٢٤ هەمینی وڵاتانی چەککڕدا بوو، کەچی لەساڵی ١٩٧٦

---

[16] هەمان سەرچاوە، ل ١٤٩.

[17] أدور سابليه، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.

[18] روبرت جراهام، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨.



گەیشتە پلەی هەشتەمین، پاش ئەوەی بڕی ٣٦٠٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرد، هەندێك لەو چەکانە ئەوەندە نوێ بوون، بەکارهێنانی بێ پسپۆڕیی بیانیی ئیمکانی نەبوو، هەربۆیە تەنیا ژمارەی ئەو پسپۆڕە ئەمەریکاییانەی کە بۆ ئەم مەبەستە لەئێراندابوون لەدوا ساڵەکانی حوکمی محەمەد ڕەزاشادا خۆی دەدا لە٥٠٠٠٠کەس، ئەوانەی لەباشترین مانگانەو شوێنی حەوانەوە و ڕابواردن، بەهرەمەندبوون، لەلایەکی ترەوە ڕژێمی شاهەنشاهیی کەوتبووە تالأنکردنی نەوتی ئێران بەرامبەر پەرداختکردنی هێزە چەکدارەکانی، وەك ئەو ڕێکەوتنەوی کەلەساڵی ١٩٧٦ ڕژێم لەگەڵ کۆمپانیایەکی چەکی ئەمەریکییدا بەستی، سەبارەت بەکڕینی ٣٠٠ فرۆکەی جۆری (F.16)و ٤ وێرانکەری دەریایی بەرامبەر ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی ئێرانیی.[١٩]

دابەشنەکردنی سامانی نیشتمانیی و داهاتی نەتەوەیی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەنێوان هەرێمەکانی وڵات و چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێرانییدا، یەکێك بوو لەو هەڵە ئابوورییە سەرەکییانەی ڕژێمی شاهەنشاهیی کەبەرەو ئەو چارەنووسەیان برد، لەئێرانی محەمەد ڕەزاشادا بەشی زۆری هەرێمەکانی وڵات لەپرۆسەی سەرمایە گوزاریی و گەشەپێدان بێبەش بوون، لەم بارەیە تارانی پایتەخت بەشی شێری پچڕیبوو، بەجۆرێك ٨٪ی دانیشتووانی وڵات، ٣/١ی هەموو کارمەندانی دەوڵەتی، ٦٠٪ی کۆی خوێندکارانی ئێران، ٥٠٪ کۆی نوژدارانی وڵاتی تیادا کۆبووەوە، بەشێکی زۆری چین و توێژەکانی کۆمەڵگاو هەرێمەکانی دیکەو وڵات سوودێکی وایان لەو پرۆسانە نەدەدیت، دانیشتوانی ئێران لەگوندەکاندا ژیانێکی کولەمەرگیان بەسەر دەبرد، کە ٩٠٪ی گوندەکانی ئێران لەرووناکیی کارەبا بێبەش بوون. ٣/٢ی دانیشتووانی وڵات بێ دکتۆر و دەرمان بوون، تەنانەت

---

[19] هەمان سەرچاوە، ل ١٤٧.، ادوار سابیلیە سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

لەخودی تارانی پایتەخت دا ٤٢٪ خەڵکی شوێنی شیاویان بۆ ژیان نەبووو لەئاووکارەباو باقی دیکەی پێویستییە خزمەتگوزارییەکان بێبەش بوون، گەندەڵیی ئیداریی، دزیی، بەرتیل خۆریی، هەژاریی، بڵاوبونەوەی سێکسفرۆشیی لە دیاردە بەربڵاوەکانی کۆمەڵگای ئێرانیی بوو، لەئێرانی محەمەد ڕەزادا کە بەپێی قسەی خۆی بەرەو شارستانیەتی مەزن دەڕۆیشت، کار گەیشتبووە رادەیەك کەسانی واهەبوو لەبەر برسێتیی پاشەرۆکی ئەسپ و وڵاخیان دەقۆستەوە تابزانن داخۆ دەنکە جۆی ساغی تێداماوە.!! [20]

٣-هەروەها دەتوانرێت سیاسەتی دژایەتی ئایینی ڕژێمی شاهەنشاهییو بەتەنیٚ وەرگرتنی لایەنە سلبییەکانی فەرهەنگی رۆژئاوا و بەزۆر سەپاندنی بەسەرکۆمەڵگای ئێرانییدا، بەفاکتەرێکی دیکەی سەرەکیی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان و دواتر رووخاندنی ڕژێم لەقەڵەم بدرێت، شایەنی باسە دەزگای ئاینیی و باڵادەستیی رۆحانییە بونیادگەرا شیعەکان ڕیشەیەکی قووڵیان لەکۆمەڵگای ئێرانییدا هەیەو نەدەبوو محەمەد ڕەزا شا ڕاستەوخۆ دژیان بکەوێتە سەنگەرەوە، لەڕاستییدا سیاسەتی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و فەرهەنگیی شای ئێران بەتوندیی پایەی بەرژەوەندییەکانی ئەو تاقمەی لەرزاند، دەزگای ئایینی کەلەئێراندا خودانی زەوی‌و زارێکی بەرفراوان بوو، بەپیادەکردنی ریفۆڕمی زەوی گورزێکی گەورەی بەرکەوت، دەستبەسەراگرتنی زەوییەکانی وەقف، دامەزراندنی ڕژێمێکی ناسیونالیستیی عەلمانیی کە بەهەموو شێوەیەك هەوڵی هەڵپەساردنی پیاوانی ئایینی لەدادگاو قوتابخانەکان‌و باقی دیکەی دەزگاکانی دەوڵەتییدا، زیندوکردنەوەی نەریێتی ئیمپراتۆری و سەپاندنی کلتوری فارسیی بەسەر کلتوری ئیسلامی‌و شیعەگەرتییدا، گۆڕینی ساڵنامەی کۆچیی بە

---

[20] مارگ ج. گازیورسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٣.



شاهەنشاهیی، سوکایەتییکردن بەپیاوانی ئاین‌و بەتوندیی سەرکوتکردنی هەر ناڕەزایەتییەکیان، هاندان‌و بڵاوکردنەوەی لایەنە سلبییەکانی فەرهەنگی ڕۆژئاوا لەنێوکۆمەڵگای ئێرانییدا وەك: هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی خێزان، بەدڕەوشتیی، نۆشینی خواردنەوە کهولییەکان، بەکارهێنانی حەشیشەو مەوادی موخەدیر، هاندانی ڕوتکردنەوەی‌ئافرەتان‌و ڕاکێشانیان بۆ کۆڕی بەزم‌و خۆشی کاربەدەستانی ڕژێم، برەوپێدانی دانس‌وسەمای ڕۆژئاواو کردنەوەی باڕو شوێنی رابواردن‌و سێکسخانەکان، هاندانی بەرەڵایی‌و تێکشکاندنی ڕۆحیەتی لاوان‌و دوورخستنەوەیان لەهەموو ڕەوشتێکی بنیاتنەرانە، تێکڕای ئەمانە کە لەگەڵ فەرهەنگ‌و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێرانییدا یەکیان نەدەگرتەوە دەزگای ئاینیی زیاتر لەڕژێمی شا دردۆنگ کردو بەتوندیی بۆ دژایەتیکردنی هێنانیە مەیدان. [21]

شایەنی باسە دەزگای ئاینی و ڕۆحانییە بۆنیادگەران لەمزگەوت‌و خوێندنگا ئاینی‌و حوسەنییەکان باشترین کەڵکیان وەرگرت، لەباڵادەستی مەزهەبیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و سەربەخۆیی ئابورییان سوودی گەورەیان بینی، (خومەینیی)[22] کەلەساڵی ١٩٦٣دا بارودۆخەکەی لەکاتێکی نەگونجاودا

---

[21] بۆ زیاتر: حامد الگار، انقلاب اسلامي در ایران، ترجمة مرتضی اسعدي وحسن جیذری، قلم، تهران، ١٣٦٠

[22] ناوی (روح الله)یەو کوڕی سید مصطفی موسوی‌یە لە ٢٤ی ئەیلولی ١٩٠٢ لەشارسکانی (خمین) لەدایك بووەو پەروەردەی خوێندنگا ئایینیەکانی اراك‌و قومە، لەسەر دەستی ژمارەیەك لەرۆحانییە شیعەکانی وەك محمد علی أدیب تهرانی، محمد تقی خوانساری، حائری یزدی زانستە مەزهەبییەکانی رەوانکردووە، تا رادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری ئەندێشە سیاسییەکانی ایت الله کاشانی دابووە، لەساڵی ١٩٦٣ وەك کارێکتەرێکی سیاسی دەرکەوت‌و دژی ریفۆرمی زەوی‌و یاسای مافی هەڵبژاردن بۆ ژنان هاتە مەیدان، هەر لەو ساڵەدا لەئێران دەرکراو زیاتر لە١٤ ساڵ لەشاری نەجەفی عیراق مایەوە، بەکابرایەکی وشك‌و دڵڕەق‌و توندڕەو دەناسرێت‌و پاش رۆیشتنی شا لەئێران، ناوبراو لەفەرەنساوە گەڕاوە تاران بۆ پراکیزەکردنی ئەندێشە سیاسییەکانی کەوتە کار، ئەو ئەندێشانەی بەکتێبی (کشف الأسرار) دەستی پێکردو بە(ولایت فقیە یاحکومت اسلامی)

تەقاندەوە و ئاشکرای کرد کە شا خیانەتی لەدەستورو قورئان کردوە، دوای لەئێران بەدەرکردن و نیشتەجێبوونی لەشاری نەجەفی عێراق، پەیوەندیی بەلایەنگرانییەوە دامەزراندەوە، ئەوانەی کە دوور لەچاوی ساواك و دەزگا جاسوسیەکانی ڕژێم لەبنەوە خەریکی خۆئامادەکردن بوون چاوەڕوانی دەرفەتێکی لەباربوون، ئەوەبوو دوای تەقاندنەوەی وەزعەکە لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٧دا بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر لەڕووی ئایدۆلۆژیی و ڕێکخراوەییەوە هاتنەوە مەیدان و ڕۆڵێکی گرنگیان لەیەکخستن و بەردەوامبوونی ڕاپەڕینەکان و ئیفلیجکردنی دام‌ودەزگاکانی دەوڵەتییدا بینی، لەم نێوەدا وتارو بلاوکراوە ئاگرینەکانی خومەینیی زۆر بەخێرایی لەمزگەوتەکانەوە بەگوێی خەڵك دەدران، بەتایبەت پاش ئەوەی ناوبراو لەعێراقیش دەرکراو چووە فەرنساو لەوێ توانی سوود لەلیبراڵییەتی ڕۆژئاوا وەرگرێت و بەشێوەیەکی ئازادانەتر دژی ڕژێمی شاهەنشاهیی بانگەشە بکات.[٢٣]

٤-فاکتەرێکی دیکەی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران و ڕووخاندنی ڕژێم کە بەگشتی بایەخداران و لێکۆڵەران لێی بێدەنگن و ڕاستەوخۆ ئاماژەیان پێ نەداوە، بریتییە لە بارودۆخی ناهەموارو دژواری گەلانی غەیرەفارس لەئێراندا، ئەوانەی بەتوندترین شێوە لەلایەن ڕژێمی شاهەنشاهییەوە خرابوونە ژێر ستەمی نەتەوایەتیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییەوە. هەرداواکارییەکی نەتەوەیی و ئازادییخوازانەیان چەندە ساکاریش بێت،

---

کۆتایی هات، کە نێوەرۆکەکەی بریتییە لەبەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسیی و ئاینی ئێران لەلایەن ڕۆحانییە توندڕەوەکانی شیعەوە بەڕابەرایەتی بێ ئەم لاولای خۆی، بۆ زیاتر:

درایفوس، روبرت کارمن، رهینه خمینی، مطابع المخابرات الانکلوالامریکیة، ترجمة وتقدیم الدکتور علی شمس الدین ناصر، أبو ظبي، ب.م.ت، ص ص ٧٣-٨٣ .

[23] د. آمال السبکی ، تأریخ ایران اسیاسی بین ثورتین (١٩٠٦-١٩٧٩)، سلسلة عالم المعرفة ٢٥٠، الکویت ١٩٩٩، ل ١٩٠-٢١٩.



بەزەبری ئاگروئاسن سەرکوتدەکرا، وەك شاراوە نییە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیەوغەیرە فارسەکەی زیاتر لە نیوەی ڕێژەی دانیشتوانی پێکدێنێت ئەو نەتەوانە هەریەکەو لەڕووی زمان، فەرهەنگ، داب‌ونەریت و شوێنی جوگرافییان لەوی دی جیاوازە، پرۆسەی توانەوەی نەتەوە غەیرە فارسەکان بەزەبری ئاگروئاسن لەبۆتەی نەتەوەی زاڵی فارسدا لە ڕاستیداپرۆسەیەك بوو لەلایەن ڕەزاشاوە دەستیپێکرد و محەمەد ڕەزای کوڕیشی دەیویست تەواوی بکات، هەموو کاتێك گەلانی نەفارس بەچاوی گومانەوە سەیری ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەوییان دەکرد لە بچوکترین دەرفەت دەگەڕان بۆ بەپەرچدانەوەی سیاسەتی ناوەندگەرایی و بەفارسکردنییان، ڕژێم لەنێو ئەو نەتەوانەدا پایەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەوتۆی نەبوو، بەستنەوەی ئەو نەتەوانە بەناوەندەوە، تەنیا لە ڕێگای هێزی سەربازیی و سیاسەتی سەرکوتەوە بەڕێوەدەچوو،کە تاسەر ڕاگرتنی ئاستەم بوو، هەر بۆیەکاتێك ناوەند لەڕووی سیاسیی و سوپاییەوە تووشی لاوازیی بهاتایە، ئەونەتەوانە سەریان بڵند دەکرد بۆ بەدیهێنانی خواستە نەتەوایەتیەکانیان دەکەوتنە سەنگەری دژ بەرژێمەوە.

شایەنی باسە محەمەد ڕەزا هێشتا تازە هاتبووە سەرکار کەلەم ڕووەوە تووشی هەرەشەیەکی توندهات، ئەو هەڕشەیەی کەخۆی لەدامەزراندنی حکومەتی ئازەربایجان و کۆماریمیللیی کوردستان بینییەوە، لەوەش زیاتر جولاَنەوەی ئازادایخوازی نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران بەدرێژایی دیکتاتۆریەتی ٢٥ساڵەی ڕژێمی پەهلەویی هەردەم وەك هێزێکی سەرەکی جولاَنەوەی دیموکراتیی سەرتاسەریی بەدژی ڕژێم خۆی بینیوەتەوە، شای ئێران لەجیاتی ئەوەی بیرێك لەچارەسەرکردنی ئەم مەسەلە گرنگ و خەتەرناکە بکاتەوە کەچی زیاتر لەباوکی قۆڵی بۆ لێدانی خواستە نەتەوایەتییەکانی ئەو گەلانە لێ هەڵماڵیبوو، بەبیانووی شورەوییخوازیی و

تەجزییە تەڵەبیی کەوتبووە سەروگوێلاکی ئەو نەتەوانەو بەزۆری زۆردارەکیی دەیویست پێناسەی ئێرانییەتیان بەسەردا بسەپێنێ و بیانکاتە فارس، سیاسەتێکی هەڵەی وا کەزۆرجار گرفتی گەورەی بۆ دروستکردووە و جگە لەبەدناویی، شتێکی دیکەی لێ بەقازانج نەبردووە. لەم بوارەدا دەتوانرێت ئاماژە بۆ گەلی کوردو هەرێمی کوردستانی ئێران بکرێت، کە جولانەوەی نەتەوایەتیی تیایدا بەحوکمی زۆر فاکتەری جوگرافیی و مێژوویی و نەتەوەیی و مەزهەبیی لەناوچەکانی دیکەی ئێران پەرسەندووتر بووەو بەدرێژایی حوکمی دیکتاتۆرییەتی پەهلەویی وەك ناوچەیەکی شۆڕشگێڕو ئازادیخواز دژی ڕژێم دەناسرا، دامەزراندنی کۆماری میللیی کوردستان، جولانەوەو خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٥٣، جولانەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ٦٧-٦٨[٢٤] و ئەو کوشت کوشتارو شاڵاوی گرتنە بەربلاوانەی ڕژێم ناو بەناو لەناوچەکەدا پێی هەڵدەستا، هەموو ئەوانە بەڵگەی ڕاستەقینەن و لەنێو کۆڕوکۆمەڵی ئازادیخوازانی ناوچەکەو جیهاندا دەنگیان دەدایەوە، هەربۆیە گەلانی غەیرەفارس لەوەختی تەنگانەدا نەك هەر بەتەنگ محەمەد ڕەزاشاوە نەهاتن، بەڵکو بەپەرۆشەوە بۆ روخاندنی ڕژێمەکەی کەوتنەکار.

٥-ئەمەریکاییبوونی ڕژێمی محەمەد ڕەزاشای پەهلەویی مەسەلەیەکی شاراوەنییەو خواس و باسێکی زۆری گەرەك نییە، ئاشکرایە ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی، ڕژێمی شاهەنشاهیی لە قەیرانێکی قووڵ دەرکێشاو هەرێمی ئازەربایجان و

[24] بۆ زیاتر: یاسین سەردەشتی، خوێندنەوەیەکی مێژوویی جولانەوە چەکدارییەکەی کوردستانی ئێران لە ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨، ئامادەکردنی بەڵگەنامەو بلاوکردنەوەی:شازین هێرش، سلێمانی، ٢٠٠٢.



کوردستانی موکریانی لەسەر سینییەکی زێڕین خستەوە بەردەست. دواتریش لە ١٩ی ئابی ١٩٥٣ بەهیمەتی دەزگا جاسووسیی سیا(C I A) محەمەد ڕەزا بەکورسی پاشایەتی شادبۆوە. ئەو دوومەسەلە چارەنووسسازە ئەوندە کاریگەرییان لەسەر شەخسی شاهەنشا هەبوو کەخۆی بەقەرزارباری ئەمەریکادەزانی و پێی وابوو بێ ئەمەریکا ڕژێمی شاهەنشاهیی لەبەرامبەر شورەویی و پیلانەکانی نێوخۆدا خۆی پێ ناگیرێ. هەر بۆیە لەسیاسەتی دەرەوەیدا بێ ئەملاولا خۆی هاویشتە باوەشی ئەمریکاوە و ئێرانی کەمپی سەرمایەدارییەوە بەستەوە کە ئەرکی سەرەکیی دژایەتیکردنی شورەویی و بلۆکی سۆسیالیستیی و دابینکردنی وزەبوو بۆ ڕۆژئاوا. لەم ڕووەوە ئێران بەتەواویی ببووە بنکەیەکی جاسوسیی دژی شورەویی. ڕێکخراوە جاسوسییەکانی ئەمەریکاش دابینکەری ئاسایشی هەرێمی نێوخۆی ئێران بوون.[٢٥] کارگەیشتە رادەیەك لەدواسالانی شەستەکاندا و دوای ئەوەی هێزەکانی بەریتانیا ناوچەکەیان چۆڵکرد و ئەمەریکا لە بەرتێوەگلانی لە ڤێتنام توانای پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی نەبوو، ئێرانی شاهەنشاهیی هەڵبژێرا تا نەخشی (ژاندارمی ڕۆژئاوا لەکەنداو) بگێڕێت و لەم بارەیەوە محەمەد ڕەزاشا زۆر بەشانازییەوە ئەرکەکەی گرتە ئەستۆ،ناردنی لەشکری ئێرانیی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕانی(ظفار) لە عومان، هەڵوێستی ئێران لەمەسەلەی بەنگلادیش، خۆتێ هەڵقورتان لەمەسەلەی شۆڕشی کوردستانی عێراق، دامەزراندنی پەیوەندیی پتەو لەگەڵ ئیسرائیل، هەموو ئەوانە لەو نەخشە تایبەتەوە سەرچاوەیان دەگرت.[٢٦]

[25] مارگ ج. گازیورسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٨.

[26] ارتشبد حسین فردوست، سەرچاوەی پێشوو،ل ٤٨٦.، ریتشارد دبلیو گوتام، سەرچاوەی پێشوو،ل ٤٨١.

هەر لێرەدا جێی خۆیەتی بگوترێت کە نێوانخۆشیی ڕژێمی محەمەد ڕەزاو ڕۆژئاوا هەروا هەتا سەربەردەوام نەبوو،لەمەشدا هەڵەیەکی گەورەی شای ئێران ئەوەبوو کەوای دەبینی شوێنی جیۆپۆلیتیکی ئێران و مانەوەی ڕژێمێکی دیکتاتۆریی شاهەنشاهیی بەڕابەرایەتیی خۆی لەو وڵاتەدا مەسەلەیەکی ئەوەندە گرنگو چارەنووسسازە بۆ ڕۆژئاوا کەچاوی خۆیان لەهەموو مەسەلەیەك دەپۆشن و لەهیچ هەلومەرجێکدا دەرفەت نادەن ئەو هێزەی چەند ساڵە بەربەستێکی پتەوی لەبەردەم فراوانخوازیی شورەویی بەرەو ناوچەی کەنداو و بیرەنەوتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکهێنانەوە بەئاسانی لاوازبێت ودرزیتێکەوێت، هەر بۆیە شای ئێران لەدوا ساڵانی دەسەڵاتیدا چاوی لەوەبوو زیاتر لەوسنورەی ڕێی پێدراوە هەنگاو هەڵهێنێتو تووشی بڵند پەروازییەکی سەیر ببوو.[27] .

ئەوەی ڕاستیی بێت، شای ئێران لەم ڕووەوە چەند کارێکی کرد کەبەئاسانی بۆ ئەمەریکاو ڕۆژئاوا قووت نەدەچوو، وەك خۆ نزیککردنەوە لە یەکێتی شورەویی و کڕینی چەك لەو وڵاتەو باقی دیکەی وڵاتانی تری سۆشیالیستیی، دامەزرندنی پرۆسەی ناردنی گازی سروشتیی لەخاکی شورەوییەوە بۆ ئەوروپا، هەوڵی بەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمیی، کۆتاییهێنان بەڕێکەوتننامەی کۆنسریۆم، بەرزکردنەوەی نرخی نەوت لەساڵی ١٩٧٣دا، داگریکردنی سیٚ دورگەکەی میرنیشینی ئیمارات (طنب الکبری، طنب الصغری، أبوموسی)، سووکایەتییکردن بە دیموکراسیەتیی ڕۆژئاوایی... هتد، ئەو هەنگاوانەی کە دڕدۆنگیی وڵاتانی ئەوروپیی و ئەمەریکایان بۆ رژێمەکەی محەمەد ڕەزاشا هێنایە ئارا،[28]بەتایبەت دوای هاتنەسەرکاری حیزبی دیموکرات لەئەمەریکا بەڕابەری (جیمی کارتەر) مەسەلەکە

---

[27] محمود طلوعی ، شاه در دادگا تأریخ ، چاپ دوم ، تهران ، ١٣٧٤، ل ٨٦.

[28] هەمان سەرچاوە، ل ٣٠.



ڕەهەندێکی نوێی گرتەخۆ. کارتەر بەڕاشکاویی ڕایگەیاند کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامادەیە نییە چەك بەو وڵاتانە بفرۆشیٚ کە ڕژێمەکانیان مافی مرۆڤ پیشێل دەکەن و ناوی ئێرانی لەپێشەوەی ئەوڵاتانەدا برد، ئەم ئاخاوتنەی کارتەر تیشکی سەوزی بۆنەیارانی ڕژێمی شاهەنشاهیی لەدەرەوە وناوەوەی ئێران هەڵکرد کە بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە وەخۆ کەون.[29]

لەم ڕووەوە بەریتانیاو فەرەنساش دەستەپاچە ڕانەوەستان، ئەم دوو دەوڵەتە لەلای خۆیانەوە لە بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕژێم وچاوپێکەوتن لەگەڵیانداو بڵاوکردنەوەی وتارو ڕێنماییەکانی خومەینیی بۆ گەلانی ئێران کەمتەرخەمییان نەکرد، ئەمانە زۆر زوو پێش هاتنە سەرکاری خومەینیی، ناوبراویان بەرابەری شۆڕشی ئێران و دەسەڵاتداری ئایندەی ئێران بەخەڵك ناساندو ناوەکەیان زەق کردەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان، هەر لەرادیۆ وتەلەفیزۆن و ڕۆژنامەکانەوە دژی ڕژێمی شاهەنشاهیی خستبووەگەڕ. هەر بۆیە جێگای پرسیار نییە کە خودی محەمەد ڕەزاو باقی دیکەیئەندامانی بنەماڵەی پەهلەویی، ئەمەریکاو ڕۆژئاوا بەسەرچاوەی نەهامەتیی و چارەنووسی ڕەشیان لەقەڵەم بدەن.[30] چونکە وەختێك ڕۆژئاواو ئەمەریکا لەئێراندا کەوتنەکار کەئێدی ئومێدێك بۆمانەوەی ڕژێمی شاهەنشاهیی و دەسەڵاتی محەمەد ڕەزا نەمابوو، هەربۆیە دەبوایە لەو قۆناغەدا ڕۆژئاوا لەئەلتەرناتیڤێك بگەڕێت کە بەهیچ جۆرێك لەخزمەتی سیاسەتو ستراتیژی شورەویی لەئێران و ناوچەکەدا نەبێت.

---

[29] ادوار سابیلیه ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.

[30] بهلوی ، محمد رضا، مذکرات شاه ایران المخلوع، مرکز دراسات الخلیج العربي، جامعة البصرة، ١٩٨٠، ص ص ١٧٧-١٨٣".، سعد عبداللطیف الحدیثي، الولایات المتحدة وعملیة التغییر في ایران، معهد الدراسات القومیة والاشتراکیة، الجامعة المستنصریة، ١٩٨٣، ص٤.

٦-باری دەروونیی شای ئێران و هەڵە قەرەبوونەکراوەکانی، فاکتەرێکی دیکەی گرنگی رووخاندنی ڕژێمەکەی بوون، (ماروین زونیس)، یەکێکە لەو نووسەرانەی بەدرێژایی ئەم فاکتەرەی لەیەکێك لەکتێبەکانیدا شیکردۆتەوە، زونیس پێی وایە محەمەد ڕەزا سەرەتای ژیانی منداڵیی ولاویی لەدۆخێکی ژنانەی نێو دەربار دا بەسەر بردووە و پاشان لەپاڵ باوکێکی توندوتیژو دیکتاتۆردا کەناریگرتووە، هەربۆیە کەسایەتی شای ئێران بەکەسایەتییەکی ڕاڕاو بێ ورە لەقەڵەم دەدات، کەبەدرێژایی حوکمی چەند ساڵەی بێ کەسانی ڕاوێژکار ولێهاتووی وەك (أسداللە علم و ئەشرەفی خوشکی)، و بێ پشتگیریی تەواوی ئەمەریکا، بڕیاری نەداوە. کەلەسەروبەندی شۆڕشی ئێرندا تەواوی ئەوانەی لەدەست دابوو، جگە لەوەی شای ئێران پێی وابوو کەهێزێکی نادیارو میتافیزیك پارێزەرێتی، دوای ئەوەی پزیشکەکان لەدوا ساڵەکانی حوکمڕانییەتیدا لەوە ئاگاداریان کردەوە کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی تۆرە لیمفاوییەکان بووە، ئەوندەی تر ڕۆحیەتی تێکشکاو ورەی روخا، کەلەبەردەم گرفتەکانی ولاتدا نەیدەتوانی بڕیاری لێبڕاوانە بدات.[٣١] لەهەڵە گەورەکان شای ئێران ئەوەبوو کە ناوبراو پێی وابوو کە هەمووکەس لەئێراندا خۆشیان دەوێت و شوێنێکی گەورەی لەدڵی تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵدا هەیە، دوای ئەوەی بۆخۆی لەئاسمانەوە ژمارەی خۆپیشاندەرەکانی بینی کە دروشمی (مرگ برشا/ مردن بۆ شا) یان هەڵگرتبوو، ئنجا ڕاستیی مەسەلەکەی بۆ دەرکەوت، شای ئێران ڕێگای نەدەدا بە درێژایی حوکمی خۆی، لەشکری ئێران خاوەنی فەرماندەیەکی خۆشەویت و بەشەخسییەت بێت، شا لەترسی کودەتای ئەرتەش دووبەرکییەکی گەورەی لەنێو بەشەکانیدا پێکهێنابوو، کە بەچوونەدەرەوەی

[31] بۆ زیاتر: زونیس، ماروین، شکست شاهانه، ترجمه عباس مخبر، چاپ أول، تهران، ١٣٦١.



خۆی لەئێران، ئەو ئەرتەشە پەرداختە هەنگاوکێکی بەقازانجی ناوبراو هەڵنەهێنا.[٣٢]

بەم چەشنە لەئەنجامی ئەو فاکتەرانەی باسکران و چەند فاکتەری جیاوازی تردا زەمینەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕوخاندنی ڕژێمیشاهەنشاهیی و پەهلەویی ڕەخسا. ئەو ڕژێمە بەچەشنێکی وا لەبەرچاوی دۆست و دوژمن سووك ببوو، کە نەیدەتوانی بەپەنابردنە بەر چەند شێوازێکی جیاواز، کۆسپ بخاتە بەردەم ڕاپەڕینی بەردەوامی جەماوەری شارەکانی ئێران و چارەنووسێکی دی جگە لە ڕووخان بۆ خۆی بنەخشێنێت، لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٩داکە ڕاپەڕینی شارەکانی قوم و تەورێز تاران دەستیان پێکرد ڕژێم بەتوندی بەگژ ڕاپەڕیوەکاندا چووە وە و ژمارەیەکی لێکوشتن، لەخوێناگەوزاندنی خۆپیشاندەرانی شاری تەبریز لە ١٨ی فێبرایەری ١٩٧٨دا کەزیاتر لە ٥٠٠ کوژراو ١٥٠٠ بریندار قوربانیی درا، سوتاندنی سینەمای (ڕێکس) لە عەبادان، بەپیلانی ساواك کە نزیکەی ٤٠٠ کەسی تیاکرا بە خەڵوز، دەستوەشاندنی ئەرتەش لەخۆپێشاندەرانی مەیدانی ژاڵەی تاران، لە ڕۆژی هەینی ریکەوتی ٨ی سێپتەمبەری ١٩٧٨و راگەیاندنی حکومەتی سەربازیی لەلایەن حکومەتی (شەریف ئیمامیی)یەوە لە تاران و زۆربەی شارە گەورەکان، نەك هەر نەیتوانی ریگا لەراپەرینەجەماوەرییەکان بگرێت، بەڵکو زیاتر کۆمەلانی خەلکی ئێرانی تورەکردو بۆ رووخاندنی رژێم شێلگیری کردن.[٣٣]

شایانی باسە هێزە ئۆ پۆزسیۆنەکان لەوپەری راستەوە بۆئەوپەری چەپ، هەر لە ئاینییە توندڕەوەکانی لایەنگری رژێمی تیۆکراتیی، تادەگاتە

[32] محمود طلوعی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.

[33] جمعی أز نوسیندگان ، أنقلاب اسلامی وچرایی و چگونگی رخداد آن ، چاپ أول ، قم ١٣٧٨ ل١٤٥.، ریتشارد دبلیو گوتام، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٠٦-٥٠٩.

لیبراڵەکانو لایەنگرانی جەبهەی میللییو دواتر هەتا گروپە چەپ ومارکسیستە تودەیی و غەیرە تودەییو مارکسیستە سەربەخۆکانی لایەنگری گۆڕینی دیکتاتۆریی شا بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، هەموو ئەمانە لەسەنگەرێکدا دژی ڕژێمی محەمەد ڕەزا هاوخەبات بوون ، لەراستییدا تەواویی چین وتوێژەکانی کۆمەڵگای ئیرانیی بۆ رووخاندنی سیستمی شاهەنشاهیی چاکیان لێ کردبوو بەلادا، رۆحانییە بونیادگەراکان، کرێکاران و زەحمەتکێشانی شارەکان ،چینی ناوەراست، ماموستاو خوێندکارو رۆشنبیران تەنانەت بازرگانان و کاسبکارانی بازاریش، ئەوانەی لە داخی دیاریکردنی نرخ و باجی قورسی سەپێنراوی رژێم، لەتەنگانەترین وەختدا پشتیان لە شاهەنشا کرد.[٣٤]

مانگرتنی کرێکارانی نەوتو کۆمپانیاو دەزگا دەوڵەتییەکان لە سێپتەمبەری ١٩٧٨دا حکومەتی ئیمامیی بە تەواویی ئیفلیج کردبوو، محەمەدرەزاشا کە زانی سیاسەتی توندوتیژیی بێ سوودە ویستی بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە پەنا بۆ رێگایەکی تر بەریت ،ئەو رێگایەی کەدەبوو زووتر بگیرایەتە بەر، کەخۆی لەدانانی (غلام أزهاری ) بەسەرەك وەزیران و دەرکردنی فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی حیزبی رستاخیزو ئازادیی زیندانە سیاسییەکان و گێڕانەوەی ساڵنامەی کۆچیی و دژایەتیی گەندەڵیی و دوورخستنەوەی لێپرسراوە بەرتیلخۆرو پاشەڵ پیسەکان بوو. ئەوهەنگاوانەی کەئاویان ڕژاندە سەر ئاشی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانو زیاتر جەماوەریان لەسەر بەدیهێنانی دروشمەکانی سوورترکرد.[٣٥]

لەم ڕووەوە گوتارەکەی شاهەنشا لە دیسەمبەری ١٩٧٨داو ئەوئاخاوتنەی کەگوایە گوێی لە دەنگی شۆڕشی خەڵکی ئێرانە، شتێکی لە

[34] مارگ ج. گازیورسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٣.

[35] ارتشبد حسین فردوست، سەرچاوەی پێشوو،ل٥٦٩.



وەزعەکە نەگۆڕی، شای ئێران وەك دواچارە لەسەرەتای یەنایەری ١٩٧٩دا، حکومەتی ازهاری لێخستو داوای لەشاپور بەختیارکرد حکومەت دابمەزرێنێت، شاپور کەسەرۆکی حیزبی ئێران بوو، یەکێکیش بوو لەلایەنگرانی پێشووی د. موسەددەق، بەهاتنە سەرکاری بەڵێنێکی زۆری بۆ خەڵکی ئێران هەڵڕشت، بەڵام چونکە لەلایەن شاوە دانرابوو گوێی لێنەگیراو خەڵك دەسنیان لەخۆپێشاندنەکانیان هەڵنەگرت.[٣٦] محەمەد ڕەزا کە بە تەواویی لەمانەوەی خۆی لەئێران و پاراستنی تەختی تاوس بێهیوا بوو، لە١٦ی یەنایەری ١٩٧٩دا، پاش هەڵڕشتنی چەند فرمێسکێك ئێرانی بەرەوە میسر بەجێهێشت.

" شۆڕش بۆ ئەوە کرا ئیسلام حوکم بکات نەك شوتی هەرزان بێت"

" ئاگاداری دەوڵەتو سوپاو ژاندارم دەکەم ئەگەر بە تۆپو هێزی ئامادەوە تا بیستو چوار ساتی تر بەرەو پاوە نەڕۆن هەموویان بە بەرپرسیار دەزانم، من بەناونیشانی سەرکردەی گشتیی هێزەکان، فەرمان بەسەرۆکی ستادی ئەرتەشو ژاندارم دەدەم بێ چاوەڕوانیی فەرمانی ترو بێکات بەفیڕۆدان، بەهەموو هێزێکیانەوە بەرەو پاوە بجولێن... زانمو السلام"

خومەینیی

## چەسپاندنی شۆڕش یان هاتنە سەرکاری ڕژێمێکی تیۆکراتیی لەئێران

ئاشکرایە گرنگترین ڕوخساری جیاکەرەوەی گشتیی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕاپەڕینو شۆڕشەکانی دیکەی گەلان، ئەوەبوو کە هەرلەسەرەتای دەستپێکردنو بەڕێوەچوونیدا، تا پەرەگرتنو سەرکەوتنیشی، خودانی

[36] د. آمال السبکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٠.

ئایدۆلۆژییەکی چەسپاو و دیاریکراو نەبوو. ڕاستە تێکڕای ئەو گروپە سیاسیی و چینە کۆمەڵایەتییە خاوەن ئایدیای جیاوازو دژ بەیەکە ئۆپۆزسیۆنانەی ڕژێمی شاهەنشاهی، کە هەر لەوپەڕی ڕاستی ئایینییەوە تا ئەو سەری مارکیسیتە کۆمۆنیستەکان، هاوخەبات لەسەنگەری شۆڕشدا دروشمی (ئازادیی) و (مەرگ بەر شاه/بمرێ شا)یان بەرزکردبووەوە. بەڵام ڕێکەوتن لەسەر جۆری ڕژێمێکی ئەڵتەرناتیڤو بەرنامەیەك دوای مەرگی ڕژێمی پاشایەتیی پیادە بکرێت، مەسەلەیەك بوو کە شۆڕشی گەلانی ئێران بەشێوەیەکی گشتیی لێی بێبەش بوو. لەم بارەیەوە جگە لەباڵی ئاینیی و پەیڕەوانی خومەیینی، زۆربەی ڕێکخراوەو گروپە لیبراڵو نیشتمانیی و دیموکراتییەکان، هەروەها دەستەو تاقمە چەپە جۆرو جۆرەکانیش چاوەڕێی ئەوە بوون کەدوای سەرکەوتنی شۆڕش، ڕێگایەك بۆ وەدیهێنان و پراکتیزەکردنی بۆچوونە سیاسییەکانیان ببیننەوە.[٣٧]

ڕاستییەك کەناتوانرێت لێرەدا نکوڵی لێبکرێت ئەوەیە، کە دەزگای ئاینیی لە ئێران و ڕۆحانییە بونیادگەراکان، لەئەنجامی چەند فاکتەری ئاینیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوریی و سیاسییەوە ڕۆڵێکی زەقتریان لەدەستەو تاقمەکانی دیکەی بەشداربووانی شۆڕشی ئێراندا دیتو لەزۆر ڕووەوە لەوانی دیکە ڕێکخراوترو بەرچاوڕوونتر بوون، لایەنگرانی جەبهەی میللیی و حیزبی تودەی ئێران، هەروەها گروپەکانی وەك موجاهیدینو چریکەی فیداییەکان، ئەوانە لە دوای کودەتای ١٩ی ئوتی ١٩٥٣وە تاسەرەتای حەفتاکان لەلایەن ڕژێمی شاهەنشاهییەوە گورزی گەورەیان لێوەشێندرا، ئەوانە جگە لەوەی بەشی زۆری ئەندامانی ڕێبەرایەتیی و کادرەپێشکەوتۆکانیان لەدەست دابوو، لەڕووی ڕێکخراوەیشەوە تووشی لاوازییەکی واهاتبوون ماوەیەکیان پێدەویست تێیدا بێنەوە سەرخۆ.

37 محمود طلوعی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤.



بەپێچەوانەوە، باڵی ئاینیی کە تاڕادەیەکی زۆر بەحوکمی ڕیشەی قووڵیان لەنێو کۆمەڵگای ئێرانیی و پارێزراوی خوێندنگا ئاینییەکان لەچاوی ساواکەوە، هەروەها ئەو توانا ئابورییەی کە لەڕێگای زەکاتو پێنج یەكو موڵکەکانی وەقفەوە دەهاتە دەستیان، تێکڕای ئەوانە هەلومەرجێکی گونجاوتری لەتاقمەکانی دیکە بۆ ڕەخساندبوون، بەجۆرێك بتوانن کاتی پێویست جەماوەرێکی زۆرتر لەخۆیان کۆبکەنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لەدوای ریفۆرمی زەوییەوە لەگوندەکانەوە بەرەو شارەکان کۆچیان کربوو، لەگەڕەکە ناخۆشو قەراغ شارەکاندا ژیانێکی سەختیان دەگوزەراندو جگە لەنەخوێندەواریی و لاوازیی ئاستی فەرهەنگیان، لەڕووی مەزهەبییشەوە بەتوندیی بە ئاخوندو بونیادگەرا ئاینییەکانەوە بەسترابوونەوەو لەژێر کاریگەرێتێیاندا بوون.[٣٨]

هەر بۆیە دەتوانرێت بگوترێت، کە باڵی ئاینیی تەنیا گروپێکی شۆڕش بوو کە هەر لەسەرەتاوە بەرنامەو دروشمی تایبەتیی خۆیان هەبوو و لایەنگرانی لەپشتگیرییکردنی تەنیا ڕابەرێکیش بەهرەمەند بوون، ئەم باڵە لەزۆربەی ڕاپەڕینو خۆپیشاندانە جەماوەرییەکاندا هەزارەها کەسیان لەژێر دروشمی (ئیستقلال، ئازادیی، حکومەتی ئیسلامیی) ڕێبەرایەتیی دەکردوو بانگەوازو وتارەکانی خومەینییان لەبڵندگۆی مزگەوتەکانەوە بڵاودەکردەوە و دەیانکردە هاندەری ڕاپەڕینی زیاترو بەردەوامبوونی خۆپیشاندانەکان، بەجۆرێکی وا ئاین ئەوەندە کاریگەریی لەسەر چینە زەحمەتکێشو نەدارەکانی کۆمەڵگای ئێرانیداهەبوو، کەزۆربەی مانگرتنو خۆپیشاندانە

38 روبرت كارمن درايفوس ، رهينة خميني . مطابخ المخابرات الأنطلو امريكية ، ترجمة وتقديم : الدكتور علي شمس الدين ناصر ، ب.م،ب.ت، ص ٣٥.

کرێکارییەکانیش بێئەوەی داخوازییە چینایەتیی و سینفییەکانییان بێننەگۆڕیٚ، پەیڕەوییان لەدروشم و ڕێنوێنییەکانی ئاخوندەکان دەکرد.[٣٩]

خودی خومەینیی کە بە بەدەستهێنانی ئەو لایەنگرییە جەماوەرییە فراوانەو دوای زەقبونەوەو تیشك خستنەسەری وەك ڕابەری شۆڕشی ئێران، لەلایەن دەزگا ڕاگەیاندنە جۆراوجۆرەکانی بیانیی و هەرێمییەوە، دروست لەم قۆناغەدا بەشێوەی کارێزمایەك خۆی سەپاند، هەر بۆیە نازناوی (ئیمام) کە لەلایەن لایەنگرانییەوە بۆی داتاشرابوو، زۆری نەبرد لەسەر هەموو زاروزمانان دەگەڕا، ئەو نازناوەی کەپێشتر هیچ موجتەهیدو ڕۆحانییەکی شیعە لەچەرخی نوێ دابیری لەهەڵگرتنی نەکردبووەوە، ئەوەبوودوای دامەزراندنی حکومەتەکەی بەختیار لە یەنایەری ١٩٧٩ دا و ڕۆشتنی شاهەنشا لە ئێران، خومەینیی لە پاریسەوە خۆی گەیاندەوە تاران و دوای ئەو پێشوازییە میلۆنییەی لێیکرا، شێلگیرانە بۆ پراکتیزەکردنی ئەندێشەی سیاسیی خۆی لەئێراندا کەوتەکار، ئەو ئەندێشەیەی کە باڵی ئاینی توندڕەو هەر لەسەرەتای خۆپیشاندانەکاندا بەدروشمی (حکومەتی ئیسلامیی) تەعبیریان لێدەکرد.[٤٠]

ئێمە لێرەدا نامانەوێت بە قووڵیی باس لەچۆنییەتی پەرەسەندنی ئەندێشەی سیاسیی خومەینیی و لایەنە جیاوازە عەقیدیی و فەلسەفییەکانی بکەین، کەخۆی تێکەڵەیەکی سەیرو سەمەرەیە لەئەدەبیاتی سیاسیی مەزهەبیی ئیمامیی و بۆچوونە توندڕەوەکانی خۆی لەسەر کۆمەڵگاو جیهان پێکهاتووەو لەڕێگای گوتاری حەماسیی و بانگکردنی سۆزو عاتیفەدا دەیدا بەگوێی هەژارو بێنەوایانی شیعە ئێرانییەکاندا. ئەوەندەهەیە بۆ زیاتر

---

[39] مجید محمدی ، مرور بر مبارزات کارگری در ١٢ساله اخیر و ضمیمه جنبش شورایی ، انتشارات مرکزی کومەلە .تیر ١٣٦٩، ل٩.

[40] محمود طلوعی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.



ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە کورتەیەك لە چۆنێتیی ئەو ئەلتەرناتیفە باس دەکەین کە خومەینیی و لایەنگرانی بۆ ڕژێمی شاهەنشاهییان لەئێراندا بەڕەوا دەزانی و وایان نیشاندەدا کەبەپراکتیزەکردنی سەراپای چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێرانیی دەکەونە خۆشییەکی هەتاهەتایی و دادپەروەرییەکی وا دێتەپێش بەجۆرێك چەوساندنەوەیەك لە ئێراندا نامێنێت.

خومەینیی لەبەر تیشکی ئەدەبیاتی سیاسیی ئیمامیی، ئەندێشە سیاسییەکانی خۆی بنیات نابوو، ناوبراو پێی وابوو ئیدی پێویست ناکات ڕۆحانییەکانی شیعە لەبەرامبەر ڕژێمە ستەمکارەکاندا لە قۆناغی چاوەڕوانیی سەلبییدا بمێننەوەو تاگەڕانەوەی ئیمامی نادیار کە (مهدی المنتظر)ە خۆ لەدامەزراندنی دەوڵەت و بەدەستەوەگرتنی کاروباری سیاسیی و بەڕێوەبەرایەتیی و ئاینیی موسوڵمانان ببوێرن، ئەو پێی وابوو لەو قۆناغەدا مەرجەعێکی شیعە کە خودان زانست و دادپەروەریی و تەقوابێت دەتوانێت لەجێی ئیمامی نادیارو بەوەکالەت حکومەتێکی ئیسلامی پێکبهێنێت، کەتێیدا تەواوی کاروبارەکانی سیاسیی، ئابووریی، کارگێڕیی... هتد. لەسەر بنەمای زانستە ئیسلامییەکانی شیعەی ئیمامیی ببات بەڕێوە و بۆچەسپاندنی دادپەروەریی و تێكوپێکدانی حکومەتە نائیسلامییەکان و دژایەتیی کافران هەنگاوبنێت،[٤١] ئەو حکومەتەی کەلە ئەندێشەی ناوبراودا تەنیا لەئێراندا قەتیس نەدەما، بەڵکو لەئەندەنوسیاوە تا دار البیضاء ی دەگرتەوەو بەجیهانی سەوز ناودەبرا، کەلەدوو جیهانە کافرەکەی دی سوری شورەویی و ڕەشی ڕۆژئاوایی جیادەکرایەوە. هەربۆیە دروشمی (ئاودیوکردنی شۆڕش)و (ڕزگارکردنی لانەوازانی جیهان) دوو دروشم و مەسەلەی بنەڕەتی خومەینییزمن، بەجۆرێك وای لە هەندێك

---

[41] د. آمال السبکی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٢٢-٢٢٤.

نووسەری وەك (احمد الافغانی) كردوە كەخومەینیی بە گەورەترین بەلاْو ئاژاوەگێڕی مێژووی نویْو هاوچەرخی جیهانی ئیسلام لەقەڵەم بدات.[42]

لەلایەكی دیكەوە گرنگترین بنەمایەك كەشوێنێكی تایبەتیی لە خومەینییزمدا هەبێت، بریتییە لە هەڵبەستنی بیرۆكەی (ولایەت فقیە /حوكمی فەقیْ)، ئەو بیرۆكەیەی كە لە بۆچونێكی گشتیی میتافیزیكییەوە هەڵدەقوڵێتو وادەبینێت كە فەقێی جێگری ئیمامی نادیار پێویستە لە دەسەلاْتێكی گشتیی و بەرفراوان بەهرەمەند بێت، بەجۆرێك هەموو بونەوەرێكی جێگیرو بزووتی سەر گۆی زەوی سەری بۆ نەوی كەن و وەك موختارێكی خوداوەند، تەواوی كاروباری موسڵمانان بیْ لێپرسینەوە ببات بەڕێوە. ئەو فەقێیەی كە بەناوی ئاسمانەوە ڕەفتاردەكاتو سەرچاوەی تێكڕای دەسەلاْتەكانە.[43] دیارە خومەینیی خودی خۆی بەو فەقێیە دادەناو ئەو مەوقعیەتەی بەخۆ ڕەوادەبینی كەلەجێگای مەهدی و خودا دانیشێت و ببێتە ڕابەری ڕەهای سەرجەم موسوڵمانانی جیهان. ئەو ڕابەرەی دواتر لەدەستووری كۆماری ئیسلامییدا جگە لەسەرپەرشتیی و دوابڕیار لەمەسەلەی ئاینییەكان، ئەم دەسەلاْتانەشی بیْ لێپرسینەوە هەبوون:

١- دیاریكردنی تەواوی سیاسەتەكانی دەوڵەتو ئێران.

٢- چاودێرییكردنی بەڕێوەچوونی ئەو سیاسەتانە.

٣- فەرماندەیی گشتیی هێزەچەكدارەكان.

٤- ڕاگەیاندنی جەنگو ئاشتییو ئامادەكردنی هێز.

[42] بڕوانە: خامەیار ، عباس، ایران و الاخوان المسلمین، دراسة في عوامل الالتقاء والافتراق، قدم له: د. خالد زیادة، تعریب: عبدالأمیر الساعدي، الطبعة الاولى، بیروت، ١٩٧٧، ص٢١٤

[43] بۆ زیاتر: مغنیة، محمد جواد، الخمیني والدولة الاسلامیة، بیروت ١٩٧٩.



٥- دانانو لابردنو قبوڵكردنی دەست لەكاركێشانەوەی تەواوی كارمەندانی دەوڵەتیی، هەر لەسەرۆكی كۆمارەو تا ئەندامانی پەرلەمانو فەرماندەی هێزەچەكدارەكان.

٦- چارەسەركردنی كێشەو دوابڕیاردان لە گرفتەكانی سیْ دەسەلاْتەكەی: ڕاپەڕاندن، یاسادانان، دادوەریی.

٧- متمانەدان بەسەرۆك كۆمار دوای هەڵبژاردنی.

٨- لابردنی سەرۆك كۆمار.

٩- دەستێوەردان لەكەمكردنەوەو هەڵگرتنی حوكمی زیندانییكراوەكان[44]

شایەنی باسە، لەبەرئەوەی خومەینیی كەسایەتییەكی شیعەی توندڕەو بوو، لەدووسیفەتی دزێو و ناشارستانیی بەهرەمەند بوو، یەكەمیان، بریتیبوو لە بەكافركردن واتە (تكفیر)، ئەو سیفەتەی وای لێكردبوو لەگۆشەی عەمامەیەكەوە بڕوانێتە جیهان و دیاردە هاوچەرخەكانی دەوروبەر و چ شتێك لەگەل بۆچوونودیدە مەزهەبییەكانیدا نەگونجیْ بەتوندی ڕەتیبكاتەوە، دووەمیشیان، (خۆبەخاوەن زانیننی ڕاستیی ڕەها) بوو، كەلەگەڵ سیفەتی یەكەمیاندا بەجۆرێك ئاوێتەدەبوو كەئاكارێكی فاشیستانە و دیكتاتۆرانەی لەلای ناوبراو پێكدەهێنا. هەربۆیە خومەینیی لەگەڵ گەیشتنە دەسەلاْتیدا هیچ حسابێكی بۆ ئەو ڕێكخراوو حیزبە ئێرانییانە نەكرد كەبەدرێژایی حوكمی ڕژێمی پەهلەویی خاوەنی خەباتو قوربانی خۆیان بوون و لەسەركەوتنی شۆرشی گەلانی ئێراندا ڕۆڵیان بینی، لەوەش زیاتر خومەینی و لایەنگرانی هەرماوەیەكی كەم و لەڕووی تاكتیكەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەولایەنانەدا كردو پاش پیْ چەسپاندن بەتۆمەتی (عدوالله و مفسد في الارض) كەوتنە وێزەی ئەوانەی پەیڕەوی سەد دەرسەدی

[44] قانون أساسی جدید با اخرین اصلاحات، چاپ سوم. انتشارات گویا، ١٣٧٨، فصلی هەشتەم ص ص ٧٥-٧٧

خومەننییزمیان نەدەکردو فرە خراپتر لەشاهەنشای رابردوو کەوتە ڕاونان و شکەنجەدان و گوللەباران کردنیان، هەربۆیە زۆر ئێرانیی پاش ماوەیەکی کەم لەرووخاندنی ڕژێمی پەهلەویی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی، گوتیان: "هەزار ڕەحمەت لەبابی کفن دزی ئەوەڵی"[45]

لەلایەکی ترەوە لەئەندێشەی خومەینییدا شتێك بەناوی چارەسەری مام ناوەندیی کێشەکان، پلورالیزم، فرەمینەبەریی و خەڵکسالاریی نەبوو، ناوبراو کە دەرچووی خوێندنگا ئاینییەکان و پەیڕەویشی لە قوتابخانەی جەبریی شیعەگەرێتی دەکرد بێ ئەوەی جیاوازی زەمینەو زەمان لەبەرچاوبگرێت پێی وابوو چارەسەرکردنی سەرجەم گرفتە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا، بەگێڕانەوەی ڕەوڕەوەی مێژوو دەبێت بۆ ١٤٠٠ساڵ لەمەوبەر، واتە سەردەمی سەرەتاکانی قۆناغی ئیسلامیی، هەربۆیە دیاردە هاوچەخەکانی جیهانی وەك: دیموکراتیی، سوسیالیزم، نیشتمانپەروەریی، لیبراڵییەت...هتد، لەلایەن خومەینییەوە بەدیاردەی بێزراوو دژ بە ئیسلام لەقەڵەم دەدران.[46]

سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوەو نەتەوایەتییش، خومەینیی بە هیچ جۆرێك ئەومەسەلەیەی بەزادەی گەشەکردنی مێژوویی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی هاوچەرخ دانەدەناو ڕاستوڕاست بەپیلانی جیهانی ئەورروپا و فیتی ئیمپریالیزم بۆ لەناوبردنی ئیسلام و پەرتکردنی جیهانی ئیسلامیی لەقەڵەم دەدا. دیارە بۆچونێکی نازانستیی بەو جۆرە لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتیی، کۆسپێکی گەورەبوو لەبەردەم ناوبراودا کەبەشێوەیەکی واقعبینانە

---

[45] العلوي، هادی، فصول من تأريخ الاسلام السياسي، الطبعة الاولى، مركز الأبحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي، قبرص ١٩٩٥ ص ص٤٥٢-٤٥٥، رۆستەمی، هاشم دلۆپێك لەدەریایەك، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٩، ل١٤ .

[46] هويدي، فهمي، ترجمة عربية لبعض أحداث بلاد فارس، مجلة العربي، العدد ٢٤٦، مايو ايار ١٩٧٩، ص ٣٨-٣٩.



لەهەل‌ومەرجی فرە نەتەوەیی ئێران تێبگات و بیر لەشێوەیەکی هاوچەرخانە بۆ کۆتاییهێنانی ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی گەلانی غەیرە فارس بکاتەوە کە بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخ لەسایەی ڕژێمی دیکتاتۆریی پەهلەویی دەیاننالاندو لەسەر دەستی بۆرجوای کۆمپرادۆری نەتەوەی سەردەستەوە بەتوندترین شێوە دەچەوسێندرانەوە و بۆ قازانجی ناوەند دادەدۆشران.

سەبارەت بەمانای زارەوەی کەمینە، خومەینی دیدێکی مەزهەبیانەی هەبوو کەدەیگوت ((هەندێك جار زاراوەی کەمینە بەهەڵە بۆ خەڵکی وەك کورد،لوڕ،تورك، فارس، بلوچ، بەکاردەبرێت، ئەوانە نابێت ناوی کەمینەیان لێ بنرێت، چونکە زاراوەیەکی بەو چەشنە ئەو دەگەیەنێنت کەجیاوازی لەنێو ئەو برایانەدا هەیە، لەکاتێکدا هەرگیز لەئیسلامدا شتی وانییە، لەئیسلامدا جیاوازی لەنێو موسوڵمانانندا نییە کە بەچەند زمان و زاراوەی جیاجیا لەیەك دەئاخفن، بۆ نموونە جیاوازییەك لەنێوانی عەرەب وفارسدا نیە، دەبێ بزانین ئەو جۆرە گرفتانە لەو لایەنانەوە سەرچاوەدەگرن کەحەز بەیەکگرتنی ولاتانی ئیسلام ناکەن، هەر ئەوانەن کێشەی نەتەوایەتییان خوڵقاندووە، ناوەکانی وەك عروبەو تورکایەتیی و لەو چەشنانە دژی ئیسلامن و لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا پێچەوانەن، ئەوە خۆی لەخۆیدا پیلانێکە بۆ تێکدانی ئیسلام و فەلسەفەی ئیسلامەتیی.[47]

بەم جۆرە خومەینی لە(نۆڤل لۆشاتۆ)ی فەرەنساوە بەم عەقڵییەت و ئەندێشە سیاسیی و فەلسەفییانەوە بۆ ئێران گەڕایەوە. سەیرترین شت کە لەسەفەرەکەیدا لێی دەگێڕنەوە ئەوەیە، کاتێك ڕۆژنامەوانێك لەفڕۆکەکەیدا لێی پرسیبوو: ئیستا کەجەنابت پاش چەند ساڵ ئاوارەیی گەیشتوویتە

---

[47] Entesar , N , Kurdish Ethnonationalism , Boulder , London, Lynne Rienner publisher , 1992, p. 30-31

ئاسمانی ولاّتەت چ هەستێکت هەیە؟ ناوبراو بەڕوویەکی گرژو یەك وشە وەلاّمی دابووەوە و گوتبووی: (هیچ)!! [48] دیارە لێرەدا نابێت دان بو ڕاستییەدا نەنرێت، ئەویش ئەوەیە کەوێرای ئەو دۆگماو توندڕەوییەی لەئەندێشەی خومەینییدا دەبینرێت، ناوبراو لەدەربڕینی بیروبۆچونەکانی و مامەڵەکردن لەگەڵ هەلو مەرجە نوێیەکەی ئێراندا بەوریاییەوە دەجولاّیەوە تێکڕای کارتەکانی بەجارێك هەڵنەڕشت. ناوبراو سەرەتا بۆ هێمنکردنەوەی لایەنە لیبراڵو نیشتمانییەکانی نێو شۆڕش داوای لە(مەهدی بازرگان)ی مەیانەڕەو کرد وەزارەتی کاتی پێکبهێنێت، لەهەمان کاتدا خومەینیی بۆ خۆی لەپاڵ دەسەلاّتی حکومەتدا، دەسەلاّتێکی جیاوازو بیٚ لێپرسینەوەی پێکهێنابوو، بەجۆرێك جگە لەناو، نێوڕۆکێکی بۆ حکومەتەکەی بازرگان نەهێشتبووە. هەر بۆیە لەم ڕووەوە زۆری پێنەچوو کە بازرگان هاواری لێهەستاو پاش مانگێك لەدامەزراندنی حکومەتەکەی کەوتە بێزاریی دەربڕین و لەسۆنگەی ئەو جووت دەسەلاّتییەدا پێشبینی ئایندەیەکی ڕەشی بۆ ئێران کرد. بازرگان بەتەوسەوە ڕایگەیاند"چەقۆیەکی بیٚ دەسکیان داوەتە دەستم، کەدەسکەکەی لەدەستی کەسانی دیکەدایە"[49]

لەڕاستییدا، بازرگان ئەو ئاخاوتنەی لەخۆڕا نەدەکرد، چونکە هەرپاش گەڕانەوەی خومەینیی بۆ ئێران و دامەزراندنی حکومەتی کاتیی، ناوبراو بەگەرمی بۆ بەهێزکردنی دەزگای ئاینیی و باڵی شیعەگەریی توندڕەو دەمکوتکردنی نەیارەکانی کەوتەکار، دوای ئەوەی ریفراندۆمێکی سەرتاسەریی کرا بۆ دەنگدان لەسەر کۆماری ئیسلامیی لە ٣١ی مارتی١٩٧٩داو بە فەرمیی ڕژێمی پاشایەتیی لەئێراندا

[48] عبدالله حسن زادە ، نیو سەدە تێکۆشان ، ئاوڕێك لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، چاپی یەکەم ، بلاّوکراوە کۆمسیۆنی چاپەمەنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، گەلاوێژی ١٣٧٤ی هەتاوی، ل ١٢٥.

[49] د. آمال السبكی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٤١.



پێچرایەوە[50] خومەینی بۆ کۆکردنەوەو ڕێنماییکردنی لایەنگرانی کەوتەخۆ وداوای لەمەلا توند ڕەوەکانی وەك:بهشتیی، منتظریی، باهنر، خامنئیی و رەفسنجانیی کرد کە بۆ دامەزراندنی حیزبێك بەناوی (حزب جمهوری اسلامی) بکەونە کار، هەروەها ئەنجومەنێکی بەنێوی ( شورای رهبری انقلاب/ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش) دامەزراندو ایت الله بهشتی کردە بەرپرسی یەکەمی، تا بۆ چاودێرییکردنی کاروباری ئەرتەش و شوراو کۆمیتە ئیسلامییەکان و لەپێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی تیۆکراسییدا تێبکۆشێت.[51]

هەروەها لەتاراندا (شوری مرکز انقلاب/ئەنجومەنی ناوەندی شۆڕش) دامەزرێنرا کە ئەرکی چاودێریی و بەڕێوەچوونی کاری کۆمیتە هەرێمییەکان بخاتە سەرشان، ئەو کۆمیتانەی کە لەپاڵ دەزگاکانی حکومەتی بازرگاندا دەستیان لەهەموو کاروبارێکی سیاسیی و بەڕێوەبەرایەتیی وئاسایشی هەرێمەکانی ولاّت وەردەدا، هاوکات لەگەڵ ئەو کۆمیتانەدا (دادگا انقلاب/ دادگای شۆڕش)یشیان بۆ سەرپەرشتیی دادگا هەرێمییەکان دامەزراندو کەلەلایەن پیاوانی ئاینی شیعەو لایەنگرانی خومەینییەوە سەرۆکایەتیی دەکران و لەگشت لایەکەوە بۆ ڕاونان و گرتن و گوللەبارانکرادنی پیاوانی دوێنیٚ و نەیارەکانی ڕژێمی نویٚ هەڵدەسووڕان. [52]

[50] شایەنی باسە باڵی مەزهەبی رژێمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ رژێمی شاهەنشاهی رووخاودا خستبوە دەنگدانەوەی نەباس لەرژێمێکی دی بکریٚو نەخەڵکیش ئاگاداری ئەوەبن رژێمی کۆماری ئیسلامی بەری چ دارێکە، ئەو رژێمەی لەلایەن مێژوونووسانەوە بە رژێمێکی شاز دەناسرێت. بڕوانە: رۆژنامە ی هاوکاری، ١٩٧٩/٤/٢٠".، أبو مغلي، محمد وصفي، ایران. دراسة عامة، جامعة البصرة، قسم الدراسات الفارسية ١٩٨٥

[51] د. آمال السبكی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٣٩-٢٤٠.

[52] هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٠.

دادگاکانی شۆڕش بێ لەبەر چاوگرتنی یاسامەدەنییەکان حوکمی مەزهەبییان بەسەر تاوانە کۆمەڵایەتیی و مەدەنییەکاندا دەدا، بەشێوەیەك لەگەڵ بەها شارستانییەکانی سەدەی بیستەمدا نەدەهاتنەوە، بۆنموونە: ئەوانەی بەتاوانی مەیخۆریی دەگیران بەبەرچاوی خەڵکەوە ڕووت دەکرانەوە بەشوولك لێدەدران، بەردەبارانکردنی ئەوخاوەن خێزانانەی بەتاوانی سێکسکردن لە گەڵ نامەحرەمدا دەگیران دزێوترین جۆری ئەو حوکمانەبوو دادگای شۆڕش جێبەجێی دەکردن. لەڕاستییدا، جێبەجێکردنی حوکمێکی بەو چەشنە خەڵکی ئاسایی‌دەکردە جەللاد و کوشتنی بەکۆمەڵی مرۆڤێکی دەکردە فەرمانێکی پیرۆز و لەناخی ئینسانە بەشداربووەکاندا تۆوی خوێن ڕێژییەکی کەم وێنەی دەناشت، هەر لێرەدا بێ‌جێ‌نییە باس لە(آيت الله خالخالّیی) خوێن ڕێژترین قازی شەرعی ئەم قۆناغە بکرێت، خالخالّی بێ‌ئەوەی پلەوپایەیەکی ڕەسمی لە دەوڵەت و حکومەتدا هەبێت بەئارەزووی خۆی فەرمانی سەرپەڕاندنی خەڵکی دەدا.

لەم بارەیەوە دەگێڕنەوە لەخالخالّییان پرسیوە: بۆچی حوکمی گوللەباران کردنی ژمارەیەکی زۆرت دەرکردووە بێئەوەی ڕێگای بەرگریی لەخۆکردنیان پێ بدەی؟ ناوبراو لەوەڵامدا گوتوویە، بڕوابکەن کاتێکی ئەوتۆم نەبووە گوێ لەبەرگرییەکانیان بگرم!! بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەوانەی کوژراون ئەگەر گوناهبارن ئەوەسزای خۆیان وەرگرتووە، ئەگەریش نا، ئەوا دەچنە بەهەشت و چی لەوە باشتر دەبێت؟!! (لەم بارەیەوە خالخالّی کە لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانییدا کەبەشی فارسیی ڕادیۆی (B B C)ی بلاّویکردەوە، لەوەلاّمی پرسیارێکدا کەبۆچی فەرمانی کوشتنی ئەو هەموو خەڵکە بێتاوانەی دەرکردووە؟ ڕایگەیاند:"کێ دەڵێت من فەرمانی کوشتنی ژمارەیەکی زۆرم دەرکردووە، ڕاستییەکەی ئەوانەی من کوشتوومن هێندە



زۆرنین هەر١٠٠٠ کەسێك دەبن و بۆیەکوشتوومن چونکە دوژمنی خودابوون."[53]

هەوڵێکی دیکەی خومەینی لەپێناوی زەمینەخۆشکردن بۆ پراکتیزەکردنی ئەندێشە سیاسیەکانی و دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەکی ئیسلامیی کەخۆی رابەری بێ ئەملاولای بێت، بریتیبوو لەناردنی ئیمام جومعەی شارە مەزنەکانی ئێران، ئەو ئیمام جومعانەی کە هەفتانەی لەسەر مینبەری مزگەوتەکانەوە ئەندێشەی سیاسیی خومەینیان دەدا بەگوێی خەڵکدا و هەستی مەزهەبییان دەجولاّندن.[54] هەرزوو ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو سەلماندنی ئەو ڕاستییە دەڕۆشتن کە گەلانی ئێران لەشایەکی دیکتاتۆر ڕزگاریان بوو کەبەناوی سێبەری خوداوەحوکمی دەکرد، تووشی مەلایەك هاتن کە خۆی بەنوێنەری خودا دەزانی، لەشایەك ڕزگاریان بوو کەلە گەرمەی حوکمی دیکتاتۆریەتیدا سڵی لە دەستێوەردانی قانونی ئەساسیی دەکرد، تووشی ئیمام هاتن کە هەر لەسەرەتاوە قانوونی ئەساسیی ڕەتکردەوەو قانونێکی نوێی بە ویست و قازانجی خۆی داهێنا کە بەناوی ولایەتی فەقێوە شەرعییەتی بە ملهوڕیی و ستەمکارییەکەی دا، لەشایەك ڕزگاریان بوو کە بەناوی جیاخوازیی و شورەوییخوازیی و کۆمۆنیستەوە نەیارەکانی خۆی ڕاودەنان و لەزینندانی دەکردن، تووشی کابرایەك بوون کە جگە لەو تاوانانە، ناحەزەکانی خۆی بە دەیەها تۆمەتی وەك: مفسدفی الارض، عبدوالله، عمال امپریالیزم، منافقها، صهیونیستیها...هتد نێوزەد دەکردن و سەری دەپەڕاندن. هەر بۆیە واپێدەچوو شۆڕشی گەلانی ئێران وەك هەر شۆڕشێکی دیکەی جیهانی دواکەوتوو جگە لەگۆڕینی دیکتاتۆرێك

[53] العمر، عبدالجبار، الخميني بين الدين والدولە، دار الافاق العربيە، بغداد ١٩٨٤٠، ص١٧١، رادیۆی (BBC)، بەشی فارسی، ئێوارەی ١٤ی کانونی دووەمی ٢٠٠٠.

[54] د. آمال السبكي، سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٤٠.

به یەكێكی دیو جگە لە دووبارەبوونەوەی تراژیدیایەك شتێكی دیكەی لێ سەوز نەبێت.[55]

دیارە جگە لەكەسانی وەك (راشد الغنوشی) و(حسن الترابی) كە بۆخۆیان بەشێوەیەك لەشێوەكانی هەڵگری هەمان ئایدیاو ئەندێشەی خومەینیی بوون و پراكتیزەكردنی خومەینییزمیان لەئێراندا بە سەركەوتنێكی مەزن و بێ وێنە لەمێژووی ئیسلامی سیاسیی رادیكاڵی هاوچەرخدا لەقەڵەم دەدەن كە رێگاخۆشكەرو ئەزمونێكە بۆ زۆربەی بزاڤە ئیسلامییەكانی جیهانی ئیسلامیی و رێنماییەكە تا ئەوانیش دژی رژێمە نائیسلامییەكانی سەر بەرۆژئاوا و بەپشت بەستن بەجەماوەر بۆ بەدەستهێنانی دەسەلأت تێبكۆشن،[56] كەم نەبوون ئەو رۆحانییە شیعە و كەسایەتییە ئیسلامییانەی جیهان كە خومەینییزمیان بە داهێنانێكی فرە بەد دەبینی .لە دەزگای ئاینی ئێراندا ئایەتوڵلاكانی وەك (شریعتمداریی، گلبایگانیی، شهاب الدین مرعشیی، محمدحسین خونصاریی، سید عبداللە شیرازیی) و زۆری دیكە لەگەڵ خومەینییزمدا نەبوون و تەنانەت بەلادان لە رێیازی شیعەگەرێتی ئیمامیشیان دایە قەڵەم. ئەوانەی دوای خۆسەپاندنی خومەینیی جگە لەدانیشتن و كڕبوون یاخود چونە دەرەوە لەئێران رێگایەكی تریان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتییەكانیان نەدیتەوە، كارێكی وا كەدەتوانرێت بە لێدانی گورزێكی توند لە یەكبوونی دەزگای ئاینیی لەئێراندا بژمێردرێت.[57]

هەر لێرەدا خاڵێكی فرە گرنگ هەیە كەنابێت ئاماژەی بۆ نەكرێت ئەویش ئەوەیە، باڵی ئاینیی توندڕەو كە بە حوكمی پێكهاتەی عەقڵیی و دۆگمایی بۆچوونەكانیانەوە، تارادەیەكی زۆرلە مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەت و

[55] ادوار سابیلیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

[56] راشد الغنوشي و حسن الترابي، المعركة الاسلامية والتحديث، الطبعة الاولى، مكتبة دار الفكر الخرطوم، ١٩٨٠، ص٣٥.

[57] عبدالجبار العمر ، الخمينى بين الدين والدولة ، دار الآفاق العربية، بغداد ،١٩٨٤،ص ١٥٤-١٥٥.



بونیادنانی دەزگا جۆربەجۆرەكانی نەدەگەیشن و لەڕووی دابینكردنی كادری لێهاتوو و كارامە وەتا بڵێی هەژاربوون، خومەینیی كە تارادەیەكی زۆر بێباكانە سەیری زۆر بەشی دەزگا بەڕێوبەرایەتیی، خزمەتگوزاریی و مەدەنییەكانی دەكردو ڕێزێكی بۆ تەكنۆكراتەكانی سەردەمی پێشوو لەلا نەبوو، كەچی لەبواری ناسینی هێزە نەیارەكانی ڕژێمی نوێ و مەسەلەی ڕاونان و سەركوتكردنیان نەك هەرناچار بوو ئاوڕ لە ئەزموونی چەندەها ساڵەی دەزگا سەركوتكەرەكان ڕژێمی شاهەنشاهیی بداتەوە، بەڵكو ژمارەیەكی زۆریش لەساواكییە ناسراوەكانی وەك (حسین فردوست) لەلایەن ئەو باڵەوە قبوڵكرانەوە.[58] ئەوانەی بۆ داپۆشینی تاوانەكانی پێشوویان بەگەرمی لەگەڵ ڕژێمی نوێ دا كەوتنەكار لەسەر داروپەردوی دەزگای جاسوسیی ساواك دەزگایەكیان بەناوی(ساڤاما) دامەزراند، ئەو دەزگایە هەر لەسەرەتادا لیستەكانی ناوی ئۆپۆزسیۆنە دیموكراتیی و چەپەكانی سەردەمی شاهەنشاهییان هێناوەئارا، ئەوانەی بەدۆستی خومەینییزم لەقەڵەم نەدەدران حیسابی دوژمنێكی سەرسەختیان بۆكرا، لەم بارەیەوە نمونەیەك ئەو راستیە دەسەلمێنێت ئەوەیە كەسانی ئازادییخوازو نەیارانی سەختی سەردەمی شاهەناهیی وەك: سمایلی زولقەدەر، تەقی كەمەنیشی،ئەبوترابی باقرزادە، عەباسی حەجەریی و ڕەزا شەلتووكیی و زۆری دیكە لەوانەی كە بە درێژایی ڕژێمی شاهەنشاهیی لەسەنگەری دژ بەو ڕژێمە هەڵسوراون و هیچ كامیان كەمتر لە بیست ساڵانێك زیندانیان نەكێشاوە،ئەوانە كە دوای ڕوخاندنی شا لەزیندانەكان هاتنەدەر تێكڕا چەند ساڵێك حەوانەوەیان نەبوو كە لە لایەن ڕژێمی نوێ كوژران.[59]

[58] ادوار سابیلیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٤.

[59] غەنی بلوریان ، ئاڵەكۆك . بەسەرهاتەكانی سیاسی ژیانم ، ستوكهۆڵم ، ١٩٩٧، ل ٢٥٨.